

دیرۆکی خۆڕاگری
APPEK
پێشمەرگەی کوردستان
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- ڕەحیم مەحموودی؛ هاتنەوە ڕیزی ئاشکرای حیزب و بوون بە پێشمەرگە........................................ ٤
٢- خوسرەو قادری؛ بە گوڕتر لە پێشوو لە خزمەت گەل و نیشتمان و حیزب دا .................................. ٧
٣- حەسەن مەحموودی؛ سووربوون لەسەر ڕەوایی بیروباوەڕ و ئامانجەکانم .......................................... ١٠
٤- عومەر شاداب؛ لە نێوخۆ دەستمان بە کاری تەشکیلاتیی حیزب کردنەوە ............................................ ١٣
٥- مستەفا فەقێ؛ سەنگەری زیندان؛ پۆشینی بەرگی پێشمەرگایەتی .................................................. ٢٢
٦- عەبدوڵڵا دۆستالی؛ ئەو باوەڕانەی لە زینداندا بەهێزتر دەبن ........................................................ ٢٥
٧- ئەحمەد سادقپوور؛ بەندی کافرەکان و قووتدانی مار ............................................................. ٢٨
٨- محەممەد محەممەدی؛ لە مەکتەبی زینداندا - ئەشکەنجە و غروووری بەندیی سیاسی ............................ ٣١
٩- مەعسوومە ئەحمەدپوور؛ بە منداڵێکەوە لە بەندی دوژمندا ......................................................... ٤٠
١٠- ڕێباز ئازەرپوور؛ بەندی دوژمن و وانەکانی "تووژەڵی" و "شارویرانی"............................................... ٤٣
١١- کوورش نوسرەتی؛ وانەکانی زیندان و بەندیی سەرمەشق ........................................................ ٤٦
١٢- ڕەحمان مەحموودی؛ ڕقی پیرۆز ................................................................................ ٤٩
١٣- ئەسعەد خزری؛ میراتێک لە باوکەوە بۆ کوڕ ...................................................................... ٥٣
١٤- محەممەد فەتاحی؛ جەزرەبە لە پێناو باوەڕدا ..................................................................... ٥٦
١٥- محەممەد مستەفاپوور؛ ٦ ساڵ حەبس بێ ئەوەی حوکم درابێتی! ................................................... ٥٩
١٦- حەسەن مەلاک؛ قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەی ................................................... ٦٢
١٧- خالید ڕەواندووست؛ کۆڵنەدان و نەسرەوتن ..................................................................... ٦٥

١٨- عوسمان بێورانی؛ ڕوانین لە ئاسۆی ڕوونی خەبات لە کونجی زیندانەوە ........................................ ٧٠
١٩- عوسمان مستەفاپوور؛ قەڵایەک لە ئیمان و خۆڕاگری ............................................................ ٧٣
٢٠- حەسەن کاکیلی؛ نهێنیی جەزرەبە و ئازار لە پێناوی نیشتماندا ............................................... ٧٦
٢١- محەممەد نەزەری؛ چارەکە سەدەیەک خۆڕاگری و کۆڵنەدان ................................................ ٨٠
٢٢- محەممەد حسەینی؛ زیندانیی سیاسی وەک چقڵی چاوی نەیار ............................................... ٨٤
٢٣- کەماڵ شەریفی؛ میلی زیندان و بیری ئازادی ........................................................................ ٨٧
٢٤- مراد جۆڵا؛ لە عەجەبشێرەوە بۆ بێشەی شێران ...................................................................... ٩٠
٢٥- سمایل سووری؛ باجی بەرگری و خۆڕاگری ........................................................................... ٩٢
٢٦- قاسم سوڵتانی؛ لە بەندیخانەی پەهلەوی ڕا بۆ سەنگەری خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ........................... ٩٥
٢٧- سەعید باختە؛ تازەلاوەکەی گەرەکی سێئاشان - باوک و کوڕ لە زیندانی بێدادیدا .................................. ٩٨
٢٨- کەریم تووژەڵی؛ لەبن پەتی سێدارەوە ................................................................................ ١٠٥
٢٩- محەممەد ناسری؛ بەندیخانە دەروەستی بیری ئازاد نایە ........................................................ ١٠٩
٣٠- فەتاح ڕەسووڵی؛ ئاوارەیی و ماڵ بەکۆڵی لە پێناو بیروباوەڕدا - دادگایی کردنی نێردراوی بەیتی ڕێبەری ......... ١١٢
٣١- سەلاح خزرپوور؛ ڕووسوور لە سەنگەری باوەڕدا .................................................................. ١١٨
٣٢- دارا بەگزادە؛ شانازیی ئەندامەتی لە حیزبەکەی قاسملوودا ..................................................... ١٢٣
٣٣- ئەحمەدڕەزا بابایی؛ لەژێر پەتی ئێعدامەوە بۆ پێشمەرگایەتی ................................................. ١٢٦
٣٤- کامیل ئوستادئەحمەدی؛ شکاندنی شکۆی خاوەنشکۆ! .......................................................... ١٢٩
٣٥- جەماڵ کەنکاش؛ دڵێکی سەوداسەر و عەشقێکی چیایی ......................................................... ١٣٤
٣٦- محەمەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە محەمەد شارویرانی؛ ژیانی پێشمەرگایەتی جێگای شانازی منە .................. ١٣٨
٣٧- محەمەدی خزری؛ هەموو هاوڕێیان ئاگایان لە یەکتر بوو ............................................................ ١٤٨

# دیرۆکی خۆڕاگری

**(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**

------------------------------------

**ڕەحیم مەحموودی**



سالّی ١٣٥٢ لە ئاوایی سێلەکە سەر بەشاری مەهاباد لەدایک بووم. سەرەتای منداڵی و خوێندنم هاوکات بوو لەگەڵ شۆرشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەم فەزایەی تێیدا دەژیام، فەزای شۆرش و پێشمەرگە و کوردایەتی بوو. ئەمن ئەو شانسەم هەبوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی ئەوکاتی کوردستاندا خوێندن بە کوردی و، بە زمانی زگماکیی خۆم دەست پێ بکەم. هەر ئەوکات مامۆستایانی شۆڕش بە سروودی «ئەی ڕەقیب» و «خوایە وەتەن ئاواکەی» و هۆنراوەی شۆڕشگێڕیی دیکە وانەکانی ژیانیان فێر دەکردین مەخابن کە ئەم دەورانە زێڕینە زۆری نەخایاند و پاسدارانی تاریکی هەڵیان کوتایە سەر شار و گوندەکانی کوردستان و مامۆستا و قوتابی و بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوانی کوردستانیان خەڵتانی خۆێن کرد و بەندیخانەکانیان لە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە ئاخنی.

زۆربەی گوندنشینانی ئەو سەردەمی کوردستان بەشێوەی دووبنەیی لەشار و گوند دەژیان. ئەمنیش لەگەڵ بەشێک لەئەندامانی بنەماڵەم ڕووم کردە شاری مەهاباد و بەدرنگەوە خۆێندنی سەرەتاییم دەست پێ کرد، بەلاّم بەهۆی ئەوەی بنەیەکمان لە دێ بوو و پشووی هاوینە دەچوومەوە، هیچ کات لە حیزب و پێشمەرگە دانەبڕام. لەو کاتدا لەنیزیکەوە چاوم

لە کار و چالاکیان بوو. ساڵی ١٣٦٨ بەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا چەند کەس لە هاوڕێیانم لە نێوشار ئیتلاعات گرتنی، بەڵام ئەمن وەبەر نەهاتم. ساڵی ١٣٧٠ بووومە ئاڵقەی پێوەندیی ئەم هاوڕێیانە و چەند کەس لە هاوپۆلەکانم. ئێمە لە گەڕەک و ئیدارە و قوتابخانەکانی شاردا بەبۆنەی جۆراجۆر چالاکیی تەبلیغیمان کرد و ڕێکخستنەکانمان زۆر باش پەل و پۆیان هاویشتبوو، بەڵام بێ ئیحتیاتی و کەم ئەزموونمان لە بەربڵاوکردنی شانەکان ئاشکرای کردین. ئەوە بوو زستانی ١٣٧٢ لە جەریانی کاروچالاکیدا بەداخەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد گرتیانین.

بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئەو سووکایەتییانەی لە زیندان بە ئێمە دەکرا، پتر ئەمنی لە خەبات و تێکۆشان بە دژی ئەم ڕێژیمە شێلگیرتر دەکرد و ئیمان بە ڕەوایی خەبات و ئامانجەکانم بەهێزتر دەبوون. خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و سەردەشت گیرابوون و سللولە ئینفرادییەکان، ساڵۆن و تەنانەت حەوشە و ماتۆڕخانەشیان لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ئاخنیبوو. بەڵام هەموو ئەوانە بۆ ئێمە وانەی فێربوون، خاران و خۆڕاگری بوو.

دیارە لەسەر ئەشکەنجە و بێڕەحمییەکانی کاربەدەستانی ئیتلاعات زۆر گوتراوە و نووسراوە، بۆ منیش ڕاگیرانم لە ئیتلاعات بریتی بوو لە: بازجوویی بەردەوام لە شەو و نیوەشەو و وەخت و بێوەخت، کە هیچ پرسیار و لێکۆڵینەوەکیش بێ لێدان و ئەشکەنجە نەبوو. لە زیندانی ئیتلاعاتدا گیراوەکان هیچ چەشنە مافێکیان نییە، نە دەنگیان بە کەس ڕادەگا، نە خواردنی پێویستیان دەدەرێتێ، نە حەمام و هەواخۆری و نە ملاقات؛ بەڵام لێدان، ئەشکەنجە، سووکایەتی بە خۆت و بنەماڵە و بیروباوەڕت بە پێی فیلان بوو...

زیاتر لە سێ مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا بووم. نیزیکەی سەد جەلەسە بازجوویی کرابووم و هێشتا پێیان وابوو کەمە و پەروەندەکەم کەمیی هەیە. وابوو پوشپەری ١٣٧٣ دوای زیاتر لە سێ مانگ وێڕای هاوڕێیانم و چەندکەسێکی سیاسیی دیکە بە دەست و پێ بەستراوی بردیانین بۆ دادسەرای ئینقلابی ورمێ بۆ لای جلیل زادە، حاکمی شەرع. ئەویش بەجێگای ئەوەی لە نێوان ئێمە و ئیتلاعاتدا قەزاوەتێکی عادیلانە بکا، هەتا توانیی جنێو و قسەی سووکی پێ گوتین و بە «محارب» و «مفسدفی‌الارض» ناوی بردین. بەو شەش کەسە سزای زیاتر لە پەنجا ساڵ زیندان و ئیعدامێکیان بەسەردا سەپاندنین و تازە کۆڵێکیش قەرزداری کردین کە گوایە هێشتا بەر ڕەحم و بەزەیی ئیسلام کەوتووین!

ئەمن سزای ٩ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی ورمێم بەسەردا سەپابوو و بێ ئەوەی مافی نارەزایەتیدەربڕین و پێداچوونەوەمان هەبێ، بەڕێی زیندانی ورمێ (دەریا) کراین. هەر مانەوە لە زیندانی ورمێش بوو کە ئەمنی هێندەی دیکە لەسەر باوەڕەکانم سوورتر کرد. ئەمن کە پێشتر لە بازنەیەکی بچووکدا کاری تەشکیلاتی و سیاسیم کردبوو، لە زینداندا

گەورەیی و بەرفراوانیی تەشکیلاتی حیزبم پتر بۆ دەرکەوت. بەندی سیاسی کە زۆربەی بەندکراوانی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بوون، لە هەموو جۆراوجۆرییەکانی کوردستانی تێدا بوو. زازایی، بادینی،گۆران، سۆران؛ پیر و لاو، کارمەند و مامۆستا و شێخ و مەلا و گوندی و شاری فرەچەشنییەک بوو کە پێی دەگوتی حیزبی دێموکرات چ ڕیشەیەکی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا هەیە.

ئەو زیندانەی کە ڕێژیم بۆ تەمبێکردن و ترساندن و تۆقاندنی نەیارانی خۆی دروستی کردووە، ئاکامەکەی پێچەوانە بوو. لەو زیندانەدا کەم کەس هەبوو هەست بە پەشیمانی بکا و واز لە باوەڕەکانی بێنێ، بەڵکوو نیزیک بە هەموویان خۆڕاگرتر و بەباوەڕتر دەبوون و ئەمنیش یەک لەوان بووم کە هەم لە زیندان و هەم لە بەندکراوە بە ئیمانەکان زۆر فێر بووم.

لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا کە لە بەندا بووم بەداخەوە، زیاتر لە ٤٠ کەس لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانم بەبەرچاوی خۆم چوونە پای سێدارە و لەدار دران، زۆر لە هاوبەندییەکانم دوای ئازادبوون لە زیندان دیسانەکەش بە کردەوە هاتنەوە مەیدانی خەبات و ئەوانی دیکەش خۆڕاگر و بە ئیمان مانەوە. ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، چونکی ئەم وانەگەلە لە هاونشینی و هاوبەندی لەگەڵ کەسانێکی وەک «عوسمان مستەفاپوور» و «محەممەد نەزەری»یەکاندا فێری دەبی و ئەمنیش گەلێ بیرەوەریم لەگەڵ ئەو دوو سیمبولە هەیە کە ناوم بردوون و ئێستاش هەر لە زیندان دان.

لە کۆتایی پاییزی ١٣٧٨ دا و دوای ئەوەی ئەمن دوو لەسەر سێی حوکمەکەم کێشا لە زیندان ئازاد بووم و پاش چەند مانگ و لە بەهاری ١٣٧٩دا هاتمەوە ڕیزی ئاشکرای حیزبەکەم و بووم بە پێشمەرگە...

ئەوەی دواقسە دەمەوێ باسی بکەم ڕێزگرتنە لەم دایک و ژنانەی ڕۆڵە، یان هاوسەرەکانیان دەکەونە بەندیخانەوە و وێڕای بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئەم ژانەدا، ئەرکی زێدەی ڕاگرتنی ماڵ و حاڵ و بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیشیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام کۆڵ نادەن و چیرۆکەکانی حەماسە و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی دەنووسنەوە. دایکی منیش یەکیک لە شێرە ژنانە بوو کە لە هەموو ساڵانی زیندان و پێشمەرگایەتیدا هەتا دواهەناسەی پشت و پەنام بوو و سەرەڕای ئەو هەمووە چەرمەسەرییە بۆ تاقەجارێکیش لۆمەی نەکردم...

لە ژمارەی ٧٣٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# خوسرەو قادری



ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە گوندە چوکەڵە و خنجیلانەکەی "گۆڵێ"ی شارویران سەر بە شارستانی مەهاباد لە دایک بووم. ڕۆژانی شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ڕێژیمی پاشایەتیم لە بیرە. هەر لە یەکەم ساڵی قوتابخانەوە بە هۆی ئەوەی کە ئاواییەکەمان لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوو، ئەمن و هاوپۆلەکانم شانسی ئەوەمان هەبوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بە زمانی کوردیش بخوێنین و هاوکات فێری وانەی شۆڕش و کوردایەتی و گەلێک سروودی شۆڕشگێری ببین. ئەمن هەر بەهۆی ئەوەی کە باوکم (کوێخا محەممەدی گۆڵێ) ئەندامی لە مێژینەی حیزب بوو و دوای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەهۆی پێوەندی و هاتوچۆی زۆری کادرەکانی تەشکیلاتی و پێشمەرگەکان بۆ ماڵی ئێمە، رۆژ لە دوایی ڕۆژ هەستی کوردایەتی و ئۆگری بۆ حیزبی دێموکرات لە ناخمدا پتر پەرەی دەستاند. هەروەها ساڵی ١٣٥٩ برایەکی گەورەترمان بوو بە پێشمەرگەی حیزب کە بەداخەوە دوایی ساڵێک پێشمەرگایەتی شەهید بوو. ئەوانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی بیری کوردایەتی و خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێشک و دڵمدا گەشە بکا. خوێندنی دواناوەندیم لە مەهاباد تەواو کرد خوێندنی زانکۆم لە ناوەندی "پەروەردەی مامۆستا" لە رشتەی "زانستە کۆمەڵایەتییەکان" دا درێژە پێدا. بارودۆخی تایبەتیی بنەماڵەم و بیروباوەڕی خۆم وایکردبوو کە هەر لە سەردەمی تازەلاوەتییەوە تێکەڵ بە کاری ڕێکخستنی نهێنیی حیزب و چالاکیی حیزبی ببم، بەڵام ڕۆژی ١٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٣ بوو هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ لە سەر کلاسی دەرس بە تاوانی ئەندامەتیی نهێنیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات گرتیانم و بە ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهابادیان ڕاگواستم.

حەوتوویەک دوایی گیرانی من، بەداخەوە یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە ئێمە هاوکاریمان کردبوون، بە ناوی بازید پەریزن، لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە با ناوی کاوە مەولانزادە، بە هۆی خەیانەتی کەسێکی خۆفرۆش بە ناوی "عەلی کاکەڕەش" کە

شەهید بازید متمانەی پێکرد بوو، کەوتە تەڵەی ئیتلاعات و بە دیل گیران، کە ئەوە بەداخەوە بووە هۆی گیران و ئاشکرابوونی ژومارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات. دواتر بازید پەریزن هەر لە ئیتلاعاتی مەهاباد لە ساڵی ١٣٧٥ بەداخەوە ئێعدام کرا و چووە نێو کاروانی نەمرانەوە و کاوە مەولانزادەش ٣٠ ساڵ زیندانیی بە سەردا سەپێندرا.

ئەمن ١١٢ رۆژ لە سلولی ئینفرادیدا بووم و لێدان و جنێو و بێحورمەتی بەپێی فیلان بوو. دەیان جەلەسە بازجوویی کە کات و ساتی نەبوو. ئەشکەنجەی جۆراوجۆر وەک لێدان بە قامچی، هەڵاوەسین بە دەستێک و بێ خەوی و بە سەرمای زستان ڕاگرتن لە دەرێ و... کاری ڕۆژانەی بازجوویەکانی ئیتلاعات بوون، بێ ملاقاتی و نەبوونی باس و خەبەر لە بنەماڵە، چڵکنی و پێسی و بێ حەمامیش لە لایەکی دیکە ڕاوەستێ! چەند مانگ دواتر بەیانییەکی بە دەستبەسراوی بردیانم بۆ دادگای ئینقلابی مەهاباد و لە ماوەیەکی کورتی دە خولەکیدا قازییەک بە ناوی "حاج انصاری" بێ ئەوەی وەکیلم هەبێ یان دەرفەتی بەرگری لە خۆمم بدەنێ، دادگایی کردم و پاشان بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتدا، سزای ١٠ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێی بەسەردا سەپاندم. وابوو لە هاوینی ساڵی ١٣٧٤ دەگەڵ چەند زیندانیی دیکەی خەڵکی بۆکان بە ناوەکانی ڕەحمان مەحمودی، ناسر سوڵتانی و هەمزە کە ئەوانیش بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات گیرابوون بەڕێی زیندانی ورمێ کراین.

بەندی ١٥ی زیندانی ورمێ کە تایبەت بوو بە زیندانییە سیاسییەکان، ئەوکات کە ئێمە چووین نزیک بە ٣٠٠ تا ٣٥٠ زیندانیی سیاسیی تێدا بوو کە دەکرێ بڵێم زۆربەی زۆری بە تاوانی ئەندامەتی و لایەنگریی حیزبی دێموکرات گیرابوون. لە شیمالی کوردستان ڕا تا سەقز و سنە و لە لاوی تازە پێگەیشتووی ١٨ ساڵە ڕا بگرە تا دەگاتە پیرەپیاوی ٨٠ ساڵەی تێدابوو. پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگری حیزبەکان، گوندی و شاری، خوێندەوار و نەخوێندەوار، مەلا و سەید و ئاغا و مامۆستا و کرێکار و بە کورتی لە هەموو جۆرە چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستانی تێدابوو. هەبوو ٦ مانگ زیندانی درابوویە و هەبوو سزای ئەبەد و ئێعدامی بەسەردا سەپابوو. بۆ منێک کە ئەوکات ٢١ ساڵ بووم. بەڕاستی وەک زانستگایەک وابوو. لە ماوەی پێنج ساڵ کە لە زینداندا بووم زۆر شت فێر بووم. بناغەی بیروهۆشی کوردایەتی و باوەر بە ڕێبازی حیزبەکەم چاکتر داڕشتەوە.

لە نێو زیندانییانی سیاسیدا ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ کە بە هۆی دارمان و ترسەوە بەداخەوە کەوتبوونە ژێر ڕکێفی ئیتلاعات، ئەوانی دیکە بە خۆشییەوە پتر خۆڕاگرتر و بەباوەرتر بوون و بە تایبەتی کەسانی بە تەمەنتر و بە ئەزموون، دەبوون بە سەرمەشق بۆ ئێمەی لاو و کەمتەمەنتر.

زۆر جار بە بیانووی جۆراوجۆر بەرپرسانی زیندان دەستیان دەکرد بە پشکنینی بەندی سیاسییەکان و سووکایەتییان پێ دەکردین. یان تۆی دووبەرەکی و دڕدۆنگیان لە ڕێگای مۆرەکانی خۆیان لە نێو بەندییە سیاسییەکاندا بڵاودەکردەوە، بەڵام بە خۆشییەوە ئەوکارانە نەک نەیاندەتوانی ئیرادە و ورەی بەرزی زۆربەی زیندانییەکان تێکب شکێنی، بەڵکوو بە پێچەوانە دەبوو بە رق و بێزاری زۆرتر و بەربەرەکانی زیاتری زیندانییەکان. هەرئەوە وایکرد کە زۆرێک لە زیندانییەکان کە ئازاد دەبوون، سەر لە نوێ پەیوەست بە حیزب و شۆرش دەبوونەوە و بە گوڕتر لە پێشوو دەستیان بە خەبات دەکردەوە.

لەو ماوەی ئەو ٥ ساڵەدا کە لە زینداندا بووم بە داخەوە ٣٥ تا ٤٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی کە زۆربەیان لە سەر حیزبی دێموکرات گیرابوون، ئێعدام کران. هەر وەها تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە داخەوە دوو لە هاوبەندییە سیاسییەکانی ئەو کاتم، کاک "عوسمان مستەفاپوور" و کاک "محەممەد نەزەری" هەر لە زینداندا ماونەتەوە.

لە پائیزی ساڵی ١٣٧٨دا و لە کاتێکدا کە نیوەی زیندانەکەم کێشابوو، ئازاد بووم. دوای ئازادبوونم لە زیندان و ماوەیەک مانەوە، هەستم دەکرد کە لە زیندانێکی چکۆلە هاتوومەدەر و ئێستا لە زیندانێکی گەورەتر دام. لە لایەکی دیکە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و ڕیشەداکوتانی خۆشەویستی حیزبی دێموکرات و ترسی دووبارە گیرانەوەم ـ کە دەمزانی ئەوجار نەجاتم نابێ ـ هانی دام کە ئێران بەجێ بێڵم. وابوو کە ڕێگەی تاراوگەم هەڵبژارد و دواجار لە وڵاتی نۆروێژ گیرسامەوە. لێرەش هاوکات لەگەڵ خوێندنی زانکۆ و کارکردن و ژیانی بنەماڵە، لە کاروچالاکی و ئەرکی حیزبیش خافڵ نیم و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە گوڕتر لە پێشوو لە خزمەت گەل و نیشتمان و حیزبەکەم دام.

لە ژمارەی ٧٣٤ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## حەسەن مەحموودی



ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە گوندە خۆشەکەی پەسوێی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایک بووم. قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنم هەر لەو گوندە بڕی و دواتر بە هۆکاری جۆراجۆر نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم. هۆگریی من بە حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ بە تایبەت ئەو ساڵەی کە ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو تێرۆر کرا. بە حوکمی ئەوەی گوندەکەی ئێمەش وکوو زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان پێشمەرگە ڕووی تێدەکرد، هەموو کات کە چاوم بە پێشمەرگەکان دەکەوت زیاتر و زیاتر هۆگری کوردایەتی دەبووم تا ساڵی ١٣٧٢ کە هاتمە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات و وەک پێشمەرگە وەرگیرام.

ساڵی ١٣٧٧هەتاوی لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگە بۆ مەئمورییەتێک چووینەوە نێوخۆی وڵات. دوای ٣٥ ڕۆژ گەڕان و جەولە لێدان لە ناوچە و لە ئاوایی کانی بداغ ڕوومان کردە ماڵێک بۆ حەسانەوە و بێخەبەر لەوەی خاوەن ماڵ دەستی لەگەڵ ناوەندە ئەمنیەتییەکان تێکەڵ کردووە. وابوو جاش و خۆفرۆشەکانی هێنایە سەرمان و دوای شەڕوپێکدادنی زۆر، بەداخێکی گرانەوە دوو هاوڕێکەم شەهید بوون و ئەمنیش بە برینداری کەوتمە بەردەستی هێزەکانی ڕێژیم. لە کاتی گیرانمدا سەرەڕای برینداربوونم هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک درام و دوای ئەوەی بەڕێیان کردمە نەخۆشخانەی عارفیان لە ورمێ، لەوێش ماوەی ١٥ ڕۆژ بە برینداری لێکۆڵینەوەم لێ دەکرا. لە نەخۆشخانە کە دەریان هێنام ڕەوانەی ئیتلاعاتی ورمێ کرام و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ هەرچی ئازار و ئەشکەنجە بوو لە سەر من تاقی کرایەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاسەواری لە سەر جەستەم دیارە. دوای ئەم ماوەیە بردیانم بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ و بۆ ماوەی حەوتوویەک لە بێهداریی زیندان بەستەری کراومەوە و دواجار بەڕێی بەندی ١٢ی زیندان کرام کە بەندی سیاسییەکان بوو.

ئەوکات منیان نارده ئەوێ بەندی ١٢ وەزعێکی نالەبار و ناخۆشیان بۆ بەندییە سیاسییەکان دروست کردبوو. کەس مافی نەبوو لەگەڵ کەس قسە بکا و گەڕان و پیاسەی دووکەسی و چەند کەسی قەدەغە کرابوو و ئەو کەسانەی لەوە لایاندا با بەڕێی قەرەنتینەیان دەکران. ماوەی ٦ مانگ بێ ئەوەی چارەنووسم ڕوون بێ، لەوێ بووم و لەو ماوەیەدا بەردەوام بە کەلەپچەکراوی و بە بڕانکارد دەیانبردمەوە دادگا لە بەردەمی قازییان دادەنام. سەرباری ئەوەی زۆر بریندار و زامار بووم، مافی هیچ چەشنە بەرگرییەکیشم نەبوو. ئەو دادگایەی کە من لێی حوکم درام دادگای ئینقلابی ورمێ لقی ٢ بوو کە لقی حاجی حەساریان پێ دەگوت و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سزای ئێدامم بەسەردا سەپا. ٦ مانگی خایاند تا حوکمەکەیان پێ ڕاگەیاندم. ئەم ڕۆژەم باش لە بیرە کە پاش ئەوەی حوکمەکەیان پێ ڕاگەیاندم چوومەوە نێو هابەندییەکانم. ئەوان دەهاتن و لێیان دەپرسیم کە چەند ساڵیان حوکم داوی؟ منیش زۆر ئاسایی دەمگوت: "ئیعدام." خەم بە ڕوخساری هەموویانەوە دیار دەکەوت و لەبەر خۆیانەوە دوعایەکیان دەکرد و دڵخۆشییان دەدامەوە. زۆر کەسیان بەبەرچاوی خۆم بردە بن پەتی سێدارە کە ئەنوەر جەوانرودی یەک لەوان بوو. لەو ڕۆژەوە تا کاتی شکانی حوکمەکەم کە ٧ساڵی خایاند، هەموو ڕۆژێ و پێش بانگی بەیانی ئەمن هەڵ دەستام و جلوبەرگی خاوێنم لەبەردەکرد کە ئەگەر بمبەن بۆ ئێعدام سەرم لێ نەشێوێ و بتوانم بەوەرەیەکی بەرزەوە بەرەو پەتی سێدارە بچم.

لێرەدا جێیخۆیەتی کەمێکیش باسی قارەمانێتیی شەهید ئەنوەر بکەم. ئەو ڕۆژەی کە بردیان ئیعدامی بکەن هەر کە لە خەویان هەستاند، شەهید ئەنوەر شانەیەکی بەسەریدا هێنا و کەمێکی عەتر بەخۆیدا کرد و جلێکی جوانی لەبەر کرد و دوایەش هێندێک وەردە پووڵ کە پێشتر هەڵی گرتبوو بەسەر یەکێک لە هاوبەندییەکان بە نێوی یاشار فازل کە بە ئەسڵ عێراقی بوو هەڵاویشت کە بەداخەوە ناوبراو سیخوڕیی بۆ ئیدارەی ئیتلاعات دەکرد.

شەهید ئەنوەر دواتر لە تەختەکەی هاتە خوارێ و ئێمەی کە هەموو هەستابووین ماچ کرد و قسەی بۆ کردین. ئەو لە دواساتەکانی پێش مەرگیدا بە شانازییەوە باسی لە پێشمەرگایەتی و ئامانجە بەرزەکانی خەباتی کورد کرد.

ڕەمەزانی ساڵی ١٣٨٣ هەتاوی لەسەر تەختەکەم ڕاکشابووم کە وەتاقی فەرمان ناوی چەند کەسێکی خوێندەوە تا بێنە قوفلی یەک کە یەک لەوان من بووم. لەوێ پێیان ڕاگەیاندن کە حوکمەکەت شکاوە و بۆتە زیندانی هەتاهەتایی. نازانم بڵێم هەستێکی خۆش یان ناخۆش. وابوو تا ساڵی ١٣٨٦ هەر لە زیندانی ورمێ مامەوە و دواتر بە زەحمەت و ماندوو بوونێکی زۆری بنەماڵەکەم بۆ زیندانی نەغەدە گواسترامەوە.

لە زیندانی نەغەدە داوای کارم کرد و بردیانم بۆ نانەواخانەی زیندان. ماوەی ساڵێک دەبوو لە زیندانی نەغەدە بووم. لەو

ماوەیەدا و پێشتریش لە زیندانی ورمێ دەستمان بە پێوەندی و کاری ڕێکخستن لەگەڵ حیزب کردبۆوە. وابوو دوای ١١ ساڵ مانەوە لە زیندان بە هەوڵ و بەدواداچوونی زۆری بنەماڵەکەم چەند ڕۆژێکیان مەرەخسی دامێ و هەر ئەوەش بوو کە توانیم لە یەکێک لەو دەرفەتانە کەلک وەربگرم و لە زیندان ڕا بکەم و بێمەوە نێو ڕیزی هاوسەنگەرانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان.


زیندان بۆ من قۆناغێک بوو لە قۆناغەکانی پەروەردەبوون و سووربوون لەسەر ڕەوایی بیروباوەڕ و ئامانجەکانم. ئامانجێکی ڕەوا کە ئێمە هەمووما‌ن ئامادەین تا سەر لەگەڵی بڕۆین و هەموو شتێکی لە پێناودا بۆ دابنێین.

لە ژمارەی ٧٣٥ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

--------------------------------------------

## عومەر شاداب



### بەسەرهاتی گیرانم

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی بابخالاوایی شنۆ لە دایک بووم. ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی گیرام. سزای زیندانی تاهەتاییم بەسەردا سەپا و ماوەی ٦ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بەند کرام. ئەوەی دەینووسمەوە بە کورتی باسێکە لەو بەسەرهاتە.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ئێمە لە ناوچەی شنۆ بووین. ئەو ڕۆژە چوارشەممە و ٥ی خەزەڵوەر بوو. شەهید برایم باشوو کە بۆ کاری شەخسیی خۆی هاتبۆوە ناوچە، داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم بۆ سەردانی برادەرێکی لە کوێستانەکانی سامڕەندان و ئیشکەشیو. بۆ شەوەکەی چووینە گوندی قەلاتیانێ و بەیانییەکەی وەڕێ کەوتین. گەیشتینە زار دۆڵی ئیشکەشیوێ. هێشتا هەتاو هەڵ نەهاتبوو لە بڵیندایی گردی بەرازان تەقەمان لێ کرا. ئەو هێزەی لێمان ڕاسابوو، هێزێکی کوردیی باشووری کوردستان بوو. ئێمەش کەوتینە خۆ کە سەنگەر بگرین، بەڵام لە لایەکیتریش دەستڕێژمان کرایە سەر، ناچار بووین بکەوینە دیفاع و خۆپاراستن، کە کەوتینە دەشتاییەکی کەم کە خۆ بگەیەنینە شوێنێک بە ناوی دۆڵ هەنگوین کە تاکە ڕێگا بوو بتوانین لێی لە گەمارۆ دەرچین. گەیشتینێ، بەڵام شەهید برایم باشوویان پێکا. من نەمهەویست برایم بە برینداری بە جێ بێڵم و لە نیزیکی ئەو سەنگەرم گرت. دوای ماوەیەک تەقە و شەڕ شەهید برایم هەرای کرد: «عومەر پێیان بڵێ بە شەرتێک تەحویلی پاسدارانمان نەدەنەوە تەسلیمیان دەبین.» پێشمەرگەکانی ئەو هێزە کوردییەش قەولیان دا و هاتن بردیانین بۆ لای بەرپرسەکانیان. بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و هەر ئەو ڕۆژە برایمیان ڕادەستی سپای پاسداران کرد و ئەمنیشیان دوای دوو ڕۆژ هەر بەو دەردە برد. بەمجۆرە ڕادەستی ئیتلاعاتی ورمێ کرام. چاوم بەسترابوو، گوێم لێبوو بە یەکێکیان گوت :یک لقمەی چاق و چلە براتون آوردەام.» چاویان

کردمەوە. گوتی من قاسمیم پێ دەڵێن و بەرپرسی پێشووی ئیتلاعاتی شنۆیەم. دێن پرسیارت لێ دەکەن، دڵنیابە هەموو شتێک دەزانین دەمانهەوێ بزانین تۆ دەڵێی چی.

بردیانمە سلولی تاکەکەسیی ژمارە ١٠. ژوورێکی دوو بە یەک بوو. دوو سێ پەتووی ڕەشی سەربازیی لێ دانرابوو، هەتا بڵێی پڕ لە ئەسپێ. هەر لە دوانیوەڕۆی ئەم ڕۆژەوە بازجوویی دەستی پێکرد. کاغەزیان خستە بەردەمم و گوتیان هەرچی دەیزانی بینووسە. بازجووەکەم شەوێ هاتەوە و دیتی ٧ خەتم نووسیوە. تووڕە بوو: «اینا واسه عمەت خوبه.»

ئیدی وابوو کە ئەشکەنجە دەستی پێکرد. بۆ دوو شەو و ڕۆژان لێیان نەدام، بەڵام هەر نیو سەعات دەخەوتم و دوو سەعات دەیانبردم بۆ پرسیارلێکردن.

شەوێک لێم گەڕان بخەوم . بەیانی لای قاوڵتوون بردیانمە ژوورێکی و لە سەر سەندەڵییەک دایاننام. دەنگی قاسمی دەنگی هات: «حاجی آغا اینە فقط و فقط نمیدونم بلده.» کابراش گوتی: «مشکلی نیست الان به حرفش میاریم.» دەستووری دا چاویان کردمەوە. دیتم مەلایەکی زەبەلاح دانیشتبوو و گوتی من حاکمی شەرعم و ناوم «ئیمامی»یە.

گوتی: بۆ زانیارییەکانت نادەی! ئێمە بۆ ئیسلام خەبات دەکەین و دوژمنانی خوا هەموویان لە نێو دەبەین. منیش گوتم ئەوەی زانیومە پێم گوتوون. قورئانێک لە بەردەمی دانرابوو، گوتی ئەگەر هەرچی بکەن ئەو کوردستانە دەکەین بە باڕووت و دەیتەقێنینەوە. منیش قورئانەکەم هەڵ گرت و گوتم بەو قورئانەی ئەوەی ئەوان لێم دەپرسن نایانزانم. قورئانەکە کەوتە خوارێ و لێک بڵاو بوو...

ئیدی بڕیاری دا لە تەختم ببەستن گوتی ٣٩ قامچیی لێ بدەن ئەگەر لە نیوەشدا گوتی دەیڵێم بیکەنەوە. بەستیانم و ٣٩ کابڵیان لە بەری پێم دا، زۆر بە ئازار بوو، هیچم نەگوت. دەستووری دا بمکەنەوە. کردیانمەوە و بە کورتی بەو دەستوور و فەرمانەی لە ماوەی حەوتوویەکدا ١٥ - ١٦ جار ئەو ٣٩ قامچییەم پێ دەبڕا...

هەر پێش ئەوەی بگیرێم قژم زۆر بوو. شەوێکیان لە نیوەشەوێدا سەریان لوول دام و نازانم سیم بوو چ بوو بەوەیانەوە بەستم و هەڵیان واسیم. تا بەیانی تەنیا پەنجەم لەسەر زەوی بوو. لای بەیانی بوو کردیانمەوە و لەبەر بێهێزییان کەوتمە خوارێ و هەتا دەور و بەری نیوەڕۆ هەر لەوێ کەوتبووم. لای نیوەڕۆ خواردنیان لە بەر دەم دانا، بەڵام نەمدەتوانی بیخۆم. ئیدی برستم لێ بڕابوو. بڕیارم دا خۆم بکوژم و کۆتایی پێبێ. بۆ ئەو مەبەستە لامپی بەرقی کە شۆڕ

ببۆوه هێنامه خوارێ و له لامپەکەیم پچڕی و له خۆم بەست. بەداخەوه نەیکوشتم و فیوز فڕێی دابوو...

شەوێکی دیکەیان بردیانمه ژووری بازجوویی و گوتیان زانیارییەکانت نەدەی ئیعدامت دەکەین. دوای پرسیارگەلێکی زۆر، بردیانم بۆ دەرەوه وەل بڵێی دەمبەن ئیعدامم دەکەن. بۆ ترساندنم تەقەیان لێ کردم. به دەنگەکەی زانیم فیشەکی مەشقین. ئەوانیش گوتیان هێشتا ئەجەلت نەهاتووه...!

کاک «سۆفی ئەحمەد»یان له بەندی گشتی هێنابۆوه ئیتلاعات و پێیان گوتبوو عومەر قسەی له سەر تۆ کردووه و به منیشیان دەگوت سۆفی قسەی له سەر تۆ کردووه. له دیوێک ئەویان شکەنجە دەکرد و له دیوێکیتر من، ئەگەر سۆفییان هێنایه ئەشکەنجەگاکەی من لاقی خوێنیان لێ دەهات و ڕیشیان هێندە کێشابوو دەمو چاویان برینداركردبوو. پاشان دەرکەوت درۆیان لەگەڵ هەر دووکمان کردبوو.

ڕۆژێکی بەهاری ١٣٦٢ منیان بردە لای کابرایەک. خۆی پێ ناساندم. شەهید کەماڵ دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بوو. دەگەڵ ئەو بردیانین بۆ تاران بۆ زیندانی ئیوین. ٢٦ ڕۆژ له کۆریدووری بینایەکدا مابووینەوه به چاوبەستراوی و به بێ پەتوو.

له سلوولی ڕەدیفی ١٠ی بەندی ٢٠٩ تان هاویشتین. به منەوه بووین به پێنج کەس. شەهید کەماڵ دەباغی، دوکتۆر محەممەد مەلەکی، کەسێک که به ئینتزاریون ناویان دەبرد و یەکێک له جێگر یان ڕاوێژکارەکانی بەنی سەدر بوو لەگەڵ کوڕێکی ئەندامی حیزبی موجاهیدن.

داوایان له من دەکرد تەشکیلاتی حیزبیان له تاران پێ بڵێم. ئەمنیش دەمگوت کەس ناناسم و هەر بەڕاستیش کەسم نەدەناسی. بەڵام هەر لەسەر ئەوه ئەشکەنجەیەکی زۆریان کردم. دیمەنی خەڵکی ئەشکەنجەکراوی دیکەیان پیشان دەدام بۆ ئەوەی وره بەردەم. دەنگی قیژه و هاواری زیندانییەکان که ئەشکەنجە دەکران گوێی کەڕ دەکرد.

شەوێک بردیانم بۆ ژێر زەمین و دەستیان له پشتەوه (قەپانچەلە) بەستم و بۆ سەعات و نیوێک هەڵیان واسیم، ئەوەندە بە ژان بوو که دوایه و بۆ زیاتر له ٥ مانگتش باسکم هەر سڕ بوو و کاری نەدەکرد.

شەهید کەماڵ دەباغی بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان قامکی چووکەی لاقی شکابوو و زیندانبانەکانیش گوێیان نەدەدایه. وابوو

قامکی ڕزی و ڕۆژێک دەری هێنا و لە ئاشغاڵدانی هاویشت. ئەوکات کاک کەمال ١٦ مانگ بوو دەرێ و ئەمنیش ٨ مانگ بوو هەتاومان نەدیتبوو. شەهید کەماڵ ددانەکانی بە پووکەوە دەلەقین و جار و بار خوێنیشی لێ دەهات.

### زیندانی پادگانی وەلیعەسر

دوای ماوەیەک لە زیندانی ئێڤینەوە بردیانین بۆ زیندانێک لە پادگانی ولیعەسر کە کەس پێی نەدەزانی و شاربوویانەوە. ئەو زیندانە هەمووی تاکەکەسی و زۆر ترسناک و ناخۆش بوو. ئەو ڕۆژەی بردیانین خەڵکێکی زۆری لێ بوو و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ چاویان بەستین و لە ساڵۆنێکدا ڕایان گرتین بەبێ ئەوەی خواردنمان بدەنێ، ئەمن و شەهید کەماڵ یەکترمان بەر نەدەدا. کاک کەماڵ دەگەڵ ئەوەی تەنیشت خۆی بەسرتە قسەی دەکرد و پاشان سەری هێنا بن گوێی من و گوتی ئەوە سکرتێری نێوخۆی ڕێکخراوی تووفانە...

بەرەبەری ڕۆژاوا بوون سواری چەند ئوتوبووسیان کردین. چەند پاسداری چەکداریان لەسەر سەری ڕاگرتبووین و سەریان پێ دانابینە سەر سەندەڵی هەتا گەیشتینێ. دایان بەزاندین و دوو دوو و سێ سێ لە سلولێکیان ئاخنین. ئەمن و شەهید کەماڵ کەوتینە سلولێک، کوڕێکی تازەلاوی تەقریبەن تەمەن ١٨ ساڵانەی موجاهدینمان لەگەڵ بوو. پێشتر پێیان گوتین نابێ بڵێن تاوانتان چییە. کە سڵاو و چاک و چۆنیمان کرد کوڕەکە لێێ پرسین: لەسەرچی گیراون؟ ئەمنیش چاوم لە کاک کەماڵ بوو کە قسە بکا. هیچم نەگوت کاک کەماڵیش ڕاستییەکەی نەدرکاند، بەڵام کە خەوی لێ کەوت پێمگوت و داوام لێکرد کە باسی نەکا چونکی پاسدارەکان هەڕەشەیان لێ کردووین.

ژوورەکە نیزیک دوو لە یەک بوو. لوولەیەکی ئاوی گەرمیشی پێدا دەهات. کاتیش مانگی کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین بوو و زۆر گەرم بوو. هیچ پەنجەرەشی تێدا نەبوو و زۆر جار وەختابوو پشوومان ڕاوەستێ. بە نۆبە دەممان بەبن دەرگاوە دەنا هەناسەیەک نوێ بکەینەوە.

ڕۆژێک هەینی بوو. شەهید کەماڵیان بانگ کردە کۆریدۆری شوێنەکە و ناردیانەوە ژوورێ. چەند وەرەقەیان دابوویە. نامەیەکی چەند لاپەڕەیی بوو بە ئیمزا و ناوی مام جەلال تاڵەبانی کە بۆ یەکێک لە هاوڕێیانی نووسیبوو. داوایان کردبوو بۆیان بکاتە فارسی. خوێندمانەوە و پاشان کە بۆی هاتن وێی دانەوە بەبێ ئەوەی تەرجەمەی بکاتەوە. گوتی ئەوە زاراوەی عێراقییە و من نایزانم. بیانوویان پێگرتین و بۆ بەیانی کە شەممە بوو بردیانینە دەرێ بە بیانووی هەواخۆری. ئەوکات چەندین مانگ بوو تاوم وێ نەکەوتبوو، کاک کەماڵیان لە من جیا کردەوە و بردیان. ئەمنیشیان لەسەر بەردێکی چووکە

دانیشاند. کە سەرم هەڵ دەهێنا دەمتوانی لەژێر چاوبەندەکەوە شتێک ببینم. دەمدی وەک دەعبایان تێی وەرهاتبوون لێیاندەدا، هاتن بۆ لای من و گوتیان هەوا خۆریت دەویٚ؟! تێم وەرهاتن و منیش لەوە بێ نەسیب نەبووم...

کە بردیانینەوە بۆ سللول کورە موجاهیدەکە لەویٚ نەمابوو. دیکۆڕمان تەواو تێک چووبوو. بۆ خۆمان چاومان لە یەکتری دەکرد و بە یەکتری پێدەکەنین. کە کورە موجاهیدەکەیان هێنایەوە ئەویش هیچ سەر و چاوی نەمابوو، پرسی و گوتی لە کویٚ بوون؟ گوتمان لە هەواخۆری بووین. گوتی: «آره جون شما. از اون هوایی که شما خوردید منم خوردم.»
ئەوە بەشێکی زۆر کورت بوو لە جۆری ئەشکەنجە و مەبەستەکانیان.

**لە نێو بەندەکان**:

دوای ساڵێک لە سللولی تاکە کەسی هێنایانمە بەندی بازداشتگا لە زیندانی «دەریا»ی ورمێ و دوای دوو مانگ بردیانمە بەندی ٧ و ٨ کە بەندی گشتی بوون. هێندە لەویٚ نەمامەوە کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان لە بەندەکان پێک هێنا و زیندانییە سیاسییەکانیان خستە ٤ بەندی تایبەت و لە سیستمی پێشووی زیندانییان جیا کردینەوە. بەندەکانی ١٢، ١٣، ١٤، و ١٥ بوونە بەندی سیاسی و جەوێکی بە تەواوی پۆلیسی بەسەر زینداندا زاڵ کرا. هەموو شەوان دوای کاتی خەو خەڵکانێکیان دەبرد بۆ ژوورێک و بە ئارەزووی خۆیان لێیان دەدان. شەوێک منیان برد. مەلایەکی لێ بوو. گوتی «جواهیری»م و حاکمی شەرعی نویٚ بوو. ئەو لەبارەی کوردستان و مەزهەبی سوننی هێندێک پرسیاری لێ کردم و قسەی بۆ کردم و ڕۆیشت، بەڵام پاسدارەکان دوای وی هێندەیان لێدام چڕ و چاوی خۆم نەدەناسییەوە. ڕێگری لە دیدار و چاپێکەوتن لەگەڵ کەسوکار، بایکۆتکردنی زیندانییەکان لەنێو یەکتردا و برەودان بە سیخوڕی لەسەر یەکتری کردن لە ڕێگەی هەڕەشە و هاندان جۆرێکی دیکە لە ئەشکەنجەدانی بەندیی سیاسی بوو. بەرپرسانی بەندیخانە کەشێکی تەواو بێ متمانەییان لە نێو بەندییەکاندا درووست کردبوو.

ئەو کاتەی من لە زیندان بووم سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵان برینجێکیان دەداینێ دیار بوو زۆر لەمێژ بوو لە ئەنبارەکاندا مابۆوە و بەتەواوی بۆن برش و کەرووی لێ دەهات. دەبا دەممان گرتبا و خواردبامان، دیارە حەوتووانە جارێک گۆشتیان دەداینێ و ئەویش زۆرکەم و، زیاتریش چەرمەچەقاڵتە بوو. ڕۆژانە هەر زیندانییەی لەتکێک سەموونی پێ دەدرا. جار و بار مەلایەک دەهات و پرسیاری لە وەزعی زیندان دەکرد. کە دەمانگوت خواردنمان کەمە و تێر ناخۆین، دەیگوت لە شەڕ داین و باشە ئەوەندە خواردنەشتان دەدەنێ. جارێکی بۆ دوو ڕۆژان هیچیان نەداینێ. چووینە سەر سەتڵی ئاشغاڵ کە بەرمیلێکی سەر ئاواڵەکراو بوو. دووکەس داندران بۆ ئەوەی هەر کۆپەیەی دوو

سەتڵ ئاشغاڵی بداتێ بۆ خۆیان خواردنی لێ ببژێرن...

وەک باسم کرد بەندییە سیاسییەکان لە چوار بەند بوون. بەندی ١٥ چوارسەد و سی و دوو کەسی تێدا بوو. حیسابمان کردبوو هەر زیندانییەک سێ موزائیک و نیوی وەبەر دەکەوت. تەختی خەوەکان سێ تەبەقە بوون و عەرزەکەش هەموو خەڵکی لێ دەنووست.

قسەیەکی خۆش: پێش ئەوەی بدرێینە بەندی ١٥ لە بەندی ٧ و ٨ بەیانی وەستا مینە (خەڵکی مهابادێ بوو، لە زیندان ناسرابوو بە خەلەبان) هەڵدەستێ، دەسنوێژ دەگرێ، بەرماڵی لەسەر شانی دادەنێ و بۆ شوێنێک دەگەڕێ نوێژێ بکا؛ بەڵام هیچ شوێنێک نابێ، چونکە هەموو شوێنێک تەنانەت ڕاڕەوەکانیش خەڵکیان لێ نووستبوون. ڕادەوەستێ و ڕووی لە خوا دەکا و دەڵێ: خوایە ئەوە بۆ خۆت دەزانی، هەستاوم دەسنوێژم شوشتووە، بەرماڵیشم پێیە، کەچی هیچ شوێنێک نییە نوێژی لێ بکەم، دەزانم ئەو مەلائیکانەی سەر شانم ڕاپۆرتت پێ دەدەن، خۆ ئەوانیش کوێر نین ئەوە وەزعەکەی بە چاوی خۆیان دەبینن.

جا بڵێ بۆ پێیان دەگوت خەلەبان!؟ پێیان گوتبوو تۆ تەیارەت ڕفاندووە و پێمان بڵێ چۆنت برد؟ زۆریان ئەشکەنجە کردبوو بە ناچاری گوتبووی بردوومە. گوتبوویان ئاها جا پێمان بڵێ چۆنت برد؟ گوتبووی لە تەورێزێ سوار بووم و لە ئاسمانێ دیتم سووتەمەنی کەمە، لە پۆمپی بێنزینی مهابادێ دابەزیم و گازۆڵم تێکرد و ڕۆیشتم. لێی تووڕە ببوون گوتبوویان جا چۆن تەیارە گازۆڵی تێ دەکرێت؟! گوتبووی ئەگەر من بردبێتم ئاوام کردووە. پاشان حوکمیان دابوویە و هەر بەم هۆیەوە زیندانییەکانیش پێیان دەگوت خەلەبان.

(ئازادبوونم لە زیندان)

لە دوابەشی گێڕانەوەی بەسەرهاتی گیرانمدا جارێکی دیکە بۆ باس لەسەر بابەتێک دەگەڕێمەوە زیندانە شاراوەکەی پادگانی «ولی عصر»ی تاران.

شەهید کەماڵ دەباغی و من و کوڕە موجاهیدەکە بووین، ژوورەکەمان هێندە گەرم بوو تەنیا شۆرتمان دەبەر دەکرد، سللولەکەمان دەوروبەری ٢ لە ١ بوو. ڕۆژێک دەربیچەی دەرگاکەمان کرایەوە.

دیتمان سەرۆککۆماری ئەوکات عەلی خامنەیی و مووسەوی تەبریزی، داواکاری گشتی و چەند دەرەجەدارێکی بەرزی پۆلیسیان دەگەڵ بوو، وەژوور کەوتن. سڵاوی کرد و ڕووی کردە بەرپرسی زیندان و گوتی ئەوانە تاوانیان چییە؟ گوتی: ئەو کوڕە مونافقە و ئەو دوویەی دیکەش سەر بە حیزبی دێموکراتن.

خامنەیی ڕووی کردە کوڕەکە و لێی پرسی: ڕۆڵە بۆ بوویەتە مونافق؟

کوڕەکە لە وڵامدا دەنگی هەڵبڕی: «بەنام خدا و بە نام خلق قهرمان ایران، من مجاهدم تو منافقی». خامنەیی ڕووی کردە کاک کەماڵ دەباغی و گوتی ئێوە بۆ بوونەتە دێموکرات؟

شەهید کەماڵ ئەوای وڵام دایەوە: «لەوەی مەپرسە بۆ بووینەتە دێموکرات، بەڵام جەنابت کە ئیددیعات هەیە زەمانی شای زیندانی بووی، ویژدانەن سللولی ئینفرادیی سەردەمی شا ئەوا بوو؟ ئەم ژوورەی ئێمە هێندە گەرمە تۆ ناتوانی سەعاتێک لەم ژوورە بمێنیتەوە. دیوێکی چووک و کپ و بێ پەنجەرەیە. ئەگەر ئیسلام ئەوەیە، بۆ من جێگای شانازیە کە کافر بم.»
خامنەیی دوای ئەو قسانە نێوچاوانی تێکنا و ڕووی لە داواکاری گشتی و بەرپرسی زیندان کرد و پێی گوتن: «رسیدگی کنید».

ئەو «ڕەسیدەگییە» ئاکامەکەی ئەوە بوو سللوولەکەیان گۆڕین، سللووله نوێیەکەش هەر بە قەد ئەوەی پێشێ بوو، لووله ئاوەگەرمەکەشی هەر هەبوو، بەڵام پەنجەرەی هەبوو و هەوای ئازادتری تێ دەگەڕا...

**با بێمەوە زیندانی دەریای ورمێ و باسی تەشکیلاتی ڕێکخراوەکان.**

ڕێکخراوەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و موجاهیدین تەشکیلاتی باشیان بۆ خۆیان درووست کردبوو، ڕێژیم چەند کەسی فارسی بە ناوی موجاهیدین و کۆمۆنیست خزاندبووە نێو زیندانێ بۆ ئەوەی نفووز بکەنە نێو ڕیزی تەشکیلاتەکان. تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتن و تەشکیلاتی موجاهیدینیان هەڵتەکاند. بەرپرسەکەی موجاهیدین کوڕێک بوو بە ناوی «جەمشید نیک ئەخلاق» کە پێم وابێ خەڵکی سەڵماس بوو. ئەمن نەمدیتبوو، بەڵام بەداخەوە ئێعدام کرا و بەڕێوەبەرانی تەشکیلاتی کۆمەڵەش گیران کە من کەسێکیانم دەناسی. (واتە جیران سللولم بوو. ڕەنگیم نەدیتبوو و، ئەگەر پاسدارەکان دیار نەبان دیوار بە دیوار قسەمان دەکرد). ناوی جەعفەر عیسمەتی و خەڵکی مهاباد بوو کە بەداخەوە ئێعدامیان کرد.

تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیش لە بەندیخانەی ورمێ بەڕێوەبەرەکانی ئەحمەد سادقپوور (سۆفی ئەحمەد) و من بووین کە نەکەوتینە ئەم داوەی ڕێژیم. دیارە نرخیشمان دا بۆ ئەم پاراستنە. هێندێک کەسی ئێمە کە پووڵیان کۆ کردبۆوە بۆ یارمەتیدان بە کەسانی بێ ملاقات و بۆ کڕینی باتری بۆ هەر دووک ڕادیۆکانمان، گیران و بردیان بۆ ئەشکەنجەخانەی ئیتلاعات. هەموویان باش خۆڕاگرییان کرد و سلامەتیش دەرچوون.

## چۆنیەتیی ئازادبوونم

کەمێک دەگەڕێمەوە دوایە بۆ تێگەیاندنی باشتری بابەتەکە. زۆربەی هەرە زۆری زیندانییەکان لە دادگای ورمێ بە سەرۆکایەتیی «حجة‌الاسلام ئیمانی» کە (دیانگوت لە فیرقەی حوجەتییەیە). ماوەی کاتی دادگایی کردنەکان نەدەگەیشتنە ١٠ خولەک. ڕۆژێک خەبەرمان زانی هەیئەتێکی شووڕای عالی قەزایی دێ، بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵلا موفتەدایی. ئێمەش بە هەلمان زانی و کاری باشمان بۆ کرد و نیزیک ٨٠٠ کەس شکایەتیان نووسی و دایان بە هەیئەت و چی وای پێ نەچوو ئاغای ئیمانییان گۆڕی و کەسێکیان هێنا بە ناوی حوجەتولئیسلام جەواهیری.

ئەو فەرقی زۆر بوو دەگەڵ ئیمانی، دەستی کرد بە دادگاییکردنەوە زۆر کەس و پەروەندەکانی وەگەڕ خستنەوە. یەک لەوان من بووم کە شکایەتم کردبوو. ئیمانی ٣ جار دادگایی کردبووم و بە هەر سێ جاران ١١ خولەکی نەگرتبوو. دادگاییکردنەوەم لە لای جەواهێری ٢ سەعاتی کێشا. لە کۆتایی دادگاییدا دوو پرسیاری لێ کردم یەکێکیان قەزایی بوو ئەوی دیکەش مەزهەبی. گوتی تۆ لە بەشی قەزایی حیزب بووی. ئەگەر مێگەلێک بکەوێتە زەویی گەنم چۆنت قەزاوەت کردووە؟ منیش گوتم سێ شارەزای جووتیار دێنین و ئەوان تەشیخیس دەدەن چەندی زەرەر بووە. گوتی درووستە. ئەدی پێت وایە ئیمامی زەمان هەیە؟ گوتم هەرچی دەکەم ناتوانم قەناعەتم بێت. گوتی ئەگەر وابێ بڕۆ لە زیندانێ کتێب وەرگرە و لەم بابەتەوە بخوێنەوە. ماوەیەک پێ چوو نامەیەک لە دادگا ڕا هات و پێیان ڕاگەیاندم کە پێویستە ٤ ساڵیتر لە زیندان بی. (ئەوکات ٢٧ مانگ بوو لە زیندان بووم.)

ڕۆژێکی هەینیی بەهاری ١٣٦٦بوو. لە حەوشەی زیندان دەگەڵ کاک سۆفی ئەحمەد سادقپوور دانیشتبووین. پرسیارم بۆ دەردێنا. سەر و بەندی ئیمتیحانی پۆلی ٩ی بوو. بلێندگۆ هەرای کرد: «عومەر شاداب شتومەکەت کۆکەوە و وەرە ژووری فەرمان». گوتم کاک سۆفی من ئەوە دەڕۆم لەوانەیە بمبەنەوە بۆ ئیتلاعات بۆ ئەشکەنجە و شتی وا. بە شێوەیەک هاوڕێیان تێبگەیەنە کە ئارخەیان بن هیچ شتێک نادرکێنم و ئەگەر هاتن و گوتیان عومەر ئەوانەی گوتوون بە هیچ شێوەیەک باوەڕ مەکەن. چوومە دەرێ، پاسدارێک گوتی: «مزگێنیم دەیە ئازاد بووی». گوتیان ئێرە ئیمزا بکە دەڕۆی. هەتا ئێوارێ لە

قەرەنتینەیان کردم و پاشان بردیانمە دەرگای دەرێ و مۆرێکیان لە باسکم دا و دەرکەوتم. بە شەقاماندا دەڕۆیشتم و پێم وابوو خەونە. ئەوە ماڵێشمان نەیانزانیوە. لە ترمینالْ کاک محەممەدی حاجی مەلا یوٚنس بەرەو پیلم هات شتەکانی لێ وەرگرتم و کرێکەشی بۆ دام. گەیشتینەوە شنۆیە مام حەمەدەمین گوتی نایەڵم بڕۆیەوە و میوانی من دەبی لە ماڵی زاواکەم (حاجی قادر پشتیوان). گوتم زۆر باشە. باوکی شەهیدێک دیتمی هەرچەند قەولی دا بە ماڵێمان نەڵێ بەڵام شەوێ هەر گەیشتبۆوە درکاندبووی. باوکم گوتبووی پێرێ ملاقاتم کردووە و باسی نەکردووە! بۆ بەیانی بە دوامدا هاتن و چووینەوە ماڵێ. خەڵکێکی یەکجار زۆر لە دۆست و ناسیاوان ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوان هاتنە سەردان.

کاک ئەحمەد سادقپوور لە ملاقاتێ بە باوکمی گوتبوو بە عومەر بڵێ بە هیچ شێوەیەک نەیەتەوە ورمێ، چون بەرپرسی زیندانێ لە سەفەرێ گەڕاوەتەوە و لە ئازادکرانی ناڕازییە و ئیعترازی داوەتە دادگا. وابوو کە چەند مانگ دوای من کاک سۆفی ئەحمەدیش ئازاد بوو. لە سەر داوای د. شەرەفکەندی لە نێوخۆ دەستمان بە کاری تەشکیلاتیی حیزب کردەوە. هەردووکمان دەگەڵ هاوڕێیەکی تر دانیشتین و کۆمیتەیەکی حیزبیمان دامەزراند و دەستمان بە تێکۆشان کردەوە و زۆر زووش جوابی دایەوە تا دواتر ناچار بووین ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بێینەوە ڕیزی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبەکەمان. هیوادارم لە داهاتوودا بە تەواوی ئەم داستانە پڕ ئازار و پڕ سەربەرزییە بە دوور و درێژی بنووسمەوە.

(لە ژمارەی ٧٣٦ - ٧٣٧ی و ٧٣٨ "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری و ٧ و ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## مستەفا فەقێ



(سەنگەری زیندان)

«مستەفا فەقێ»م و ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی موشیرئابادی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بووم.

ئەمن لە کاتی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە بۆکان دەمخوێند. لەگەڵ سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان گوندەکەی ئێمە و ئاواییەکانی دەوروبەر وەک گوێگجەلی، قەڵا، برایم ئاباد، گامێشگۆلی و عەسکەرئاباد کە سەر بە شاری میاندواو بوون، ڕۆژ نەبوو هەڵنەکوتنە سەریان و خەڵکە بێتاوانەکەی ئەزیەت نەدەن. ئەمن کە پێشتریش بەهۆی دایکمەوە - خەدیجە کەریمی - لەگەڵ مێژووی شۆڕشی کورد و جووڵانەکانی ئاشنا ببووم. باوکیشم مەلا عەبدوڵڵا، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەک لەو کەسانە بوو کە لە ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریاندا بەشداریی کردبوو. ئەوە بوو کە منیش ساڵی ١٣٦١ پێوەندیم بە کادرەکانی حیزبی دێموکرات شەهیدان برایم شوجاعی ناسراو بە شەماڵ، عەوڵا دووژنە و سمایلی ڕەزاییەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب وەرگیرام. ساڵی ١٣٦٤ و دوای ئاشکرابوونی شانەیەکی تەشکیلاتیمان بۆ ئەوەی نەگیرێم ڕووم کردە تاران و ساوە و ساڵی ١٣٧٠ پێوەندییەکانم لەگەڵ حیزب لە ڕێگەی شەهید مەنسوور ئاڵبلاغی گرێ دایەوە، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە خرامە ژێر فشارەوە و تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێیەی لە شوێنی کارەکەم دەرکرام.

ساڵی ١٣٩١ لە دەفتەرخانەی ژمارە ٧ی مەهاباد کارم دەکرد کە بانگ کرامە ئیدارەی ئیتلاعات و خستیانمە ژێر لێکۆڵینەوە. پاش چەند سەعات جەزرەبەدانی ڕووحی سواری ماشێنیان کردم و بردیانمە ماڵی خۆمان. قەت ئەو ڕۆژە لە بیر ناکەم تاقانە کچەکەم و خێزانم چۆن فرمێسکیان هەڵدەوراند، بەڵام ئەوان بۆ چرکەیەک ئیزنیان نەدا لە لایان دابنیشم و دوای پشکنینی ماڵ و کەلوپەلی تایبەت بە خۆم، لاپتۆپ و کۆمەڵە شتێکیان هەڵگرت و بەرەو ئیتلاعاتیان بردمەوە.

بردمیانەوە. دوای چوار ڕۆژ دایانم بە زیندانی ناوەندیی مەهاباد و سێ مانگ دوای بەندکرانم و دادگاییکردنم، بە تاوانی! ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات سزای ٤ ساڵ زیندانیم بەسەردا سەپا.

ئێمە وەک زیندانیی سیاسی کاتەکانمان زیاتر بە خوێندنەوەی کتێب و وەرزش تێدەپەڕی. بەندییە سیاسییەکان وەک ئولگوو وابوون لەنێو بەندیخانەدا و بەند و سللولەکانیشیان کردبووە سەنگەری مافخوازی و خۆڕاگری.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا شێوازی ئیدارەی زیندانەکان و هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندییەکان گۆڕابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دیاردەی دیکەی وەک بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر و جێخستنی نیزامی سیخوڕی لە زیندانەکاندا پەرەی سەندووە. زیندانی مەهابادیش کە زۆر زیاتر لە زەرفییەتی خۆی خەڵکیان تێ خزاندووە، بەدەر لەو بارودۆخە گشتییە نەبوو. خواردن تا بڵێی خراپ بوو، بە ٤٠٠ بەندی ٨ ژووری حەمام دابین کرابوو و زۆر جاران ئاوی گەرمیش نەبوو. گەندەڵی و کردنەبازاڕی زیندانیش لەلایەن بەرپرسانی زیندان لە جێی خۆی کە لەسەر حسێبی زیندانیی بێئەنوا چ قازانج و دەسکەوتێکیان لەسەر یەک دادەنا.

زیندانیانی سیاسی لە نێو زیندانڎا ئەگەر لەلای بەندییەکان بەقەدر و حورمەت بوون، بەڵام بەرپرسانی زیندان تۆڵەیان لێ دەکردنەوە. بۆ نموونە قازی چاوەدێری زیندان، بەرپرسی شووڕای زیندان بە ناوی قودرەت کاتی گرتنی کۆبوونەوەی شووڕا بۆ مەرەخەسیدان، داوای زیندانییانی سیاسیی وەلا دەنا، بۆ نموونە ئەمن بۆ خۆم ماوەی ٢٦ مانگ کە لە زیندان بووم تاق ڕۆژێک مەرەخەسیم نەدرایە.

لە زیندان لەگەڵ زۆر بەندیی سیاسیی خۆشناوی وەک کوردپوورەکان و کەڵەپیاوی خۆڕاگری وەک مەنسوور ئاروەند ئاشنا و هاوبەندی بووم. بۆ نموونە ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لەگەڵ شەهید مەنسوور ئاروەند لە ژوورێکدا بووین، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا گەلێ وانەی خۆڕاگری و ئیمان بە ڕێبازی کوردایەتیی لێ فێر بووین. قسەیەکی لەخۆڕا نییە کە بڵێم لە نێو زیندانەکان دایە کە گەورەیی و شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەگشتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردت بۆ دەردەکەوێ. لە زیندان دایە کە هەست بە غرووری نەتەوەیی خۆت دەکەی و بڕیار دەدەی تا دواهەناسە لەسەر ئامانجی پیرۆزت بمێنیتەوە و نە کەندوکۆسپ و نە فشار و ئەشکەنجە نەتوانن چۆکت پێدابدەن.

دوای کێشانی نیوەی ماوە زیندانییەکەم و پاش چەند جار داواکردن لە بەڕێوەبەرایەتیی حوکمەکانی مەهاباد کە بێ وەڵام مابوونەوە، دواجار لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٣ لە زیندان ئازاد بووم. گیران و ٢٦ مانگ مانەوە لە زیندان زۆر شتی لە من

ئەستاندبوو، وەک ئەوەی بێکار ببووم و ١١ ساڵ ڕابردووی کار لە دەفتەرخانە و ٢١ ساڵ بیمەم فەوتا، بەڵام شانازیی سووربوون لەسەر باوەڕەکانم پێ بڕابوو.

دوای ئازادبوون لە زیندان بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی کەوتمە زۆر تەنگانەوە. لە چەند شوێن ماوە ماوە کارم دەکرد و خۆم لەسەر پێ ڕاگرتبوو. بەڵام لەلایەک بەهۆی ئەم نەخۆشییانەی هەمبوو و لە زینداندا تەشەنەیان سەندبوو،و لەلایەکی دیکە فشاری زۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە ژیانیان لێ تاڵ کردبووم و وەئامانیان هێنابووم؛ بڕیارمدا ڕۆژهەڵات و زێدەکەم جێ بهێڵم و بێمە نێو سەنگەری ئاشکرای خەباتەوە. ئەوە بوو کە لە گەلاوێژی ١٣٩٤دا هاتمە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پۆشینی بەرگی پێشمەرگایەتی ئاواتی ٣٠ ساڵەی ژیانم وەدیهێنا.

زیندان ئەگەرچی زۆر شتی لە من ستاند، بەڵام دەرگای دنیایەکی دیکەی بەڕووی مندا کردەوە، قانع گوتەنی:


«بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە...»

لە ژمارەی ٧٣٩ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-------------------------------------------------------

## عەبدوڵڵا دۆستانی



**ئەو باوەڕانەی لە زینداندا بەهێزتر دەبن**

ناوم عەبدوڵڵا محەممەدی و ساڵی ١٣٤٥ لە گوندی دۆستانی لەدایک بووم. ساڵی ١٣٨٣ گیرام و ماوەی ٥ ساڵ لە گرتنگەی ئیتلاعات و دواتر زیندانەکانی ورمێ و مەهاباددا بەند کرام. ئەوەی دەیخوێننەوە پوختەی بەسەرهاتی ژیانی سیاسی و چۆنیەتیی گیران و مانەوەمە لە زینداندا.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، ئەمن پۆلی دووهەمی ناوەندی بووم و بەهۆی باوکم کە شووڕای حیزب بوو زۆر زوو تێکەڵاوی شۆڕش و کاروباری ئەوکاتی حیزب لە گوندەکەمان بووم. لە سەردەمدا مێردمنداڵێک بە کاری هونەری و کاروباری یەکیەتیی لاوانەوە خەریک بووم. ساڵی ١٣٦٧ پێوەندیم بە کۆمیتەی ناوچەی سارم و میرقازەوە گرت و دەستم بە تێکۆشانی تەشکیلاتی کرد هەتا ساڵی ١٣٦٩ کە بەڕەسمی هاتمە پێشمەرگایەتی و دوای ٥ ساڵ بە ئاگاداریی حیزب گەڕامەوە نێوخۆی وڵات. لەگەڵ گەڕانەوەم ماوەی سێ مانگ لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعات گیرام و دوایە بە زەمانەت ئازاد کرام.

ساڵی ١٣٧٦ پێوەندیم بە حیزبەوە گرتەوە و وەک ئەندامی تەشکیلاتیی حیزب دەستم بە کار و تێکۆشانی حیزبی کردەوە. ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٣ لە جادەی شەهرەک بە ماتۆڕسیکلەت دەڕۆیشتم کە دوو ماشێنی ئیدارەی ئیتلاعات دەوریان گرتم و یەکیان خۆی پێدادام و خستمی. دوایە بە دەست و لاق بەستراوی لە سندووقی ماشێنێکیان هاویشتم و لەگەڵ خۆیان بردیانم. دوای چەند ڕۆژ لێپرسینەوەی لە ئیتلاعاتی مەهاباد بەڕێیان کردمە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ و

ماوەی پتر لە ٥٠ ڕۆژ لە زیندانی ئینفرادیدا ڕایانگرتم. هەموو ڕۆژێ دەیانبردم بۆ بازجوویی و بە دەست بەستراوی چەند کاغەزیان پێ ئیمزا دەکردم و دەیانناردمەوە ئینفرادی. تۆمەتی سەرەکیی من ئەندامەتیی حیزب و کوشتنی داوود بالە ناسراو بە ئازاد بالە بوو. ئەمن لەگەڵ ئەوەی حاشام لێدەکرد و دوایەش پارێزەرم گرت، بەڵام نە پارێزەر چیی لە دەست دەهات و نە حسێبیکیش بۆ بەرگرییەکانی من دەکرا.

لێدان بە کابڵ و بە شەق و پێلەقە، جنێودان بە نامووس و دایک و باوک و باوەڕەکانت، برق لێدان، لە ئاوهاویشتن و زۆر شێوازی دی بەشێک لەو ئەشکەنجە جەستەیی و ڕووحییانە بوون کە لەسەر منیش تاقی کراونەتەوە.

دوای ئەوەی درامە دادگا، سزای ١٥ ساڵ زیندانیم بەسەردا سەپا و دایانمە زیندانی ناوەندیی ورمێ. سروشتی زیندانیی سیاسی وایە کە لە نێو بەند و کۆڕی بەندکراواندا هەموو کەس حورمەتت دەگرێ، بەڵام کاربەدەستانی زیندان لەسەر داوای ئیتلاعات لە ئازاردانت بەردەوامن و بەردەوام لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی شکاندنی کەسایەتیت دەدەن. لەنێو زینداندا بەرپرسەکان جیاواز بوون. ئەوانەی سەر بە حیفازەتی زیندانن هەموو وەک نوێنەری ئیتلاعات هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەن و زۆر خراپ لەگەڵ بەندی دەجووڵێنەوە؛ بەڵام کارمەندی کورد و غەیرە کوردیش هەبوون کە بەتایبەت ڕێزیان لە بەندیی سیاسی دەگرت. هەڵبەت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشت و ئەخلاقی کەسەکان، دەنا سیاسەتی ڕەسمی شکاندنی تۆ و پەراوێزخستنی تۆیە. تۆی زیندانیی سیاسی لە ڕوانگەی ئەوانەوە هیچ مافێکت نییە، بۆیە بەردەوام هەوڵیان ئەمە زیندانت بۆ بکەن بە دۆزەخ و بە تێکەڵکردنت لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی لەسەر کوشتن و دزی و گزی گیراون، یان ئەوانەی موعتاد بە مادەی هۆشبەرن، وا بکەن ژیانت لە زیندان ئەوەندەی دەکرێ سەخت و تاقەتپڕووکێن بێ.

سووکایەتی و ئازاردانی بنەماڵەش لە کاتی ملاقات و چاوپێکەوتندا بەشێکی دیکەی ئەم ئازارانەیە کە هەر زیندانییەکی سیاسی کەم و زۆر چێشتوویەتی. ئەمن وەک خۆم لە زینداندا زۆر ناخۆشیم بەسەر هاتووە. کاتێک کە گیرام ٥ ساڵ بوو ژیانی هاوبەشیم پێک هێنابوو و "دیار"ی کوڕم تازە لە دایک ببوو. کاتێک لە زیندانی مهاباد ڕا دەیانبردم بۆ ورمێ، لەگەڵ چەند مەئمووری ئیدارەی ئیتلاعات و ئەو جاشەی منی بە گرتن دابوو - عەزیز کانەبی - بە پێبەند و چاوبەستراوی سواری پەیکانێک کرابووم و وەڕێ کەوتبووین. ئەمن ماڵم هاتبووە "خانەگێ" و ماڵەکەم لە جادە ڕا دیار بوو. "یەگانە"، کە کادری ئیتلاعات و بازجووی من بوو، گوتی: "عەبدوڵا ماڵەکەت دیارە و ئەوە لە ڕاستی ماڵەکەت دەڕۆین. خوداحافیزیی یەکجارییان لەگەڵ بکە چونکی تازە چاوت پێیان ناکەوێتەوە." زۆر ناڕەحەت بوو. لە بێدەسەڵاتی وەک مار لە نێو خۆمدا جینگڵم دەدا و تەنیا دڵخۆشیم ئەوە بوو زیندانیی سیاسیم و سەری خۆم و بنەماڵەکەم بەوە بەرزە.

بیرەوەرییەکی تایبەتیم هەیە لەو ڕۆژە. کە گەیشتینە ورمێ منیان لە کردە زیندانێکی ئینفرادییەوە. شەو بوو. زۆر ناڕەحەت و پەشێو بووم. چاوم بە دیوارەکاندا دەگێڕا کە لە پڕ دیتم لەبن شوفاژەکە نووسراوە "مەجید سەدەفی". دەمزانی ئەوان کادری حیزب بوون و لە زیندان ڕایان کردبوو، بەوە ورەیەکی سەیرم گرت. تینێکی دی گەڕایە لەشم و گوتم دەبێ خۆڕاگر بم و هیوادار بە ئازادبوون لە زیندان بمێنمەوە...


وەک گوتم دادگا سزای ١٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاندبووم. هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە بتوانم مەرەخەسییەک وەربگرم و نەگەڕێمەوە. دوای 5 ساڵ مانەوە لە زیندان و پاش هەوڵێکی زۆر بە بیانووی ئەوەی داوای پێداچوونەوە بە حوکمەکەم کردووە و دەمەوێ خۆم لە تاران وەدووی کەوم، بە زەمانەتی ٥٠ میلیون تمەن، چوار ڕۆژ مەرەخەسیم پێدرا. بنەماڵە و کەسوکاریشم کە هەموو کارئاسانییەکیان بۆ دەربازبوونی من کردبوو، لەو دەرفەتە کەلکمان وەرگرت و لە ڕێگەی سنووری مەریوانەوە هاتینە باشووری کوردستان و خۆم گەیاندە حیزب و تێکەڵ بە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەم بوومەوە.

لە ژمارەی ٧٤٠ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

## ئەحمەد سادقپوور



### بەندی کافرەکان و قووتدانی مار

ئەمن ناوم ئەحمەد سادقپوور، ناسراو بە سۆفی ئەحمەد. ساڵی ١٣٣٣ لە ئاوایی «شێخان»ی ناوچەی شنۆ لەدایک بووم. ماوەی شەش ساڵ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووم و ئەوەی لێرە بە کورتی باسی دەکەم، بەشێکە لەو دیرۆکە.

ساڵی ١٣٦١ ئەمن ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و مەسئوولی ڕێکخراوی نەلۆس بووم. ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ئەو ساڵە لە ئاوایی «دێشەمس»ی ناوچەی شنۆ هێزێکی چەکداری باشوور گرتیانم. زۆرم هەوڵدا ڕادەستی کۆماری ئیسلامیم نەکەن، کەچی بەداخەوە بە قسەیان نەکردم و وابوو لەگەڵ دوو کەسی دی بردیانین بۆ ورمێ. کە گەیشتینە دەرکی زیندانی سپای پاسداران، خوارزای بەشیری مەلاحاجی دێشەمسمان لەگەڵ بوو. دەستی کرد بەگریان و گوتی سۆفی ئەحمەد خۆ من هیچ کارەمە. بەڕەحمەت بێ کاک سێمانی دێشەمسێ، ئەویشم لەگەڵ بوو. بە کابرای باشووری گوت جارێکیتر ناوی سۆفی بێنی ئاوات لێدەکەم و ئاوات بەسەر دێنم، دۆعا بکە سۆفی نەجاتی بێ... ئیتر ئەمن نە کاک سێمانم دییەوە، نە ئەو کابرا باشوورییە. لە زیندانی سپا بردیانمە ژووری ڕەحیم حەسەنی، سللولی ژمارە ٤. ڕەحیم گوتی: تۆیان بە هەڵە هێناوە بۆ ئێرە و ئێستا ڕات دەگوێزن، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم؛ بە زار و ئیمزای خۆت هیچ قبووڵ مەکە. دەزانم لێم دەترسی، ئەمن کوڕی مەلا حەسەنیم، سێ برام لێرەن دەگەڵ خێزانی واحیدی برام، ڕەشیدی براگەورەمان لە تەورێزە، ئێمە چریکین. ئەگەر تووشی واحیدی برام بووی بڵێ ڕەحیم برینەکەی سووکە...» گوللەی وەلاقی کەوتبوو. پاش نیو کاتژمێر منیان بردە سللولی ژمارە ١٤ کە ناخۆشترین شوێن بوو. ئیدی بە ڕۆژ ئەشکەنجە و لێدان و پرسینەوە بوو، شەوانەش نەیاندەهێشت بنووی. جارێک مووسەویی ئەردەبیلی و شەمخانی هاتن بۆ نێو سللولەکان. لە سللولی ڕووبەڕووی من عینایەتوڵڵای باغش بوو کە

ئەندامی موجاهیدین بوو. پێیان گوت: ئەتۆ منافیقی. لێیان گەڕاوە و گوتی: «خومەینی منافیقە. ئیدی لێیان نەپرسی و هاتنە بەر درگای سللولەکەی من. گوتیان لێیان نەداوی، ئەزیەتیان نەکردووی؟ ئەمنیش پشتم و لاقەکانم پیشان دان و گوتم ئەشکەنجەیەکی زۆر کراوم». شەمخانی گوتی: «نا ئەمە ئەشکەنجە نییە. ئەتۆ مارێکت قووت داوە و ئەمە بۆ ئەوەیە بڕشێییەوە و مارەکە دەردەیە دەرێ کە ئەمە هەم بە قازانجی خۆتە و هەم بە قازانجی ئیسلام»!

هاوینی ٦١ بوو کە بردیانم بۆ دادگای شۆڕش، بە چوون و هاتنەوە چارەگێکی نەبرد، ئیمانی حاکمی شەرع بوو لە ورمێ. گوتی: «ئەتۆ پاسدارت کوشتوون، ماڵی خەڵکت تاڵان کردووە و چەتە بووی، دوایە دەمانچەکەی دەرێنا و گوتی زووکە داوای لێبوردن بکە لە ئیسلام دەنا ئێستا بۆ خۆم ئێعدامت دەکەم، گوتم ئەوانە هەموو بوختانن، ئیدی بە تورکی جنێوێکی دامێ و گوتی ببەن؛ ئیدی بردیانمە زیندانی دەریا».

زیندانی دەریا پڕ بوو لە بەندیی سیاسیی دێموکرات، کۆمەڵە، موجاهیدین، چریک و... ئەو ڕۆژەی کە ٤٨ کەسیان لە زیندانی ورمێ ڕا بردنەوە مەهاباد ئەمن لەوێ بووم، بەتەمەنترینیان مەلاحەسەنی لاجەوەردی بوو کە تەمەنی ٤٨ساڵ بوو، کەم تەمەنترینیان سیامەک سەقزی بوو کە ١٦ساڵ و ٧ مانگ بوو، فەریدوون شەنگەش ١٧ ساڵ بوو کە دواتر هەموویان ئێعدام کران، پاش ئەوان ئێمەیان بردە بەندی ٧ و ٨ کە ئەوکات زیاتر لە ٥٠٠ کەسی تێدابوو. ڕۆژی سێهەم لەو بەندە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەموومان مانمان لە خواردن گرت و سەرەخۆشیمان دانا...

باسی ڕۆژە سەختەکانی زیندان، کەمی ڕێوجێ، خراپیی خواردن، نەدانی ملاقات، هەوڵی شکاندن و سووکایەتی بە بەندییە سیاسییەکان و هێنانی سیخوڕ بۆ نێومان جارێ با لەولا بوەستێ. ئێمە دێموکراتەکان لە بەندی ٧ و ٨ ڕادیۆمان هەبوو کە بە من بوو. پاش بڵاوبوونەوەی خەبەرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێردا دەنگوباسەکان بە هەموو بەندەکان دەگەیشتن، بەڵام کە ڕایانگواستین بۆ بەندی ١٥، لەوێ ڕادیۆکەمان لێ گیرا. ئەو هاوڕێیەی ئێمە کە ڕادیۆکە لە دەستی ئەودا گیرابوو، زیاتر لە ٩ مانگ لێیان دا هەر گوتی دەنێو بۆشکەی زبڵدا هێناومەتە ژوورێ و هەر ئەو ڕۆژەم پێ بووە... بەدوای گیرانی ڕادیۆ زۆریان بردینەوە زیندانی سپا لە نێو شار کە ئەمن یەک لەوان بووم. ئەفسەرێکی شارەبانی بەناوی «....» گوتی: «سادقپوور ٦ منداڵم هەن، ئەگەر دەزانی خۆت پێ ڕاناگیرێ با من هەڵێم، ئەمن ڕادیۆکەم لەو کڕیبوو و هەر ئەویش باتری بۆ دەهێنام، گوتم کاکە بێخەم بە من هەر ناتناسم، ئەمن کوردم... دوای ئەشکەنجەی زۆر کە هێنایانمەوە زیندانی ورمێ، هەر ئەو ئەفسەرە هات و بە فارسی گوتی: ئەمن نۆکەرتانم و شانازیتان پێوە دەکەم...

بەهاری ساڵی ١٣٦٤ ئێمە کە ٧٨ کەس بووین دراین بە بەندی «کافران» کە بازداشتگای قەدیمی ئەوێ بوو. لەوێ حەوتووی جارێک و ئەویش ١٥ خولەک دەیانبردینە هەواخۆری، ئەویش بە قرچەی نیوەڕۆ... ساڵی دواتر ئێمەیان هێنایەوە بەندی ٧ی قەدیم کە بەوێشیان هەر دەگوت بەندی کافرەکان و تا ئازادبوونم لە زیندان لەوێ مامەوە.

دوو ساڵ پێش ئازادبوونم حاکمی شەرعی ورمێ گۆڕا و جەواهیری جێی ئیمانی گرتەوە و ئەمن لەگەڵ زۆر زیندانیی دیکە دیسان دادگایی کرامەوە. قازیی شەرع بۆ ئازادبوونم دوو مەرجی دانا. یەکیان ئەوە کە لە چوار مزگەوتی دیاریکراو یەکیان هەڵبژێرم و ڕۆژانی هەینی قسە بۆ خەڵک بکەم، لە مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار یان شنۆ، ئەوی دیکە ئەوەی لە تەلەڤیزیۆنی ورمێ بۆ نیو سەعات لە دژی حیزبی دێموکرات قسە بکەم. ئەمنیش گوتم جەنابی حاکم ئەمن شتی وا ناکەم، جەنابت چۆن شتی وا دەڵێی؟ گوتی ئەمن ناڵێم، ئەوە داوای بەرپرسانی زیندان و سپایە. گوتم ئەمن شتی وا ناکەم. وابوو دوو ساڵ و نیوی دیکەش لە زینداندا مامەوە هەتا ئەوەی حاکمی شەرع لە بەفرانباری ٦٦ بڕیاری ئازادکردنی دام.

ئەو ڕۆژە هەینی بوو و بەرپرسی زیندان لەماڵ نەبوو، جێگرەکەی ڕێگری نەکرد و هاتمە دەرێ، هەر ئەو شەوە ناوی بیست زیندانیی سیاسی خوێندرابوونەوە کە بەرێی زیندانی تەورێز بکرێن کە یەکەم کەس ناوی منیان خوێندبۆوە. ڕەحمان مەحموودی، خەڵکی «دەڵۆ» خەبەری دامێ کە خۆم نەدەم بە دەستەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانی دی هەموویان وەبەر کوشتارە بەکۆمەڵەکەی ساڵی ٦٧ کەوتن کە هەمووم دەناسین و زۆریان ماوەی زیندانییان تەواو ببوو و ڕایان گرتبوون، ئی واش هەبوو ساڵێک، یان هەبوو ٥ مانگی مابوو ماوە حوکمەکەی تەواو بکا...

بەسەرهاتی شەش ساڵ زیندان زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە لەسەری بدوێم، بەڵام گۆشەکەی ئێوە لە ڕۆژنامە هەر بەشی ئەوەندەی کرد...

**لە ژمارەی ٧٤١ "کوردستان: دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩**

---------------------------------------------------

## محەممەد محەممەدی



### لە مەکتەبی زینداندا

ئەمن «محەممەد محەممەدی» ناسراو بە «محەممەد بلۆاناوایی» ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە شاری بلۆاناوا لە ناوچەی لەیلاخ لەدایک بووم.

دەستپێکی خوێندنی من هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران، باش لە بیرمە کە پۆلی دووی سەرەتایی بووم و هەموو ڕۆژێک زووتر لە کاتی تەواوبوونی کلاسەکان لە خوێندنگە بەرەو ماڵێ هەڵدەهاتینەوە. هەرچەند ئەو کات هۆکارەکەشیم بەباشی نەدەزانی بەڵام دواتر زانیم کە هێندێک لە مامۆستاکانمان ساواکی بوون بەڵام زۆرینەیان نیشتمانپەروەر و لایەنگەری حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بوون و خۆفرۆشەکانیش هێشتا خۆیان ئاشکرا نەکردبوو. جا ئەوە بوو کە ساواکییەکان دەیانگوت ئێستا پیاوەکانی خومەینی دێن و ئاگرتان تێبەردەدەن و نیشتماندۆستەکانیش هەر کە دەرفەتێکیان وەدەست دەکەوت، قوتابخانەیان بەجێ دەهێشت و خۆیان دەگەیاندە لای هێزی پێشمەرگە. ئێمەش ئەو هەلەمان بەباشی دەقۆستەوە و بەرەو ماڵ هەڵدەهاتین و بەدەم ڕێگاشەوە ئەوی بە زارماندا دەهات وەک دروشم و شیعار دەمانگوت.

منداڵی و قۆناغی خوێندنی ئێمە لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوانەدا بە سەر چوو. شەڕی داسەپاوی حکوومەت بەسەر هێزە کوردییەکان لە کوردستان دەستی پێکرد و ناوچە و شار و گوندی ئێمەشی گرتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە خەڵکی گوندی ئێمە کە ئەو کات شارەدێ بوو و ئێستا بووەتە شارۆچکەیەک، لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر هێزەکانی ڕێژیمدا قارەمانەتیی

کەموێنەیان لە خۆیان نواند. دیارە لە وەها ناوچەیەک کە دوژمنایەتیی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێ، دژکردەوەی حکوومەتیش بەنیزامی و بەئەمنیەتی کردنی ئەو ناوچەیە دەبێ. لە بنەماڵەی ئێمەدا برام و تەنانەت باوکی بەتەمەنیشم هەر لەو ساڵانەدا دەسبەسەر و ڕەوانەی گرتووخانەکانی ڕێژیم کران و بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دران. تەنانەت براکەم کە مامۆستای قوتابخانە بوو، بۆ هەمیشە لە کاری مامۆستایەتی وەلا نرا و لەسەر کار دەرکرا. ئەوە بوو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ ئازار و ئەزیەت و هەڵاواردن و زوڵم و زۆری ڕێژیم لە هەمبەر نەتەوەی کوردەوە ئاشنا بووم. پاشان بڕیارم دا هەتا دواهەناسە لە بەرامبەر ستەمدا بوەستمەوە و لە پێناو ڕزگاریی گەلی کورددا هەنگاو بنێم.

ئەو کات هەر بە شێوەی سەربەخۆ دەستم کرد بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامە و نووسینی دروشمی حیزبی و لە ساڵەکانی ٧٠ - ٧٦ چەندین جار دەسبەسەر کرام.

چاک لە بیرمە کە یەکەمین دروشم کە لە سەر ماشێنێکی حکومەتی نووسیم ئەوە بوو «پێشمەرگە، ناوت بەرزە. بژی دێموکرات». جیا لە کاری تەبلیغی لە دەبیرستانیش ئەندامی گرووپی هونەری و دەرهێنەری شانۆ بووم، لە ٢٢ی ڕێبەندان بۆ بەرنامەی شانۆ و سروودمان هەبوو. لە کاتی خوێندنی سروودەکە بە بیانووی ئەوەی کە سروودەکەمان گۆڕاوە لە نیوەیدا درێژەی سروودەکەیان لێ پچڕاندین. لە جیاتی ئەوەی بۆیان دیاری کردبووین، سروودی «چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران»م بە کوڕەکان پێشکەش کرد و هەر ئەوەش بووە هۆی لەگەڵ مامۆستای پەروەرشی کێشەم بۆ ساز ببێ و دواجار لە گرتنگەی ئیتلاعات خۆم ببینمەوە کە دواتر بۆ بەندیخانەی «کوچکەکە» لە شاری قوروە بەڕێ کرام. ئەوە یەکەم جار بوو دەگیرام و بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ بە بێبەزەیانەترین شێوە ئەشکەنجە درام. ئەشکەنجەکان ئەوەندە سەخت و لە تاقەتبەدەر بوو کە تەنانەت دەستم دایە خۆکوژی، بەڵام پاسەوانەکان زانییان و نەیانهێشت. بەر لە دەستبەسەر کرانم بڕبڕەی پشتم کێشەی هەبوو، لە کاتی ئەشکەنجەدا پێم گوتن لانیکەم لەو شوێنەم مەدەن چون لەوانەیە بشکێ، بەڵام ئەوان بە ئەنقەست ڕێک لەو شوێنەیان دەدا و وا دیاریش بو کە زۆریش کەیفیان پێی دەهات کە بە دەست ئەو ئازارەوە دەمناڵاند.

لەو ماوەیەدا دیسان بە بۆنەی بە شەڕهاتن لەگەڵ مەئموورەکان سزای ساڵ و نیوێک زیندانم بەسەردا سەپا، بەبێ ئەوەی قازیی پەروەندە لێم بپرسێ کە بۆچی بە شەڕ هاتووی و چی ڕووی داوە. لەو ساڵ و نیوە پتر لە نۆ مانگیم کێشا.

دوای ئازادبوونم و ئەگەرچی لە ماوەیەکی کورتدا توانیمان زۆر کار بکەین، بەڵام بەهۆی کەم ئەزموونی دیسانەکە گیرام. ئەمجارەیان لە ١٥ی ڕێبەندانی ٧٤ لە لایەن ئیتلاعاتی شاری قوروەوە گیرام و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە سلوولی تاکەکەسیدا و لە ژێر بێڕەحمانەترین ئەشکەنجەکاندا هێشتمیانەوە.

پاشان لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری سنە و بە تۆمەتی شێواندنی بیروڕای گشتی و بانگەشە دژی نیزام ساڵێک و ٨ مانگ حوکم درام و، بەڕێی بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە کرام.

هاوبەندی و هاوڕێیەتیی لەگەڵ هاوڕێگەلێک وەک «شەهید حەمەی نەدیمی»، «شەهید عەبدوڵای مورادی»، «حەسەن گۆران»، «عەبدوڵای ساعدی ناسراو بە عەبە سوور»، «بیژەن قوبادی» و «کەریم عەلی محەمەدی» کە لە چالاکانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بوون و... بەڕاستی وەرەبەخش بوو بۆ من. ئەم هاوڕێیانە تایبەتمەندیی حەماسەخوڵقێنییان تەنیا تایبەت بە قۆناغی زیندان نەبوو، بۆ نموونە کاک حەسەن گۆران بە تاوانی کردنەوەی کلاسی زمانی کوردی لە زیندان بوو. لە بیرمە بە بۆنەی ئەوەی کە لە زیندانیشدا خەریکی فێرکاریی زمانی کوردییە، بەرپرسانی زیندان لەگەڵ خۆیان بردیان و هەتا ١٥ ڕۆژ نەهاتەوە، کە هێنایانەوە مەیتێک بوو. دواجار کە زانیمان ئەو ١٥ رۆژە لە سلولێکی سەرئاوەڵا ڕایان گرتبوو و بەو زستانە بەفر و بارانێکی زۆری بەسەردا باریبوو. دەست و لاقی بەتەواوی بێهەست ببوو، بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێک کە حاڵی باشتر بوو بە پێکەنینەوە جامانەکەی لە سەری نا و گوتی کێ حازرە با بچین دەست بە کلاسەکانمان بکەینەوە.

### ئەشکەنجە و غرووری بەندیی سیاسی

کەمتر لە یەک مانگ بەسەر ئازادبوونەکەمدا تێپەڕیبوو کە لە ڕادیۆ حیزبەوە پەیامم بۆ هات کە «قەندیل ١» وەرە بۆ لامان. بەڕادەیەک بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووم کە ئەشکەنجە و جەزرەبەکانی ئەو ماوەیەم بەتەواوی لەبیر چۆوە. دوای چەند ڕۆژان خۆم گەیاندە بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان و پاش دیدار تازە کردنەوەیەک و ڕاسپاردنی هێندێک ئەرک؛ سەر لە نوێ سازمان درام و گەڕامەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە دەستم کردەوە بە چالاکی و سازکردنەوەی هەستە تەشکیلاتییەکانمان. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرک و چالاکیی حیزبی خەریکی کاروکاسبیش بووم، ڕۆژێک لە نێوشاری دێولان تووشی مەئموورێک بووم و پێی گوتم: «ئەوە نەگیراوی؟» گوتم تازە ئازاد بووم و ئەویش گوتی کە نا ئەتۆ هێشتا ساڵێک لە حوکمەکەت ماوە و چ قازییەکی وا لێهاتوو، ئەو یەک ساڵەی تۆی کردووەتە تەعلیقی؟ لەدوای ئەوە زۆری نەخایاند قۆڵبەست کرام و پاش ٤٠ ڕۆژان ئەشکەنجە و لێپێچینەوە، هیچم لەسەر نەسەلمێندرا بە دانانی بارمتە و بەشێوەی کاتی ئازاد کرام، بەڵام بازجووەکە پێی گوتم کە ئەو یەک ساڵە هەر دەبێ بکێشی و دادگا ناتوانێ بۆت بکاتە تەعلیقی؛ بە هەر شێوەیەک بوو بڕیاری خۆیان بردە سەرێ و دەستبەسەریان کردم و بۆ زیندانی ناوەندیی سنە گواسترامەوە. لە زیندان بێجگە لە حەسەن گۆران هەموو هاوڕێیانی پێشووم لەوێ مابوون.

لێرەدا بەجێیە چەند بیرەوەرییەکی خۆم لە ڕۆژانی زینـدانم بگێـڕمەوە؛ شەهید محەممەد نەدیمی کە ئەو کـات پێکەوە لە زیندان بووین، ڕۆژێک لە سەر ئەوەی کەسێک سووکایەتیی کردووە بە شەهیدان، لەگەڵـی بەشەڕ هـات و هێنـدی لێدا کـابرا یەکراست بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان گوازرایەوە و شەهید محەممەدیش بـۆ زینـدانی تاکەکەسی. لە دوای چەنـد ڕۆژێـک لەو ڕووداوە گەڕانەوەی بـۆ بەنـد، هـات بـۆ لام و لێـی پرسیم: «دەزانـی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟» لە وڵامـدا گـوتم بەڵـێ، ڕۆژی شەهیدانی کوردستـانە. پێی گوتم دەی باشە بۆ وا بێهەست و بێهەڵوێستی؟ دوایە وەرە بـۆ مزگەوتـی زینـدان. کە چـووم دیـتم زۆربەی هەرەزۆری حیزبییەکانی لەوێ کۆ کردووەتەوە و، هەر لەوێدا و بە ساکاری بۆنەیەکمان ڕێک خست و ئەو کـارە بـووە هۆی ورەبەخشینێکی زۆر بە من و هەموو هاوڕێیانی دیکەش. سێ ڕۆژ دواتـر، واتە ڕۆژی سێزدەبەدەر کەش و هەوایەکـی زۆر خۆشی هەبوو و ئێمەش سفرەی نەهارمان لە حەوشەی زینـدان ڕاخستبوو کە بانگیـان کـردم بـۆ ژووری چـاوپێکەوتن. بەپەلە ڕۆشتم دیتم دایکم هاتووە بۆ سەردانم (چاوپێکەوتنەکانمان لە پشت شووشە و بە تەلەفوون بوو)، دایکم خەمێکـی گەورە بە ڕوخسـارییەوە دیـار بـوو، لە پـاش چـاک و چۆنی، لە کەش و هەوای دەرێـم پرسـی و ئەویش لە وڵامـدا گـوتی: «بـاران و بەفریکە ڕۆڵەگیان هیچ کەسێک ناتوانێ ماڵەوماڵ بکا و هەموو لە مـاڵ خزیـون! لە درێـژەی قسەکانیدا باسی لەوە کـرد کە چێشت و نانێکی زۆری ساز کردووە و زۆر لە بەرپرسـانی زینـدان پـاڕاوەتەوە و تەنـانەت سەرشـانی یەکێشیـانی مـاچ کردبـوو بەڵام بەو حاڵەش نەیانهێشتبوو خواردنەکانمان بۆ بێنێ. بەوەی کە دایکم لەبەریان پاڕابۆوە زۆر تێک چووم و لەسەر دڵـم گران هات، چونکی دوو ڕۆژ پێشتریش، باوکم قەندی بۆ هێنابووم و مەئموورەکان لێیان وەرگرتبوو و هەمـوو قەنـدەکەیان لە بەر دەرکی زیندان پڕش و بڵاو کردبۆوە. قسەکانی دایکم و ڕوخساری شەکەت وماندووی و دڵشکاوییەکەی ئاگری لە جەستەم بەردابوو. خۆم پێ ڕانەگیرا، لە قوڵپەی گریانم دا و دایکمم بەبێ ماڵاوایی کردن بەجێهێشت!

ساڵی ٧٦ کە لە زیندان ئازاد بووم، بۆ ماوەیەک چالاکییەکانم ڕاگرت هەتـا دیسان لەلایەن حیزبەوە پێوەنـدیم پێـوە کـرا و سەر لە نـوێ لەگەڵ هاوڕێیـان خۆمـان سـازمان دایەوە و دەستـمان بە کـار و چالاکییەکانمـان لە ناوچەکـانی دێـولان و سنە کردەوە. لە ساڵەکانی ٧٧ تـا ٨٢ بە دەیـان جار ماوە ماوە گیراوم، ئەشکەنجە کـراوم و دوایە بەردراوم. جـاری واش هەبـووە بە ماشێن لە بەیانییەوە ڕفێندراوم و هەتـا ئێـوارێ لە دوای لێدان و بێڕێـزی کـردن و هەڕەشە و گوڕەشە، لە دەرەوەی شـار فڕێیان داومەتە خوارێ و؛ ئەگەر بمهەوێ باسیان بکەم زۆر دەخایەنێ.

کە ژیانی هاوبەشیشم پێک هێنـا هەر بە هەمـان شێوە و بگـرە سوورتـر لە جـاران درێـژەم بە کـار و چالاکییەکـانم دا. ڕۆژی زەماوەنـدەکەم ٢٦ی سـەرماوەز دانـابوو. ئەوەش ناوەنـدە ئەمنیەتییەکـانی ڕێـژیم لە دێـولانی هـار کردبـوو و هـاتن لێمـانی تێکدەن و بمگرن؛ بەڵام بە حەول و تکای پیاوانی ڕیش سپی و خۆشناوی ناوچەکە پێش بەم کارە گیـرا. دواتـریش بەبـۆنەی چالاکی و هەڵسووڕان لە بۆنەکان و بەڕێوەبردنی بەشکۆی جێژنی نەورۆز و... چەند جارێکی دیکە گیرام و ئازاد کرام و

هەر جارەی نیزیک بە مانگ دەیانخستمە بەندیخانەی ئیتلاعاتەوە.

لەتبوونی حیزب یەکێک لە ناخۆشترین ڕووداوەکانی ژیانم بوو. لە دوای لەتبوونی حیزب گوشاری زیاتریان خستە سەرمان و تەنانەت چەند جار بەڕاشکاوی هەڕەشەی کوشتنم لێکرا. ئەوکات دووکانێکی وێنەگرییم هەبوو کە وەک بنکەیەکی حیزبی چاویان لێدەکرد و زۆریان حەول دا ئەو دووکانەم نەمێنێ. هەتا ڕۆژێکی چووم بۆ سەر کار و دووکانم هەڵگرت و هەر کە دەرگاکانم هەڵکرد لەپڕ دەرگاکان تەقینەوە و دووکانەکەم ئاگری گرت و سووتا. لە ئیدارەی بیمە پێیان گوتم کە ناتوانین خەسارەتی دووکانەکەت قەرەبوو بکەینەوە و ئەمە بڕیارێکە لە سەرووترەوە هاتووە. بانگ کرامە ئیتلاعات و بەرپرسی ئیتلاعاتیش دڵنیای کردم و پێی گوتم کە بۆخۆمان ئەو کارەمان کردووە و پێشمان خۆش بێ تەنانەت دەشتکوژین، بۆیە ئاگات لە خۆت و هەڵسوکەوتەکانت بێ...

لە دوای کۆنگرەی ١٤، کۆبوونەوەیەکمان بۆ ئەندامان گرتبوو. دە ڕۆژ ڕانەبردبوو کە هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان و کتێب و هەموو کەلوپەلە شەخسییەکانمیان لە چەند تەلیس کرد و لەگەڵ خۆیان بە دەست بەستراوەیی بردیانم. لە پاش زیاتر لە سێ مانگ تەحەمولی زۆرترین و قورسترین ئەشکەنجەکان و ئازاردانی ڕووحی و جەستەیی لە زیندانی تاکەکەسیدا درامە زیندانی شاری سنە و دواتر بەڕێی بەندیخانەی قورووە کرام.

### لە زیندانەوە بۆ پێشمەرگایەتی

لە درێژەی ئەشکەنجە و ئازارە جەستەیی و ڕووحییەکانم، پێم وایە گێڕانەوەی ئەم بەشەش لە ڕۆژانی تاڵ و ڕەشی زیندانم بەمەبەستی نیشاندانی هەرچەندە زیاتری دڕەندەیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا پێویستە.

لە زیندان بە هەموو شێوەیەک چ لە باری فیزیکی و چ لە باری ڕووحییەوە ئەشکەنجە دەدرام، جارێک بە لێدان و و زۆر جاریش بە بێڕێزیکردن بە بنەماڵە و گەلێ جاریش بە سووکایەتی کردن بە بیروباوەڕم، کە بەتەواوی دەیانڕەجاندم. جارێکیان لە دیوی لێکوڵینەوە بووم کە لەپڕدا هاوارێک بەرز بۆوە و، دەنگی نێو ئەو سیاچاڵەی شکاند. دەنگی ئافرەتێک بوو؛ دەیزریکاند و لەبەریان دەپاڕاوە... خۆمم پێ ڕانەگیرا و گوتم ئەوە چییە؟ بازجوەکە گوتی: «شتێکی گرینگ نییە، دوو سێ ڕۆژێکە لێرەیە و هیچ قسەیەک ناکا»... پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: «ئاخری بۆ کوێ دەچێ هەر دەبێ قسە بکا... ئەوە براکانمان لەو جۆرە کاتانەدا دەزانن چ بکەن و چۆن بیانهێننە قسە، خۆ لە مەبەستم تێدەگەی؟! ئەویش وەک تۆ دەیهەویست کوردستان ڕزگار بکا...» پاشان قاقایەکی تێکرد. لەو بارودۆخەدا لە باری دەروونییەوە زۆر تێک چووم،

بەڵام هیچیشم پێ نەدەکرا و دەسەڵاتم نەبوو. بازجووەکەش بەباشی لە حاڵم تێگەیشتبوو و دەیزانی کە چەندە ئەو دەنگە دەنگە و ئەو قسە سووک و چرووکانە کاریگەریی ناخۆشی لەسەرم داناوە، هەر بۆیەش بەدەم پێکەنینەوە لە قسە و بێڕێزی کردنەکانی بەردەوام بوو.

شەوێک زۆرم سەرما بوو. نەخۆش بووم و هەڵدەلەرزیم و هاوارم دەکرد کە سەرمامە. هەتا بەیانییەکەی کەس نەهات بە هاوارمەوە. بەیانی هاتن پێیان گوتم خۆت کۆکەوە دەتبەین بۆ شوێنێکی گەرم، لە سلوولێکیان کردم کە دەوراندەوری دیوارەکانی گەرمای لێوە دەهاتە دەرێ، تـوانیم کەمتر لە ١٠ دەقە تەحەمولی بکەم، زۆر گەرم بوو خۆمم وەبەر ئاوی ئاودەست و حەمامەکە دا، بەڵام ئەوەش تەنیا بۆ ٣ هەتا ٤ دەقە کاریگەری هەبوو؛ دیسان گەرما تەنگی پێ هەڵدەچنیمەوە. دەستم کرد بە هاوارکردن و گوتم بمبەنەوە بۆ دیوەکەی خۆم هەر سەرماکە باشترە، بەڵام بۆ مەگەر کەسێ بەقسەی دەکردی. چەند جار دەموچاوم لەنێو کاسەی ئاودەستەکە دادەنا و، لەسەر کاشییەکان خۆمم درێژ دەکرد، بڕێک فێنک دەبوومەوە بەڵام ئەو کارەش هەر بۆ چەند دەقە بوو دیسان هەر وەک خۆم لێ دەهاتەوە جاروبار خەریک بوو ببوورێمەوە. پێم وابێ بە کامێرا چاودێرییان دەکردم. دەهاتن دەیانبردمە دەرێ و دیسان دەیانکردمەوە ژوورێ. هەتا ٣ ڕۆژ منیان لەو سلوولەدا ڕاگرت و کە زانییان ئیدی چیدی تەحەمولم نەماوە؛ گواستمیانەوە بۆ شوێنە ساردەکە. وابزانم ٢ مانگم لەو سیاچاڵە تێپەڕاندبوو و زۆر وەزعم خراپ بوو، هەم لە باری جەستەییەوە و هەمیش لە باری دەروونییەوە، هەستم دەکرد ئیدی دوا وێستگەی ژیانمە. لەو بارودۆخەدا گوتیان تەلفوونێک بۆ ماڵەوە بکە و پێیان گوتم تەنیا پێیان بڵێ کە زیندووی و تەواو، ئیدی نابێ هیچی دی بڵێی. کە پێوەندیم بە ماڵەوە کرد خێزانم دەنگمی نەدەناسی، زۆر بێهێز ببووم، بە حاڵەحاڵ قسەم دەکرد، دوای ئەوەی کە دەنگمی ناسییەوە کەوتە قسە. قسەکانی بۆ من هەموو وره و هێز بوون. پێی گوتم: «ڕێگایەکە و بۆخوت هەڵتبژاردووە، ڕێگاکەشت پیرۆزە. نە دزیت کردووە و نە ماڵی خەڵکیت خواردووە و نە مەوادت فرۆشتووە. ئەمن شانازی بە تۆوە دەکەم هەست بە سەربەرزی دەکەم، ئەتۆ ئاگات لە خۆت بێ، خەمی من و ئاگرینت نەبێ». وابوو لەگەڵ ئاگرینیش ٣٠ چرکەیەک قسەم کرد و گیانێکی تازەم وەبەر هاتەوە. دوای ئەو پێوەندییە تەلەفوونییە مانگێکی تریش هەر لە زیندانی تاکەکەسیدا مامەوە.

لە باری جەستەییەوە زۆر کز و لاواز ببووم. وامدەزانی خەریکە چاوم لەدەست بدەم. ٢٠ میتر پێش خۆمم نەدەبینی. کێشم بۆ ٤٠ کیلۆ دابەزیبوو. چاوپێکەوتنیان بە بنەماڵەکەم دابوو. ماڵەوە هاتن بۆ لام و خۆم هەستم دەکرد کە بە بینینم چەندە سەرسام دەبن. کچەکەم «ئاگرین» نەیدەناسیمەوە. چاوی لە چاوم بڕیبوو. دەستی کرد بە گریان و هاوار و گوتی ئەمن ئاوا نامەوێ لە گەڵ باوکم قسە بکەم، ئەبێ لە باوەشم بگرێ. چاوپێکەوتنەکان تەلەفوونی بوو، کاتمان بەسەرچوو و ئەمن ڕۆیشتم. لە دوای نیو سەعات، دیسانەوە بانگیان کردم و گوتیان کچەکەت دەسهەڵگیر نییە و دەڵێ باوکمم دەوێ، وەرە بۆ

لای. کەلەبچەیەکیان لە دەستم دا و بەرەو حەوشەی زیندان بۆ لای کچەکەم بردیانم. لە دوورەوە بینیم چاوەڕوانمە، بە پاسەوانەکەم گوت یان ئەو کەلەبچە لە دەستم بکەوە یان نایەم. پاسەوانەکە ڕازی بوو دەستم بکاتەوە. گەیشتینە لایان و ئاگرین بە چاوی پڕ گریانەوە گوتی بۆخۆم دیتم کە دەستەکانتیان بەستبۆوە. وەیدەزانی کە لەو کاتەوە کە لە ماڵی خۆمان دەسبەسەر کرابووم و کەلەبچەیان لە دەستم دابوو، هەر بە دەستمەوە ماوە. ڕۆژێکی ناخۆش بوو کە ماڵاواییمان لە یەکتر کرد. چاوم لە یەکێک لە پاسەوانەکان کرد کە پێشتریش هەر دەمناسی و چەند جار لە زیندان لەگەڵی ئاشنا ببووم، خەریک بوو دەگریا گوتی تۆ پێشتر ژن و منداڵت نەبوو، هەر خۆت بووی بەڵام ئیدی بەزەییت بەو ژن و مناڵەتدا بێ؛ تەواوی کە. دوایە بە دزییەکەوە دەستەکانمی گوشی.

دوای مانەوەیەکی زۆر لە گرتنگەی ئیتلاعات ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە لقی ٢ی دادگای شۆڕشی شاری سنە، «قازی تەیاری» بە تۆمەتی بانگەشە دژی نیزام و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دادگایی کردم و سزای ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپاندم. هەروەها لە دادسەرای دێولانیش بەتاوانی تێپەڕاندنی سنوور حوکمی ٣ مانگ زیندانی و بژاردنی ١٠٠ هەزار تمەنیان بەسەردا سەپاندبووم.

پاش ماوەیەکی زۆر مانەوە لە زیندان توانیم بە دانانی بارمتەیەکی ٥٠ میلیۆن تمەنی چەند ڕۆژێک مەرەخەسی وەربگرم. کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٨٩ بوو کە بە بڕیاری حیزب، نێوخۆی وڵاتم بەجێ هێشت و هاتمە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

### لە زیندانەوە بۆ پێشمەرگایەتی

لە درێژەی ئەشکەنجە و ئازارە جەستەیی و ڕووحییەکانم، پێم وایە گێڕانەوەی ئەم بەشەش لە ڕۆژانی تاڵ و ڕەشی زیندانم بەمەبەستی نیشاندانی هەرچەندە زیاتری دڕەندەیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا پێویستە.

لە زیندان بە هەموو شێوەیەک چ لە باری فیزیکی و چ لە باری ڕووحییەوە ئەشکەنجە دەدرام، جارێک بە لێدان و و زۆر جاریش بە بێڕێزیکردن بە بنەماڵە و گەلێ جاریش بە سووکایەتی کردن بە بیروباوەڕم، کە بەتەواوی دەیانڕەجاندم. جارێکیان لە دیوی لێکۆڵینەوە بووم کە لەپڕدا هاوارێک بەرز بۆوە و، دەنگی نێو ئەو سیاچاڵەی شکاند. دەنگی ئافرەتێک بوو؛ دەیزریکاند و لەبەریان دەپاڕاوە... خۆمم پێ ڕانەگیرا و گوتم ئەوە چییە؟ بازجوەکە گوتی: «شتێکی گرینگ نییە، دوو سێ ڕۆژێکە لێرەیە و هیچ قسەیەک ناکا»... پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: «ئاخری بۆ کوێ دەچێ هەر دەبێ قسە

بکا... ئەوە براکانمان لەو جۆرە کاتانەدا دەزانن چ بکەن و چۆن بیانهێننە قسە، خۆ لە مەبەستم تێدەگەی؟! ئەویش وەک تۆ دەیهەویست کوردستان ڕزگار بکا...» پاشان قاقایەکی تێکرد. لەو بارودۆخەدا لە باری دەروونییەوە زۆر تێک چووم، بەڵام هیچیشم پێ نەدەکرا و دەسەڵاتم نەبوو. بازجووەکەش بەباشی لە حاڵم تێگەیشتبوو و دەیزانی کە چەندە ئەو دەنگە دەنگە و ئەو قسە سووک و چرووکانە کاریگەریی ناخۆشی لەسەرم داناوە، هەر بۆیەش بەدەم پێکەنینەوە لە قسە و بێڕێزی کردنەکانی بەردەوام بوو.

شەوێک زۆرم سەرما بوو. نەخۆش بووم و هەڵدەلەرزیم و هاوارم دەکرد کە سەرمامە. هەتا بەیانییەکەی کەس نەهات بە هاوارمەوە. بەیانی هاتن پێیان گوتم خۆت کۆکەوە دەتبەین بۆ شوێنێکی گەرم، لە سلوولێکیان کردم کە دەورانەوری دیوارەکانی گەرمای لێوە دەهاتە دەرێ، توانیم کەمتر لە ١٠ دەقە تەحەمولی بکەم، زۆر گەرم بوو خۆمم وەبەر ئاوی ئاودەست و حەمامەکە دا، بەڵام ئەوەش تەنیا بۆ ٣ هەتا ٤ دەقە کاریگەری هەبوو؛ دیسان گەرما تەنگی پێ هەڵدەچنیمەوە. دەستم کرد بە هاوارکردن و گوتم بمبەنەوە بۆ دیوەکەی خۆم هەر سەرماکە باشترە، بەڵام بۆ مەگەر کەسێ بەقسەی دەکردی. چەند جار دەموچاوم لەنێو کاسەی ئاودەستەکە دادەنا و، لەسەر کاشییەکان خۆمم درێژ دەکرد، بڕێک فێنک دەبوومەوە بەڵام ئەو کارەش هەر بۆ چەند دەقە بوو دیسان هەر وەک خۆم لێ دەهاتەوە جاروبار خەریک بوو ببوورێمەوە. پێم وابێ بە کامێرا چاودێرییان دەکردم. دەهاتن دەیانبردمە دەرێ و دیسان دەیانکردمەوە ژوورێ. هەتا ٣ ڕۆژ منیان لەو سلوولەدا ڕاگرت و کە زانییان ئیدی چیدی تەحەمولم نەماوە؛ گواستمیانەوە بۆ شوێنە ساردەکە. وابزانم ٢ مانگم لەو سیاچاڵە تێپەڕاندبوو و زۆر وەزعم خراپ بوو، هەم لە بواری جەستەییەوە و هەمیش لە بواری دەروونییەوە، هەستم دەکرد ئیدی دوا وێستگەی ژیانمە. لەو بارودۆخەدا گوتیان تەلفوونێک بۆ ماڵەوە بکە و پێیان گوتم تەنیا پێیان بڵێ کە زیندووی و تەواو، ئیدی نابێ هیچی دی بڵێی. کە پێوەندیم بە ماڵەوە کرد خێزانم دەنگمی نەدەناسی، زۆر بێهێز ببووم، بە حاڵەحاڵ قسەم دەکرد، دوای ئەوەی کە دەنگمی ناسییەوە کەوتە قسە. قسەکانی بۆ من هەموو ورە و هێز بوون. پێی گوتم: «ڕێگایەکە و بۆخوت هەڵتبژاردووە، ڕێگاکەشت پیرۆزە. نە دزیت کردووە و نە ماڵی خەڵکیت خواردووە و نە مەوادت فرۆشتووە. ئەمن شانازی بە تۆوە دەکەم هەست بە سەربەرزی دەکەم، ئەتۆ ئاگات لە خۆت بێ، خەمی من و ئاگرینت نەبێ». وابوو لەگەڵ ئاگرینیش ٣٠ چرکەیەک قسەم کرد و گیانێکی تازەم وەبەر هاتەوە. دوای ئەو پێوەندییە تەلەفوونییە مانگێکی تریش هەر لە زیندانی تاکەکەسیدا مامەوە.

لە باری جەستەییەوە زۆر کز و لاواز ببووم. وامدەزانی خەریکە چاوم لەدەست بدەم. ٢٠ میتر پێش خۆمم نەدەبینی. کێشم بۆ ٤٠ کیلۆ دابەزیبوو. چاوپێکەوتنیان بە بنەماڵەکەم دابوو. ماڵەوە هاتن بۆ لام و خۆم هەستم دەکرد کە بە بینینم چەندە سەرسام دەبن. کچەکەم «ئاگرین» نەیدەناسیمەوە. چاوی لە چاوم بڕیبوو. دەستی کرد بە گریان و هاوار و گوتی ئەمن ئاوا

نامەوێ لە گەڵ باوکم قسە بکەم، ئەبێ لە باوەشم بگرێ. چاوپێکەوتنەکان تەلەفوونی بوو، کاتمان بەسەرچوو و ئەمن ڕۆیشتم. لە دوای نیو سەعات، دیسانەوە بانگیان کردم و گوتیان کچەکەت دەسهەڵگیر نییە و دەڵێ باوکمم دەوێ، وەرە بۆ لای. کەلەبچەیەکیان لە دەستم دا و بەرەو حەوشەی زیندان بۆ لای کچەکەم بردیانم. لە دوورەوە بینیم چاوەڕوانمە، بە پاسەوانەکەم گوت یان ئەو کەلەبچە لە دەستم بکەوە یان نایەم. پاسەوانەکە ڕازی بوو دەستم بکاتەوە. گەیشتینە لایان و ئاگرین بە چاوی پڕ گریانەوە گوتی بۆخۆم دیتم کە دەستەکانتیان بەستبۆوە. وەیدەزانی کە لەو کاتەوە کە لە ماڵی خۆمان دەسبەسەر کرابووم و کەلەبچەیان لە دەستم دابوو، هەر بە دەستمەوە ماوە. ڕۆژێکی ناخۆش بوو کە ماڵاواییمان لە یەکتر کرد. چاوم لە یەکێک لە پاسەوانەکان کرد کە پێشتریش هەر دەمناسی و چەند جار لە زیندان لەگەڵی ئاشنا ببووم، خەریک بوو دەگریا گوتی تۆ پێشتر ژن و منداڵت نەبوو، هەر خۆت بووی بەڵام ئیدی بەزەییت بەو ژن و منداڵەتدا بێ؛ تەواوی کە. دوایە بە دزییەکەوە دەستەکانمی گوشی.

دوای مانەوەیەکی زۆر لە گرتنگەی ئیتلاعات ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە لقی ٢ی دادگای شۆڕشی شاری سنە، «قازی تەیاری» بە تۆمەتی بانگەشە دژی نیزام و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دادگایی کردم و سزای ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپاندم. هەروەها لە دادسەرای دێولانیش بەتاوانی تێپەڕاندنی سنوور حوکمی ٣ مانگ زیندانی و بژاردنی ١٠٠ هەزار تمەنیان بەسەردا سەپاندبووم.

پاش ماوەیەکی زۆر مانەوە لە زیندان توانیم بە دانانی بارمتەیەکی ٥٠ میلیۆن تمەنی چەند ڕۆژێک مەرەخەسی وەربگرم. کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٨٩ بوو کە بە بڕیاری حیزب، نێوخۆی وڵاتم بەجێ هێشت و هاتمە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

(لە ژمارەی ٧٤٢ - ٧٤٣ و ٧٤٤ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری، ٥ و ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

--------------------------------------------------------

## مەعسوومە ئەحمەدپوور



### بە منداڵێکەوە لە بەندی دوژمندا

ئەمن مەعسومە ئەحمەدپوور ساڵی ١٣٣٩ لە ئاوایی گوێجگەلی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بووم. ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ محەممەد شەهرەوان کە خەڵکی گوندی برایمابـاد بـوو، ژیـانی هاوبەشمان پێک هێنـا و بەرهەمـی ئەم ژیانەمـان ٤ منداڵە، کوڕێک و ٣ کچ.

هەر ئەم ساڵەی شووم بە شەهرەوان کرد، ئەو هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە. ساڵێک دواتر گوندەکەمان لەلایەن سپای پاسدارانەوە دەستی بەسەردا گیرا و، ئەوە بووە دەسپێکی ژیانی ئاوارەیی ئێمە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئەو ناوچانەی وا پێشمەرگەیان تێدا بوو؛ هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئێمەش لەو ئازار و ئەزیەتانە بێبەش نەبووین و، هەر بۆیەش بۆ ماوەیەکی کاتی ئەوێمان بەجێهێشت و ڕوومان لە شاری بۆکان کرد. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەتا هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات بوو، گونداوگوند و شارەوشارێکی زۆرمان کرد.

دواتـر کە خەبـاتی پێشـمەرگانە لە شـار و دێهاتەکـانی ڕۆژهەڵات پاکشـەی پێکـرا، بنەمـاڵە حیزبییەکـان لە نـاوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان جێگیر ببوون، بنەماڵەی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی شەهید وەستا ئەحمەد لە هەڵەبجە بـووین. دوا بە دوای هاتنی سپای پاسداران بۆ هەڵەبجە لە ساڵی ١٣٦٦ و گرتنی ئەو شارە، لەگەڵ ئەوین (خێزانی وەستائەحمەد) و ئێران (خێزانـی کـاک عوسمان خورشیدی) پێکەوە چووینە مـاڵی ناسیاوێک. لەوێ بـووین کە شـاری هەڵەبجە بە بـۆمبی شیمیایی لێی درا و ئێمەش بە هەڵات هەڵات و بە نێو جەنـازەی خەڵکیـدا وەڕێ کەوتین بـۆ دەرەوەی شـار. ئێستاش وەبیـرم

دێتەوە دیمەنێکی ترسێنەر و دڵتەزێن بوو کە قەت قەتم لەبیر ناچێتەوە. وێڕای ئەو هاوڕێ ژنانەی وا لەگەڵم بوون و هەرکاممان منداڵ بەدەست، ئەمن لەگەڵ ئەوەی ڕزگاری کوڕم لەگەڵ بوو، دووگیانیش بووم. ئیدی بەو دۆخە نالەبار و دڵەڕاوکێیە هەرچۆنێکی بوو خۆمان گەیاندە بنکەیەکی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان. لەوێ کە زانییان خەڵکی ڕۆژهەڵاتین یەک لە پێشمەرگەکان ڕێنمایی کردین و بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێیان کردین. لە پاوە و دوای پشکنین و لێپرسینەوەیەکی زۆر هێزەکانی ڕێژیم بۆیان دەرکەوت کە ئێمە بنەماڵەی پێشمەرگەین و دەسبەجێ دەستبەسەریان کردین. ئەو کاتی کە لە زیندانی شاری پاوە بووین، فڕۆکە شەڕکەرەکانی حوکمەتی بەعس بۆمبارانی زیندانی شاری پاوەیان کرد. ئێمە بەرنەکەوتین بەڵام زۆر زیندانیی دیکە شەهید و بریندار بوون. لەو بشێوییەدا کە دۆخەکە ئاڵۆز ببوو و دیواری زیندان ڕووخابوو، دەمانەویست هەڵێین، بەڵام ناشارەزا بووین و هەر بۆیەش لەوێ ماینەوە و دوایە بەڕێی زیندانی ورمێیان کردین کە بۆ ماوەی ٦ مانگ و نیو لەوێ ماینەوە. لەو ماوەیەدا بە دەیان جار چاویان دەبەستین و دەیانبردینە ژووری لێپرسینەوە و دەیانپرسی: لە بۆکان کێ دەناسی هاتوچۆی مێردەکەتی کردبێ؟ مێردەکەت زۆرتر دەچووە ماڵی کێ لە گوندەکان؟ ئەو ماڵانەی جێگای سازمانییان بوو، لە کوێ بوون؟ پێت خۆشە مێردەکەت خۆی تەسلیم کاتەوە؟ مێردەکەت چ جۆرە خواردنێکی پێ خۆشە؟ زۆر دەخەوێ؟ ناوی ئەو کەسانەی کە هاوکاریی مێردەکەتیان دەکرد، چین؟

ڕۆژێکی ئەمن و ئەوین و ئێرانیان بانگ کرد و، لەوانی دیکەیان جودا کردینەوە و سواری ماشێنیان کردین و بردیانین. دوای چەند سەعات ڕۆیشتین دایانبەزاندین و بە چاوی بەستراوەوە بردیانینە ژوورێک، دوایە زانیمان زیندانی شاری بۆکانە. لەوێش بە هەمان دەستووری پێشووتر هەموو ڕۆژێ بە چاوی بەستراوەوە دەیانبردمە ژووری لێپرسینەوە و، دیوێک کە تەختێکی بزمارڕێژی لێبوو دەیانگوت ئەگەر وڵامی ڕاستمان نەدەیەوە دەبێ لەسەر ئەو تەختەیە ڕاکشێی. من حاشام لە هەموو شتێک دەکرد و ئەوانیش بە کابل لێیان دەدام. زۆر جاران پێیان دەگوتم ئەوە محەممەدیان کوشتووە دەبێ بێی، تەمەشای جەنازەکەی بکەی، هێندێک جار دەیانگوت محەممەد خۆی تەسلیم کردۆتەوە و ئێستا دێ بۆ لات. ئەوین خێزانی وەستا ئەحمەد چونکی بۆخۆی پێشمەرگە بوو، پتر لە ئێمە ئەشکەنجە دەدرا.

جاشێکی لێ بوو بەناوی «حوجەتی» خەڵکی سایینقەڵا کە خاڵی بە دەستی پێشمەرگە کوژرابوو، زۆری ئەزییەت دەکردین هێندێک جار لە ڕزگاری کوڕمی دەدا و وەگریانی دەخست.

تا ماوەی یەک مانگ خزم و کەسمان نەیاندەزانی ئێمە لە کوێین، زۆر جاران جنێو و قسەی سووکیان پێدەکوتین، کەسێک لە زیندان چاوی بە ئێمە کەوتبوو و بە ماڵێ ڕاگەیاندبوو، جا ئەو جار دایکم و بابم و خەزوورم هاتنە چاوپێکەوتنمان.

ڕۆژێکی سەربازێکی کورد بە هێواشی بانگی کردین گوتی ئێوە کێن ناوی مێردەکەتان بڵێن. ئێمە دەترساین بەڵام هەموو پێمان گوت، کە زانی بنەماڵەی پێشمەرگەین زۆرمان بۆ چاک بوو. بەنهێنی میوە و شتی بۆ دەهێناین و دەیگوت نابێ کەس بزانێ و نابێ ئاسەواری میوەکەتان بەجێ بێڵن، زۆریشی هەوڵ دا کە دەرەتانی ڕاکردن لە زینداغان بۆ برەخسێنێ، بەڵام بۆی جێبەجێ نەبوو. ڕووداوێکی زۆر ناخۆش، ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە و دەمخاتە گریان؛ ڕۆژێک نەرمین و نەسرینی کچمیان هێنا بۆ ملاقاتم. کە چاوم پێیان کەوت ویستم لە باوەشیان بگرم و ماچیان بکەم بەڵام نەیانهێشت. هەر لە دوورەوە هەم ئەوان و هەم من دەگریاین، نازانم چۆن نەمردم! دوای ۳ مانگ مانەوەمان لە زیندانی بۆکان بردیانینەوە زیندانی ورمێ و دوای چەند ڕۆژێک بانگیان کردم و سواری ماشێنیان کردم. زۆر دەترسام. هێنایانمەوە زیندانی بۆکان و بە زەمانەت و دانانی بارمتە تەحویلی براکەم درام. دیارە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە دووگیان بووم و کاتی منداڵبوونم بوو، سەربارى ئەوەش حەوتووی ڕۆژێک دەبوو بچم و ئیمزا بدەم. ڕۆژێک کە چووم بۆ ئیمزاکردن پاسدارەکان زۆر خۆشحاڵ دیار بوون وێنەیەکیان نیشان دام. گوتیان ئەوە دەناسییەوە؟ کە چاوم پێی کەوت تەرمی شەهید وەستا ئەحمەد بوو. بەخۆم نەبوو دەستم کردە گریان. گوتیان ئەوە بۆ وەستا ئەحمەد دەگری کە کوشتوومانە؟ خەزوورم لەگەڵ بوو گوتی نا بۆ دەردی خۆی دەگری...

لە دوای شەهیدکرانی وەستا ئەحمەد مەترسیی گیرانەوەم لەسەر بوو. بۆیە لەو ماوەیەدا زۆر ئاوارە بووم و ژیانێکی تەواو نهێنیم هەبوو. هەتا بڕیار درا ماڵ و منداڵی پێشمەرگەکان بنێرن بۆ سەردان و بەو بۆنەیەوە بتوانن پێشمەرگەکان بێننەوە و خۆ ڕادەست بکەن. لە نیوەی ڕێگا و لە شوێنێک گوتیان نابێ بچن بۆ سەردانیان و دەبێ بگەڕێنەوە. لەوێ بڕیاری خۆم دا و بە ناشارەزایی و بە چوار منداڵەوە ڕووم لە سنوور کرد هەتا گەیشتمە بنکەی حیزب لە ڕانیە و لەوێ لەگەڵ محەممەد بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە و، دەبێ بڵێم ژیانێکی نوێمان دەست پێ کردەوە.

لە ژمارەی ٧٤٥ "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

# ڕێباز ئازەرپوور



## بەندی دوژمن و وانەکانی "تووژەڵی" و "شارویّرانی"

ئەمن ناوم ڕێباز ئازەرپووره و لەدایکبووی ١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری مەهابادم. لە هەڕەتی لاوەتیدا بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا بە تاوانی! هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوان چوارچرا و مەیدانی ئارد لە شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات و شەخسی ئیلهامی "لێکۆڵەری تایبەت بە سیاسییە کوردەکان" قۆڵبەست کرام.

ئەمن دوای گیرانم ماوەی ٣ مانگ لە زیندانی ئینفرادیی ئیتلاعاتی مەهاباد بووم و، هەروەها ماوەی ١٥ مانگیش لە گرتووخانەی مەهاباد بەند کرام و دوو مانگیش بۆ گرتووخانەی ناوەندیی تەورێز دوور خرامەوە.

دوای قۆناغی لێکۆڵینەوە لە ئیدارەی ئیتلاعات، سەرەتا لە لایەن لقی ٤ی دادگای شۆڕش بە بەڕێوەبەریی دادوەر "هیدایەتی" سزای ٤ ساڵ زیندانم بەسەردا سەپا و پاش دەربڕینی نارەزایەتی، ٢ ساڵیان لە حوکمەکەم کەم کردەوە.

ئێمە کۆمەڵێک لە لاوانی شاری مەهاباد، لە بۆنە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکاندا بە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بەناوی "ب - گ" لە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدمان لە کۆڵان و گەڕەکەکانی شاردا ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبوو و، هاوکات لە بەڕێوەبردن و سازماندانی ڕێپێوانەکانیشدا، لە شەقامە سەرەکییەکانی شار، بانگەشەمان بۆ ڕێپێوان و خۆپیشان دانەکان دەکرد. وا بوو کە ئێوارێی ڕۆژی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٧٨ کاتێ دەچووم بۆ لای

هاوڕێیەکی حیزبی، لە نێوان چوارچرا و مەیدانی ئارد، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی مەهاباد، قۆڵبێچ کرام و بەرەو "بازداشتگای ئیتلاعات" ڕاگوێزرام.

لە گرتنگەی ئیتلاعات هەتا نیزیک دوو حەوتوو کەسێک لێی نەپرسیم و دوایە هەر بە لیباسی ژێرەوە بردیانم بۆ حەوشەی ئیتلاعات و ماوەی ٥ سەعات لە نێو بەفردا ڕایانگرتم و پاشان ئاوی گەرمیان بە لاق و لەشمدا کرد و بە چاو بەستراوی بەرەو ژووری لێکۆڵینەوەیان بردم. ماوەی ٣ مانگ بۆ وەرگرتنی ئیعتراف، ئەوەی بمبەن بۆ لێپێچینەوە لە دادگا، بە شێوەی جۆراوجۆری فیزیکی و ڕۆحی ئازار و ئەشکەنجە دەدرام. زۆر جارانیش لە ژووری لێکۆڵینەوە بە بێڕێزی کردن و وتنی هەندێک قسە کە لە جەرگی مرۆڤ کاری دەکرد، لە باری ڕۆحییەوە ئەشکەنجە دەگەیشتمە ئەو پەڕی ناخۆشی و ڕەنج کێشانەوە.

وەک باسم کرد پاش سێ مانگ ڕاگرتنم لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعات درام بە گرتووخانەی ناوەندیی مەهاباد. گرتووخانەکە لە ٦ بەند پێک هاتبوو، بەندی یەک هەتا چوار تایبەت بە پیاوان بوو و، بەندێکیش بۆ لاوان و یەکی دیش بۆ ژنان تەرخان کرابوو.

بەندییە سیاسییەکان زۆرینەیان لە نێو بەندی ٣ و لەوێشدا لە کووپەی ٣ و ٤ بوون.

کاتەکان زیاتر بە خوێندنەوەی کتێب ئەگەر لە کتێبخانەی زیندان کتێبێکی لێ با و وەگیر کەوتبا بۆ خوێندنەوە، تێ دەپەڕین و ئەگینا بە سازکردنی کاری دەستی، کاتەکانمان تێدەپەڕاند.

بەندییە سیاسییەکان بەبۆنەی بڕوای سیاسییان جێگای ڕێز بوون و هەندێ جاریش خەڵک بە فەخرەوە لەگەڵیان دادەنیشتن و شانازییان بە بەندییە سیاسییەکانەوە دەکرد. دەمەوێ بڵێم بەندییە سیاسییەکان هێمای مرۆڤایەتی بوون لە گرتووخانەدا و زۆر جارانیش ئەو بەندییە سیاسییانە کەیخودایەتیان بۆ بەندییەکانی تری گرتووخانە دەکرد و، کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر دەکردن و هەر بەهۆی ئەو ئاکارە ڕێکوپێکانەیان بوو کە جێگە و پێگەیان لەنێو بەندییەکانی دیکەدا زۆر لە ئاستێکی بەرزدا بوو. جەوەکە جۆرێک بوو بەرپرسان نەیاندەوێرا خۆ لە قەرەی بەندییە سیاسییەکان بدەن، لەبەر ئەوەی هەر جارێک بە سەردان هاتبان یان نەماندەدواندن یا گەر قسەشمان کردبا ئەوە باسی بێعەداڵەتی دەزگای قەزایی ڕێژیممان دەکرد.

بەرپرسی ئەو کاتی گرتووخانەی ناوەندیی مەهاباد "محەممەد زادە" بوو کە سەر بە ئیتلاعاتی سپا بوو و تا بڵێی کەسێکی دژە کورد بوو. بە پێی یاسای بەندیخانەکان؛ بەرپرسان دەبوو هەر چەند مانگ جارێک هاتبانە نێو بەندەکان و لە نیزیکەوە لەتەک بەندییەکان چاوپێکەوتنیان کردبا. هەر بەو پێیە نیوەڕۆیەک بەرپرسی گرتووخانەی مەهاباد "محەممەدزادە" و بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە بەندییەکان "کووسەلوو" و چەند بەرپرسێکی تر لە پارێزگای ورمێوە هاتبوون و ڕێیان لە بەندی سیاسییەکان کەوت. ئەو کات یەکێک لەو بەرپرسانە لە بەندییەکی سیاسی، بەناوی کاک "ک.خ" پرسی؛ ئێوە لە سەر چی گیراون و تاوانتان چییە؟

کاک "ک.خ" ڕووی لە بەرپرسەکە کرد و چاوی لە چاوانی بڕی و بە بوێرییەکی زۆرەوە گوتی لە سەر ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەمان گیراوین و بەندیی سیاسین! ئەو بەرپرسە گوتی بۆ مەگەر ئێمە بەندیی سیاسیمان هەیە؟ کاک "ک.خ" لە وەڵامدا فەرمووی بەڵێ، ئەگەر نیتانە ئەدی نیزیک ٥٠ بەندیی سیاسی لێرە چ دەکەن؟

ئەو بەرپرسە گوتی: ئێوە سیاسی نین و ئێوە موحارین و دەبێ بە توندترین شێوەش سزا بدرێن!

دەمەقاڵە و مشتومڕێک لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە و هەموو بەندییە سیاسییەکان پشتی کاک "ک.خ" گرت و ئەوەش بوو بەهۆی وەی کە ئەو بەرپرسانە نەیەنەوە نێو بەندییە سیاسییەکان و جار نا جارێک بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە بەندییەکانی نێو گرتووخانە، "کووسەلوو' دەهاتە نێو بەند کە ئەویش بە پارێزەوە چاوی لێ دەکردین و هەمیشەش لە ئاستمان سەری نەوی دەکرد.

ئەو تەبایی و ڕەباییەی نێوانمان کە لەسەر داوای شەهید کەریم تووژەڵی و کاک محەممەد شاروێرانێ و کاک "م. ق' بوو، کارێکی کردبوو کە بنەماڵەکانمان هەموو پێکەوە هاموشۆی گەرمیان هەبێ و هەمووشمانیان بە چاوێک، چاو لێ دەکرد.

یەکێک لە ناخۆشترین بیرەوەرییەکانم، ڕۆژێک بوو کە لە ساڵۆنی چاوپێکەوتندا شەهید کەریم تووژەڵی لە کاتی باوەشکردنی بنەماڵەکەی لە دەست و لاق کەوت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە دەرزییەکیان لێدابوو، کە هەر چەند مانگ جارێک لە دەست و لاق دەکەوت و پێشیان گوتبوو گەر ئێعدامیش نەکرێی ئەو دەرزییە بە تێپەڕینی کات، دەتکوژێ! هەرچەند شەهید کەریم تووژەڵی زۆر لەوە خۆڕاگرتر بوو کە ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە و، گەر زانیباشی ئێمە بە جۆرێک دڵگرانین لەو دۆخەی تێی داین، وەک کادرێکی بەووەجی دێموکرات بەو پەڕی ورەبەخشینەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین و، دڵی دەداینەوە.

کەم نەبوون ئەو قارەمانانەی لە گرتووخانەشدا کاری ڕێکخستن و خۆ سازماندانیان فێر دەکردین کە دیارە لێرەدا ناتوانم ناوی هەموو ئەو سەروەرانە بێنم.


لە کۆتاییدا و لەدوای ١٦ مانگ لە گرتووخانەی مەهاباد لە ڕێگەی یاساییەوە ئازاد بووم و دوای زیندانیش بۆ درێژەدان بە خەباتی ڕەوای گەلەکەم، ژیان و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد.

لە ژمارەی ٧٤٦ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

------------------------------------------------------

## کوورش نوسرەتی



**وانەکانی زیندان و بەندیی سەرمەشق**

ناوم «کوورش نوسرەتی»یە و لە ساڵی ١٣٥٤ لە شاری سنە لە دایک بووم، خوێندنم هەر لە خوێندنگەکانی ئەو شارە بووە و، هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە ڕشتەی تەجروبیدا درێژەم بە خوێندن داوە.

ئەوەندەی لە بیرم دێ لە ماڵی ئێمە هەمیشە باس لە سیاسەت و حیزبی دێموکرات دەکرا و هەر ئەم کەشوهەوایە ببووە

هـۆی ئەوەی کە منـیش زۆر زوو لەگەڵ پرسـە سیاسـییەکاندا ئاشـنا بـم و، وەک تـازەلاوێـک کـاریگەرییم لەسـەر دابنـێ و ڕەنگدانەوەی هەبێ لە ژیان و ئاکارمدا.

یەکەم چالاکییم لە قۆناغی ماماوەنـدی و بە نووسینی دروشمی بـژی کوردسـتان و بـژی پێشمەرگە بەشێوەیەکی خۆڕسک لە قوتابخانە دەست پێکرد کە هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، لە لایەن یەک لە مامۆستاکانم بەناوی «ئەحمەدی» کە تـورک و لە هەمان کاتدا بەسیجییەکی تۆخیش بوو و کلاس بە کلاس دەگەڕا و بانگەشەی بۆ بەبەسیج بوونی منداڵان دەکرد، بگیـرێم. بە لێدان و سووکایەتی پێکردن و جنێودان ڕازی نەبوو و دەیهەویست تەحویلی ئیـدارەی ئیتلاعـاتم بـدا. بە هەر جۆرێک بـوو بەیارمەتیی کەسێکی دڵسۆز لەو گێژاوە ڕزگارم بوو و نەیهێشت تەحویلی ئیتلاعات بدرێم.

ئەو ساڵانە تێپەڕی هەتـا سـاڵی ١٣٧٢ لەگەڵ هـاوڕێیەکم کە بە مەبەسـتی ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری تەشکیلاتی لە حیزبێکی ڕۆژهەڵاتیدا سازمان درابووین، گیرام. گرتنەکەم بەشێوەیەکی دڕنـدانە و بێبەزەییـانە بـوو، شەوێکی سـەعـاتی 2ی نیوەشەو هێرشیان کردە سـەر ماڵەکەمـان و لێدان و کوتـان دەسبەسـراوەیی لەنێـو هایلۆکسیان هاویشتم و بەرەو ئیـدارەی ئیتلاعـاتی شاری سنە بردیانم. لەوێ بە چاوی بەستراوەوە لە ژوورێکی کپ و بێدەنگ هەتـا بەیـانی لەسەر کورسییەک دایاننیشـاندم، ڕۆژی دواتر بۆ لێپرسینەوەی سەرەتایی ڕاگوێزرام بۆ ژووری تایبەت بە لێپێچینەوە.

مـاوەی ٤٥ ڕۆژ لە ژوورێکـی زۆر زۆر بچووکـدا بـووم و لە مـاوەی ٢٤ سـەعـاتـدا تەنیـا یەک سـەعـات هەواخـۆریم هەبـوو، کە ئەویـش لە جێگایەکـدا بـوو وەک قـووڵکەیەک و چوارتەنیشـتی دیـوار بـوو و لە سـەرەوە کە زۆریـش بەرز بـوو، ڕۆچنێکیـان هێشتبۆوە بەڵام بە تێلدڕوو تەنرابوو و سەربـازێکیش لەوێ کێشکی دەدا؛ ئەو مـاوە کورتە هەواخـۆرییە لە شـوێنێکی وەهـادا تێدەپەڕی. نیزیک بە پـازدە کەس پێکەوە بـووین و هەر لە کـاتی هەواخـۆریـدا یەکترمـان دەبینـی، بەڵام هیچ کەسێک بـۆی نەبوو لەگەڵ کەسێکی تر قسە بکا یان قەدەم لێ بدا.

لێپێچینەوەکـانم دەستی پێکـردەوە، هەمـوو ڕۆژێـک و هەر ڕۆژەش چەنـد جـار دەیـانبردم بـۆ ژووری لێپرسینەوە، پرسیارەکان ئەمـانە بـوون: لەگەڵ کـێ لە پێوەنـدی دای؟ لە شـاری سـنە لەگەڵ چ کەسـانێک کـار دەکەی؟ ئەو شـتانەی لێمـان گرتـووی لەکوێت بوون؟... یـان هـاوڕێکەت - کە خزمیشم بـوو - هەمـوو شتێکی لەسـەر تـۆ پـێ گوتـووین و بێتـوو بۆخـۆت دانـی پێدا بنێی، سزاکەت سووک دەبێ. ئەمنیش بەردەوام هەر شتێکی دەیـانگوت ڕەتـم دەکـردەوە و هەتـا دوایەش لەسەر پێداگریی من کە ویسـتم بەرەوڕوو ببمەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە باسی دەکەن، چـوون و کەسێکیان هێنـا و قسەی لەگەڵ کـردم، تـوانیم دەموچاوی ببینم و زانیم کە درۆیان لەگەڵ کردووم و ئەو خزمەم نەگیراوە و ئەوەی وا هێناویانە لە کەسانی خۆیانە.

دوای سێ مانگ ئەشکەنجەی ڕووحی و جەستەیی و بەندکران لە زیندانی ئینفرادی و بێنە و بەرەیەکی زۆر لەلایەن دادگای ئینقلابەوە؛ سزای ساڵێک زیندانیم بەسەردا سەپا و لەسەریان کردم کە بچمە سەربازی.

ساڵی ١٣٧٥ و دوای تەواوبوونی سەربازی، بە مەبەستی چالاکیی تەشکیلاتی، پێوەندییم بە حیزبەوە گرت، چالاکییەکان بریتی بوون لە: دروشم نووسین، بڵاوکردنەوەی تراکت و زۆر جارانیش ناسین و لەقاودانی کەسانی سەربە ڕێژیم. پاش ماوەیەک کەسێک لە نێوشار گیرا و بە داخەوە لەسەر من و چەند کەسی دیکە کە کاریان لەگەڵ حیزب دەکرد قسەی کرد و ئێمەشیان گرت. دیارە دوایە زانیمان کە ئەو دانپێدانانە لەژێر ئەشکەنجەیەکی زۆر وەحشییانەدا بووە.

دوای ئەوەی گیرام و بردیانمە ئیدارەی ئیتلاعات، پەروەندەی ساڵی ١٣٧٢شیان بۆ خوێندمەوە. بازجووەکان هەم فارس بوون و هەم کورد، فارسەکە کەسێک بوو بە ناوی حاج قوربان و کوردەکەش خەڵکی بیجاڕ یان قوروە بوو بە ئەحمەدی بانگیان دەکرد. لە پێشدا من حاشام لە هەموو شتێک کرد بەڵام بێکەلک بوو چون ڕووبەڕوو کرامەوە. ئەو کەسە گوتی کە هەڕەشەی لێ کراوە و لەژێر ئەشکەنجەدا هەموو شتێکی درکاندووە. هەرچی من ئینکارم کرد بەڵام نەیان سەلماند. ڕۆژێ چەند جار ئەشکەنجە دەکرام. دوای دوو مانگ بە پەروەندەیەکەوە بەرێێ دادگای ئینقلاب کرام و ئەمجارەشیان بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم کرام.

هەر لە دادگاوە درام بە زیندانی ناوەندیی شاری سنە و ماوەی ساڵ و نیوێک لەوێ بووم. لێرە و لەو شوێنەیە کە دەزانی زیندانیی سیاسی خاوەن چ پێگە و جێیەکە. زیندانییانی سیاسی بەگشتی و لە زۆربەی زیندانەکانی ئێراندا بۆ زیندانییەکانی دیکە جێگەی ڕێز و حورمەتن، هەتا ڕادەیەک کە زۆربەی کێشە نێوخۆییەکان بە مەبەستی چارەسەری دەچێتەوە لای ئەوان. ئەو کەسانەی کە بەهۆی تاوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە گیراون وەک گەورەی خۆیان چاو لە بەندییە سیاسییەکان دەکەن. زۆرێک لەوان لەدوای تێکەڵی لەگەڵ ئەم سیاسییانە لەباری فکری و ئەخلاقییەوە گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەسەردا دێ. تەنانەت بۆ خودی خۆشم کە حوکمی سیاسییم هەبوو، وەک مامۆستای ژیان و خۆڕاگری و وەرەبەرزی بوون و لەوێ بوو کە بەتەواوی لەگەڵ خەبات و ئازادیخوازی و خۆڕاگریدا ئاشنا بووم. کاتێ کە دەمدی کەسانی وای تێدایە حوکمی تاهەتایی و ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە بەڵام هەر هیواداربوون و بەچۆکدا نەهاتوو بوون، سەد هێندە بڕوا و ئیمانم پتەوتر دەبۆوە. بوونی ئەو جۆرە کەسانە دژوارییەکانی بۆ ئێمە هاسان دەکردەوە، بەداخەوە هەندێک لەو قارەمانانە دواتر ئێعدام کران و، ڕاستە ئێستا بە جەستە لەگەڵمان نین بەڵام وانە و ڕێبازیان بۆ ئێمە هەردەم هاوڕێ و سەرمەشقە.

لە دوای ئازادبوونیشم لە زیندان بەڵێنم دا درێژەدەری ڕێگا و ئامانجی شەهیدان بم و هەربۆیەش لەگەڵ ئازادبوونم ڕووم


کردە سەنگەری ئاشکرای حیزبی دێموکرات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییم لەبەر کرد و ئەوە ئێستا ماوەی بیست ساڵە لەم ڕێبازەدام.

له ژمارەی ٧٤٧ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## ڕەحمان مەحموودی



ڕقی پیرۆز

«ڕەحمان مەحموودی»م. خەڵکی بۆکانم و ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی تورجان لەدایک بووم. دوایە ماڵمان هاتۆتە میراوای بۆکان و لە قۆناغی ناوەندیی خوێندندا دەستم هەڵگرت و ملم لە کار و کاسبی نا.

کە شۆڕشی گەلانی ئێران کرا تازەلاو بووم و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کار و چالاکییەکانی ببوونە هۆی چاوکراوەیی ئەمن و زۆر لە هاوتەمەنەکانم، ئەوەش وایکردبوو کە بێ ئەوەی بەڕەسمی پێوەندییەکی تەشکیلاتیشم لەگەڵ حیزب بووبێ، بەڵام کار و ئەرکی حیزبی بکەم. تا ئەوەی ساڵی ١٣٧٠ بەڕەسمی بووم بە ئەندامی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات و ئەرک و بەرپرسایەتیی دیار و ڕوونم وەردەگرت. ئێمە لە تیمێکی تەشکیلاتیدا سازمان درابووین کە دە کەس دەبووین. خۆم،

عەبدووڵڵا ئەمینی، سەید کەریم ڕاج، ناسر ساڵحی ئەسڵ، ناسر سوڵتانی، هەمزە خودکام، برایم هەمزهزادە، قادر ساڵحی فەرد و، لوقمان ساڵحی فەرد. تیمەکە ئێمە لە ماوەی سێ ساڵدا زۆر کار و چالاکیی گرینگ و هەستیاری لە ناوچەی بۆکاندا کرد، بەڵام بەداخەوە دواجار ئاشکرا بووین و گیراین.

ئێوارەی ڕۆژی ٧ی سەرماوەزی ١٣٧٣ لە ماڵی خۆمان دانیشتبووم کە هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات ڕژانە ماڵێ و گرتیانم و بردیانمە ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان. سروشتییە ئەندامی تەشکیلاتی حیزبێک بی و بەڵگەیان لەسەرت هەبێ و تۆش بتەوێ بەربەرەکانی بکەی و لەسەر بیروباوەڕت سوور بی. لەو ماوەیەدا گوشار و ئەشکەنجەیەکی زۆرم لەسەر بوو. پاشان بەڕێی گرتنگەی ئیتلاعاتی مەهابادیان کردم و لەوێش چوار مانگ دەسبەسەر بووم، هەتا بە قەولی خۆیان پەروەندەکەیان بەستم و ناردیانمە دادگا.

٨ مانگ بوو گیرابووم کە درامە دادگا. دیارە بنەماڵەکەم پارێزەریان بۆ گرتبووم، بەڵام لە بارودۆخی ئەوکاتدا و لە پێوەندی لەگەڵ مندا کە پەروەندەکەم سیاسی بوو و پێشوەختە لە ئیتلاعات ڕا بریاری لەسەر درابوو، پارێزەرەکەم دەسەڵاتێکی نەبوو تا بتوانێ بەرگریم لێ بکا. بەمجۆرە لە دادگای شۆڕشی مەهابادا بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات سزای ٢٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاندم و بۆ کێشانی ماوە زیندانییەکەم بەڕێی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرام.

زیندانی ناوەندی ورمێ کە زیندانی «دەریا»شیان پێ دەگوت، لانیکەم ١٦ بەندی هەبوو. هیندێک لەو بەندانە هەتا ٣٠٠ - ٤٠٠ کەسیان تێ دەخزاند. خۆ ئەگەر بە کورتی باسێک لەو بارودۆخە بکەم دەبێ بڵێم نە ڕێز و حورمەت و پێڕاگەیشتنێک، نە بێهداشت و پاک و خاوێنییەک، نە خواردن و بژیوێک و سووکایەتی و بێ حورمەتیی کاربەدەستانی زیندان لە سەرەوە تا خوارێش لەجێی خۆی. ساڵی ٧٧ بوو. بارودۆخەکە زۆر شپرێو و لەتاقەتبەدەر ناخۆش بوو. ئێمەی زیندانییە سیاسییەکان مانمان گرت، بەڵام بەجێی وەڵامدانەوە بە ویست و داواکانمان کە باشترکردنی خواردن و بێهداشت، بارودۆخی زیندان و ڕەفتاری کاربەدستان بوو، بەتوندی سەرکوت کراین. هێزێکی پۆشتە و پەرداخ ڕژانە بەند و بە باتووم و هەموو جۆرە چەکێک ڕژانە سەرمان و لێیان داین. دوایەش کۆمەڵێک لە هاوبەندییەکانی ئێمەیان بۆ زیندانی شارەکانی دیکە دوور خستەوە. ئەمن ٨ ساڵ لەو بارودۆخەدا بەند کرابووم و تەنیا هیوا بە ڕزگاری و درێژەدانی ئەرک و ئامانجەکانم بوو کە ڕایگرتبووم.

تاڵتر لەوە نییە لەگەڵ هاوڕێیەکت لەسەر بیروباوەڕی هاوبەشت بگیرێن و بەبەرچاوی خۆت بیبەن بۆ ئێعدام. دوو کەس لەو هاوڕێیانەی لە تیمێکدا بووین - کاک عەبدوڵڵا ئەمینی و کاک سەید کەریم ڕاج - کە سزای ئێعدامیان بەسەردا

سەپابوو، ساڵی ١٣٧٤ هێنایاننەوە ئیتلاعاتی بۆکان و بەداخەوە لەدار دران و تەنانەت تەرمەکانیشیان نەدانەوە بە بنەماڵەکانیان. ئەم ڕووداوانە کاریگەریی قووڵ لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەت دادەنێ و تۆڵە و ڕقێکی پیرۆز لە ناختدا دەگووڕێ. ئەو ڕقە پیرۆزە کە ئاوێتەی وەفا و ئەمەگ بۆ ئەم شەهیدانە و درێژەدان بە ڕێگەیان دەبێ، بۆ ئانوساتێکیش بێ بەرت نادەن و بڕوابەخۆ و دڵنیا لە ڕێبازەکەت دەتهێڵنەوە و بەرگەگرتن لە زیندانیشت بۆ ئاسانتر دەکەن.

دەرد و مەینەتییەکانی زیندان خۆ هەر بۆ خۆت نین، بنەماڵە و کەسوکاریش لە سۆنگەی تۆوە تووشی سەدان چەرمەسەری و بێهیوایی دەبن. ئەوان جیا لە بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئازاری بەندکرانی تۆ و لە پێناوڕزگارکردنت، پێڕاگەیشتن و چاوپێکەوتنت، دەبێ زۆر نەهامەتی بچێژن؛ جا ئەویش ئەگەر لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەسکورتیش بی. لێرەدا ناتوانم باس لە ئەمەگ و وەفای هاوژینەکەم «عەزیمە دغۆ» نەکەم کە سەرەڕای ئەوەی دەیزانی ٢٠ ساڵ زیندان یانی هەموو تەمەنی گەنجێتی، بەڵام شانی وەبەردا. ئەو زۆر بەورە و بە دڵسۆزییەوە چاوی بەسەر منداڵەکانمانەوە بوو و گەورەی کردن و پێی گەیاندن. ئەو نموونانە لە ئازایەتی و هەست بە بەرپرسایەتی هەتوانێکن بۆ زام و برینی دڵە بریندارەکەت؛ بۆیە جارێکی دیکەش سڵاو بۆ ڕوحی دەنێرم کە دوای ڕاکردن لە زیندان و هاتنەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتیش لەبەرامبەر هیچ کۆسپێکدا بەچۆکدا نەهات و لە هیچ قۆناغێکدا پشتی تێنەکردم.

دوای ٨ ساڵ مانەوە لە زیندان و لە سەرەتای ساڵی ١٣٨١دا بنەماڵەکەم توانییان دوای هەوڵدان و وەدواکەوتن و لە دەرگادانێکی زۆر، بەبۆنەی نەورۆزەوە چەند ڕۆژێکم مەرەخەسی بۆ وەرگرن، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو کە من قۆستمەوە و لەگەڵ ئەوەی باجێکی قورسی ماڵیمان بۆ دا، بەڵام یەک و دووم لێ نەکرد و خۆم گەیاندە ڕیزی ئاشکرای تێکۆشەرانی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان.

دوای ڕاکردن لە زیندان زۆر بژاردە لەبەردەمم بوو. دەسپێکردن بە ژیانێکی مەدەنی لە شارەکانی باشووری کوردستان، چوون بۆ دەرەوەی وڵات یان درێژەدان بە ژیانی تەواووەختی سیاسی؛ بەڵام ئەو ڕقە پیرۆزەی باسم کرد و بیرهێنانەوەی دوادیمەنی شەهیدانی ئێعدامکراو لە زیندان گرکانێک نین لە ناختدا کە بتوانی بەرەورووویان بییەوە یان خۆتی لێ لابدەی. بۆیە دوای ١٨ ساڵ ڕاکردن لە زیندان و دوای هەموو ئەو ماوەیە کە لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بۆ وەدیهێنانی خەونی شەهیدان درێژەم بە خەبات داوە، نەمتوانیوە بۆ تاقە یەک چرکەش بیر لە شتێکی دی، جیا لەوانە بکەمەوە. بۆیە بەسەرهاتی گیران و ڕاکردنم لە زیندان بە گێڕانەوەی بیرەوەریی تاڵی لەداردانی شەهیدان خالید شۆقی و هەمزە قادری کۆتایی پێدێنم.

شەهید خالید شۆقی پێشتر فەرماندەی هێزی ئاگری بوو و چوبووە تورکیە و لەوێ دەزگای ئەمنییەتیی ئەم وڵاتە گرتبووی و ڕادەستی ئێرانی کردبۆوە. ئەو ڕۆژەی ئێعدام دەکران، کاک خالید ڕووی لە من کرد و گوتی: کاکە وادیارە لەوەندە زیاتر نەمتوانی و درێژەدانی ئەم ڕێگایە بۆ ئێوە بەجێ دێڵم. دوایەش کۆمەڵێک ڕاسپاردەی هەبوو کە پێی دام و گوتی بیگەیەنە بە بنەماڵەکەم. فرمێسک نا، دەبێ بڵێم ڕووباری خوێن بە چاوەکانمدا دەهاتنە خوارێ و بەبەرچاوی ئێمە و لەوپەڕی بێدەسەڵاتیی ئێمەدا بردیانن. ئەوان زۆر بەسەربەرزی و ڕووسوورییەوە بەرەوپیلی مەرگی شەڕافەتمەندانەیان چوون و، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی ئێمەمانان هەتا دواهەناسە ڕێبواری ئەم ڕێگایە بین.

لە ژمارەی ٧٤٨ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٩

-------------------------------------------------------

## ئەسعەد خزری



### میراتێک لە باوکەوە بۆ کوڕ

ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە گوندی «نەرزیوە»ی شنۆ لەدایک بووم. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران تەمەنم ٩ ساڵ بوو. باوکم (شەهید مەلاحەمەدەمین خزری) هەر پێش لە شۆڕش، پێوەندیی تەشکیلاتی بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو و، لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزب ببوو. هەر بۆیە منیش وەک مێرمنداڵێک لە نیزیکەوە بە هەستی کوردایەتی، پێشمەرگایەتی و شۆڕش ڕاهاتم. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی شاری شنۆ و ناوچەکانی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە داگیر کرا و، حیزبی دێموکراتی کوردستان و باقی هێزەکانی کوردستان ناوچەی شنۆیەیان بە ناچاری بەجێهێشت. باوکیشم وەک زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو کات سەرەڕای ئەوەی خاوەن ژن و منداڵی ورد بوو، ناوچەی شنۆی بەجێ هێشتوو و بەکردەوە سێبەری وەک باوک لەسەر ئێمە لاچوو. هەتا ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ ٧ هاوسەنگەری دیکەی کە لە مەئموورییەتێکی حیزبی بوون، لە لایەن ئەرتەشی داگیرکەری تورکیەوە لە سنوورەکانی باکووری کوردستان شەهید کران.

هاوکات لەگەڵ خەباتی باوکم، ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە ڕێگای کادرەکانی کومیتەی شارستانی شنۆ و بە تایبەتی شەهید «مراد عەزیزی»یەوە، بەو قەناعەتە گەیشتم کە لە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەست بە تێکۆشان بکەم. بۆیە شەهیدبوونی باوکم نەک ورەی منی دانەبەزاند، بەڵکوو بەهێزتری کردم. هەتا ڕۆژی ١٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی کە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆوە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیرام؛ درێژەم بە کار و چالاکیی حیزبی دا.

هەر لەو ڕۆژەوە و بۆ ماوەی چەند حەوتوو لە ئیدارەی ئیتلاعات بە توندترین شێوە ئەشکەنجە درام، بەڵام لەسەر ئەوە سوور بووم کە دان بە هیچ چالاکییەکمدا نەنێم. پاش ئەم چەند حەوتوویە کە بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعات بە هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەک نەیانتوانی بە چۆکمدا بێنن، ڕەوانەی بەندیخانەی دەریای ورمێ کرام و پاش ماوەیەک لە دادگایەکی فەرمایشیدا دوو ساڵ زیندانم بەسەردا سەپا. لەوێ سەرەتا بۆ بەندی ١٥ لە بەندیخانەی دەریای ورمێ کە تایبەت بوو بە بەندییە سیاسییەکان گوازرامەوە و پاشان هاوڕێ لەگەڵ باقی زیندانیانی دیکەی سیاسی بۆ بەندی ١٤ گوازراینەوە و تا تەواو بوونی ماوەی حوکمەکەم، واتا ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی لەو بەندە مامەوە.

بەندەکەی ئێمە لە زیندانی دەریا زیاتر لە ٣٠٠ کەسی تێدا بوو. لە سنەوە هەتا دوایین ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندانیمان هەبوو، دیارە زۆربەی هەرەزۆریان بە تاوانی! هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات گیرابوون. هەڵبەت ١٥ بۆ ٢٠ کەسێکیش کە کورد نەبوون و، بە تاوانی هاوکاری و ئەندامبوون لە تەشکیلاتی حیزبە سەرانسەرییەکانی ئێران و هەروەها بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ وڵاتانی بیانی بەند کرابوون. ئەو کەسانەی بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتدا دەسبەسەر کرابوون، لە هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە پێک هاتبوون.

لە ماوەی دووساڵ مانەوە لە زینداندا لە گەڵ خەڵکانێکی جۆراوجۆر ئاشنا بووم و تەنانەت لە نێو زیندانیشدا بە باوەڕی قووڵ و ورەی بەرزەوە بڕیارمان دا وەک ئەندامی نهێنیی تەشکیلاتی، درێژە بە کار و چالاکییەکانمان بدەین. دواتر زۆرێک لەوانە بوون بە پێشمەرگە و ئێستاش لە ڕیزەکانی خەبات دان.

**لێرەدا دوو بیرەوەریی زیندانم دەگێڕمەوە.**

لەگەڵ کۆچکردوو کاک ئەحمەد ڕەسووڵی خاڵتاوێ، ناسراو بە ئەحمەد ئاغای خاڵتاوێ هاوخەرج بووم لە نێو یەکێک لە کووپەکانی بەندا. بەبۆنەی ئەوەی کە لەگەڵ باوکم هاوڕێ بوو هەر پێشووتریش یەکترمان دەناسی. کاک ئەحمەد سەرەتا حوکمی دە ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپابوو، لەدوای ئێعتراز دان، پاش چەند مانگێک سەرلەنوێ حوکمی تازەی بۆ هاتەوە و بانگیان کرد و نامەکەیان پێدا. منی بانگ کرد و گوتی بۆم بخوێنەوە! منیش چاوم لێکرد و گوتم بە داخەوە، گوتی چی بووە پێم بڵێ! گوتم بە داخەوە سێ ساڵ زیندانیت بۆ هاتۆتەوە. نامەکەی بە توندی لێ ئەستاندمەوە و گوتی: «وەدە وەدە... وامزانی حوکمی سێدارەیان بۆ بڕیوەمەتەوە! وەڵا گۆڕی باوکیان وا لێدەکەم ئەو سێ ساڵەی هەر بە خەو تەواو دەکەم!» من بەش بە حاڵی خۆم جگە لەوە کە قەت لە بیرم ناچێتەوە، لە بەرامبەر ئەو ئیرادە بە هێزەشدا سەر دادەنەوێنم بۆ کەسێکی سەرووی تەمەن ٦٠ ساڵ و خاوەن ژن و منداڵ ئاوا خۆڕاگر و بەورە بێ.

**به پێویستی دەزانم لێرەدا باسی دوو لاوی هەست بەرز و وره پۆلایینیش بکەم.**

بەڕێزان ڕەحیم مەحموودی و سۆران مەحموودی کە ئامۆزا بوون و خەڵکی ناوچەی مەهاباد و بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزب گیرابوون (بە خۆشییەوە ئێستا هەر دووک پێشمەرگەی حیزبن.) حاجی ڕۆستەم خەڵکی سینگانی شنۆ تەمەنی سەرووی ٧٠ساڵ دەبوو ئەویش بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزب گیرابوو و درابوو بە کووپەی کاک ڕەحیم و سۆران.

ئەو دوو لاوە تازەپێگەیشتووە کە تەمەنیان نیزیک ١٨ ساڵ دەبوو، ئەوەندە ئەوگری کوردایەتی و خزمەت کردن بە گەلەکەیان بوون، ئەو خزمەتەی بە حاجی ڕۆستەمیان دەکرد دەتوانم بڵێم مامە حاجی لە ماڵی خۆشی ئاوا خزمەتیان نەدەکرد. ئێمە دەمانتوانی حەوتووی دوو جار بچین بۆ حەمام، کۆی بەندەکەمان بەگشتی لە یەک داندا، ئەو دوو گەنجە ڕۆح سووکە سەرەتا مامە حاجیان لە حەمام، کوردەواری گوتەنی وەک گوڵ دەشووت پاشان بە خۆیان ڕادەگەیشتن. ئەوە هەتا کاتی ئازاد کرانی کۆچکردوو حاجی ڕۆستەم لە زیندان هەر درێژەی هەبوو. دەبێ بە کەسانی ئاوا شۆڕشگێر و خاوەن هەڵوێست شانازی بکەین. کۆماری ئیسلامی ئەحمەد ئاغای خاڵتاوێی کە خاوەن ژن و منداڵ بوو و سەرووی ٦٠ ساڵ تەمەن بوو و، هەروەها لاوانی وەک ڕەحیم و سۆران بە تاوانی ئازادیخوازییەوە لە زیندان کردبوو، بۆ وەی بە گومانی خۆیان، پەشیمان ببنەوە، ئیدی نەیاندەزانی ئەوانە دەبنە هێمای ئاکاربەرزی و خۆڕاگری بۆ ئێمە و ئێستا و ئێستاش من شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە ڕۆژانێک هاوڕێی ئەوان بووم.


لە پاش تێپەڕکردنی دوو ساڵ زیندان ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوەی ٧٦ی هەتاوی ئازاد بووم. ساڵێک دوای بەربوونم لە بەندیخانە هاتمە ڕیزی ئاشکرای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش چەند ساڵان ڕووم کردە وڵاتی نۆروێژ و، لێرە درێژەم بە ژیانی سیاسیی خۆم داوە.

**لە ژمارەی ٧٤٩ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩**

--------------------------------------------------------

# محەممەد فەتاحی



### جەزرەبە لەپێناو باوەڕدا

محەممەد فەتاحیم ناوە، ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی یەنگیکەندی فەیزوڵڵابەیکی بۆکان لەدایک بووم. لەبەر ئەوەی گوندەکەمان هەر قوتابخانەی سەرەتایی هەبوو، منیش لەوەندە زیاتر نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم. مێردمنداڵ بووم کە ماڵمان هاتە بۆکان و منیش بووم بە شاگرد خەیات و کاری بەرگدروویم وەک پیشەی ژیان هەڵبژارد. کە شۆڕشێ ساڵی ٥٧ کرا تازەلاو بووم و لە هەر دوو خۆپیشاندانەکەدا کە لە بۆکان کرا بەشدار بووم. لەبیرمە کە «یوزباشی»، سەرۆکی شارەبانیی بۆکان تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و لەو ڕووداوەدا دوو کەس شەهید و چەند کەسێکیش بریندار بوون.

ڕۆژ و مانگەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش تایبەت و پڕ ڕووداو بوون. بۆکانیش شارێکی زیندوو و ناوەندی چالاکیی حیزبە سیاسییەکان لە هەموو جۆر و تەیفەکانی بوون. منیش کاری سیاسیم لەگەڵ ڕێکخراوی چریکەکان دەست پێکرد. لە بیرمە ئەوکات ئەمن و چەند هاوڕێیەکی بەرگدرووم وەک یەکەم ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی و سینفی توانیمان سەندیکای «خەیات»ەکانی بۆکان دابمەزرێنین؛ بەڵام دوای نیشتنەوەی کەفوکەڵەکانی دوای شۆڕش و سەرلێشێواوی و ئینشعاب لەم ڕێکخراوەیە، ئەمن لە ساڵی ١٣٥٩ ڕیزی خۆم لێ جیا کردنەوە و پێوەندیم بە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت.

ساڵی ٦٠ کە هێشتا بۆکان نەگیرابۆوە و هێزی پێشمەرگەی تێدابوو، ئەمن ژیانی هاوبەشێم پێک هێنا. ئەوکات ئێمە وەک ئەندام کارمان ڕاپەڕاندنی ئەرکی تەبلیغی و پێسپێردراوەکانی دیکەی حیزبی بوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕێژیم دەسەڵاتی خۆی

بەسەر شاردا سەپاند، ئێمە وەک شانەیەکی تەشکیلاتی نهێنی درێژەمان بە کاری خۆمان دا. ئەرکەکانمان ئەو کات کاری نیزامی، هەواڵگری و هەروەها کاروباری تەبلیغی بوو. ڕۆژی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦١ هێشتا چەند مانگ لە زاوایەتیم تێنەپەڕیبوو، لە دووکان خەریکی کار بووم کە هێزەکانی ئیتلاعات بەسەریان دادام و لەگەڵ خۆیان بردیانم.

بۆ کەسێک کە خۆی گیرابێ، یان ئەوانەی کەمێک کۆماری ئیسلامی و ئیدارەی ئیتلاعات ئەویش لەو سەردەمدا بناسن، پێویست بە گێڕانەوە ناکا کە لە گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا چی دەگوزەرا و چییان بەسەر زیندانیی سیاسی دەهێنا. ڕێز و حورمەتی مرۆیی لە زاتی ئەواندا نەبوو، بەڵام ئەشکەنجە و ئازار بەپێی فیلان و لەگێڕانەوە نەهاتوو. بۆ ماوەی 4 مانگ و نیو ئەمن لەو بارودۆخەدا بەرگەم گرت، دوایە بەڕێی سەقزیان کردین بۆوەی حاکمی شەرع بێ و بڕیارمان لەسەر بدا و دوای ١٥ ڕۆژ ڕاگیران لەوێ ناردیانینەوە بۆکان و لەوێوە بەڕێی بەندیخانەی ناوەندیی سنە کراین. هەر لە نێو بەندیخانە مەلایەک بە ناوی «قەددەمی» وەک قازی بڕیاری لەسەر داین و ئەمن سزای ساڵێک زیندانیم بەسەردا سەپا، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەبیبووم بە «تەواب»، سزای زیندانیم لەسەر زیاد کرا بۆ زیندانی گەوهەردەشتی کەرەجیان دوورخستمەوە و ١٨ مانگ لەوێ بەند کرام. لەو ماوەیەدا هاوژینی تازەبووکم گەڕابۆوە ماڵی باوکی...

دوای بەربوونم لە زیندان دەمودەست پێوەندییم بە تەشکیلاتی حیزب گرتەوە و لە کاروباری حیزبی تێ هەڵچوومەوە و لە شانەیەکی نوێدا ڕێک خرام. ئێمە هەتا گەلاوێژی ١٣٦٤ لە کاروباری حیزبی بەردەوام بووین، بەڵام بە داخەوە شانەکەمان ئاشکرا بوو، چەند کەس لە ئەندامانی شانەکە گیران کە یەک لەوان بەناوی حوسین ناسکی دوایە بەداخەوە ئێعدام کرا. ئەمن و چەند کەس لە هاوڕێیانی دیکەم پێش ئەوەی دەستبەسەر بکرێین خۆمان گەیاندە هێزەکانی پێشمەرگە.

هێشتا دوو شەو نەبیبوو هاتبووینە دەرێ کە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم تێکهەڵچووین و ئەمن لەو شەڕەدا بریندار بووم. دوای باوخۆشبوونەوەی برینەکەم ناردیانم بۆ «گەلاڵە و گەورەدێ» بۆوەی دەورەی پێشمەرگایەتی ببینم. دوای تەواوبوونی دەورە و پاش ماوەیەک پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٣٦٥، لەسەر بڕیاری کۆمیسیۆنی سیاسی_نیزامی و بە مەبەستی کاری تەشکیلاتی خۆم ڕادەستی حوکمەت کردەوە.

پاش ماوەیەک خۆ ماتکردن و ڕاگرتنی جموجۆڵی تەشکیلاتی، دەستمان بە کار کردەوە هەتا سەرەتای بەهاری ١٣٧٢ کە بەهۆی سیخوڕیی کەسێکی نفووزی گرتیانینەوە.

ئەمجارەیان بەڕێی ئیتلاعاتی ورمێ کراین و ئەمن بۆ ماوەی ٧ مانگ بێسەروشوێن بووم و بنەماڵەکەمیان لە بێخەبەریدا

ڕاگرت. بارودۆخی ئەمجارەی من بەهۆی ڕابردووی گیران و چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانەم جیاواز بوو. بۆیە هەتا خودا حەز بکا ئازار درام و جەزرەبەیان دام. ئەمجارەیان لە دادگای شۆڕشی مەهاباد بە بڕیاری قازی «جەلیلزادە» سزای ٨ ساڵ زیندانیم بەسەردا سەپا و بۆ کێشانی ماوە زیندانییەکەم بەڕێی زیندانی دەریای ورمێ کرامەوە. وە ڕێک ٨ ساڵ لەو بەندیخانەیەدا بەرگەم گرت و لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی و ئامانجەکانم ئازار و ئەزیەت و جەزرەبەدانم چێشت.

خوینەرانی ڕۆژنامە «کوردستان» لە بەشەکانی پێشووشدا و لە زمان چەند هاوسەنگەرێکی حیزبیم کە ئەو کات هاوبەندیشم بوون، وەک کاک ڕەحمان مەحموودی و کاک ڕەحیم مەحموودی و... باس و بەسەرهاتی زیندانی ورمێ و بەندەکانی و شێوەی پێڕاگەیشتن بە بەندیی سیاسی و چۆنیەتیی مافەکانیان بیستووە و خوێندوویانەتەوە؛ بۆیە من ناچمەوە سەر ئەو باسە. بەڵام دەپرژێمە سەر چەند تەوەری تر لەو بەسەرهاتە.

ئەمن و مریەمی خێزانم ٥ منداڵمان هەیە. ئەو کات کە بۆ جاری دووهەم گیرامەوە چوار منداڵمان بوو، وە ئەرکی سەرپەرستی و پێڕاگەیشتن بە ماڵ و منداڵ و بەڕێچوونیان لەو ماوەیەدا هەمووی لە ئەستۆی خێزانم بوو. بۆیە بێ ئەمەگی دەبوو ئەگەر ناوم نەهێنابا و باسم لەو هەمووە ئازارە نەکردبا کە ئەو و منداڵەکانمان لەو ماوەیەدا لە سۆنگەی زیندانیبوونمەوە چاشتیان و بەرگەیان گرت. هیچ قەڵەمێک و هیچ زمانێک و هیچ گێڕانەوەیەک ناتوانێ تەعبیرێکی وەک خۆی لەو ڕۆژ و عەیام و سەختییانە بکا کە من لە زیندان و بنەماڵەکەم لە دەرەوەی زیندان چێشتمان.


دوای بەربوونم لە زیندان ماوەیەک پشووم دا، بەڵام کەسێک کە فرچکی بە کوردایەتی گرتبێ و لە فێرگەی حیزبی دێموکراتدا گۆش کرابێ، چۆن دەتوانێ ستەم و چەوسانەوە ببینێ و لەدژی هەڵویست نەگرێ. ئەوە بوو کە سەرلەنوێ پێوەندیم بە حیزبی دێموکرات گرتەوە و ساڵی ١٣٨٦ کە هەستم بە مەترسیی گیران دەکرد، بە یەکجاری ماڵم لە کۆڵ کرد و لە سەنگەری ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا بە عەرزم دادا و بوومە پێشمەرگە. وە ئێستاش کە ١٣ ساڵ لەو کاتە ڕادەبرێ، خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتیم.

لە ژمارەی ٧٥٠ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

--------------------------------------------------------

## محەممەد مستەفاپوور



### ٦ ساڵ حەبس بێ ئەوەی حوکم درابێتی!

محەممەد مستەفاپوورم، محەممەد لیلانەییم پێ دەڵێن. ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە گوندی لیلانێ لەدایک بووم و هەتا پۆلی پێنجی سەرەتاییم خوێندوە.

ئاشنایەتیی من لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێش سەردەمی شۆڕشی ٥٧ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە منداڵ بووم و بابم لە مەزرا و مووچە و لە کاتی کار و پشووداندا باسی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو کاتی بۆ دەکردم، وەک بەسەرهاتی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ و چۆنیەتیی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و ڕێبەرانی دیکەی ئەم جووڵانەوەیە. ئەوەش وایکردبوو کە هەست و خۆشەویستیی پێشمەرگایەتی و نیشتمانپەرەوری لە ناخمدا گەشە بکەن.

گوندەکەی ئێمە لە ڕۆژانی شۆڕشی ٥٧دا بەهۆی چەند کادر و کەسێکی سیاسی و شۆڕشگێڕەوە جموجۆڵی تێکەوتبوو، دوایەش هێزی پێشمەرگەی حیزب هاتن و لە گوندەکەی ئێمەش بنکە و مەقەریان دانا. هێزی «پشتیوان»یش بۆ ماوەیەکی زۆر لە گوندەکەی ئێمە مابوونەوە و منیش یەک لەو کەسانە بووم کە ئەم ڕووداوانەم لە نیزیکەوە دەدی و کاریان تێدەکردم و وردە وردە بۆ لای حیزبی دێموکرات ڕاکێشرام.

ساڵی ١٣٦٠ بە ڕەسمی داوام لێکرا ببمە ئەندامی حیزب و سەرەتای کاری سیاسی و ڕێکخراوەییم بە ئەندامەتیی یەکیەتیی لاوان دەستی پێکرد. بەفرانباری ساڵی ١٣٦٢ بە یەکجاری هاتمە دەرێ و پاش ماوەیەک مانەوە لە هێز و کۆمیتە شارستان

کۆتاییەکانی ساڵی ٦٣ لە «زانکۆ»ی حیزب لە «گەلاڵە» کە ناوەندی فێرکردن و پەروەردەی حیزب بوو، دەورەی سیاسی و پێشمەرگایەتیمان بینی. دوای دەورەش لە هێزی «مینەشەم»دا سازمان درام. لەو قۆناغە سەختەی خەباتی چەکداریدا بەشداریم لە زۆر لە شەڕ و عەمەلیاتەکانی هێزی «مینەشەم»دا کردوە، وەک عەمەلیاتی «کانییەرەش»ی مەهاباد، گرتنی پایەگای سیسێر، گرتنی پایەگای جانداران و چەند عەمەلیاتێکی گرتنی جادەی مەهاباد - سەردەشت.

ساڵی ١٣٦٥ کە هێزەکان لە دەوری دەفتەر سازمان دەدرانەوە، هێزی ئێمە ناوەکەی گۆڕا بە هێزی «زمزیران» و یەکەم بەرپرسایەتیم وەرگرت کە جێگرپەلی بوو. دواتر دەورەی بێسیم و «تەخریب»م بینی.
ساڵی ١٣٧٢ بە هەماهەنگیی بەرپرسانی حیزب و لە بنەڕەتدا بۆ ڕاپەڕاندنی چەند ئەرک و بەرنامەیەک لە ڕیزەکانی حیزب جیا بوومەوە و خۆم ڕادەستی حوکمەت کردەوە بۆوەی دواتر بتوانم ئەرکە پێسپێردراوەکانم بەجێ بگەیەنم.

هەتا ئەو کاتەی لەلایەن ئیتلاعاتەوە گیرام، ئەرکێکی زۆری حیزبیم بەجێ گەیاند. ئەمن بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی مۆرەیەکی ڕێژیم کە حیزبی دێموکرات بە سزای خەیانەتەکانی گەیاندبوو، گیرام. ماوەی ٦ مانگ لە ئیتلاعاتی سەردەشت لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا هێشتیانمەوە بۆوەی بەرپرسایەتیی کوشتنی ئەو مۆرەیەی ڕێژیم بگرمە ئەستۆ. پاش ئەو ماوەیە بەڕێی «دادسەرای ئینقلاب»ی مەهاباد و لەوێرا بەڕێی بەندیخانەی ئیتلاعاتی ئەم شارە کرام و بۆ ماوەی یەک ساڵ لەوێ ڕایانگرتم. لەو یەک ساڵەدا سێ جار دایانم بە دادسەرای شۆڕش و دوای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە دەیاننادرمەوە بۆ زیندانی ئیتلاعات. پاشان بەڕێی زیندانی ورمێیان کردم و بێ ئەوەی هیچ حوکمێک درابێتم و چارەنووسم ڕوون بێ؛ خرامە ئەو بەندیخانەیەوە. پاش چەند مانگ لە بەندیخانەی ورمێ بردیانمە دادگای شۆڕش و ئەمجارەش بێ ئەوەی حوکم بدرێم نێردرامەوە بەندیخانە.

ڕۆژێکیان لە زیندانی ورمێ گوتیان ملاقاتت هەیە. لەگەڵ گەیشتن بە ژووری بەرپرسی زیندان، کەلەپچەیان کردم و لاقیان بەستم و یەکسەر بەڕێی زیندانی ئیتلاعاتی سەردەشت کرامەوە. لەوێ هەر یەکەم شەو دوای کەمە خواردنێک لە زیندان نەخۆشییەکم پێوە نووسا و ماوەی سێ حەوتوو تووشی خوێنبەربوون بووم، بەڵام کەس لای لێ نەکردمەوە و بەڕێی هیچ ناوەندێکی دەرمانی نەکرام. ٨ مانگی دیکەش لە سلولی زیندانی ئیتلاعات خرامەوە ژێر ئەشکەنجە، وەک بڵێی تازە یەکەم ڕۆژەکانی گیرانم بێ. دیارە مەبەست لەو ئەشکەنجەیەش هەر وەرگرتنی دانانی من بە کوشتنی ئەو مۆرەیەی ڕێژیم بوو. ئەشکەنجە و ئازارەکانی ئەم ماوەیە نە لە گێڕانەوە دێن و نە بە نووسینیش دەکرێ باسیان بکەی. هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و ڕووحی. وە لە هەموو ئەو ساڵ و مانگانەدا نەک نەیانهێشت چاوم بە بنەماڵەکەم بکەوێ، تەنانەت هەواڵی کوشتن و ئێعدامکردنمیان بە بنەماڵەکەم دابوو.

لەو ماوەیەدا نە خواردنێک هەبوو کە بتوانم خۆمی پێ ڕابگرم، نە ڕاخەر و پەتۆیەک لە سەرمادا و نە پانکە و فێنککەرەوەیەک لە گەرمادا، نە پاک و خاوێنییەک و نە پێڕاگەیشتنێکی پزیشکی لەو سللولە بۆگەن و نۆتەکەدا، بەڵام تا خوا حەز بکا ئەشکەنجە لە هەموو جۆر و شێوەکانی...

دوای دوو ساڵ بەندکرانم لە زیندانەکانی ئیتلاعاتی سەردەشت و مەهابادا جارێکی دیکەش پەروەندەکەیان خستە بن هەنگڵم و بۆ دادسەرای مەهابادیان ناردمەوە. لەوێ چاوم بە کوڕێکی خەڵکی گوندی خۆمان کەوت کە لەسەر مامەڵەی سیگار گیرابوو. کە منی دی خۆی پێ ڕانەگیرا و باوەشی پێداکردم و گوتی ئەوە ماوی؟ گوتم بۆ؟ گوتی هەموو وادەزانن کە ئێعدام کراوی... دیسان دوای دادگایی کردنەوەم ناردیانمەوە زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد و دوو مانگی دیکەش لەوێ هێشتیانمەوە و پاشان بەرێی بەندیخانەی گشتیی مەهاباد کرام و ١٨ مانگی دیکەش لەوێیان هێشتمەوە. لەو ماوەیەدا چەند جارێکی دیکەش بردیانمەوە دادگا و گوشار لەسەرم بۆ ئەوەی دان بەو تاوانە دابنێم هەر بەردەوام بوو. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەم دادگایی کردنانەدا ویستیان بە پیلان بەرپرسایەتیی ئەم کوشتنەم بەئەستۆ داببڕن کە بەهۆی وشیاریی خۆم بۆیان نەچووە سەر.


ئەم هاتوچۆیەی نێوان دادسەرا و زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد بەردەوام بوو و دوای ٤ مانگی دی مانەوەم لە زیندانی ئیتلاعاتی سپا پێیان ڕاگەیاندم کە بە بارمتەی ٧٠٠ میلیۆن تمەن بەشێوەی کاتی ئازاد ببم. ئیدی توانیم بەشێوەیەک پێوەندی بە بنەماڵەکەمەوە بگرم، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەم نەیانتوانیبوو ئەم بارمتەیە دابین بکەن، شەش مانگی دیکەش لە زینداندا مامەوە. دوای ئەوەی بنەماڵەکەم توانییان بەهەر جۆرێک بێ ئەو بارمتەیە جێبەجێ بکەن، پاش ٦ ساڵ مانەوە لە زیندانەکانی ڕێژیم و بێ ئەوەی هیچ حوکمێک بدرێم، لە زیندان ئازاد بووم.

دوای بەربوونم لە زیندان ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا، بەڵام ئەم ماوەیە و گەڕانەوەم بۆ ژیانی ئاسایی تەنیا چەند ساڵێکی نەبرد کە بەهۆی پێداگری و بەدواداچوونی بنەماڵەی کوژراوەکە و ئەوانەی شکایەتیان لێم هەبوو دیسان حوکمی گرتنم دەرچوو، بەڵام ئەمن خەبەرم زانی و هەستم کرد کە بێتوو ئەمجارە بمگرنەوە ئیدی دەربازبوونم بۆ نییە، بۆیە بڕیارم دا بە زووترین کات وڵات بەجێ بێڵم. ئیدی بەپەلە ماڵ و منداڵم بەجێ هێشت و خۆم گەیاندە ڕیزەکانی حیزب و ئێستاش ئەوە کادری حیزبی دێموکراتم و درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆم دەدەم.

لە ژمارەی ٧٥١ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی٢٠١٩

## حەسەن مەلاک



"قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە..."

ئەمن حەسەن مەلاک ساڵی ١٣٤٤ لە گوندی «حاجی حەسەن»ی ناوچەی شاماتی مهاباد لەدایک بووم. ساڵی ١٣٥٨ بوومە ئەندامی حیزب و بۆ ماوەیەک لە پەلی شەهید خەلیل شەوباش لە لکی دووی هێزی پێشەوادا وەکوو پێشمەرگە ئەرکم بەڕێوە برد، دوای دوورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە، لە ساڵی ١٣٦٢دا لەسەر داوای بەرپرسانی ئەوکاتی بوومە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی لە ناوچەکانی شامات، محاڵ، محاڵی شازدە، چۆمی مەجیدخان و هەروەها لە ناوچەی شارویرانیش کارم کردووە.

سەرەتا کارم چاوساغی بۆ کومیتەی ناوچەکان و دابینکردنی شوێنی مانەوە و ڕاگواستنی پێشمەرگەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بوو، لە چوارچێوەی تەشکیلاتدا کاری ڕێکخستنی هێز و دابینکردنی ماڵی و ڕاکێشانی بیری لاوان بۆ لای حیزب و تەیارکردنیان بە بیری کوردانە بەشێکی دیکەی ئەرکەکانم بوون؛ تا ئەو کاتەی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی پێشمەرگەیەک بە ناوی «ع.س» خۆی تەحویلی ڕێژیم دایەوە و ئیعترافی لەسەر کۆمەڵە کەسێک کرد و بوو بەهۆی گیرانیان کە من یەک لەوان بووم. هەر لە سەرماوەزی ئەم ساڵەدا یەکەیەکی ئیتلاعاتی مهاباد هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەم لە گوندی حاجیحەسەن و دەستبەسەریان کردم و گواستیانمەوە بۆ گرتووخانەی ئیتلاعات. لە دوای گیرانم داوایان کرد تا هاوکارییان بکەم، بەڵام کە من ڕەتم کردەوە دەستیان کرد بە ئەشکەنجە و ئازاردانم.

لەو ماوەیەدا بە کۆمەڵێک شێوە ئەشکنجە کراوم، لەوانە: هەڵاوەسین بە دەست لە سەرمای ژێر سفر دەرەجە تاکوو ئەو

کاتەی لە هۆش خۆم دەچووم و دوای ئەوەی بە هۆش دەهاتمەوە، دەیانبردمە ژووری تاکەکەسی و هەندێک جاریش بۆ ساڵۆنی زیندانیان دەگواستمەوە؛ دانیشتن بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەبێ جووڵانەوە، بەستنەوە بە دیواری زیندان و لێدان بە کابڵ؛ هەروەها جۆرێکی دیکەی ئەشکەنجەیان هەبوو کە ناچاریان دەکردم بە پێوە ڕوو بە دیوار بوەستم و قامک بە دیوارەوە بنێم تا ئەو کاتەی دەبوورامەوە، هاوکات یەکێک لە ئەشکەنجەکانیان کە دەروونی بوو هێنانی بنەماڵەکەم بوو بۆ نیزیک شوێنی لێدانەکان تا گوێیان لە ئازاردانم بوایە و بەوە بتوانن وورەی خۆم و بنەماڵەکەم دابەزێنن.

ئەو ساڵە دوای نیزیکەی ٤٥ ڕۆژ لێپرسینەوە و بازجوویی لە دادگایەکی چەند خولەکیدا بە ساڵێک زیندان و ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی سزا درام و بەڕێی زیندانی ناوەندیی مهاباد کرام و لە بەندی یەکی ژووی ژمارە سێدا زیندانی کرام.

بەندی یەک تایبەت بوو بە زیندانییانی سیاسی و ئەو کەسانەی حوکمی قورسیان (مادە هۆشبەرەکان و قەتڵ) هەبوو. سەرەڕای ئەوەی ئەژماری زیندانییانی سیاسی لەم دەورەیەدا کەم بوو بەڵام کۆی گشتی زیندانییانی دیکە ڕێزێکی کەموێنەیان لە ئێمە دەگرت و هەستمان بە بێکەسی و تەنیایی نەدەکرد. دوای ماوەیەک مانەوە لەو بەندە ئەمجار دەیانبردین بۆ کاری زۆرەملی لە حەوشەی زینداندا، ئەوەی ئەو ماوەیە سەرنجی منی ڕاکێشا و زۆری پێوە ناڕەحەت بووم، بوونی کەسێک بوو بە ناوی مام نەسروڵڵا کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزب ماوەی ١٤ ساڵ لە زیندان بوو بەڵام نەناسراو بوو و بگرە حیزبیش بە جۆرێک لە چارەنووسی بێخەبەر بوو.

هەر لە نێو زیندان بووم کە کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی تەشکیلاتی نهێنی سەردانیان کردم و ئامادەیی دووبارەی خۆم دەربڕی بۆ درێژەدان بە کاری تەشکیلاتی. دوای ئازادبوونیشم هەر زوو کومیتەی ناوچەی شارویران نامەیەکی بەخێرهاتنەوەی بۆ ناردم و منیش وڵامم دانەوە و دووبارە پەیوەندیی تەشکیلاتیم دروست کردەوە، تا ساڵی ١٣٧٥ بەهۆی گیرانی کادرێکی تەشکیلاتی، ئەمن و بەشێک لە تەشکیلاتی شامات ئاشکرا بووین و چەند کەسێکمان دەستگیر کران، بەڵام چەند کەسمان خۆمان دەرباز کرد و بۆ ماوەیەک لە ناوچەی سەردەشت و مهاباد خۆمان حەشار دا.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا حیزب لە ڕێگای ڕادیۆوە پەیامی بۆ دەناردین و بانگەوازی دەکرد تا خۆمان بە هەر شێوەیەک بێ بگەیەنینە کومیتەی شارستانی مهاباد کە لە باشووری کوردستان جێگر بوون، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانمان بۆ دەرباز بوون و گەیشتن بەوێ؛ بەداخەوە بەهۆی شەڕی نێوخۆیی هێزەکانی باشووری کوردستان نەماندەتوانی لە سنوور دەرباز بین. بۆیە بە تێپەڕینی کات و بە نێوبژیوانی چەند ڕیش سپییەکی ناوچەی شامات کە دەست ڕۆیشتوویان زۆر بوو خۆمان ڕادەستی ڕێژیم کردەوە و دیسان ماوەیەک گیرام و لەلایەن ئیتلاعاتەوە بەبێ ئەوەی دادگا بڕیاری لەسەر دابێ بە دوورخرانەوە لە

کوردستان سزا درام و ناچار بووم بۆ ماوەی نیزیکەی سێ ساڵ دەگەڵ بنەماڵەکەم لە میاندواو بە دوورخراوەیی بژیم و هەفتەی جارێکیش خۆ بە ئیدارەی ئیتلاعات بناسێنم. بەڵام سەرەڕای ئەو چاودێرییە ئەمنییە کە لەسەرم بوو بۆ چرکەیەکیش وازم لە ڕێکخستن و چالاکیی جۆراوجۆری تەشکیلاتیی خۆم نەهێنا و لەو دوورخراوەییەشدا تێکۆشانم بەردەوام بوو.

هەر لەو پەیوەندییەدا پاییزی ١٣٧٨ بۆ جارێکی دیکە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی میاندواو بە تۆمەتی هاوکاریکردنی حیزبی دێموکرات دەستگیر کرامەوە و بۆ ماوەی چەند مانگ لە ژووری تاکەکەسی ڕایانگرتم و ڕۆژانە ئەشکەنجەیان دەدام. من ئەو ساڵە نیزیکەی چەند مانگێک لە زیندان بووم و دواتر بە دانانی بارمتە ئازاد کرام. ئەمن لە ماوەی ١٨ ساڵدا بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات تێکڕا نیزیکەی دوو ساڵ زیندانیم کێشاوە و بەسەدان جار بانگهێشتی ناوەندە ئەمنییەکان کراوم و دراومەتە بەر ئەشکەنجە و لێپرسینەوە و بە هۆی منەوە چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەشم تووشی زیندان و ئەشکەنجە بوون کە یەکیان کۆچکردوو یوونسی برام بوو کە ماوەی ٦ مانگ خرایە بەندیخانەوە.

ساڵی ١٣٩١ کە دووبارە لە هەوڵدا بوون دەستگیرم بکەنەوە و خەریک بوون بەڵگەیان لەسەر کۆدەکردمەوە و چەند جار ئیتلاعاتی پارێزگای ورمێ بانگی کردم، بە ناچاری کوردستانی ئێرانم بەجێ هێشت و ڕووم لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب کرد و ئێستاش ماوەی حەوت ساڵە وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆم دەدەم

لە ژمارەی ٧٥٢ "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی٢٠١٩

--------------------------------------------------------

# خالید ڕەواندووست



## کۆڵنەدان و نەسرەوتن

خالید ڕەواندووست»م، خەڵکی شاری شنۆم. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە ئاوایی نەڵۆس سەر بە شاری شنۆ لەدایک بووم. تەمەنم ٤ ساڵ بوو باوکم بەهۆی کێشە لەگەڵ ئاغای گوند و ملنەدان بە خواستی ئاغا و بێگاری نەکردن، ماڵی بار کرد بۆ شاری نەغەدە و لەوێ نیشتەجێ بوو. من لە شاری نەغەدە گەورە بووم و لە تەمەنی ٧ساڵیدا بۆ خوێندن نێردرامە قوتابخانە. هەتا پۆلی ١٠ لەو شارە دەرسم خوێند و پاشان بۆ درێژەی خوێندن چووم بۆ دانیشسەرای موقەدەماتی، کە بۆ یەکەم جار لە شاری نەغەدە دەکراوە و پاش دوو ساڵ خوێندن لەوێ وەک مامۆستا لە گوندەکانی شاری نەغەدە دەستم بە دەرس گوتنەوە بە منداڵان کرد. پاش ساڵێک بۆ سەربازی ڕەوانەی سەربازگەی «سەراب» کرام و پاش ٦ مانگ دەورەی نیزامی، وەک سپای دانیش بۆ درێژەی سەربازی ڕەوانەی شاری شنۆ کرام و لە ئاوایی قەڵاتیان دەستم بە دەرس گوتنەوە کردەوە.

ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە شارەکانی ئێران کە منیش وەک هاوڕێیانم لەگەڵ ئەوەی بەناو سەرباز بووین، لە هەموو دەرفەتێک خۆمان دەگەیاندە شار و شان بە شانی خەڵکی ڕاپەڕیو لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریمان دەکرد. بەهۆی ئەمانە و نووسینی ئینشا لە دژی سیستمی پاشایەتی تووشی گیران و زیندانی ساواک بووم.

بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، ئێمەش قوتابخانەکانمان بەجێ هێشت و پاش ماوەیەک وەک مامۆستا لە پەروەردەی شاری

شنۆ دامەزرام کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب و کرانەوەی بنکەکانی حیزب لە شار و گوندەکان. منیش لە کۆبوونەوەکان و میتینگەکانی حیزبدا بەشدار دەبووم، هەتا پاش ماوەیەک لە دامەزرانی یەکیەتیی لاوان لەسەر داوای بەرپرسانی ئەوکاتی یەکیەتیی لاوان هاوڕێ لەگەڵ هێندێک لە لاوە دڵسۆزەکان کە بەشێکیان ئێستاش لە ڕیزەکانی خەباتدان و هاوڕێیەتیمان مایەی شانازییە و یادیان شادی بەخشی دڵ و گیانە، بە دروستکردن و نواندنی چەند شانۆی شۆڕشگێڕی وەک شانۆی کاوەی ئاسنگەر و شانۆی ژیانی پێشمەرگە و چەند کاری هونەریی دیکە هاوکاریی ڕەسمیی خۆم لەگەڵ حیزب دەست پێکرد و؛ لەلایەن هاوڕێی خۆشەویستم کاک قادر فەتحی کە ئەوکات کادری شار بوو لە شانەیەکدا سازمان درام.

پاش ماوەیەک لە یەکەم کۆنفڕانسی شاردا بە ئەندامی کومیتەی شار و بەرپرسی کومیتەی شاری شنۆ دیاری کرام و ماوەیەکی کورت پاش کۆنفڕانسی شار لە کۆنفڕانسی شارستانیشدا بە ئەندامی کومیتەی شارستان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی شارستان دیاری کرام و هەتا کاتی گیرانەوەی شار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کاروباری شار و ئەرکەکانی حیزبیم لە خزمەت شەهید کاک نەبی قادری، کە ئەوکات بەرپرسی کومیتەی شارستانی شنۆ بوو و بە هاوکاریی ئەندامانی دیکەی کومیتەکانی شار و شارستان؛ کە هەموو نموونەی دڵسۆزی و وەفاداری و فیداکاری بوون بەڕێوە برد. پاش ماوەیەک لە گیرانەوەی شار لە دابەشکردنی نوێی کاری کومیتەی شارستان وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی ئینتشاراتی کومیتەی شارستان دیاری کرام. لە دوای ماوەیەک کارکردن لە ئینتشارات، لەلایەن کومیتەی شارستان ئەرکی بەرپرسایەتیی کومیتەی ناوچەی نەڵۆسم پێ ئەسپێردرا. شایانی باسە لە ماوەی کار لە کومیتەی شارستانی شنۆ لە کۆنگرەکانی ٥ و ٦ و ٧ی حیزب وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی شارستانی شنۆ بەشداریم کردوە کە هەموو کات شانازیم پێوە کردوە و شانازی پێوە دەکەم.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٥ بەهۆی گیروگرفتی بنەماڵەیی گەڕامەوە نێوخۆ و بۆ ماوەی مانگێک لە دەستبەسەرگەی ورمێ بەبێ ئیزنی چاو پێکەوتن لەژێر هەڕەشە و فشاری لە ڕادەبەدەری ڕووحی لەژێر لێپرسینەوە دابووم. پاش مانگێک بە زەمانەتی ٢ کەس، بەڕواڵەت ئازاد کرام بەڵام هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ هەموو ڕۆژێک دەبوو لە نەغەدە ڕا بچم بۆ ورمێ خۆم بناسێنم و قامکێکیان بۆ پێوەنێم و بگەڕێمەوە ماڵێ. هەموو کات لەژێر چاودێریدا بووم و داوای هاوکارییان لێ دەکردم، ڕۆژێکی دوو کەس لە هاوڕێیان کە ئەوانیش تازە خۆیان تەحویل دابۆوە و ئێستاش لە نێوخۆ دەژین هاتن گوتیان پێشنیاریان پێ کردووین و هەڕەشەشیان لێ کردووین کە دەبێ چەک هەڵگرین ئەتۆ چ دەڵێی؟ زۆرم قسە لەگەڵ کردن پەشیمانم کردنەوە کە ئەدی چ جوابی ئەو خەڵکە دەدەنەوە. دیار بوو سپا و ئیتلاعات پێیان زانیبوو و زۆر جاریش داوای هاوکارییان لێ دەکردم و هەموو جارێک بەو وڵامەی کە خومەینی لێبوردنی ڕاگەیاندوە بۆیە من هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی ئەو

ماڵ و منداڵە زۆرەم بەخێو بکەم و کارم بە هیچ لایەک نییە؛ خۆم دەپەڕاندەوە.

کە لەوەدا سەرنەکەوتن، سپا و ئیتلاعات بە ئاگاداریی ئیمام جومعەی شیعەکانی نەغەدە پیلانی تیرۆریان بۆ داڕشتم و شەوی ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٧ کاتێک لە ماڵە خزمێکمان دەگەڕامەوە، بە دەستی کەسێکی بەسیجی کە لەلایەن سپا و ئیتلاعاتەوە چەک و پووڵی پێ درابوو تەقەم لێ کرا کە بە خۆشییەوە بە سلامەت دەرچووم و لە مردن گەڕامەوە. پاش ئەو تیرۆرەش هەمووکات لەلایەن پاسدارەکانی سپا و ئیتلاعات لەژێر فشار و چاودێریدا بووم و هەر جارەی بە بیانوویەک دەیانگرتم یان بانگیان دەکردم بۆ ئیتلاعات و دەستیان دەکرد بە پرسیار و هەڕەشە.

### کۆڵنەدان و نەسرەوتن

لە کۆتاییەکانی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی چەند کەس لە هاوڕێیانی نیزیکی ئێمەیان لە شاری شنۆ و ئاواییەکانی نەڵۆس و دێشەمس گرت. چەند ڕۆژ دوای ئەوان ئەمنیش لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆوەگیرام و بەڕێی گرتنگەی ئیتلاعات لە شاری ورمێ کرام. پاش دو مانگ لێپرسینەوە لە ژێر هەڕەشە و لیدان و ئازار و ئەشکەنجەی ڕوحی لە ژوری تاکەکەسیدا لە کۆتایی مانگی پوشپەڕ، ئازاد کرام بەڵام بەردەوام لە ژێر چاوەدێریدا بووم. هەر بۆیە لە دەرفەتێکدا چوومە تاران و لە ماڵە خزمێکمان خۆم شاردەوە و پاش ماوەیەک لە نیزیک تاران خۆم بە کارەوە سەرقاڵ کرد.

پاش سێ ساڵ ژیانی نهێنی پڕ لە خۆف و ترس لەو شوێنە بەداخەوە بابم کە بەشێک لە ماڵ و منداڵی زۆری منی بەخێودەکرد و لە ژیانیدا بەهۆی پێشمەرگایەتی و پاشان قاچاغی من و فشاری جاش و پاسدار قەت ئاسوودەیی بەخۆیەوە نەدی، لە هاوینی ساڵی ١٣٧٦ کۆچی دوایی کرد و ئەمنیش چەند مانگ دواتر بە ناچار بڕیارم دا ماڵ و منداڵەکانم هەڵگرم و بگەڕێمەوە ڕیزەکانی حیزب. بەو مەبەستە بەنهێنی هاتمەوە شنۆ، بەڵام پێیان زانینم و دیسان گیرامەوە و بەڕێی ئیتلاعاتی ورمێ کرامەوە.

پاش ١٠ ڕۆژ لێدان و ئەشکەنجە و جەزرەبە بردیانمەوە دادگا. قازی پرسی وەکیل دەگری یان بۆخۆت قسە دەکەی؟ یان ئێمە وەکیلت بۆ بگرین؟ ئەگەرچی وەکیلی خۆتت هەبێ باشترە، چونکە حوکمەکەت محاربە، دەزانی محارب چیە؟ کوتم بەڵێ دەزانم. کە هێنایانمە دەرێ بەدەست و لاقی زەنجیرکراو، مەسعودی کوڕم و هاوڕێیەکم لە ساڵۆنەکە ڕاوەستابوون پێم کوتن قازی وادەڵێ و وەکیلم بۆ بگرن. بردیانمەوە دەستبەسەرگە و بازجووەکەم کە ناوی «ڕەزەوی» بوو گوتی: «هیچ دەزانی ئەتۆ پێشتر بڕیاریان لەسەر داوی حوکمی ئیعدامت لەسەر پەروەندەیە؟ ئەتۆ زۆر شت لەسەر ئەندامانی حیزب لە ناوچەی

خۆتان دەزانی. تۆسقاڵێک هاوکاریمان بکەی بە ڕووحی ئیمام ئازادت دەکەم.» گوتم باشە ئەوانەی قەرارە من ناویان بێنم مەگەر نایانهێنە ئێرە و وەکوو من ئەشکەنجەیان ناکەن؟ ئەوە من لە جێی ئەوانیش لێرەم... پیلی گرتم و بەجنێودان لە سەر پلیکانان ڕا فڕێی دامە خوار.

پاش ٢٣ ڕۆژ لێدان و سووکایەتی پێکردن و فشاری ڕوحی، بردیانم بۆ گرتوخانەی ناوەندی ورمێ. ڕۆژێک بردبوویانین بۆ حوسێنیەی زیندان یەکێک هات لە تەنیشتم دانیشت. دیار بوو زۆر هەراسان بوو و دەترسا. سەرەتا نەمناسی پاشان پرسیاری لێ کردم و گوتی ئەتو هەر برای منی ئەمن بنەماڵەی ئێوەم خۆش دەوێ و دێم لە دادگا قسەکانم لەسەر تۆ وەردەگرمەوە ئەگەر ئیعدامەکەشم بدەنەوە. ئەوجار ناسیمەوە. ڕەسووڵ عەبدوڵڵاپوور بوو کە پێشتر لە نانەواخانەی ئێمە کاری دەکرد و براکەی کە پێشمەرگە بوو بە دەست جاش و پاسدارەکانی ڕژیم کوژرابوو و ئەو هەوڵی دابوو بکوژی براکەی بکوژێتەوە. پێیان زانیبوو و تەقەیان لێ کردبوو و بە برینداری گرتبوویان. پێیان کوتبوو دەبێ بڵێی خالید تفەنگی داومێ و پووڵی داومێ و بەڵێنی پێداوم ئەگەر ئەو کارە بکەم لە ڕێگای حیزبەوە بەڕێم بکا بۆ دەرەوە. هەر بەپێی ئەوە و چەند تاوانێکی دیکە بوو سەزای ئیعدامیان بۆ من دیاری کردبوو. پاشان هات لە دادگا هەموو قسەکانی وەر گرتەوە و گوتی لەژێر ئەشکەنجەدا ناچاریان کردووم، دیارە ئەو ڕەفتارەی قازی و قبووڵ کردنی قسەکانی ناوبراو لە سەر وەرگرتنەوەی ئیعترافاتەکانی و ڕزگاربوونی من بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەیی گوشارەکان دوای هاتنەسەرکاری دەوڵەتی خاتەمی و ئیسلاح تەڵەبەکان.

بازڕەسی یەکێک لە جورە هەرە ناخۆشەکانی فشار بۆ سەر زیندانیەکان بوو کە هەر ماوە ماوە دەبوو هەموو شتومەکەکان ببەینە دەرەوە و پاش پشکنینن و دەستبەسەرداگرتنی هەر شتێکی بەنەزەری بەرپرسان قەدەغە بوو ئەگەر شتێکی وا نەبا کە سەزای لەسەر بێ ئیزنیان دەدا بچینەوە سەر جێگاکانی خۆمان. ماوەیەک بوو خەریکی نوسینەوەی لیست و ناوی زیندانیەکان بە ناو و شۆرەت، شار، ماوەی زیندان، تاوان و لایەنگری چ حیزب و ڕێکخراوێکە و... بووم و ئامادەم کردبوو کە بینێرمە دەرێ و لە توێی کتێبێکم نابوو، لە ناکاو هاتن گوتیان بازڕەسییە. ترسێکی سەیرم ڕێ نیشتبوو دەرفەت نەبوو هیچی لێ بکەم نۆرەی من هات. سەرهەنگ کەفشدووز، بەرپرسی ژووری زیندان لەوێ ڕاوەستابوو و چاوەدێری سەربازەکانی دەکرد. چاوێکی لێ کردم گوتی ها کورد. گوتم بەڵی جەناب، لە ناکاو گوتی هەڵگرە نایهەوێ، یەکەم شت کتێبەکانم بوون کە پڕم دانێ و لەسەر تەختەکەم دانا و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. دیارە دواتر زانیارییەکانم نارد بۆ برادەران.

پاش ٤ مانگ بردیانم بۆ دادگا و ڕەسوڵیشیان هێنابوو. دەست و پێمان زنجیر کرابوو و هەر یەکە و لە شوێنێکی مینی بووسەکەدا دایان نابووین کە بە یەکەوە قسە نەکەین. ئەو قسەکانی پێشووی وەرگرتەوە و گوتی لەژێر ئەشکەنجەدا بە

**برینداری ناچاریان کردووە وا بڵێی. پاش چەند جاری دیکە هاتوچۆی دادگا لە ئاخرین کۆبوونەوەدا قازی گوتی بە ٤ ساڵ زیندان حوکم دەدرێی؛ کە گوتم ناڕەوایە و ئەمن هیچ تاوانێکم نییە جگە لەوەی حازر نەبووم سیخوڕی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان بکەم. ئەم سزایە دوای داوای پێداچوونەوە بۆ بۆ دوو ساڵ و شەش مانگ کەم کراوە کە هەمووم کێشا و دواتر گەڕامەوە شاری شنۆ.**

**ساڵی ١٣٨٣ دوای ئەوەی چالاکییەکانی مەسعوودی کوڕم بۆ ئیدارەی ئیتلاعات ئاشکرابوو و ناچاربوو ئێران بەجێ بێڵێ، ئیتلاعات فشارێکی زۆریان بۆ هێنام و دەیانگوت ئەتۆ بەرپرسی ئەو کارانەی کە مەسعوود کردوونی و دەبێ بیهێنیەوە. چەندجار بانگیان کردم بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و دواجار ئیتلاعاتی سپا بانگی کردم و بازجووییان لێ کردم. ئەو گوشارانە هەروا بەردەوام بوون و کاتێک زانیم مەترسیی گیرانەوەم هەیە، وڵاتم بەجێ هێشت و ئێستا ماوەی چەند ساڵێکە لە هەندەرانم و لە وڵاتی  دانمارک گیرساومەتەوە..**

**(لە ژمارەی ٧٥٣ و ٧٥٤ "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ و ٢٣ی جوولای ٢٠١٩**

---

# عوسمان بێورانی



**ڕوانین لە ئاسۆی ڕوونی خەبات لە کونجی زیندانەوە**

ئەمن عوسمان عەبدوڵاهی ناسراو بە عوسمان بێورانی، ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لە گوندی بێورانی سەر بە ناوچەی سەردەشت لەدایک بووم. خوێندنی سەرەتاییم لە گوندی بێوران تەواو کردوە و پاشان دەستم کردوە بە خوێندنی مەلایەتی کە دواجار وازم لێ هێنا و ڕووم کردە کار و کاسبیی سەرسنوور.

کاتی خۆی گوندەکەی ئێمە یەکێک بوو لەو گوندانەی کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە قوتابخانەی بۆ دانرابوو، ئەمنیش لەو قوتابخانەیە لە لایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە فێری وانەکانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری ببوم. بۆیە هێشتا تازەلاو بووم و لە ساڵی ١٣٧٢دا وێڕای چەند هاوڕێیەکم پەیوەندیمان کرد بە کادرەکانی حیزب لە ناوچە و لە سەر بڕیاری ئەوان کاری تەشکیلاتیمان دەست پێکرد. ئێمە وەک ئەندامی تەشکیلاتی حیزب خەریکی کار و چالاکی بووین، لە بۆنە نیشتیمانی و حیزبیەکاندا بڵاوکراوەی حیزبیمان بڵاو دەکردەوە و دروشمە حیزبیەکانمان دەنوسین و هەواڵ و زانیاریمان دەدایەوە بە حیزب. هەر لەسەر ئەم چالاکییانە لە پاییزی ١٣٧٦ی هەتاوی گرتیانم. ئەو ڕۆژەی گیرام هەمووی دوو - سێ مانگ بوو زەماوەندم کردبوو، کاتێکیش کە "نیما" لە دایک بوو، لە زیندانی مەهاباد بووم و یەکەم جاریش لە پشتی شوشەوە چاوم بە کوڕەکەم کەوت؛ کە هەمیشە ئەوە وەک داخێک لە دڵمدا ماوەتەوە.

ئەو ڕۆژەی ئەمن گیرام، دیار بوو ڕەشبگیر بوو. بە قسەی یەکێک لە بازجووەکانم زیاتر لە سەد کەسیان گرتبوو و پێیان وابوو تەشکیلاتی حیزبیان بە یەکجاری تەفر و تونا کردوە. نەیاندەزانی کە حیزبی دێموکڕات لەنیو دڵ و دەروونی هەموو

ڕۆڵە کوردێک دایە و هەرگیز بەوان لەبن نایەت. سەرەتا لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا بۆ ماوەی پتر لە مانگێک بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دراین و سووکایەتیمان پێکرا. تەنانەت بۆ یەک جاریش ئیجازەی خۆ شۆردنێکیان پێ نەداین. هەموو هەوڵیان ئەوە بوو بە زمانی خۆمان دان بە تاوانەکەمان! دابنێین و بەوەش کاری بڕیاردان لەسەر خۆیان سووک بکەن.

ئەمن بۆ خۆم دووجار چاوم بە قازیی پەروەندەکەم کەوت. جاری یەکەم لە گرتووخانەی ئیتلاعات جاری دووهەمیش لە دادگای ئینقلابی مەهاباد بوو. جاری یەکەم کە چاوم بە قازی هاشم زادە کەوت، قازی بەرەوڕووم دانیشتبوو و هەر چوار دەورم ئەوانە بوون کە بازجووییان دەکردم و ئەشکەنجەیان دەدام. قازی گوتی کۆماری ئیسلامی بەزەیی پێتاندا هاتۆتەوە و وەکیلی بۆ گرتوون، بەڵام هەتا ئێستاش نە زانیم وەکیلەکەم ناوی چییە و نە ڕەنگ و ڕوخساری چۆنە! جاری دووهەمی لە ئینقلابی مەهاباد دیتم. ئێمە دوو کەس بووین و لە ماوەی ٥ دەقەدا کۆمەڵێک تاوانیان لەسەر ڕیز کردین. پاشان بە چوار ساڵ و سێ مانگ زیندان حوکم درام کە دوای نارەزایەتیدەربڕین و پاش ماوەیەک حوکمەکەم گۆڕا بۆ دوو ساڵ. دوایەش بۆ کێشانی حوکمەکەم دایانمە زیندانی ناوەندیی مەهاباد.

زیندانی مەهاباد بۆ خۆی زیندانێکی زۆر چووکە بوو کە بۆ سێسەد تا چوارسەد کەس دروست کرابوو، بەڵام زیاتر لە هەزار کەسیان تێدا بەند کردبوو. لە بواری پاک و خاوێنییەوە وەزعەکە زۆر خراپ بوو. حەوتووی جارێک ئیجازەی حەمام کردن هەبوو، خواردنەکان تابڵێی خراپ و بێتام بوون و زۆربەی ژەمەکان ناچار بووین لە فرۆشگای بەندیخانە خواردن بکڕین. لەگەڵ ئەوەی نێو زیندان بازرەسی دەکرا و زۆر جاریش لە حیفازەتی ئوستانەوە دەهاتن بۆ بازرەسی، بەو حاڵەش مەواد لە نێو زینداندا زۆر ئاسانتر دەست دەکەوت هەتا دەرەوەی زیندان، هەر بۆیە چەند کەسێکی موعتادی نێوشار زووزوو خۆیان بەگرت دەدا. ئەوەی بۆ ئێمەی زیندانی سیاسی زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو کە لەگەڵ زیندانیەکانی دیکە تێکەڵ بووین و بەندی تایبەتمان نەبوو، ئەوش بە جۆرێک ئەشکەنجەی رووحی بوو بۆ ئێمە، زیاتریش بۆ ئەو مەبەستە تێکەڵ بە زیندانییەکانی دیکەیان کردبووین کە بەڵکوو ئێمەش گیرۆدەی مەواد و ئاکار و کرداری ناشیرین بین، بەڵام پێچەوانە ئەوە زیندانییە سیاسییەکان بوون کە کاریگەریی باشیان لەسەر بەندییەکانی دیکە هەبوو.

جارێکیان زیندانییەک کە لەسەت مادەی هۆشبەر حوکمی ئێعدامی هەبوو، بە بەرتیلدان توانی لە زیندان ڕابکا و ئەوە بوو بە بیانوو بۆ فشارهێنان بۆ سەر زیندانییەکان و بۆ ماوەی شەش مانگ بە بەرزتر کردنی دیواری زیندان ڕێگایان نەدا بێینە هەواخۆری. ئەوانەش کە حوکمی ئێعدامیان هەبوو گواستیانەوە بۆ زیندانی ورمێ کە شەهیدان هەمزە قادری و جەلیل زێوەیی دوو کەس لەوان بوون. دوای بەرزکردنەوەی دیوارەکان وردە وردە زیندانیی حوکم زۆریان بۆ زیندان هێنانەوە ،لەوانە شەهید کەریم توژەڵی و کاک محەممەد شارۆیرانی.

ئێمەی زیندانی سیاسی زۆرتر لە کاتی هەواخۆری یا شەوانە پێش خامۆشی لە دەوری یەک کۆ دەبوینەوە و قسەی خۆش و بیرەوەریمان دەگێڕاوە و باسی سیاسیمان دەکرد، یان خەریکی خوێندنەوەی کتێب دەبووین لەو کتێبانەی کتێبخانە یا جاری وا هەبوو لە دەرەوە کتێبمان بۆ دەهات لە نێو خۆمان دا دەستا و دەستمان پێ دەکرد. هێندێک جاریش بۆ سەرگەرمی خەریکی شەترەنج و دامە دەبووین و ئەمن بۆخۆم شەهید هەمزە قادری فێری شەترەنجی کردم...


زیندان ئەگەرچی ناخۆشی و دەرد و ئازاری خۆی هەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوشدا بوونی کەسانێکی شۆڕشگێر و بە بیروباوەڕ لە نێو زینداندا وای دەکرد کە ساتە ناخۆشەکانی زیندان لە بیر بکەین و بۆ داهاتوویەکی گەش و ئاسۆیەکی ڕوون بڕوانین. زۆر بوون ئەو ئەو کەسانەی کە لە زینداندا بۆمن بوون بە مامۆستای خۆڕاگری. هەر ئەوەش وای کرد کە دوای زیندان ڕێگای شۆڕش هەڵبژێرم و بێمە ڕیزی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتەوە و؛ ئەگەرچی پاش سالانێک پێشمەرگایەتی بەهۆی چەند هۆکارێک نەمتوانی زیاتر لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا بمێنمەوە، بەڵام بەڵێن دەدەم لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە بژیم هەر وەفادار بم بە ڕێبازی شەهیدان و خاکی بەرپێی تێکۆشەرانی ڕێبازی کوردایەتی بم.

لە ژمارەی ٧٥٥ "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## عوسمان مستەفاپوور،



### قەڵایەک لە ئیمان و خۆڕاگری

"کوردستان"

دیرۆکی خۆڕاگریی ئەمجارەمان تایبەتە بە بەڕابردووترین بەندیی سیاسیی کورد "عوسمان مستەفاپوور" کە لە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٠وە دەسبەسەر کراوە و هێشتا هەر لە زیندانداییە.

عوسمان مستەفاپوور کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی "کاسەکەران" سەر بە ناوچەی پیرانشارە، کە وەک ئاماژەی پێکرا، لە ڕێکەوتی ٢٣ - ٤ - ١٣٧٠ی هەتاویدا لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی لە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ لە دۆڵی ئاسنگەران دەسبەسەر کران. دوو هاوڕێی دیکەشیان بە ناوەکانی حوسێن سیتوەت و محەممەدساڵح شاهینی هەر لەو شوێنە و بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران گیانیان لەدەست دا. لەو سێ کەسەی کە لەگەڵ عوسمان مستەفاپوور گیرابوون؛ دوو کەسیان بەناوەکانی مەلا جاسم دڵنشین و ئەیووب جەهانگیری بەڕیز لە ساڵەکانی ١٣٧١ و ١٣٧٢ی هەتاوی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئێعدام کران کە هەتا ئێستاش هیچ زانیارییەک لەسەر شێوەی ئێعدام و شوێنی ناشتنەکەیان لەبەر دەستدا نییە و، میرزا محەممەد قاسمی یەکێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوەکانیش لە دوای کێشانی ٨ ساڵ زیندان ئازاد کرا.

عوسمان مستەفاپوور لە کاتی دەسبەسەربوونیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانە تاکەکەسییەکانی سپای پاسداران و

ئیدارەی ئیتلاعات لەژێر درندانەترین ئەشکەنجە رووحی و جەستەییەکاندا بووە، کە لەم ماوەیەدا بێجگە لە بازجوو و ئەشکەنجەگەران هیچ کەسێکی نەبینیوە و تەنانەت بنەماڵەکەی خۆشی ئاگایان لە بارودۆخی نەبووە. لە ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری هەر ئەو ساڵەدا ڕایدەگوێزن بۆ ژووره تاکەکەسییەکانی زیندانی ناوەندیی ورمێ و لەوێ دەبێ کە بۆ یەکەم جار لە دوای ئەو ماوەیە چاوی بە هاوڕێیانی خۆی دەکەوێتەوە و، هەروەها پاش مانگێکی دی دەهێڵن لەگەڵ بنەماڵەکەی چاوپێکەوتنێکیان هەبێ.

لە ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا وێڕای مەلا جاسم و ئەیووب جەهانگیری لەلایەن بەناو دادگاوە حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەرچەندە بنەماڵەی عوسمان مستەفاپوور پارێزەری تایبەتیان بۆ گرتبوو؛ بەڵام هیچکات ئیزنی چوونە نێو دادگا بەو پارێزەرە نەدرا. سێ ڕۆژ لەدوای بەناو دادگاییەکەی لە لایەن دادگاوە بانگ دەکرێ و لەوێ حوکمی ئێعدامەکەی پێ ڕادەگەیەنن، کە ئەمەش ئێعترازی عوسمان مستەفاپووری لێ دەکەوێتەوە. بەڵام هاوڕێیانی بە ماوەی چەند مانگی دیکە دەبەنەوە بۆ ئیتلاعات و لەوێ حوکمەکەیان دیسانەوە پێ ڕادەگەیەنن.

بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق لە ژووری تاکەکەسیی زیندان کە پێی دەڵێن "قرنطینه" زۆرترین ئەشکەنجە درا و بەرەورووی سووکایەتی پێکردنێکی زۆر بۆوە. لە هاوینی ساڵی ٧١ی هەتاویدا مەلا جاسم لە سێدارە درا و ساڵی دواتریش ئەیووبی جەهانگیرییان ئێعدام کرد و، لە دوای لەسێدارە دانی ئەوان حوکمی ئێعدامی عوسمان مستەفاپوور هەڵدەوەشێننەوە و ڕەوانەی زیندانی تەورێزی دەکەن. بۆ ماوەی دوو ساڵ کە لە زیندانی تەورێز دەبێ تێکەڵ بە زیندانییانی سیاسیی دیکە دەبێ و ئەوە وەک ئازادییەک بۆخۆی دەزانێ لە دوای پتر لە دوو ساڵ زیندانی ئینفرادی و تەحەممولی ئەشکەنجە و لێدان و زەبر و زەنگ و لێپرسینەوە.

بەڵام هەر لەو ماوەیەدا کە لە زیندانی تەورێز بەسەر دەبا هاوکات دەبێ لەگەڵ تەقینەوەیەک کە لە مەشهەد دەکرێ و، بەرپرسانی زیندان بەبێ هیچ هۆکارێکی ئەقڵانی تۆڵەی ئەو ڕووداوە لە زیندانییەکانی بەردەستی خۆیان دەکەنەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە مافی چاوپێکەوتن و "هواخوری" و حەمام کردن بێبەشیان دەکەن؛ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم بەندییە سیاسییانە تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆری پێستی بن و لەباری ڕووحییەوە دژوارییەکی تاقەتپڕووکێن تەحەممول بکەن.

ماوەی زیندانەکەی لە زیندانی ناوەندیی تەورێز پتر لە دوو ساڵ ناخایەنێ و لە ساڵی ٧٤دا دیسانەوە بۆ زیندانی ورمێ بەڕێ دەکرێتەوە. لەوێ بێئاگا لە هەموو شتێک دیسان دەیبەنەوە بۆ دادگا بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان لەبەر دەستدا

هەبێ دۆزێکی دەستکردی بۆ دروست دەکەن و تـاوانی قەتڵ دەخەنە پـاڵی و، بەم دۆزەوە هەتـا سـاڵی ٧٩ دەیخەنە گێـرە و کێشەوە و لە ئاکامدا بە تاوانی بەشداری و دەست تێدا هەبوون لە قەتڵێکدا، حوکمی دە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنێن. ئەو کە سەری سوورِ دەمێنێ لەم حوکمە ستەمکارانە و بێبنەمـایە ئەوپەڕی حەولـی خـۆی دەدا کە بێتـاوانیی خـۆی بسـەلمێنێ، بەڵام لەم حەول و تێکۆشانەیدا سەرکەوتوو نابێ. لەو کاتەدا کە دڵخۆش بەوەیە کە ئەوە ٩ ساڵە لە بەنـدیخانەدایە و دوو ساڵ و چەنـد مـانگی لە ژووری تاکەکەسـی و لەوپەڕی زەجر و بێدەرەتانیـدا بەسـەر بـردوە و ئیدی تەنیـا یەک سـاڵی مـاوە هەتـا تەواو بوونی حوکمەکەی؛ بەڵام دادگایەکی نوێی بۆ پێک دێنن و ئەمجارەیـان بەتـاوانی ئەنـدامەتیی حیزبـی دێموکرات ١٥ ساڵ زیندانی دیکەی بەسەردا دەسەپێنن.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە ڕەوتـی دادگـایی و مەحکووم کردنیـدا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستی کاربەدەسـتانی دادگـا و بـازجووەکانی سپا و ئیدارەی ئیتلاعـاتـدا نەبـووە و، هەموو تـاوانەکـان لەژێـر ئەشکەنجە و دانپێـدانـانی زۆرەملی و بەشێوەی زارەکـی خراوەتە پـاڵ ئەم بەنـدییە سیاسییە کـوردە؛ تەنـانەت لە زۆربەی کاتەکانـدا لەژێـر ئەشکەنجە و لێدانەکانـدا کە لەسـەر خـۆ چـووە و وشیـاریی خـۆی هەتـا ڕادەیەکـی زۆر لەدەست داوە، لەو کـاتەدا بەرگە و بەڵگەکانیـان بەزۆری پـێ واژۆ کردوە و قامکی جەوهەراوییان پێ لەژێر لاپەڕەکان کوتاوە.


لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستا کە پێی ناوەتە ٢٩ ساڵەی زیندانیی خۆی، تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش مەرەخەسیی نەدراوەتـێ و هەر لەم مـاوەیەدا دایـک، بـرا و خوشکێکی خـۆی لەدەست داوە کە نەیانهێشتوە بەشـداری لە پرسـە و سەرەخۆشیی هـیچ کامێکیان بکا و؛ ئەمە ڕێک بەپێچەوانەی چارتی نێوخۆیی زینـدانە کە دەبـوو لەژێـر چاودێریـدا ئیزنـی ئەوەیـان پـێ بـدایە. سـەرەڕای ئەم بارسـتاییە لە سـەختی و ناخۆشـییەک کە بەدرێژایـی ئەم سـاڵانە بە پێسـت و ئێسـک و هەسـتی خـۆی چێشتوویەتی، عوسمان مستەفاپوور هەر لە چاوەڕوانیدا بەسەر دەبا و هەتا ئێستاش بەشێوەی فەرمی و بە نووسراوە کـات و ڕێکەوتی ئازادبوونەکەیان پێ ڕانەگەیاندوە و یەکلاییان نەکردۆتەوە لەوەی کە کەی کۆتایی بەم دۆخەی دێ.

لە ژمارەی ٧٥٦ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

# حەسەن کاکیلی



## نهێنیی جەزرەبە و ئازار لەپێناوی نیشتماندا

ئەمن حەسەن کاکیلی کوڕی قادر لەدایک بووی ساڵی ١٣٣٨ خەڵکی ئاوایی گاپیس سەر بە ناوچەی شارویْرانی مەهابادم. خوێندنی سەرەتاییم هەر لەوێ تەواو کرد و بۆ درێژەدان بە خوێندن چوومە شاری مەهاباد و هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە ساڵی ١٣٥٨ لەو شارە مامەوە.

تەمەنی لاوەتیی من هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران و، منیش وەک زۆربەی خەڵک لەو کەشوهەوا ئینقلابییەدا بەشداریی چالاکانەم هەبوو و لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانمان ڕۆژنامەیەکمان بەناوی ڕۆژنامەی شۆڕش بە چاپ گەیاند کە سێ ژمارەی لێ دەرچوو. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش و وەرگرتنی بڕوانامەکەم تێکەڵ بە کار و چالاکیی حیزبی بووم و لە ئاوایی گاپیس و قجێئاوا وەک بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دیاری کرام. لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەکان لەو دوو ئاواییە لەلایەن کۆڕی فێرکردن و بارهێنانی حیزبی دێموکراتەوە وەک مامۆستای شۆڕش دیاری کرام و، دواتریش بوومە ئەندامی کومیتەی ناوچەی شارویْران و پاشانیش نەقلی کومیتە شارستانی مەهاباد کرام و لەوێ وەک کادری ئینتشاراتی ئەو کومیتەیە دەست بەکار بووم. هاوکات ئەرکی پێوەندیی نێوان تاران و مەهاباد بە من ئەسپێردرابوو کە ماوەی نیزیک بە ١ ساڵ و چەند مانگی خایاند.

پاش ماوەیەک وەک بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب لە مەهاباد دەستم بەکار کرد کە دوای یەک ساڵ لە مەئمووریەتێکی نێوشاردا لەگەڵ کادرێکی تەشکیلاتی دەسبەسەر کراین. ماوەی سێ مانگ بوو لە نێوشار بووم و دەمهەویست لە شار بڕۆمە

دەرێ و ئەم هەواڵەم لەتوێی نامەیەکدا بە هاوڕێیەکی تەشکیلاتی بەناوی خالید خۆشڕوو گەیاند؛ لەو نامەیەدا ئاماژەم بە ڕۆژ و شوێنی چاوپێکەوتن کردبوو. بەداخەوە ناوبراو هەر لەو شەوەدا لە شاخ لەلایەن گرووهی زەربەتی ڕێژیمەوە دەسبەسەر دەکرێ و نامەکەشی پێ دەبێ و؛ بە چڕوپڕی هەموو ئەو ماڵ و شوێنانەی کە جێی گومان بووە دەپشکێندرێ بەڵام ئەمن شوێن گۆڕکێی زۆرم کردبوو بەبێ ئەوەی بزانم خالید دەسبەسەر کراوە.

لە کاتی دیاریکراودا بە ماشێنی خۆم و لەگەڵ هاوڕێیەک بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوتین و، هەر لە یەکەم سەیتەرەدا زانیمان وێنەیەکیان لەمن گەورە کردۆتەوە و بەوردی ماشێنەکان دەپشکنن بۆ گرتن و دۆزینەوەی من. کە زانیم ڕێگەی دەربازبوونم بۆ نییە خۆم تەحویلی مەئموورانی ئەرتەش دا و ئەوانیش پەروەندەیەکیان بۆ دروست کردم و ڕایانگوازتم بۆ بنکەی سەرەکیی خۆیان، لەدوای چوار بۆ پێنج سەعات ئیدارەی ئیتلاعاتیان ئاگادار کردەوە کە فلانەکەس خۆی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کردوە. پاشان مەئموورەکانی ئیدارەی ئیتلاعات هاتن و مشتومڕێکی زۆریان لەگەڵ ئەرتەشییەکان کرد و گوتیان ئێمە چوار ڕۆژە لەو کەسە دەگەڕێین و ئێستا دەرەتانێکی نەبووە بۆیە خۆی ڕادەستی ئێوە کردوە. لەوێ بەرپرسی ئەو بنکەیە دڵنیای کردمەوە کە پشتیوانی لەمن دەکا بەو مەرجەی قسەکانم نەگۆڕم چونکوو ئەوان دەیانهەوێ ئەوپەڕی سزام بۆ دیاری بکەن و خۆڕادەست کردنەکەم ئەو ڕێگەیەیان پێ نادا.

ماوەی دوو ساڵ لە ساڵەکانی ٦٤ و ٦٥دا لە زینداندا بووم کە نیزیک بە هەشت مانگی لە ژووری تاکەکەسی و لەوپەڕی زەخت و فشاردا بووم و، دوایە درام بە زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد و لەگەڵ کەسانی وەک خەلیفە سەیدیان و مەنسوور دەروێش‌زادە ناسراو بە قیلەوقانج هاوبەند بووم. لە بەندەکەی ئێمەدا بەپێی تەمەن لە هەمووان بچووکتر بووم بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەیانزانی کادری حیزبی بووم؛ ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنام. تەنانەت هیچکات ناوی منیان لە لیستی خاوێنکاریی زینداندا نەنووسی و منیان لەو کارە مەعاف کردبوو.

بەداخەوە لەو ساڵانەدا کەسانی سیاسی و چالاک و هەڵسووڕی زۆر لە زینداندا بوون کە دواتر ئێعدام کران بۆ نموونە عەلی دەوڵەتئابادی کە پێشمەرگەیەکی ئازا و بە جەرگ بوو و هەروەها لە زیندانیشدا لە کەسانی ڕۆحسووک بوو و، هەر بەم بۆنەیەوە ببووە خۆشەویستی هەموو زیندانییەکان و جێگای لە دڵی هەموو لایەکدا کردبۆوە؛ یاد و ناوی بەرز و پیرۆز بێ.

لە بیرەوەرییەکانی ئەو ماوەیەدا بەپێویستی دەزانم بەسەرهاتێک بگێڕمەوە کە مەنسوور دەروێش‌زادە بووە هۆی خوڵقاندنی؛ ڕۆژانە کلاسی ئایینی و عەقیدەتییان بۆ بەندییە سیاسییەکان دادەنا، هەر بەو مەبەستە مەلایەکی خەڵکی شاری قۆمیان بۆ ئێمە دیاری کردبوو کە لە پاش چەند جەلەسەش هێشتا نە ئەو منی دیبوو و نە منیش ئەو چونکی دەچوومە سەر کلاسەکانی

و لەوێ خۆم لە خەو دەکرد و پەتوویەکیان پێدا دەدام، هەر جارەی کە پرسیاری منی دەکرد پێیان دەگوت نەخۆشە و لێی گەڕێ. زۆربەی جارەکانیش کوڕێکی کوردی لەگەڵ بوو کە خەڵکی مەهاباد بوو بەناوی مێهدی عەباسی و بۆخۆشی کوڕە مەلا بوو بەڵام لە زینداندا ببووە تەوواب و دەهات زیندانییەکان بەناو ئێرشاد بکا. مەنسوور کە پێشتر باسم کرد چووبوو کتێبی کیمیای سەعادەتی ئیمام غەزالی خوێندبۆوە و لەوێ هەندێک پرسیاری پێچەڵپێچی لێ دەرهێنابوو بۆ ئەوەی نەخوێندەواریی مەلاکەی پێ ئاشکرا بکا و بەجۆرێک لە باس و مشتومڕدا مەحکوومی بکا. داوای لە منیش کرد کە چیدی خۆم لەخەو نەکەم و بەشدار بم. مەلا کە چاوی بە من کەوت بۆ یەکەم جار لە کلاسەکەدا بەشدار دەبووم و گوێم دەدایە باسەکان پێی بەسەیر بوو و هەستی بە مەترسی کرد. پاش ماوەیەک لە دەسپێکی کلاسەکە ڕیزی پرسیارەکانی مەنسوور دەستی پێکرد یەک لە دوای یەک دەیباراند بەسەر مەلادا و، ئیدی وڵامی پێ نەما و لەوێدا مایەوە. لەو کاتەدا مێهدی عەباسی فریای کەوت و ئیزنی لێ وەرگرت کە وڵامی ئەو پرسیارە بۆخۆی بداتەوە لە کاتی وڵامدانەوەدا خۆی لە ڕیزی مەلاکەدا دانا و گوتی بە پێی بیروباوەڕی ئێمە و بە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەوان...! هەر توانی ئەوەندە بڵێ و هەر ئەوەی کە چووبووە ڕیزی مەلایەکی حکوومەتییەوە بەس بوو بۆ ئەوەی کە ڕەپێیان بنێن و لەلایەن زیندانییەکانەوە سووکایەتییان پێ بکرێ؛ ئەوە بۆ دوایین جار بوو کە ئەو کلاسانە بەڕێوە چوو وئیدی بۆ هەمیشە کۆتایی پێ هێندرا.

### نهێنیی جەزرەبە و ئەشکەنجە لە پێناو نیشتماندا

هەروەکوو لە ژمارەی ڕابردوودا و بەشی یەکەمی بەسەرهاتی زیندانەکەمدا باسم کرد، ماوەی دوو ساڵم لە گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعات و دواتریش زیندانی ناوەندیی مەهاباددا بەسەر برد. لەو ماوەیەدا هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا هەشت مانگی لە ژووره تاکەکەسییەکانی ئیتلاعاتدا و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە ڕووحی و جەستەییەکاندا بووم. لە زیندانی ئیتلاعات بۆ ماوەی سێ مانگ بە چاوی بەستراوەوە لە داڵانێکی تەنگ دایان نابووم و، شوێنی حەسانەوە و نان خواردن و خەوتنم هەر ئەو داڵانە بوو. بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیان دەدام بۆ ئەوەی بڵێم دەسبەسەر کراوم و، خۆم ڕادەست نەکردووە. منیش هەر خۆڕاگریم لەخۆم دەنواند. ئەوە بوو کە دوای ٣ مانگ ڕەوانەی زیندانی ئیتلاعاتی شاری ورمێیان کردم. لەوێش بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە سلووڵدا ڕاگیرام و لەگەڵ چەند کەسێکدا کە پێشتر پێشمەرگە و چالاکی حیزبێکی سیاسی بوون پێکەوە لەو سلووڵانەدا بووین. بەڵام بەداخەوە ئەوان لەو ماوەیەدا کە دەسبەسەر کرابوون هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد. بەردەوام هانیان دەدام کە ئەگەر بڵێم گیراوم، سزاکەم کەم دەکەنەوە. بەڵام ئەمن هەر خۆڕاگر بووم لە بەرامبەر هەموو ئەم فشارانەدا. نیزیک بە ٤ مانگ پرسی خۆ ڕادەست کردنم بە پایەگای ئەرتەش لە نووسراوەکانمدا دەهێناوە. لە لایەکی تریشەوە بنەماڵەکەم سەردانی پایەگای ئەرتەشیان کردبوو و لە هەموو لاپەڕەکانی پەروەندەکەم کۆپییان هەڵگرتبوو و تەحویلی دادگای ئینقلابی مەهابادیان دابوو کە ئەو کارەش یارمەتیی زۆری دام.

لەو ماوەیەدا سێ جار دادگـایی کرام کە دوو جـاری یەکەمی بەبێ لێپرسینەوە و پـارێزەر و لە دادگـایەکی زارەکیدا حـوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا. بۆ جاری سێهەم و لەدوای ئێعترازی خۆم و داکۆکیی زۆری دادئەستێنی دادگـای ئینقلاب لەلای حـاکم شەرع و، هێنـانە بەر باسی ئەوەی کە من لە کـاتی چالاکیی حیزبـی دەسبەسـەر نەکراوم و بەڵکوو خـۆم ڕادەستی ئەرتەش کردوە و، هەروەهـا ئەم ڕادەست بـوونە لەلایەن قەرارگـای هەمزە لە ورمێش وەرگیرابـوو بەڵام ئیـدارەی ئیتلاعـاتی مەهابـاد نەیدەسەلماند؛ لە کۆتاییدا و پاش مشتومڕێکی زۆر حوکمەکەم شکا و لە ئێعدام ڕزگارم بوو.

پاش ئەو دوو ساڵ بەندیخانەیە، حوکمی دوو ساڵ دوورکەوتنەوەم کەوتە بـواری جێبەجێکردن و نـاردرام بـۆ شـاری قەزویـن. لەوێش پاش دوو ساڵ حوکمەکەم لەگەڵ بەرپرسی کارخانەیەکی ڕێژیم کە مافی هاوڕێیەکمانی خواردبوو تووشی شەڕ بـووم، بەو بۆنەیەوە دیسان گیرام و کەوتمەوە بەندیخانە. ئەو کات کە چالاکیی حیزبیم دەکرد کۆمەڵێکی زۆر کتێب و نووسراوە و نامەی نهێنی و لەو ڕۆژنـامەی سیاسیی گرینگم لە لا بـوو کە پێش لەوەی بگیـرێم، هەموویـانم لە مـاڵی خزمێک شـاردبۆوە. بەداخەوە لەو کاتەیدا کە لە زیندانی قەزویـن بـووم ڕاپـۆرتم لـێ درا و دۆسییەی ئەوەش کەوتە گەڕ و لەسـەر ڕابـردووەکەم زیاد بوو. لە دادگا بە تاوانی ڕاگرتنی نووسراوە و بەڵگەنامەی نایاسایی دوو ساڵی دیکەش زیندانم بەسەردا سەپا.

لە پـاش ئەو دوو سـاڵ زینـدانییەش، لە سـاڵی ١٣٧٠دا هـاتمەوە بـۆ مەهابـاد و لە گونـدی گاپیسـی شـارویران دەسـتم بە کاروبـاری وەرزێـری کـرد و، بـۆ مـاوەیەک لە چـالاکیی سیاسـی دوور کەوتـمەوە و ژیـانێکی ئـاسـاییم گرتبـووە بەر. ئەم شێوە ژیـانەم بەردەوام بـوو هەتـا زسـتانی سـاڵی ١٣٧٣، لەگەڵ هـاوڕێیەکی دێرینـی خـۆم کە کـادری حیـزب و ئەنـدامی کـومیتە شارستانی سەردەشت بوو و، خۆی ڕادەست کردبۆوە یەکترمان بینی و؛ لەسـەر کـار و تێکۆشـانی خـۆی لەگەڵ حیـزب و شێوازی کاری تەشکیلاتیی نوێ لەنێو بە شێک لە شاری مەهاباد قسەمان کرد. بەو شێوەیە سەر لەنـوێ بە هـاوڕێیەتیی ئەم کەسە دەستم بە کار و چالاکیی سیاسی کردەوە هەتـا ئەو جێگـایەی کە بەردەوام پـرس و ڕاو و ڕاوێژمـان بە یەکتـر بـوو و، لەگەڵ کـاک کەمـاڵ کەریمیشـدا لە پێوەندیـدا بـووین و، ڕەخـنە و پێشـنیارەکانمان دەگواسـتەوە بـۆ لای کـاک کەمـاڵ کەریمـی. لە دواییشدا لەگەڵ کاک بیژەن قارەمانی هاوکارییەکی چڕوپڕمـان هەبـوو کە ئەو کـات بەرپرسـی بەشێک لە تەشکیلاتی شـاری مەهاباد بوو. لەو ماوەیەشدا ئەوپەڕی هاوکاریم لەخۆم نیشان دا و کەسێکی جێمتمانە و سەرەکی بووم.

بـێجگە لەوەی کە لەگەڵ کـاک بیـژەن قارەمـانی کـارم دەکـرد، هاوکـات لەگەڵ بەرپرسـی ئەوکـاتی کـومیتەی نـاوچەی شارویرانیش لە پێوەندیدا بووم. خۆشحاڵم لەوەی کە لەنێو خۆی وڵات و لە ئەستەمترین و ئەمنیەتیترین سـاڵەکاندا کـار و چـالاکیی زۆر گرینـگ و بەسوود و بەکەڵکم کـردوە، توانیـومە جـێ متمـانەی بەرپرسـان و تێکۆشـەرانی حیزبـی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات بـم. شـانازیم بەخـۆم بـووە کە توانیـومە لە بـارودۆخێکی ئەسـتەم و هەسـتیاردا و بەوپەڕی زەخـت و گوشـار و

ئەشکەنجە کەسایەتیی خۆم بپارێزم؛ کە ئەوەش لە ئیمان و بڕوایەکی قووڵ و ئیرادەیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە زانستگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە فێر بووین.

بەهۆی ئەوەی کە مەترسیی گیرانم لەسەر بوو، جارێکی دیکە لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا، هاتمەوە ڕیزی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و ئێستاش بە ورەیەکی پۆڵایینتر لە پێشوو، لە خزمەتی ڕاپەڕاندنی ئەرک و چالاکییە پێسپێردراوەکانم دام.

لە ژمارەی ٧٥٧ و ٧٥٨ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ و ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## محەممەد نەزەری



### چارەکە سەدەیەک خۆڕاگری و کۆڵنەدان

ئەمڕۆ ٢٥ ساڵ و ٤ مانگ و ٦ ڕۆژ بەسەر زیندانیبوونی «محەممەد نەزەری»دا تێدەپەڕێ.

«محەممەد نەزەری» کوڕی حەمدوڵڵا خەڵکی میاندواو، زیندانی سیاسیی ئازەریزمان لە ڕێکەوتی ٩ی جۆزەردانی ١٣٧٣ی

هەتاویـدا، لە شـاری بۆکـان و لە مـاڵی خوشـکی لەلایەن ئیتلاعـاتی ئەو شـاراوە بە تـۆمەتی هاوکـاری لەگەڵ حیزبـی دێموکراتی کوردستان دەسبەسەر کرا.

نـاوبراو مـاوەی ٩ مانـگ لە گرتووخـانەی ئیتلاعـات دەبێ و لەدوای تەحەممـولی بێبەزەییـانەترین ئەشکەنجەکان، لە لایەن دادگـاوە و بە حـوکمی «جەلیلـی»، قـازیی پەروەنـدەکەی لە مـاوەیەکی ٢٠ خولەکیـدا و بەبـێ ئەوەی پارێزەرێـک وەک سەرەکیترین مـافی هەر بەنـدییەک بـۆ محەممەد نەزەری لەبەرچـاو گیرابێ؛ سـزای ئێعـدامی بەسـەردا سەپێندرا. ئەمە لە کاتێکدایە بە وتەی خودی محەممەد نەزەری کە لە چەندین جێگادا و بەتایبەتی لە نامەکـانی خۆیدا باسـی لێ کـردوە –کە ئێمە لەم نووسـراوەیەدا زیـاتر پشـتمان بەو سـەرچاوانە بەسـتووە-؛ ڕیـزی ئەو تاوانـانەی وا دراونەتە پـاڵی هەمـووی لە ئاکـامی دانپێـدانانی زۆرەملـی بـووە. ئەم حـوکمە هەتـا سـاڵی ٧٦ واتە سـێ ساڵ پـاش گیرانـی نەگـۆرا؛ بەڵام لە دوای نارەزایەتیـدەربڕینی بەردەوامـی حـوکمەکە لە ئێعـدامەوە شـکا بـۆ زینـدانی تاهەتـایی. یەک لەو تۆمەتـانە بـریتییە لە «دەسـتێدا هەبـوونی نـاوبراو لە تێـرۆری ٤ مەئمـووری ئیـدارەی ئیتلاعـات»، ئەمە لە کاتێکـدایە کە هیچکـات تێـرۆری وا نەکـراوە و، ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی تەنیـا بـۆ سـزادان و مەحکـووم کردنـی چالاکـانی کـورد لەم جـۆرە پـیلان و تـاوان هەڵبەستنانە کەڵک وەردەگرێ.

لە مـاوەی ئەم سـاڵانەدا و بەتـایبەتی لەم دوایین سـاڵانەدا ئەم بەنـدییە خـۆڕاگرە چەنـدین جـار داوای پـارێزەری کـردوە. هەنـدێک لە پـارێزەران سـەرەڕای ئەوەی کە بەدوادا چـوون و داکـۆکی کـردن لە دۆزەکەیـان بە ئەسـتۆ گرتـوە، بەڵام هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و هۆکارێک دەستیان لە کار کێشاوەتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا دایکی بەسـاڵاچووی محەممەد نەزەری حەولێکی زۆری داوە کە بتوانێ ڕێگـایەک بـۆ ڕزگـاریی کوڕەکەی بدۆزێتەوە، هەر بۆیەش لە سـاڵی ٩٠ی هەتاویـدا لە دەرگـای هەمـوو ئۆرگـانە پێوەندیـدارەکانی دا و تەنـانەت هەتـا «بیت رهبری»ش چوو؛ بەڵام لە کۆتـاییدا پێیان گوت کە نابێ چاوەڕوانی ئـازادیی کوڕەکەی بێ و دەبـێ سەری لـێ بخەوێنـێ. ئەم وەڵامە بـووە هـۆی هیـوابڕاوی و خەمـۆکیی دایکـی محەممەد نەزەری و لە ئاکامـدا لە سـاڵی ٩١ سـەکتە لـێ دا و بە ئـاواتی ڕزگـاریی سـەری نـایەوە. هەر لەم سـاڵەدا دادئەسـتێنی گشـتیی وڵات حـوکمی پێـداچوونەوە بەسـەر دۆزی نـاوبراو دەر دەکـا. دادگـای شاری مەهاباد حـوکمی ئـازادییەکەی دەدا، بەڵام کۆمیسیۆنی لێبـوردن و لێخۆشبوون تـاران بە دەسـتێوەردانی نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات لە زیندانی «رجایی شهر»ی کەرەج ئەم حوکمە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لە کاتی دەسبەسەر کرانی محەممەد نەزەری هەتا بە ئێستا چوار کەسی جیاواز بوونەتە سەرۆکی داد لە ئێران، کە ناوبراو

بۆ سێ کەسیان نامەی ناردوە و داوای پێداچوونەوە و ڕوونکردنەوەی لێ کردوون. بەڵام هیچکام لە سەرۆکەکان چ یەزدی، چ شاڕوودی و پاشان لاریجانیش هیچ چەشنە وڵامێکیان پێ نەداوەتەوە. کۆی سەرنجنەدان و وڵامنەدانەوەی ناوەندە پێوەندیدارەکان، مردنی دایکی - کە لە پێناو هەوڵدان بۆ ئازادیی کوڕەکەی گیانی خۆی لەدەست دا و ئەویش لە دوای ساڵێک ئاگادار بۆتەوە- و هەروەها مردنی دوو کەس لە هاوڕێیانی لە بەندیخانە کە هەرکام لەوان ٢٣ و ٢٢ ساڵ لە ژیانی خۆیان لەو شوێنە بەسەر بردبوو؛ دەبنە هۆی ئەوەی زنجیرە مانگرتنی ناڕەزایەتیی خۆی دەست پێبکا. لە یەکەمین مانگرتنیدا کە لە ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ٩١ی هەتاوییەوە دەست پێدەکا هەتا لە ٢٥ی ڕەزبەری هەمان ساڵدا کۆتایی پێدێ؛ بە دوورینەوەی لێوەکانی بە بەنی نەبڕ ئەوپەڕی ناڕەزایەتییەکەی دەردەبڕێ. لەم بارەوە دەڵێ بە لێدانی حەبی سڕکەر لە لێوەکانی توانیویەتی بەرگەی ئێش و ئازاری دوورینەوەکە بگرێ، بەڵام لەو ماوەیەدا کە ٤٩ ڕۆژی خایاندوە، بە پژمین و باوێشکدان دەوروبەری دەمی بریندار بووە و بەم بۆنەیەوە هەر جارە تووشی ئازارێکی زۆر بووە.

نەزەری لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ سەرۆکی دادی وڵات باس لەوە دەکا لە ئاکامی یەکێکی تر لە مانگرتنەکانیدا کە ماوەی ٩٠ ڕۆژی خایاندووە، تووشی نەخۆشی بووە بەڵام کاربەدەستانی زیندان هیچ هەوڵێکی دەرمانییان بۆ نەداوە.

لە ساڵی ٩٥دا براکەی جارێکی دی وەدووی کارەکانی دەکەوێ، بەڵام لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ و پاش ماوەیەک جەستەی بێگیانی ئەویش لە قەراغ جادەیەکدا دەدۆزرێتەوە! ئێستا محەممەدی نەزەری پێشگیری لە خوشکەکەی کردوە کە لە پێناو ئازادکردنی ئەودا هیچ هەنگاوێک هەڵنەهێنێ، چونکوو بە وتەی خۆی پێی خۆش نییە ئەو سێهەم کەسێک بێ کە لەم ڕێگایەدا دەبێتە قوربانی.

لە ساڵی ٩٦دا نوێنەری ئێتلاعات لەپێناو ئازادکردنی محەممەد نەزەری مەرجی دانپێدانانێکی تەلەڤزیۆنی بۆ دادەنێ کە ئەمەش بەرهەڵست بوونەوە و ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئەوەوە بەدوادا دەبێ. وەک بۆخۆی باسی لێدەکا تەنانەت مەئموورە ئێتلاعاتییەکانیش لە کاتی قسەکردنیان، دان بەوەدا دەنێن کە بێتاوانە و دەبێ ئازاد بکرێ بەڵام دەڵێن: «ئێمە کارێکمان لەدەست نایە».

ئێستا کە پتر لە چارەگە سەدەیەک لە گرتنی محەممەد نەزەری تێدەپەڕێ و تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش مەرەخەسی پێ نەدراوە و هەموو ئەم ماوەیەی لە زینداندا بەسەر بردوە، هەندێک بیرەوەریی تایبەتی هەیە. ئەو ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی نێو بەندیخانەی خۆی بەو ڕۆژە دەزانێ کە هەواڵی مەرگی دایکی بیستووە، خۆشترین هەواڵەکەشی هەر هەواڵی مەرگ بووە بەڵام مەرگی یەکێک لە بازجووەکانی بەناوی «محمد مینایی». لەم ماوەیەدا شایەدی ئێعدامی زیاتر لە ٥٠ کەس لە

هاوڕێیانی بووە کە ئەمەش کارتێکەرییەکی قووڵی دەروونیی لەسەر داناوە. هەروەکوو ئاماژەی پێکرا هەتا ساڵی ٧٦ کە سزای ئێعدامەکەی لەسەر جێی خۆی مابۆوە، هەموو حەوتوویەک شایەدی ئێعدامی خەڵکانی دیکە بووە و، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی لەسێدارە دانی خۆیشی. ئەو کە لاوەتیی خۆی لە بەندیخانەدا داناوە پێی وایە ژیانی هەر لە چاوەڕوانیدا بووە یەکیان چاوەڕوانیی ئێعدام و ئەوی تریان ئازادی. لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ شتێک هیوای خۆڕاگریی پێ بەخشیوی، دەڵێ: «ڕق و قینێک کە لە دەسەڵاتدارانی ئەم حکوومەتەم هەیە، ورەم پێ دەبەخشێ.» بەڵام لە هەمان کاتدا کە بەهیوایە پێی وایە ئەگەر ڕۆژێکیش لە بڵیندگۆی زیندانەوە ناوی وەک کەسانی ئازادکراو بخوێندرێتەوە، بڕوا ناکا چونکوو لە ماوەی ئەم ساڵانەدا درۆی زۆری لە کاربەدەستان بیستووە!

تەنیا ئاواتیشی پێکهاتنی حکوومەتێکە کە لەوێدا مافی هەموو کەمینە ڕەگەزی و ئایینییەکان پارێزراو بێ.

لە ژمارەی ٧٥٩ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## محەممەد حسەینی



زیندانیی سیاسی وەک چقڵی چاوی نەیار

ناوم محەممەد حسەینی‌یە و ساڵی ١٣٥٦ لە شاری بۆکان لەدایک بووم. بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا گەورە بووم، زۆر زوو ئاوێتەی کوردایەتی بووم. وردە وردە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنم بە شێوەیەکی جدیتر تێکەڵ بە کاروباری سیاسی بووم. بڵاوکردنەوەی تراکتە حیزبییەکان، کتێبی مێژووی حیزب و ئەندامگیری لە ئەرکە گرینگەکانم بوو. بەڕێوەبردنی بۆنە جیاوازە نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی بۆنەگەلی وەک نەورۆز و ئاورکردنەوە لە ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد لە ئەرکە ئاساییەکانمان بوو.

لەسەر کتێبی چل ساڵ خەباتی دوکتور قاسملوو و نیو سەدە تێکۆشانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە بە ئەمانەت دابووم بە هاوڕێیەکم بەبێ ئەوەیکە بۆخۆم ئاگا بکەم کەوتبوومە ژێر چاودێری و پاش ١١ مانگ - ئەو جۆرەی «عەزیمی» بازجووەکەم لە کاتی لێپرسینەوە پێی گوتم - شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی سەعات ٢ی نیوەشەو مەئموورەکانی ئیتلاعات ڕژانە ماڵمان و لەسەر جێ و لە خەودا گرتیانم. دیارە پێش گرتنی من، برایەک و دوو خوشکەزام و چەند هاوڕێی دیکەم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا گیرابوون و ناوی منیان لەوێ دابوو.

ئەو شەوە لە تەبەقەی ٢ی گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان هەتا کاتژمێر ٦ی بەیانی لەژێر ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر سەختدا بووم. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ بووم هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە هەتا ٦ی پاشنیوەڕۆ لێپرسینەوەم هەبوو و هەموو ڕۆژێکیش پرسیارەکانی ڕۆژی پێشتریان دەپرسیەوە، لە چوارمین ڕۆژی لێپرسینەوەدا بوو بۆ درۆ و ڕاستیی قسەکانم لەگەڵ هاوڕێیەکم بەرەوڕوویان کردمەوە ئەو کاتە بوو زانیم ئەویش گیراوە.

عەزیمی بەرپرسی لێپرسینەوە لەو کەسانە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا دەگیران، لێپرسینەوەکانی من لە خاڵمەوە (سید ئەحمەد حسەینی) کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو دەستی پێکرد کە وەکوو زۆربەی خاڵ و خوشکەزاکان بە سەدان جار تەلەفوونی پێکەوە قسەمان کردبوو. پرینتی تەلەفوونی ماڵێمانی لە ساڵی ١٣٨٤ەوە گرتبوو و تەواوی ئەو ژمارە تەلەفوونانەی جێگای گومان بوون پرسیاری لەسەر دەکردن. هەر جێگایەک قەناعەتی نەکردایە بە قسەی ناشیرین و جنێو و تەنانەت بە شەق و مست و زللە هەڵسوکەوتی دەکرد. لێپێچینەوەکانی لە دەوری ئەوە دەخولاوە کە من پێوەندیم بە خاڵمەوە هەیە و ئەندامی تەشکیلاتیی ئەو بووم، بەڵام من ئێستا و ئێستاش نەچوومە ژێرباری ئەو قسانە و هەمووم لەسەر خۆم دادەماڵی. بێجگە لە عەزیمی هەموو ڕۆژێک پاش لێپرسینەوە مەئموورێکی تەمەن ٢٣ تا ٢٥ ساڵە کە زۆر لاو بوو بۆ لێدان و بێڕێزی کردن و جنێو دان دەیبردمە دیوێکی دیکە کە پڕ بوو لە مێز و سەندەڵی لەسەر یەک داندرابوون و، جارێکی لە کاتی لێداندا کەوتم بە سەر سەندەڵییەکاندا و ددانێکم شکا.

پاش ١٠ ڕۆژ مانەوە لە گرتووخانەی ئیتلاعات کاتژمێر ١٠ی بەیانی بردیانمە گرتووخانەی ناوەندیی بۆکان، پاش ٨ مانگ مانەوە لە زیندان بۆ ڕوونبوونەوەی چارەنووسم بۆ ماوەی ٨ ڕۆژ مانم لە خواردن گرت کە بە داوای سەرۆکی نێوخۆی زیندان و وەعد بۆ شکاندنی مانەوەی کاتیم لە زیندان وازم لە مانگرتن هێنا و پاش ڕۆژ بە دانانی بارمتەی ٦٠ میلیون تمەنی بە شێوەی کاتی لە زیندان ئازاد بووم. دوای سێ مانگ ڕۆژی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦دا لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی مەهاباد لە لایەن ئاخوند «چابک» دادگاییەکی نیوسەعاتە کرام و لە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمەی هەمان ساڵدا ئیتلاعاتی بۆکان بانگیان کردم. لەوێ کەسێک کە خۆی بە سارمی ناساند حوکمەکەی بۆ خوێندمەوە و پێیان ڕاگەیاندم کە سزای 7 ساڵ زیندانم بەسەردا سەپاوە. سزاکەم دوو ساڵی بە تۆمەتی کۆبوونەوە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و ٤ ساڵیش بەتۆمەتی هەبوونی چەکوچۆل بوو. هەوڵێکم زۆرم دا لە ڕێگەی پارێزەرەوە حوکمەکەم سووک بکەم بەڵام دوو جار لە دادگای پێداچوونەوەدا بەبێ هیچ گۆڕان و داشکانێک وەک خۆی مایەوە.

بەمجۆرە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ٩٢ی هەتاوی درام بە زیندانی ناوەندیی مەهاباد. ماوەی دوو مانگێک لەوێ بووم و بەهۆی ئەوەی کە زیندانی سیاسیی دیکەشی لێبوو، تەحەمولی دژوارییەکانی ئاسانتر دەکردەوە؛ کە بەخۆشییەوە هاوڕێیەتیم لەگەڵ زۆربەیان دامەزراند و هەتا ئێستاش بەردەوامە. لەسەر داوای خۆم و بەدواداچوونی بنەماڵەکەم درامەوە بە زیندانی ناوەندیی بۆکان.

لە زیندانی بۆکان تەنیا سێ کەسی سیاسیی لێ بوو ئەویش حوکمەکانیان زۆر کەم بوو و هەموو زیندانییەکان بە هەر تاوان و تۆمەتێکەوە پێکەوە بوون. چەند مانگ وەکوو یاریدەدەر لە کتێبخانە کارم دەکرد و ڕێنمایی پێویستم بە زیندانییەکان

دەدا و، هانم دەدان بۆ کتێب خوێندنەوە. لە زینداینیش چەند جارێک لەلایەن سەرۆکی زیندانەوە لەبەر ئەوەی پارێزەری باشم بە زیندانییە نوێیەکان دەناساند، بانگ کرام. دوای ئەوە هەڕەشەی بڕینی مەرەخەسی و دروستکردنی پەروەندەی تازەیان لێ کردم. زۆربەی کات کە بنەماڵەکەم دەهاتن بۆ چاوپێکەوتنم کۆسپ وتەگەرەیان دەخستە بەردەمیان و هەر جارێک بە هۆیەک چەند کەسی بنەماڵەکەمیان نەدەهێشت بێنە چاوپێکەوتنم، دوای ٨ مانگ داوای مەرەخەسی کردن حەوت ڕۆژیان پێدام بە مەرجی ڕەزایەتی ئیتلاعات، ئیتلاعات ٢٢ ڕۆژ ئەو نامەی مەرەخەسییەی ڕاگرت جا وەڵامی ئەرێنی داوە. لەو ماوەیەدا چەندین جار دایکم بە لاقی شکاو و گەچ گیراوەوە چۆتە ئیتلاعات و لێیان پاڕاوەتەوە، هەتا ڕازییانی کردوە. ساتەکان زۆر بە زەحمەت ناخۆشیەوە تێپەڕ دەبوون و تەنیا هیوا بە داهاتوو و ڕزگاریی گەلەکەم دەبووە هۆی هێوربوونەوەی دڵم. لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی ئازاد کرام.

لە ژمارەی ٧٦٠ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## باسێک له ژیان و بارودۆخی کەماڵ شەریفی له زینداندا



**میلی زیندان و بیری ئازادی**

"ماوەی هەشت ساڵە لە زینداندام، تەنیا یەک جار و ئەویش لە دۆخێکی تەواو ئەمنیەتیدا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ دایکم و براکەم بووە. شەش مانگ لە سلوولەکانی ئیتلاعاتی شاری سنە، لەژێر هەموو شێوازێک لە ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕووحیدا بووم، لەم شەش مانگەدا لێپرسینەوەکانم شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، شکانی ددان و پەراسوو و، ٦٥ شەو و ڕۆژی تەواو کەلەپچە لە دەست مانەوە؛ تەنیا بەشێک لە ئەشکەنجەکانم بوون.

پێوەبوونی دەسبەند و پێبەند تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا و ئێش و ئازاری بێکۆتایی لاق و چۆک هەتا نیزیک بوونەوە لە مەرگ، بەو مەبەستەی کە لەبەر کامێرادا دان بەو شتانەدا بنێم کە ئەوان لێیان دەویستم، هەڕەشەی ئێعدام، لەدوای شەش مانگی تەواو ئەشکەنجە و بەبێ ئەوەی دەموچاو و ڕوخساری هیچ بازجوویەک و تەنانەت زیندانییەکیش ببینم، نێردرامە دادگا و لە ئاکامی دادگاییەکی زارەکی و ٢٠ خولەکیدا و، بەبێ ئەوەی مافی قسەکردن لەگەڵ پارێزەرەکەم «سەعید شێخی»م هەبێ و هەروەها هەڕەشەی ئەشکەنجە و ناردنەوەم بۆ ئیتلاعات لە ئەگەری قسەکردنم لەگەڵ وەکیلی تری پەروەندەکەم «عەبدولفەتاح سوڵتانی»، حوکمی ٣٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی باشووری ئێران، بەبێ مافی تێکەڵبوون و چاوپێکەوتن و نامە و نامە ناردن بۆ هیچ کەسێکم بەسەردا سەپا.

لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا سەرەڕای ئەوەی ٥٦ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسیدا مانگرتنم لە خواردن کرد و تووشبوونم بە نەخۆشیگەلی سەخت و دژوار و لاوازیی جەستەیی و چاو و سەکتە لێدان و ماوەی چوار مانگ بێهەست بوونی لایەک لە

لەشم؛ ئیزنی ئەوەم پێ نەدراوە کە بچمە دەرەوەی زینـدان و لەوێ دەرمـان بکـرێم. لەو مـاوەیەدا هەر بۆخـۆم بە خـواردنی حەبـی وەک پـرۆفێن، دیکلۆفنـاک و مێفنامیـک ئەسـید و کرێنـی عەیـنەک لەلایەن بەنـدییە ئـازادکراوەکـانەوە؛ بەرەوڕووی نەخۆشییەکانم بوومەتەوە. هەشت ساڵ مانەوە لە زیندانێک کە زیاتر لە ٩٠٠ کەسی تێدایە و لە بەندێکی ١٨٠ کەسیدا و لە ژوورێکـی ٥ لە ٦ کە ٣٠ کەس لەوێ پەسـتێوتراون؛ کە بەداخەوە بە تـاوانی جۆراوجـۆری وەک کوشـتنی بە ئەنقەسـت، دزی، قـاچاخیی مادەی سڕکەر و مرۆڤدزی و... گیراون، دۆخەکە دژوارتر کردووە.

بەپێـی یاسـای زینـدانەکان لە ئەگەری مەرگـی یەکێـک لە ئەنـدامانی بنەمـاڵە، ئەو زینـدانییە ئەگەر تەنـانەت بەتـاوانی کوشتنی بەئەنقەستیش گیرابێ و حوکمەکەی ئێعدامیش بێ دەتـوانێ مەرەخەسـی وەربگـرێ و بەشـداری لە ڕێوڕەسمەکەدا بکـا. لەو کاتەیدا کە بـاوکم فەوتـی کـرد، داوای مەرەخەسیم کرد کە لە وڵامدا بەرەوڕووی سـووکایەتی پێکردنـی ڕەییسـی زینـدان بوومەوە."

ئەمە بەشێک لە نـامەی سـەرئاوەڵای زینـدانیی سیاسیی کـورد «کەمـاڵ شـەریفی»ـیە، کە بـاس لە دۆخـی نـاڵەبـاری خـۆی لە گرتووخانەکانی ڕێژیم دەکا.

نامەکە تـایبەت بە سێ ساڵ لەمەوبەرە بەڵام ئێستاشی لەگەڵـدا بـێ، بچـووکترین گـۆڕانێک بەسـەر دۆخـی ئەودا نەهـاتووە و نامەکە بۆ ئێستاش هەر نوێیە.

«کەماڵ شەریفی» ڕۆژنامەنووسی زینـدانیی سیاسیی کـورد، کـوڕی «بـایەزیـد» لەدایکبـووی سـاڵی ١٣٥١ی هەتـاوی لە شـاری سەقزە. باوکی ناوبراو کارمەندی ئیدارەی پەروەردە بوو لە شاری سەقز، کەماڵ شەریفی هەتـا وەرگرتنـی بڕوانـامەی دیپلۆم لە بەشی زانستە مرۆییەکان هەر لەو شارە درێژەی بە خوێندن دا.

«کەمـاڵ شـەریفی» لە هـاوینی سـاڵی ١٣٦٧دا لە نـاوچە سنوورییەکانی سەردەشت دەسبەسـەر کـرا و بە تـۆمەتی «بڕینـی سنوور» و «هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان» مەحکووم کرا و، ماوەیەک لە گرتووخانەی «ئیـدارەی ئیتلاعـاتی شاری سـەقز» و زینـدانەکانی سەردەشت و پیرانشـار بـوو. ئەو هەروەهـا لە سـاڵەکانی ٦٨ و ٦٩، چەنـدین جـار بەتـۆمەتی «لایەنگری لە و چالاکی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان» لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکـانی «سـپای پاسـداران» و «ئیـدارەی ئیتلاعـات»ی شـاری سەقزەوە دەسبەسـەر کـراوە و، لە ئاکامـدا لە کۆتـایی بەهـاری سـاڵی ١٣٦٩دا، لەلایەن دادگـای شۆڕشـی سەقزەوە، حوکمی یەک ساڵ زیندان و ٤٠ قـامچی بەسەردا سەپاوە.

ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لە بەهاری ساڵی ١٣٧٠دا، هاوکات لەگەڵ ئازادبوونی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، بووە ئەندامی فەرمیی «حیزبی دێموکراتی کوردستان».

ئەم کەماڵ شەریفی زیندانییە لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٠وە دەستی دایە کاری نووسین و وەرگێڕان و، بێجگە لە کار بۆ بڵاڤۆکە حیزبییەکان هاوکارییەکی بەرچاو و نیزیکیشی لەگەڵ هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامە مەدەنییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر هەبوو و؛ ماوەیەکیش لە «ڕادیۆ دەنگی کوردستان»دا لە ئەندامانی دەستەی نووسەران بوو.

کەماڵ شەریفی، لە ساڵی ١٣٨٧ بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەدیبان، نووسەران، مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکان ڕۆشتەوە سەردانی شاری خۆی، کە لە ٥ی جۆزەردانی ئەو ساڵەدا، لە ماڵی کتێبفرۆشێکی خەڵکی سەقز، لەدوای گەمارۆی ماڵەکە و دەسرێژی هێزەکانی سپای پاسداران و شەهید بوونی هاوڕێکەی دەسبەسەر دەکرێ.


لەو کاتەدا کە لە ئیتلاعاتی سنە دەبێ لەگەڵ دوو زیندانیی سیاسیی تر بە ناوەکانی «شێرکۆ مەعارفی» و «ئێحسان فەتاحیان» لە یەک سلوولدا دەبێ. لەدوای ماوەیەک لەگەڵ شێرکۆ مەعارفی دەگوازرێنەوە بۆ سەقز کە لەوێ و لەلایەن «قازیی شایەق»ەوە حوکمی ئێعدام بەسەر شێرکۆ و حوکمی سی ساڵ زیندان و دوورخرانەوەش بەسەر کەماڵ شەریفیدا دەسە پێ.

ئێستا کە بۆ ماوەی نیزیک بە دوازدە ساڵە لە زیندانی شاری «میناب» و لە ناخۆشترین کەشدا بەسەر دەبا، هێشتا ئیزنی ئەوەیان پێ نەداوە کە لەگەڵ بنەماڵەکەی چاوپێکەوتنێکی هەبێ و تەنانەت هەتا بە ئێستا ١٦ جار ئەم داواکارییەیان ڕەت کردۆتەوە. بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی نیزیک لە بنەماڵەی کەماڵ شەریفی؛ «ئەو لە کاتی لێپرسینەوەدا بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر، تاندۆنی لاقەکانی تووشی کێشە بوون بە جۆرێک کە تەنیا دەتوانێ پیادەڕۆیی بکا و لە ڕاکردن و وەرزش خۆ دەبوێرێ؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی زیندان دەرمان ناکرێ ئەم کێشەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ.»

لە ژمارەی ٧٦١ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## مراد جۆلا



**له عەجەبشێرەوە بۆ بێشەی شێران**

ناوم مراد جۆلایە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ناوچەی زێدانی پیرانشار لەدایک بووم و هەر لە سەرەتای منداڵیەوە هاتینە کۆنەخانێ کە ئێستا بۆتە گەڕەکێکی شاری پیرانشار. هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندیم بە یەکیەتیی لاوانەوە گرت کە بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لەو ڕێکخراوەدا وەک پێشمەرگە سازمان درام کە ئەو کاتی بەرپرسەکەی کاک مراد ئەحمەدی بوو. ئەو کات دەگەڵ شەهیدان ڕەحیم مەحموودی، ڕەحمان سۆفی زادە لە یەکیەتیی لاوان و دواتریش دەگەڵ کومیتەی پیرانشار دەگەڵ شەهیدان مەلا ڕەسووڵی گەردی پێوەندیم هەبووە.

هەتا ئەو کاتەی کە حیزب دەستەڵاتی تەواوی لە ناوچەکە هەبووە بە ئاشکرا چالاکیم کردووە و دواتر کە وردە وردە حیزب لە شارەکان چۆتە دەرێ لە سەر ڕاسپاردەی بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەکە، من لە نێوخۆ مامەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٦٠ بۆ ماوەی سێ ساڵان دەگەڵ شەهید ئەبووبەکری ئازەربەرزین و کۆمەڵێک کەسی تر چالاکیمان دەکرد هەتا پاییزی ساڵی ١٣٦٣ کاتێک کە مەئمووریەتێکی حیزبیمان پێ ئەسپێردرابوو دوای گەڕانەوەمان لە شاخی و ئەو کارەی کە کردبوومان بەداخەوە ئەو کەسەی کە ئێمەی بە ماشێن هێناوە گوزارشی لێدابووین و بە گرتنی داین - کە هەڵبەت دواتر بە سزای خیانەتەکەی گەیشت - . لە دەروازەی شاری واتە لە ڕێگای سەردەشت دەستبەسەر کراین. سەرەتا بردیانینە گرتووخانەی سپا لە پیرانشار. ماوەی چوار مانگان لەوێ ماینەوە کە بەداخەوە لەو ماوەیەدا هاوڕێی خۆشەویستم ئەبووبەکری ئازەر بەرزین لە ژێر ئەشکەنجەی پاسداراندا گیانی بەختی نیشتمان کرد. دوای ئەو چەند مانگە کە لە ژێر ئەشکەنجەیەکی بێ بەزەییانە و چەختیانەی پاسداراندا کۆڵم نەدا و توانیم خۆ ڕابگرم بۆ زیندانی سپا لە شاری نەغەدە ڕاگواستڕام. لەو ماوەیەدا ئەوەی کە لە خانێ و نەغەدە بووین هەموو ڕۆژێ بازجوویان لێ دەکردین جا شەو با بەیانی با یا نیوەشەو

بەوپەڕی توندوتیژییەوە لێپرسینەوەیان دەگەڵ دەکردین و داوایان لێدەکردین کە ناوی خەڵک بڵێین و لەسەر هاوڕێ و کەسانی نیزیکمان ئیعتراف بکەین. هەموو ئەو ماوەیەش من لە بەندی تەک سلوولی ڕادەگیرام و وەک بەندییەکی مەترسیدار سەیریان دەکردم تەنیا بەو تاوانەی ئەوەیکە خاک و خەڵکی خۆم خۆش ویستووە و پشتم تێ نەکردوون. ساڵی 1364 بە تەنیا منیان بردە گرتووخانەیەکی سپا لە شاری ورمێ، دوای نزیک مانگێک کە دیسان ئەو پرۆسەی لێدان و ئەشکەنجە و لێپرسینەوە بەردەوام بوو لە دادگایەکی فەرمایشیدا بە سەرۆکایەتیی کەسێک بە ناوی «حاجی ئیمانی» یەکێک لە قازییەکانی دادگەی شۆڕش، دادگایی کرام.

لەو بە ناو دادگەیەدا کە نە مافی بەرگری لە خۆم هەبوو نە مافی ئەوەم هەبوو کە وەکیلم هەبێ، لەو پەری سەرسووڕمانەوە دیتم حاجی ئیمانی دەمانچەی لە مێزەکەی دەرهێنا و لەسەر سەری ڕاگرتم و گوتی یا ئەوەی لەو لاپەڕانەدا نووسراون دانیان پێدا دەنێی و واژۆیان دەکەی یا دەنا هەر لێرە دەتکوژم. تۆ «مفسد فی‌الأرض» و دەبێ لەسێدارە بدرێی. منیش کە نە ئاگاداری نووسراوەکان بووم و نە دەشمزانی چییان لەسەر نووسراوە و چۆن باسی منیان کردوە، گوتم جا چۆن شتێک کە نە دەیزانم چییە و نە ئاگاداری هەم واژۆی دەکەم و قبووڵم دەبێ، من هیچیانم قبووڵ نییە. ئیتر وەدەرێی نام و بۆ بەندیخانەی ناسراوی ورمێ (دەریا) ڕایانگواستم کە وامدەزانی ئازاد کراوم! چونکە بەڕاستی دوای ئەو نیزیک ساڵێک ڕاگرتنەم لە تەکسلوولی و ئەو هەمووە ئەشکەنجە و زەختی و فشارە کە گەیشتمە نێو خەڵکی بەندی لەو بەندیخانەیە وەک ڕزگار کرابم ئاوا بوو.

دوای چەند مانگێک حوکمی دادگەم بۆ هاتەوە کە بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درابووم. بەندیخانەی ورمێ پڕ بوو لەو هاوڕێ حیزبییانە کە یا ئەو کات دەمناسین یا دواتر ناسیمن، ئێمە لەوێش هەر لە چالاکی و باسی حیزبی، بەردەوام بووین و هیچ کات بە چۆک دانەهاتین. سەرەتای ساڵی ١٣٦٥ هێنایانمەوە گرتووخانەی سپا لە پیرانشار، بۆیە ئەو کارەشیان کرد گۆیا کەسێکی حیزبی کە کارم دەگەڵ کردبوو ئیعترافی لەسەر کردبووم و دانی بە هەموو شتدانابوو. دوای مانگێک کە لەوێ ڕایانگرتم جارێکی تریش کەوتمە بەر ئەشکەنجەیەکی زۆر، هەتا دیسان هێنایانمەوە بۆ بەندیخانەی ورمێ و ئەمجارە دوو پەروەندەم بۆ ساز کرابوو. دوای ڕەشەمەی ١٣٦٥ بە زەمانەت هاتمەوە ماڵێ. سەیر ئەوە بوو دوای نیزیک مانگێک کە لە ماڵێ بووم و چاوەڕێ بووم بزانم زیندانەکەم چیی بەسەر دێ، لە نێو شاری خانێ گرتیانم کە بۆچی سەربازیت نەکردوە، کاتێک کە ناوت هاتۆتەوە؟ هەر لەوێ بەڕێیان کردمە عەجەبشێر و دەگەڵ ئەوەیکە دادگە بڕیاری دابوو دەبێ بچمەوە زیندان و زامنەکەشیان هەڵپێچابوو، فەرماندەی پادگانی عەجەبشێر گوتی، جارێ کاتی ئەوە نییە و ئەوە هەر بۆ شەڕ باشە. دوای تەواو کردنی دەورەی ئامووزشی و خولی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٦٦ بۆ مەرەخسی هاتمەوە ماڵێ و ئیدی بڕیارم دا بە یەکجاری بێمە نێو تێکۆشەرانی حیزب و ئەوە ڕێک ڕۆژی شەشی مانگی شەشی ١٣٦٦ بوو.

لەو کاتەوە و تا ئێستا لە ڕیزەکانی ئاشکرا لەخزمەت حیزب و نەتەوەکەم دام و هەردەم بە هیوا و ئاواتی ڕزگاری و گەڕانەوەم بۆ زێد و نیشتمانی خۆم.

لە ژمارەی ٧٦٢ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## سمایل سووری



### باجی بەرگری و خۆڕاگری

ناوم سمایل و نازناوم سووری یە. نێوەڕاستی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گوندی میرئاوێی سەردەشت (مەلا خەلیل) لەدایک بووم. سەردەمی منداڵیم لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنم، لە داوێنی چیا بەرزە کان و لێڕەوارەکانی گوند بە کایە و دڵخۆشییەکانی دنیای منداڵی تێپەڕ بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی بۆ خوێندن نێردرامە قوتابخانەی گوند و هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرسم خوێند و، پاشان لەبەر دەستکورتیی بنەماڵە وەک زۆربەی منداڵانی هەژاری گوند وازم لە خوێندن هێنا و، بۆ یارمەتیی باوکم ڕووم کردە مووچە و مەزرا و بە کاری شوانی و وەرزێری سەرقاڵ بووم.

بەم شێوەیە ژیانم هەتا تەمەنی ١٨ ساڵی و کاتی ڕۆیشتنم بۆ سەربازی تێپەڕاند. لە ساڵی ١٣٦٦دا چوومە سەربازی و لە پاش دیتنی دەورەیەکی ئامووزشی، نێردرامە پێگەیەکی سپای پاسداران لە گوندی شێواوکان لە ناوچەی خۆمان و ماوەی ١٠ مانگ بوو لە و پێگەیە سەرباز بووم، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڕەتی خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانیی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کانی کوردستاندا. شەوێکی پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ هێرشێکی قارەمانانەیان کردە سەر ئەو پێگەیە و، ئەمن هەر وەک پێشتر ئاگادار بووم لە بەڕێوەچوونی ئەو عەمەلیاتە، شەڕم نەکرد و هەڵاتم و پێگەکە بەتەواوی کەوتە دەست پێشمەرگە قارەمانەکان و ژمارەیەک لە هێزەکانی سپا کوژران و ئەوانی دیکە بەدیل گیران.

پاشان لەلایەن سپای پاسداران لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچە گیراین و، ڕایانگواستین بۆ گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری سەردەشت. لە یەکەم ساتەکان ڕا لێپرسینەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەستی پێکرد و، پاش مانگ و نیوێک بردیانین بۆ شاری ورمێ و لە شوێنی ساواکی قەدیم لە شەقامی "دانشکدە"ی ئەو شارە کە ئیدارەی ئیتلاعات لەوێ بوو، ڕایانگرتین. ماوەی سێ مانگ لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا مامەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە لێدان، بێڕێزی پێکردن و ئەشکەنجەی ڕۆحی بێبەش نەکرام. لە ژووری تاکەکەسییان پەستاوتبووم و، وەخت و بێوەخت دەیانبردم بۆ شوێنی لێپرسینەوە و دەیانکوت: "ئەتۆ پێوەندیت بە حیزبەوە هەبووە، شەڕت نەکردوە وپایەگات ڕادەستی هێزی پێشمەرگە کردوە و، لە گرتنی پایەگادا یارمەتیی ئەوانت داوە." ئەمنیش بەردەوام ڕەتم دەکردەوە و پێم دەکوتن ئەوە ڕاست نییە و ئەوان دەیانهەویست دان بەوەدا بنێم کە دەیڵێن و، تەماحیان وەبەر دەنام و بەڵێنی هاوکارییان دەدامێ بەڵام ئەمن هەر پێملی ویستی ئەوان نەبووم.

دوای سێ مانگ لەوێ ڕا ڕەوانەی دەسبەسەرگەی ئیتلاعاتی مەهاباد کرام و، پاش حەوتوویەک سەرلە نوێ بردیانمەوە ورمێ و لەوێ کەسێکیان بە ناوی محەممەد قادری هێنا بۆ بەرەوڕوو کردنەوە لەگەڵ من، کە خەڵکی شێواوکان بوو و ئەویش لەو پێگەیە سەرباز بوو. لەوێدا باسی لەوە کرد کە بە هاوکاریی ئێمە حیزب پێگەکەی گرتووە و ئێمە شەڕمان نەکردوە و یارمەتیمان کردوون؛ ئەمن قسەکانیم ڕەت کردەوە و بە درۆم خستەوە.

لە دوای ئەوە دیسان بردیانمەوە ژووری تاکەکەسی و ماوەی ٦ مانگی دیکە بەهۆی ئەوەی کە دانپێدانانم لەسەر کرابوو، ئەمجار لەژێر ئەشکەنجەیەکی ڕۆحی و جەستەیی زۆر دڕندانەتر لە پێشوو بووم و، هەتا ئیدی لە کۆتاییدا ئاستی تەحەممولم دابەزی و لە ناچاریدا دانم پێدانا کە هەرچی ئەو محەممەدە دەیڵێ ڕاستە و کردوومانە.

پاش دانپێدانان لەگەڵ چەند کەسی دیکە وەک ڕەسووڵی حاجی حسەینیی میرئاوێ و خدر گۆمانی، کە بەداخەوە لەلایەن

ڕێژیمەوە ئێعدام کران و، لەگەڵ ڕەسووڵ مەولوود کە ئێستا لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێیە بردیانینەوە بۆ مەهاباد و لەوێ بۆ یەکەم جار دادگایی کراین و هەر لەوێش وتوویژ و دانپێدانانی تلویزیۆنییان پێکردین .

پاش چەند ڕۆژ لە مەهاباد ڕا ڕایانگوازتین بۆ دەسبەسەرگەی ئیتلاعاتی میاندواو و ماوەی نزیک بە دوو مانگ لەوێ ماینەوە و، سەرلە نوێ بردیانینەوە بۆ مەهاباد و لەوێ بۆ جاری دووهەم دادگایی کراینەوە، کە لەوێ ئەمن بە ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی واتە هەڵپەسێراو حوکم درام. دیارە ئەوە پاش ماوە ی ١٧ مانگ گرتن و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی زۆر و هەروەها چاوەڕوانی و ناڕوونیدا بوو، کە بە حوکمی ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقییەوە ئازاد کرام.

ئەوەش بڵێم لە بری قەرەبووی ئەو چەکەی کە لەوێ هەمبوو و پێشمەرگە وەک دەسکەوت بردبوویان، ٨٠ هەزار تمەن بوو کە لێیان ئەستاندم، ئەم برە پووڵە بۆ بنەماڵەی هەژاری ئێمە، ئەو کات زۆر بوو و بەو هۆیەوە کەوتینە ژێر فشارێکی زۆرەوە.

ساڵی ٦٨ ماوەی دوو - سێ مانگێک دەبوو ئازاد کرابووم، یەک - دوو جار بانگیان کردمەوە بۆ ئیتلاعات، هەستم کرد پیلانیان هەیە دووبارە بمگرنەوە هەر بۆیە بۆوەی تووشی زیندان نەبمەوە، هەڵاتم بۆ باشووری کوردستان و پێوەندیم بە حیزبەوە کرد و لە مەقەڕی کومیتەی شارستانی سەردەشت و لە هێزی گیارەنگ سازمان درام و ماوەی ٥ ساڵ لەڕیزی پڕلە شانازیی پێشمەرگایەتیی حیزبدا خزمەتم کرد.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و هاتنی دەفتەری نوێنەرایەتیی (یوو ئێن) بۆ باشووری کوردستان خۆم نووسی و پاش ماوەیەک لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی، لە لایەن یووئێنەوە ناردرامە وڵاتی دانمارک و لەم وڵاتە نیشتەجێ بووم. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی نیشتەجێ بوونم لە دانمارک پێوەندیم بە حیزبەوە لە دانمارک گرتووە و لە ماوەی ئەم ساڵانەدا هەتا ئێستاش وەک ئەندامی چالاک هاوکاریی حیزب و کومیتەم کردوە.

لە ژمارەی ٧٦٣ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## قاسم سوڵتانی



**لە بەندیخانەی پەهلەویڕا بۆ سەنگەری خەبات دژی کۆماری ئیسلامی**

ناوم قاسم سوڵتانی‌یە لە ساڵی ١٣٣٨ لە مەهاباد لەدایک بووم. لە ڕیزی ئەو بنەماڵە نێونجییانە بووین و باوکم دارتاش بوو. تەمەنی منداڵیم وەک هەر منداڵێکی ئەو سەردەمە بە خوێندن و کارکردن تێپەڕ بوو و، هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە بەشی ئابووریدا درێژەم بە خوێندن دا.

هەواڵەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراقم لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێ لێ دەبوو و، ئەوەش کارتێکەریی خۆی لەسەر شکڵگرتنی بیری نەتەوایەتیی من دانابوو. دواتر لە ساڵی ١٣٥٤ ئەو کات کە لە قۆناغی دواناوەندی بووم لەگەڵ مامۆستایانێکی وەک کاک حوسێن مەدەنی، کاک کەریم دانشیار و کاک جەعفەر سەعدییە ئاشنا بووم. ئەم مامۆستایانە کە لە تاراوگەوە گەڕابوونەوە زۆر لەسەر بیری نەتەوایەتیی ئێمە شوێندانەر بوون و، بەوپەڕی بوێرییەوە لەو کات و زەمەنە پڕمەترسییەدا بانگەشەی کوردایەتییان بۆ منداڵانی پۆلەکان دەکرد، کە منیش یەکێک لەو منداڵانە بووم. لەبیرمە ئەو کات لە وانەی مێژوودا بابەتێکی تێدا بوو لەژێر ناوی "حکومت پوشالی کوردستان" کە بە سووکایەتییەوە باسی لە کۆماری کوردستان دەکرد؛ ئەم مامۆستایانەی کە ناوم هێناون زۆر بەجوانی ڕاستییەکانیان بە پێچەوانەی کتێبەکە بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکردەوە.

هەر ئەم لێک نیزیک بوونەوە لەگەڵ ئەم خۆشەویستانەدا و بەتایبەت کاک کەریم دانشیار بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر حیزب بناسم، لە ساڵی ١٣٥٥ بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی "کوردستان"م بەدەست گەیشت و خوێندمەوە. لەو سەروبەندەدا کاک

کەریم دانشیار کە بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنیی مەهاباد بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ وەک: کەریم قادری، پۆلا نانەوازادە و شەهید تەها کەرباسی و... دەیبردین بۆ شاخەکانی دەوروبەری شار و لەوێ ڕۆژنامەی کوردستانی بۆ دەخوێندینەوە. بەم شێوەیە بوو کە وردە وردە تێکەڵ بە چالاکیی حیزبی بووم.

شەوی جێژنی مەولوودی ١٣٥٦ بوو، کاک کەریم من و شەهید تەها و کەریم ئەفسەردلێری ڕاسپارد بچینە سەر گۆڕستان و لەوێ دروشمێک کە لەسەر کلێشە دەرهاتبوو بە سپرەی ڕەنگ بینووسینەوە؛ دروشمەکە ئەوە بوو "ما انتقام خون شهدای خود را میگیریم." ئەم دروشمەمان لە هەموو دەوروبەری گۆڕەکانی شەهیدان "سولەیمان موعینی" و "مەلا محەممەد زەنگەنە" نووسی. نەریتی کوردەواری وایە خەڵک سەرلەبەیانیی ڕۆژانی جێژن دەچنە سەر گۆڕستان، کاک کەریمیش چووبوو و هاتەوە گوتی کارەکەتان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لەنێو خەڵکدا و وەی بەخشیوە بەو خەڵکە، هەمووان پێی خۆشحاڵ بوون.

مانگی جۆزەردانی هەمان ساڵ کە هاوکات بوو لەگەڵ تاقیکردنەوەی قوتابخانەکان، کاک عەزیز یووسفی لە تاران کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لەوێوە هێناوە بۆ مەهاباد، ڕێژیم حاڵەتی حکوومەت نیزامی بەخۆوە گرتبوو، تانکی هێنابووە سەر شەقام و هەموو هێزەکانی لە ئامادەباشیدا ڕاگرتبوو. هیچ کار و چالاکییەکی تایبەت نەکرا هەتا سێ ڕۆژەی سەرەخۆشیی کاک عەزیز کە لەوێ کاک جەلیل گادانی و خانمی دەبباغی (خوشکی کاک کەماڵ دەبباغی)، بۆ بەشداربووان سوخەنرانییان کرد و لەوێ هەستی کوردایەتیی ئامادەبووانیان هەڵخڕاند. لەدوای سوخەنڕانییەکە کاک عومەر قازی لەگەڵ ئاماژەدان بە گۆڕی شەهیدان موعینی و زەنگەنە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی ئەوە گۆڕی کەسانێکە کە بەدەستی شای سەگ و سەگباب شەهید کراون. هەر ئێوارێی ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانەکانی مەهاباد دەستی پێکرد و، تەلەفوونی شار لەلایەن حکوومەتەوە پچڕا و کۆمەڵێکیش لە خەڵک دەسبەسەر کران.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە جوان لەبیرمە تاقیکردنەوەی وانەی بازرگانیمان هەبوو، چووبوومەوە بۆ قوتابخانە، پێش لەوە تاقیکردنەوە دەست پێبکا، "ڕەزی'، جێگری سەرۆکی ساواکی ئەو کاتی مەهاباد، هاتە ئەوێ و پێی گوتم دەبێ بێی لەگەڵمان چەند پرسیارێکت لێبکەین. کاک سولەیمان شاتری بەڕێوەبەری قوتابخانە پێشی پێگرتن و گوتی نابێ بیبەن تاقیکردنەوەی هەیە، بەڵام ڕەزی پێمل نەبوو و گوتی کاری دە دەقەمان پێیەتی.

یەکڕاست بردیانمە شارەبانیی مەهاباد، خەڵکی دیکەشی زۆر لێبوون. بەتەنیا لە دیوێکیان کردم کە چوومە ئەوێ ئایەتوڵلا مەکارمی شیرازی و ئایەتوڵلا تاهیری ش لەوێ بوون، تاهیری گوتی: "ئەو منداڵەتان بۆ هێناوە؟" سەرۆکی شارەبانی لە وڵامیدا گوتی: "با بێڕێزیت پێ نەکەم، کارت نەبێ." دوایەش ئاماژەی بە من کرد کە بمبەنە دەرێ.

پاش هەندێک پرسیار لەوێ بەڕێ کرامە ئیدارەی ساواک کە چوومە ئەوێ زۆرێک لە لاوانی شار گیرابوون وەک: سیامەند موعینی، ئەحەی ئەنجیری، شەهید تەها و... ڕەزی دەستی کرد بە لێپرسینەوە و منیش بەردەوام حاشام لەوە دەکرد کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بوویێتم، هەتا وێنەکانی نیشان دام و خۆم بینی لە ڕیزی پێشەوە بووم و لە دوای ئەوە زلـلەیەک و شەپێکی لێدام و دەستووری دا بمبەن بۆ زیندانی شارەبانی.

لەو کاتەدا بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێ بێ کاک جەلیل گادانی و کاک حەسەن ماوەڕانیش لە تاران دەسبەسەر کرابوون و ناردبوویاننەوە بۆ زیندانی پادگانی مەهاباد.

ژماری ئەو کەسانەی لەو سەروبەندەدا زیندان کرابوون، ٣٦ کەس بوون. بەرچاوترینیان بریتی بوون لە کاک جەلیل، خەلیل و محەممەد گادانی، سەید حەسەن هاشمی، عومەر قازی، حەسەن و قادر ماوەڕانی، حەمەدەمین و قاسم چرە و... کە بەتاوانی "تجزیەطلبی" دەسبەسەر کرابووین. لێرەدا ئەوەش بۆ مێژوو بگێڕینەوە کە کاک عومەری قازی لە ساواک گوتبووی: " ئێمە "تجزیەطلب" نین بەڵکوو تەجزیە کراوین و دەمانهەوێ پێکەوە بنووسێینەوە." لەدوای ئەوەی کە خۆپیشاندانەکانی خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی دەستاند و داوای ئازادیی زیندانییانی سیاسییان لە حکوومەت دەکرد. نیوەمان لە مەهاباد بە دانانی بارمتەی ١٠٠ هەزار تمەن و مەرجی بەشداری نەکردن لە خۆپیشاندانەکان بەردراین و، ئەوانی دیکەش نێردرانە ورمێ و لەوێ پاش دە ڕۆژان ئازاد کران، دواتر بۆمان دەرکەوت کە حوکمی ئێمە ئێعدام بوو، بەلام بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران ئەم حوکمە لەسەر ئێمە جێبەجێ نەکرا و بەناچار ئازاد کراین.

لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات منیش پەیوەست بووم بە ڕیزی ئاشکرای خەباتی ئەم حیزبە و ئێستا ئەوە پتر لە ٤٠ ساڵە پێشمەرگەم.

لە ژمارەی ٧٦٤ "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

## سەعید باختە



### تازەلاوەکەی گەڕەکی سێئاشان

ئەمن سەعید باختە کوڕی وەستا ئەحمەد ناسراو بە  ئەحمەد مەنگوڕ ساڵی ١٣٤٧ لە گەڕەکی سێئاشان لەدایک بووم. سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ لە مەدرەسەی جامی دەمخوێند. لە گەڕەکی باغی سیسە یەکێک لە مامۆستاکانمان کاک عەلی حەسەنپوور ناسراو بە کاک شوان  بوو. ئەو دواتر بوو بە فەرماندە لک و بەداخەوە زوو شەهید بوو. کاک شوان زۆری هان دەداین کە تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکان بین، لە سەرێکەوە زۆرمان پێخۆش بوو کە لە مەدرەسە دوور دەکەوینەوە و لە سەرێکیشەوە نەماندەزانی بۆ وا دەکەین و وەدوای چی کەوتووین، چاومان لە خەڵکی دەکرد و جنێومان بە شا دەدا و....

شۆڕش سەرکەوت و وردە وردە خەڵک چەکدار بوون. بابیشم بە پووڵی خۆی کلاشینکۆف و دەمانچە و مەخزەنی کڕین و، ئەمنیش هەستم زیاتر دەبزووت و پتر تێکەڵ بەو جۆش و خرۆشە دەبووم و لە دەورەی دووی هێزی بەرگریدا بەشداریم کرد. دوایەش بوومە ئەندامی یەکیەتیی لاوان کە یەکەم بەرپرسی ئەو کاتی کاک کەریم ئەڵلاوەیسی بوو. ئەو کات ئەمن بە ڕۆژ دەمخوێند و شەوانەش بە کاری تەبلیغی و کۆکردنەوەی یارمەتی و داو و دەرمان بۆ پێشمەرگەکان خەریک دەبووین. جاروبارەش کۆبوونەوەی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان دەبوو کە بەرپرسی ئەوکاتی نێو شار کاک خوسرەو خوسرەوی بوو بە ناوی خوازراوی سەربەست، کاک سەربەست کوڕێکی بە ئیمان و بە باوەڕ بوو کە بەداخەوە گیرا و بەهۆی خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە زینداندا لە بەندیخانەی ئێڤین لە تاران لە حەوشەی زیندان بە نارنجۆک دەیتەقێننەوە و شەهیدی دەکەن. ڕۆژێک کاک عەزیم ئەفسەر کە ئەوکاتی بەرپرسی یەکیەتیی لاوان بوو ڕایسپاردبوو کە پێویستیان بە دەزگای چاپ و

تەکسیرە. تیمەکانی دیکە نەیانتوانیبوو پەیدای بکەن. ئێمە کە ئەوەمان بیست غروور گرتینی و هەڕوگیفمان لە خۆمان دا و دەگەڵ دوو لە هاوڕێیەکانم مەدرەسەیەکمان دەستنیشان کرد. تەرحەکەمان داڕشت و شەوێ بۆی چووین و بەهەزار زەحمەت توانیمان دوو دەزگای چاپ و تەکسیر بێنینە دەر و بە هاوکاریی ژنێکی تێکۆشەر لە پشتی سێتەگەری دانێین و گڵمان بەسەردا دا و بە غیرەتی ئەو ژنە بە بازگەکانی بازڕەسیی سپای پاسداراندا ڕەتمان کرد و گەیاندمانە بنکەی یەکیەتیی لاوان کە ئەوکات لە گیادرووان بوو. کاک عەزیم کە چاوی پێی کەوت زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی ئەو کارەی ئێوەمان لەبیر ناچێتەوە و وەک تەشویق تفەنگێکی تامسۆنی ئاڵمانییان داینێ کە پێمان وابوو دنیایان داوینێ، بێخەبەر لەوەی کە ئەو تفەنگە دەبێتە هۆی گۆڕانی ژیانمان لە داهاتوودا.

ئێمە یەکەم هەستەی چەکداریی یەکیەتیی لاوان لەنێو شار بووین. کەیفمان ساز بوو و غروورێکی تایبەتیمان هەبوو. ئەو تفەنگە لەخۆبایی کردین و کەمتر نهێنی پارێزیمان دەکرد. لەو سەردەمەدا ڕێژیم زۆر لە لاوانی مەهابادی ئێعدام دەکرد و تەرمەکانیانی لە قەبرستانی شار فڕێ دەدا. جەوێکی ناخۆش بەسەر مەهاباددا زاڵ ببوو، ناخۆشتر لەوانەش بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەی هەندێک لە ئێعدام کراوەکان داوای قەدوویەک شیرینی و پووڵی فیشەکیان لە بنەماڵەکانیان دەکرد. ڕۆژێک خەبەرمان پێگەیشت کە چەند جەنازە لە قەبرستان فڕێ دراون و ئێمەش چووین و دیتمان کە هەموو گیانیان شکاوە. یەکیانم ناسی کە شەهابی سازواری بوو. دیار بوو لەژێر شکەنجەدا شەهیدیان کردبوون. ئەو کردەوانەی ڕێژیم ئێمەی لەسەر تێکۆشانمان زیاتر سوور کرد و زیاتر لەو ڕێژیمە بێزار بووین.

دوو کادری یەکیەتیی لاوان بە ناوی خالید شاتری و ڕەزا کەریمی لە مەهاباد ئێعدام کرابوون. کاک عەزیم ڕایسپاردبوو کە بچین بۆ دیتنی. ئەمن و ئەمیری هاوڕێ و هاوشانم چووین. داوای لێ کردین کە لە هەموو گەڕەکەکان وێنەی ئەو دوو شەهیدەی یەکیەتیی لاوان لە دار و دیوار بدەین. شەوی یەکەم ئێعلامییەی زۆرمان بڵاو کردەوە و لە کەمینێکیش نەجاتیمان بوو، بەڵام شەوی دوایە کەوتینەوە بۆسە و بەر ڕەگباریان داین. گوللە بەر لاق و پشتم کەوت و تەختی عەرزی ببووم. دوای ڕاوەستانی تەقەکە گوێم لێ بوو کە پاسدارەکە گوتی بچۆ تفەنگەکەی هەڵگرەوە و گوللەی خەلاسی لێدە. منیش کە ئەوەم بیست خۆم مراند. خوێن بەزارمدا دەهاتە خوار. هەستم لە خۆم بڕی بۆوەی نەزانێ ماوم. پاسدارەکە هاتە سەرم و چەکەکەی لە گوێم نا و یەک دوو نووکە پۆتینی لە کەلەکەم دا، بەڵام نەجووڵام. چاوم زەق کرد و خوێنیش بە زارمدا دەهات و هەر کەس با دەیگوت مردووم، بەخۆشییەوە لێی نەدام. تفەنگەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتن. منیش دوای دڵنیابوون لەوەی کە لەوێ نەماون بە قوونەخشکە خۆم گەیاندە ماڵێک کە لێی نزیک بووم. بە لاق لە دەرکەم دا. دەرکەیان کردەوە و گوتیان ئەوە بۆ وات لێ هاتوە؟ گوتم قوتابیم و بێرەدا دەڕۆیشتم کە تەقەیان لێ کردم. بردیانمە ژوورێ. خوێنم لەبەر دەڕۆیشت. گوتیان مادام دوێنێشەو پێشمەرگەش لەنێو شار بووە، دەیبەینە نەخۆشخانە و دەڵێین نازانین کێ بەر دەستڕێژی

داوه. ناعیلاج بۆوەی نەمرم بردیانمە بیمارستان و دەسبەجێ عەمەلیان کردم. منیش ئەوە ئاگام لێ نییە کە پاسدارەکان هەر بەیانیی زوو چووبوونەوە شوێنی تەقەکە و بە شوێن خوێنەکەمدا ڕۆیشتبوون و ماڵەکەیان دیتبۆوە و لێیان پرسیبوون کوا ئەو کوڕە، ئەوانیش گوتبوویان بردوویانەتە بیمارستان. دوای عەمەلەکەم وەهۆش هاتمەوە دیتم پاسدارێکی ناحەز و خێچ و خوار لەسەر سەرم ڕاوەستاوە و خەریکە کەلەپچەم دەکا. دوایە دایکمیان وەدەر نا و بەبێ لەبەر چاو گرتنی وەزعی من و داوای دوکتورەکان پێچایانمەوە و سواری ماشێنیان کردم و بردیانم بۆ زیندانی مەهاباد.

لاقم عەرزی نەدەگرت گوللە وەچۆکم کەوتبوو، پشتیشم ١٨ تەقەڵی پێوە بوو. نەمدەتوانی بەئاستەم بجووڵێم کەچی بەو حاڵەش بردیانمە ئینفرادی. چەند جاران بەهۆی ژانی زۆر بێهۆش دەبووم و دەیانبردمە بێهداریی ئیتلاعات ناعیلاج وا ساغ بوونەوە کە هەتا بڕێک خۆدەگرم و چاک دەبمەوە هەر لەوێ ڕامگرن و بازجوویم بکەن. هەرچی هێنایان و بردیان گوتم محەسیلم و شەوێ بە کووچەیدا دەڕۆیشتم و تەقەیان لێ کردم. ئەوانیش گاڵتەیان پێ دەکردم و دەیانگوت بەو حەقایەتانە نەجاتت نابێ و ڕاستییەکان بڵێ... ئەو کات کە ئەمن گیرام تەمەنم ١٥ساڵ بوو، دەیانگوت هێشتا زارت بۆنی شیری لێ دێ بۆ تفەنگت هەڵگرتوە و دەگەڵ ئەو دەوڵەتە زەلامەی بەشەڕ دێی؟

## باوک و کوڕ لە زیندانی بێدادیدا

ئەوکات کە من گیرابووم، گرووی زەربەتی سپا هەموویان خەڵکی "خمین شهر" بوون. شەوانە دەچوونە مەئمورییەت و بەبێ تەلەفات نەدەهاتنەوە و بە ڕۆژیش دەهاتنە لای من و ئەزیەتیان دەکردم و مەسخەرەیان دەکردم. ڕۆژێک فەرماندەکەیان کوژرابوو و زۆر تووڕە و نارەحەت بوون و هاتن بانگیان کردم و وەپێش خۆیان دام. گوتم بۆ کوێم دەبەن، گوتیان ئێعدامت دەکەین. گوتم خۆ ئێستا دادگایی نەکراوم ئێعدامی چی؟ گوتیان فەرماندەکەمان کوژراوە و دەبێ تۆڵەی لەتۆ بکەینەوە. لەبن دیوارێک ڕایانگرتم و چاویان بەستم و گێلان گێدانی تفەنگیان کێشا. هەموو ئەوانە بۆ ئازاردانی ڕووحی بوو.

بەو برینداری و بەو وەزعە خراپەی کە هەمبوو ماوەی مانگێک لە ئینفرادیدا بووم. نەئاگام لەکەس بوو نە کەسیش ئاگای لەمن بوو. ماوەی سێ مانگ لە مەهاباد بووم، ملاقاتیشم نەبوو. پێش من بابمیان برد بۆ زیندانی دەریا لە ورمێ و دوای تەکمیلی پەروەندەی منیش، دەگەڵ جەمعێک لەو پێشمەرگانەی لە قازیاوایە گیرابوون وەک حوسێن چاوشێنی و شەهریار باهووش و یۆنس بەیتاسی و محەممەد قارەمانی چاویان بەستین و سواری ماشێنیان کردین و بردیانین بۆ زیندانی دەریا و لەوێ چاوم بە باوکم کەوتەوە.

دوای نیزیک بە ٤ مانگ یەکەم ملاقاتیان دا بە من و بابم. دایکم و منداڵەکان هاتبوون. هیچ کاممان توانای قسەکردنمان نەبوو و کارمان تەنیا گریان و چاولێککردن بوو.

دوای چەند مانگ مانەوە بردیانمە دادگا. حاکمی شەرع و دادستان و بازجوو لەوێ بوون. گوتیان بە حوکمی ئەوەی چەکت پێ بووە و بەدژی نیزام قیامت کردوە و زیددی ئینقلابی، بە محارب دەناسرێی و مەحکووم بە ئیعدامی. دوایە هێنایانمەوە زیندان و لەو ڕۆژەوە هەر چاوەڕوانی جیبەجێکردنی حوکمەکەم بووم. پاش ماوەیەک پەروەندەکەم هاتەوە و گوتیان بە پلەیەک داشکاندن سزاکەم بۆ زیندانی ئەبەد گۆڕاوە.

بەپێی ئەوەی حوکمەکەم هاتبۆوە لە بابمیان جودا کردمەوە و بردیانم بۆ بەندی سیاسی کە بەندی ٧ و ٨ بوو. لە بەندی تازە چاوم بە عەرەبی کەوتەوە کە پێشتر حوکمی ١٥ساڵیان دابوویە. پاشان جەماعەتێکی دیکەم ناسی کە شوێنەواری زۆر باشیان لەسەر من هەبوو لە ماوەی ئەو ٦ساڵ زیندانی بوونەمدا.

وردە وردە برینەکانم چاک دەبوونەوە و بە وەرزش و کتێب خوێندنەوە زیندانمان تێدەپەڕاند. ساڵەکانی دەهەی ٦٠ دەهەی ئیعدام و بێ سەروشوێنی و بلاتەکلیفی زیندانییەکان بوو. ڕۆژ نەبوو چەند کەسێک ئیعدام نەکرێن و هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێ پێشمەرگە عەمەلیاتی دەکرد و پاسداران بە لێشاو دەکوژران و ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لە زیندانییەکان دەکردەوە. جارێک ٣٠ کەسیان پێکەوە ئیعدام کرد و جارێک ٢٤ کەسیان ئیعدام کرد و جارێک دوازدە کەسیان ئیعدام کرد و دوایە کار گەیشتە ٥٩ نەفەرەکەی مهاباد کە زۆربەیانم دەناسی و لە زیندان دیبووەن.

ئەو ماوەیەی کە لە بابمیان جودا کردبوومەوە حەوتووانە یەکترمان لە حەساری زیندان دەدی کە دەهات بۆ نەوت وەرگرتن. باوکم لە ڕێگەی پاک و خاوێنی زیندان کەمە داهاتێکی دەست دەکەوت و دەیناردەوە بۆ دایکم و منداڵان، بەڵام زۆری نەبرد کە ئێعدامیان کرد. لە ڕێگەی کەسێکەوە هەواڵم زانی کە باوکم بۆ ئێعدام دەبەن. بەهەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندە پاش قفڵە و دیتم دەستی بابمیان گرتوە و دەیبەن. هاوارم کرد کە ڕاوەستن. هەم ئەمن و هەم بابم دەپاڕاینەوە کە ئیجازەمان بدەن یەکتر لە باوەش کەین و خودا حافیزی بکەین، بەڵام نەیاندەهێشت. بابم هاواری کرد و گوتی بێدیننانە لە بنەماڵەکەم هەر ئەو کوڕەم لێرەیە، لێمگەڕێن با ماچی بکەم. پاسدارەکانیش زۆر بێبەزێیانە جنێویکیان پێدا و گوتیان ئەگەر بێدەنگ نەبی کوڕەکەشت دێنینە لای تۆ. ئەمنیش ئەوە هەر دەگریم و دەپاڕێمەوە بەڵام فایدەی نەبوو بابمیان برد و منیشیان بە گریانەوە بردەوە بەندەکەی خۆم. چەند ڕۆژ دواتر ئەخباری ئوستانی کە هەواڵەکانی کوردستان و عەمەلیاتەکانی باس دەکرد، لە هەواڵەکاندا ڕایگەیاند ئەحمەد باختە کە مەحکوم بە ئیعدام بووە، حوکمەکەی جێبەجێ

کراوە... دوایە بیستم دایکم چوو بوو تەرمەکەی وەرگریتەوە و نەیاندابۆوە کە ببیا لە مهاباد بینێژێ، بەڵام نیشانیان نەدابوو و پێیان گوتبوو لە قەبرستانی ئەرمەنییەکان لە قوڵکەیەکیان هاویشتوە و گڵیان بەسەر داداوە؛ شوێنەکەشیان نیشان دابوو. لەو بارودۆخەدا ئەمن لە زینداندا فکری بنەماڵە و ئازاری نێو زیندان و بێدەسەڵاتی ئۆقرەیان لێ هەڵگرتبووم.

وردە وردە ئێمە لە زینداندا خۆمان سازمان دا و وەک تەشکیلاتێکی غەیری رەسمی کۆبوونەوەمان دەگرت و هەواڵەکانمان بە یەکتر دەگەیاند. ساڵەکانی ٦٣ و ٦٤ و٦٥ ساڵی خۆتەحویلدانەوەی پێشمەرگەکان بوو، بۆ ئێمە لە نێو زینداندا زۆر ناخۆش بوو بە تایبەتی ئەگەر فەرماندەیەک خۆی تەحویل دەداوە دەیان هێنا بۆ زیندان و قسەی بۆ ئێمە دەکرد. بەرپرسانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان مەبەستیان ئەوە بوو کە رووحیەمان تێک بشکێنن و واز لە حیزب بێنین، بەڵام ئەو پیلانەیان هیچ سودێکی نەبوو، چوونکی دەمانزانی ئەو پێشمەرگە تەسلیمییانەش کە دەیاناهێنان هیچیان بە دڵەوە قسان ناکەن و رەنگە لەژێر شکەنجەدا مەجبووریان کردبن...

### تەختی زیندان لە براوە بۆ براکەی

بە هۆی وەیکە خەڵک زۆر گیرابوون و شوێنی ڕاگرتنیان کەم بوو، چەند بەندیی دیکەشیان بە بەندی سیاسی زیاد کرد. ئەمن هەموو بەندەکانم دیبوو جاری وابوو تەبعید دەکراین بۆ بەندی ١٣ کە نە هەواخۆریی هەبوو نە دەفتەر نە قەڵەم و نە دانیشتنی دووکەسی. زۆرتر لە بەندی ١٥ بووم، بە فوتباڵ و والیباڵ و کتێب خوێندنەوە خۆمان دەخافڵاند. بەڵام لە هەمان کاتدا ئازار و کوێرەوەری و ئێعدامی هاوبەندییەکانمان بوونە هەوێنی بیر و باوەڕێک کە هەتا مردن هاندەرمانن بۆ خەبات و تێکۆشان.

تەشکیلاتی موجاهیدین زۆر بەربڵاو بوو هەرکەس تازە دەهات خێرا دەستیان دەکرد بە تەبلیغ کردن و دەیانخستە نێو تەشکیلاتی خۆیان. ڕۆژێک کەسێکیان هێنا ئەوەندەیان لێدابوو، موجاهیدینەکان زوو بردیانە لای خۆیان و دەرمانیان کرد و زۆری پێڕاگەیشتن و ئەویش «زندە باد میلیشیا»ی بۆ دەکردن. لەو ماوەیەدا ببوە جێ‌متمانەی موجاهیدەکان و ئێمەش هەروەتر. دوای ٦ مانگ و چاکبوونەوەی گوتیان بەندەکەی دەگۆڕن و ون بوو. ڕۆژێک هەموومانیان بەریز کرد و هاتن بۆ بازدید.

ڕەئیسی زیندان و دوو مەئمووری ئیتلاعات لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆی خزاندبووە نێو تەشکیلاتی موجاهیدین بە جلوبەرگی

فەرمیی سپاوە وەژوور كەوت. هەر كە چاومان پێی كەوت هەموو زراومان چوو بە تایبەتی موجاهیدینەكان زۆر ترسان. (حاڵی ئێمەش لەوان باشتر نەبوو، بە پێشماندا دەهات و دەچوو و سڵاوێكی دەكرد و دەیگوت فڵان كەس چۆنی خەبەری تازە نییە؟) بێدەنگییەكی بەسام بەسەر زینداندا زاڵ ببوو بە جۆرێك ترپەی دڵی یەكترمان گوێ لێدەبوو. هەموو ئێعدامی خۆمان لە پێش چاومان بوو، كەس شەوێ خەوی لێنەكەوت و هەندێك لە موجاهیدینەكان ئەوەندە ترسابوون بەبێ وەیكە بانگیان بكەن چووبوون ئێعترافیان كردبوو. وردە وردە خەڵكیان بانگ كرد بۆ بازجوویی و شكەنجە و تەنانەت ئیعدامیش كران، زەبر و زەنگەكە بە جۆرێك بوو كە تەشكیلاتەكەیان تەفروتوونا بوو. تەنانەت لەسەر یەكتر و زیندانییەكانی دیكەش كرابوونە سیخوڕ و ئەمەش كاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئێمەش دانابوو.

ماوەیەكی پێچوو كاریان بە ئێمە نەبوو، ئێمەش بەوە لەخۆبایی بووین، بەڵام بێئاگا لەوەیكە بەنهێنی و لەڕێی جاشەكانی نێو زیندان خەریكی ئاشكراكردنی ئێمەشن، كوڕێكی ئێمە بە ناوی چیا ڕادیۆیەكی پەیدا كردبوو كە هەواڵەكانی ڕادیۆ حیزبی پێدەگرت و بە ئێمەی دەگوت و ئێمەش لەنێو بەندەكەدا بڵاومان دەكردەوە، ڕەئیسی زیندان زۆری هەوڵدا زەربەیەكیش لە ئێمە بدا بەڵام بۆی هەڵنەدەكەوت.

هەتا ڕۆژێك دوو كەس بە ناوەكانی «ئ. ت» و «ش. ب» ڕاپۆرتیان دا كە لە فڵان سەعات و لەسەر فڵان تەختی دێموكراتەكان ڕادیۆ دەگرن. هەر ئەوەندە دیتمان مەئموورەكان هاتن و یەكڕاست چوونە سەر تەختی من كە چیا لەوێ لەژێر پەتوودا ڕادیۆی گرتبوو. پەتوویان لەسەر سەری هەڵداوە و ڕادیۆكەیان لەدەست ستاند و هەر لەوێڕا هەتا بردیانە خوارێ بە شەپ و مست شل و كوتیان كرد. ئەمجار نۆرەی ترس و دڵەڕاوكێی ئێمە بوو، بەڵام بەخۆشییەوە چیا زۆر خۆڕاگر بوو، نە ١٤ مانگ ئینفرادی نە ئەشكەنجە و نە ئێعدامی درۆیین و نە ئازاری بنەماڵە بە چۆكیان دانەهێنا و هیچ شتێكی لەسەر هیچ كەسێك نەگوت. ئەو ماوەیەی كە ئەو لە ئینفرادی بوو، مەئموورەكان دەهاتن دەیانگوت: چیا هەموو شتێكی گوتوە و بۆ سووككردنی پەروەندەی خۆتان وەرن ئێعتراف بكەن با وەك موجاهیدینەكان ئێعدام نەكرێن.

هەموو ڕۆژێك دەیانبردین بۆ لێپرسینەوە، ڕۆژێك یەكێك لە كوڕەكان خۆی پێ ڕانەگیرابوو بەداخەوە ئیعترافی كرد و، هەموو شتێكی باس كرد و ئەوانیش بردیانین بۆ بازجوویی و ئەشكەنجە و تەنانەت دادگایی كردنەوەش، بە خۆشییەوە كەسمان ئێعدام نەكرا بەڵام زۆربەمان تەجدیدی حوكم كراینەوە و لێكیان بڵاو كردین و بەسەر بەندەكانی دیكەدا دابەشیان كردین، بەڵام خۆڕاگریی چیا بۆ ئێمە وانە و وەرەیەكی بەهێز و لەبیرنەكراو بوو.

دوای ئەو كارەساتانە كە بەسەرمان هات وەزعی زیندان زۆرناخۆش بوو هەموو ئازادییە ئاساییەكانی پێشوویان لێ قەدەغە

کردبووین و، سیخوڕیشیان بۆ دانابووین.

ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامە نایاساییانە خەڵکی وەدەنگ هێنابوو و بەرپرسانی دەزگای قەزاییش بەناچار، نوێنەریان نارد بۆ بینینی زیندانەکان. هەر لەو سەروبەندەدا بەرپرسانی زیندانیان گۆڕی و ئاڵوگۆڕ بەسەر زینداندا هات. لەدوای ئەوە ئەمن لەوێ بە هاوکاریی کەسانی خۆشناو و جێمتمانەی وەک سەعدە و لوقمان و موحسین قازی و ئاغای شێخانی و سەلیم دیبۆکری و برایم موهاجری و... دەرسم خوێند و لە زینداندا توانیم ئەوەڵ و دووهەمی نەزەری تێپەڕ بکەم.

لە دوایین چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ دایکم گوتی ئەوە ٦ مانگە لوقمانیش گیراوە و قەرارە بیهێنن بۆ زیندانی ورمێ، زۆرم پێناخۆش بوو. چاوەڕێ بووم بیهێنن بۆ لای من لە زیندانی دەریا، هێندەی پێنەچوو خەبەری هێنانی لوقمان و ئازادیی من لە یەک ڕۆژدا ڕووی دا. ئەو کات کاک عومەر قازی و ڕەفیقەکانم لەوێ بوون ڕامسپاردن دەست لە تەختەکەم نەدەن و قەرارە لوقمانی برام بێنن بۆ ئێرە ئەگەر هات شتەکانی من و تەختەکەمی بدەنێ با بێجێگا نەبێ، ئەوانیش لەباوەشیان گرتم و کاک عومەر گوتی وادیارە زیندان بەبێ باختەکان نابێ. ماڵاواییم لە هاوبەندییەکانم کرد و گەلێکیان بۆ نارەحەت بووم و ئەمن بە دەرگایەکدا چوومە دەر و ئازاد بووم و لوقمانیش بە دەرگایەکی دیکەدا کەوتە زیندان و بردیان بۆسەر تەختەکەی من.


بە دیتنی دایکم و وان گەشامەوە و یەکترمان ماچ کرد و یەکەم کاریشم ئەوە بوو کە داوام کرد بچینە سەر گۆڕی بابم و فاتیحایەک دادەین. ئەو کارەمان کرد و وەک کەسێکی سەربەرز و ڕازی بە چارەنووسی خۆم درێژەم بە ژیان دا و بە گوڕتر لە جاران و بە بیر و باوەڕتر لە پێشوو هەنگاوەکانم بەرەو داهاتوو هەڵێنا.

لە ژمارەی ٧٦٥، ٧٦٦ و ٧٦٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ و ٢١ی جانێوێری و ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

# کەریم تووژەڵی



## لەبن پەتی سێدارەوە

(نامەیەکی شەهید کەریم تووژەڵی لە زیندانەوە بۆ هاوڕێیەکی بەرپرسی حیزب)

به هۆی وەیکە خەڵک زۆر گیرابوون و ش«بەناوی شەهیدانی سورخەڵاتی گەل و بەناوی خۆڕاگرانی شێلگیر و فیداکار

بۆ برای زۆر بەڕێز کاک مستەفا، وێڕای سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانە

ساخی و سەرکەوتن و سەرفرازیت ئومێد و هیوای منە و... سڵاو ڕێزم هەیە بۆ بنەماڵە و تەواوی دۆست و ڕەفیق و نزیکان.

زۆر دەمێکە لەفکری نووسینی نامەیەکدا بووم بۆ ئەوەی بتوانم لە حاڵ و وەزعی خۆم ئاگادارتان بکەم، چونکە دڵنیام بەدوای گیرانی من و بەنیسبەت بەرخورد و هەڵوێستی من نەوعە نیگەرانیەکتان بووە، بەڵام بە واتای حەقیقی تا ئەو چەند ڕۆژانە، نە مەلاقاتم بووە و نە چووکترین فرسەتم بووە. ئیستا لەو وەزعەدا زۆر لە ترسدا ئەو چەند دێرە دەنووسم و دەینێرمە دەرێ. هەرچەندە ئەو جەریانەی من بەرەورووی بوومەوە بەشێکی زۆری دەگێرمەوە بۆ بێلوتفی و کەمتەرخەمیی ئێوە لەگەڵ مندا بە تایبەت شاهۆی بەڕێز کە نامهەوێ درێژدادڕی بکەم چونکە لە نامەیەکدا بە دوورووودرێژی بۆ کاک حەسەنم نووسیوە، بەڵام بەهەرحاڵ بیر و باوەڕی من زۆر لەو بێلوتفیانە بەهێزترە کە بەهیچ جۆر ناتوانن لەسەر بیر و ئیعتقادی من تەئسیری مەنفیيان هەبێ، چون لام زۆر موقەدەس و بەڕێزە و هیوادارم وەک هەمیشە تەجروبەکان دووبارە

تەجروبە نەکەنەوە.

لەسەر شێوەی گیرانەکەم پێویستە عەرزتان بکەم لەمانگیی ٢دا un منیان بانگ کرد و گوتیان دەمانەوێ بەمەبەستی بەڕێکردن، موشکیلەی (خروجی)ت بۆ حەل بکەین. بۆ ئەو مەبەستە منیان برد بۆ ئەمنیەتی مەرکەزی لە ئەنکارا، لەوێ بە پۆلیس مەعەرەفییان کردم و پێیان گوتم هەر ئەو ئەدرەسەی داوتە هەرکات بەو ئادرەسەی داوتە پۆلیس، ئەگەر پۆلیس لەدوای ناردی بچۆ. دوای مانگێک پۆلیس داوای بینینی کرد و منیش بە نییەتی ئیحتیات کردن لەگەڵ un مەوزوعەکەم باس کرد بە تەلەفوون، گوتیان هیچ نیگەرانیت نەبێ. منیش بە دڵنیایەوە چووم هەر کە گەیشتمە ئەوێ پۆلیس دەستیان بەستم ولە مەرزی ئێران خۆم دیتەوە و هاوار و ڕشوەدان بە هیچ کوێ نەگەیشت. کە بردیانم بۆ مەرز مەئموور ئێران لەوێ چاوەڕوان بوون و لە مەئموورانی تورکیەیان تەحویل وەرگرتم و یەکسەر بردیانم بۆ «خۆی»یە، پاش چەند ڕۆژ هێشتنەوە و بازجوویی هێنایانم بۆ ئیتلاعاتی ئوستان. لەوێ حاجی قودرەت ئەسلی مەسەلەکەی بۆ باس کردم و گوتی لە پارەوە ئێمە لە تەعقیبی تۆداین، بەخۆشییەوە ئێستا کەوتوویەتە داوی سرویسە ئیتلاعاتییەکانی ئێمە و هیچ کەس نییە تۆ نەجات بدا، حەتا مەلا عەولاش، تەنیا خۆتی کە توانای ڕزگار بوونی خۆتت هەیە. بەهەرحاڵ لە سەرەتایەکاندا زۆر ڕێز و ئێحترامیان گرتم، منیش لە مەبەستی ئەوان حاڵی بووم. بۆیە تەشریفاتی ڕواڵەتیی ئەوان نەیتوانی من فریو بدات. هەربۆیە پاش چەند ڕۆژان نیعمەتی ئیلاهییان بەسەردا باراندم کە لەباس کردن و گێڕانەوە نایەت. نامهەوێ ئەوەتان بە ڕۆخ بکێشم، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بردیانم بۆ ژێرزەمینێک کە وەک دیوی عەمەلی جەڕاحی دەچوو کە چەند جار لەژێر تەوژمی پرۆژکتۆردا سەریان لەدەزگایەکی بەرقی دام کە ئەو دەزگایە ئینسانی نیوە بێهۆش دەکرد و دەزگای زەبەت گیری پێوەبوو. زۆریان هەوڵ دا، ئەوەی مەبەستیان بوو پێی نەگەیشتن، بۆیە پاش چەند ڕۆژان ڕەوانەی سەردەشتیان کردمەوە و لەوێش پاش سێ مانگ ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و بازجوویی ڕەوانەیی بازداشتگای ئیدارەی ئیتلاعاتی مهابادیان کردمەوە. لەو ماوەیەدا کە لە سەردەشت بووم لە ئیدارەی ئیتلاعات زیاتر هیچ کەس لە بوونی من ئاگادار نەبوو و بەشێوەیەکی زۆر مەخفی هێشتبوویانمەوە کە دیارە مەبەستی خۆیان هەبوو.

لە سەردەشت بۆ لەڕەسمەبردنی من هەوڵێکی زۆریان دا و پیلان و عەوامفەریبیی زۆریان گیرا بەڵام بەشی ئەوەندەم تەجروبە هەبوو کە لەبەرامبەر ئەشکەنجەی ئەواندا خۆم ڕابگرم و فریوی ئەوان نەخۆم. هەربۆیە کە لەو تاقیکارییانەیان شتی ویستی خۆیان دەست نەکەوت، چەند داوایەکی دیکەیان هێنا گۆڕێ کە بریتی بوون لە لەسەر تەلەفزیۆن قسەکردن، کە ئەوەم ڕەت کردەوە. گوتیان لە نوێژی جومعەدا لە سەردەشت قسە بکە، گوتم توانام نییە. پاشان گوتیان شوورا و ڕیش سپیی گوندەکانی بڵفەت کۆ دەکەینەوە لە مزگەوتی میراوێ قسەیان بۆ بکە، کە ئەوەش وەڵامی ڕەددی هەبوو. ئاخرین داواکارییان ئەوە بوو کە بەشێوەی نهێنی بمێنمەوە. چەند کەسێکیان لە دۆستانی لای ئێوە بۆ دەستنیشان کردم کە کاریان

لەسەر بكەم و بیانكەم بە عوامیلی نفووزی كە ئەوەش هەر وەڵامی ڕەدی هەبوو. دیارە بە ڕواڵەت دەیانگوت ئەگەر یەكێک لەو كارانە بكەی ئێمە ئیمكاناتێكی زۆرت پێ دەدەین و ئازادت دەكەین. بەڵام نییەت و هەدەفی ئەوان زۆر باش لای من ڕوون بوو، بۆیە ئەو داواكارییانە هەر وەڵامی ئاوایان پێویست بوو. بەو مەوزەعگیریانەی من زۆر ڕەق و تووڕە بوون. هەربۆیە لەوێ سوێندیان لێ خواردم كە ئەگەر ئەوا بڕۆیە پێش ئێعدامت دەكەین. پاشان هێنایانم بۆ مەهاباد و بردیانم بۆ دادگای ئیتلاعات و پاش چەند ڕۆژان لە دادگایەكی تەشریفاتیدا، حوكمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندم.

هەرچەندە ئێستا حوكمی ئێعدامم خواردوە بەڵام بۆمن مایەی شانازی و سەربەرزییە، كە بۆماوەی چەند مانگێكە گیراوم و كەسێک لە سیاچاڵەكانی ڕێژیم نابینم كە بە ئیعترافی من گیرابێ، تەنیا كەسێک نەبێ كە ئەویش لەدادگا هەرچی گوتبووم ڕەتم كردەوە و ئەویش ئازاد بووە. بۆیە لەو بارەیەوە دڵنیاتان دەكەم من ئیعترافم لەسەر كەسێک نەكردووە كە حوكم بخوات. لەتەواوی ئەو كەسانەی كە لەژێر ئەشكەنجەدا ئیعترافم كردوە چوار پێنج كەسی دۆستی ئێوەیان تێدایە كە ئەوانیش ئەندام نین و بە عینوانی لایەنگریش ماوەیەكی زۆر ئیرتباتیان قەتع ببوو. هەرچەند فشارێكی زۆریان بۆ هێنام بەڵام من هەرگیز ئیجازەم بەخۆم نەدا، چونكە ئەگەر لەباری حیزبییشەوە نەبێ، لە بواری ئەخلاقی و ویژدانیەوە لە مقابیل ئەو كەسانەدا تەعەهودم هەیە و بۆیە ئامادەم و ئامادە دەبم بۆ پاراستنی گیان و مەوجودییەتی ئەوان خۆم بەپەتی سێدارە وە بكەم. دیارە ناوی چەند ماڵێكم گوتوە ئەویش «مەزرایی» زۆری .نامەردی لەگەڵ كردم و ڕووبەڕوو ئیعترافی لەسەر كردم. هەر بۆیە لەوانەیە هێندێک شت بێ ئەو گوتبێتی، بەڵام لەو كاتە بە حیسابی من تەواو بێ ، هەر چەندە گوزارش و ئیتلاعاتێكی زۆریان لەپەیوەندی لەگەڵ مندا هەبوو، بەڵام من هەموویانم ڕەت كردەوە. بۆیە جارێكی دیكەش ئێوە و هەموو دۆستان دڵنیا دەكەم كە من ئێعترافم لەسەر كەس نەكردوە كە بەڕاستی حیزبی بێ و حوكم بخوات. ئەسلەن چەند كەسێكیان تێدان دەست و پێوەندی خۆیانن. هەر بۆیە خەبەرم هەیە كە چەند كەسێک هەڵاتوون كە من بە هیچ جۆر ئیعتیرافم لەسەر نەكردوون. لەوانەیە ڕیژێم هەڵلا وهەنگامێكی زۆری ساز كردبێ. بەڵام داوام ئەوەیە لەمەو بەدوا ئەگەر كەسێک یان كەسانێک لەو بارەیەوە نیگەرانییان هەبوو بەتەواوی دڵنیایان بكەن.

بەڵام هەرچەند حەقیقەتێكی تاڵیش بێ لەڕاستیدا ئیتلاعات لە جەریانی هەندێک مەسەلەدا بوون كە تا من لەوێ بووم كادرەكانیش لە جەریاندا نەبوون، هەربۆیە هەرچەندە من تازە ئێعدامم خواردوە بەڵام بۆ ئەوەی جانبی ئیحتیاتمان گرتبێ داوام ئەوەیە كە ئەو نووسراوە نەكەوێتە سەر زار و زمانان و ئەو مەسەلانەی باسم كردوون نەبنە شابەیتی محافلی ئەوێ. من جەنابتم بە مناسب زانی بۆ ئەوەی لەو جەریانەت ئاگادار بكەم. دیارە ئەوانەی پارەكە گیرابوون ئیعترافی زۆریان لەسەر من كردبوو كە هەم ئیعترافی ئەوان، هەم «مەزرایی» شتەكەیان زیاتر لەمن خراپ كرد.

له کۆتـاییدا با بڵێم که شارویرانیش لەلای منه و بەیەکەوه له زیندانی مهاباد داین. شایەد فرسەتی زۆر باش بێ بـۆ ئەوەی ماڵاواییتـان لێ بکەم وگەردەن ئـازایەتیتـان لـێ وەربگرم، که هیـوادارم گەردنم ئـازاد بکەن و گەردنی هەمووڵایەکتـان ئـازاد بێت.

زیندانی مەهاباد

کەریم


۱۵ - ۸ - ۱۳۷۷

له ژمارەی ۷٦۸ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ۲۰۲۰

-----------------------------------------------------

## محەممەد ناسری



### بەندیخانە دەروەستی بیری ئازاد نایە

من محەممەد ناسری خەرمانانی ١٣٤٤ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی شاری سەقز لەدایک بووم. ساڵی ١٣٦٠ پێوەندیی تەشکیلاتییم بە حیزبەوە گرت و ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٦٤ بەهۆی خۆتەسلیم کردنی کادرێکی نێوشار کە پێوەندیم لەگەڵی هەبوو بە ناوی «عەلی قادری» گیرام و شوێنی دەسبەسەرکرانم ئیتلاعاتی شاری سەقز بوو.

دوای ماوەیەکی کورت بەناو دادگایی کرام و بە ٣ ساڵ بەندکران حوکم درام، لە ماوەی گیران و دەسبەسەرکرانیشم لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا چەند جار ئەشکەنجەی جەستەیی کرام کە ناخۆشترینیان لێدانی کابل لەژێر پێم بوو.

ماوەی حوکمەکەم سێ ساڵ بوو، بەڵام ٣٨ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە زینداندا بووم، واتە ٢ مانگ و ١٠ ڕۆژ زیاتر ڕایان گرتم و ئەزیەتیان دام. ماوەی بەندکرانەکەم لە چەند زیندانی جیاوازدا تێپەڕاند، ٥ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە بەندیخانەی دیزڵئاوا لە شاری کرماشان، ٦ مانگ لە بەندیخانەی ئێڤین لە شاری تاران، ٢٧ مانگ لە دوو بەندیخانەی سەقز، لە بەندیخانەی ئیتلاعات و ١٧ مانگی لە بەندیخانەی دوخانیات کە ژێرزەوی و عەنباری تووتن بوو.

ئەشکەنجەکردنی بەندیی سیاسی لە لایەن بازجووەکان و کەسانی تایبەت بە ئەشکەنجەدان دەکرا، بە جۆرێک کە لەبەندە سیاسیەکاندا بۆ دانپێدانان زۆر جار ئەشکەنجە دەوری هەبوو و زۆر کەس لەژێر ئەشکەنجەدا دەوامی نەدەهێنا و ئێعترافی دەکرد و زۆر کەسیش بە ناچاری ئێعترافی دەکرد، وەک نموونە هەبوون کەسانێک کە ڕیزی شۆڕشی بەجێ دەهێشت و لە کاتی

خۆتەحویلدانەوەدا لەسەر کەسانی تر ئێعترافیان دەکرد و دەبووە هۆی لە داوخستنی کەسانێک، کە من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کەوا لەو سۆنگەیەوە گیرام.

زۆرتری کاتەکانم بە خوێندنی کتێب و وەرزش تێپەڕ دەکرد، ملاقاتەکان لە بەندیخانەی سەقز لە دەرەوە بوو کە شوێنەکە تۆڕبەند بوو، لەنێو تۆڕبەندەکەدا پاسدار و بەندییەکان هەبوون و لەو دیوی تۆڕەکەش بنەماڵەی بەندییەکان بوون. لەنێو بەندەکاندا ئەو بەندییانەی لەسەر بیروباوەڕی خۆیان مابوونەوە و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە، پێکەوە هەڵسوکەوتیان زۆر باش و خۆمانە بوو، بەڵام ئەوانەی وا «تەواب»یان پێ دەگوتن، بەندییەکانی تر لەگەڵ ئەوان تێکەڵ نەدەبوون.

بیرەوەریی زۆر خۆش و ناخۆش لەو ڕۆژ و سەردەمانە هەن. بیرەوەرییەکی خۆش ئەوە، کاتێک لە بەندیخانەی ئێڤین بووم ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە نێو بەندیخانەدا (حیزبییەکان) پێکەوە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژمان گرت و چەند کەس لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق کە کەسانێکی باش بوون دەعوەتمان بوون. بەڵام، بیرەوەرییەکی ناخۆش ئەوە کە بەداخەوە ڕۆژانی ئاخری گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ ئێعدامەکان دەستیان پێکرد و چەندین هاوڕێی باش و خۆشەویست و بەنرخی حیزبییمان ئێعدام کران کە «مستەفا خزری» (وەستا مستەفای نەجار)، «محەممەد ئەحمەدنیژاد» (حەمەلات) «عەلی سەلەکی»، «مەنسوور حوسێننیژاد»، «زاهیر حوسێننیژاد» کە برا بوون، «سەعید ساڵحی» (سەعید شۆیی)، «عەلی کتابی»، «مەحموود کتابی» کە ئامۆزا بوون. دیارە لەگەڵ ئەم چەند شەهیدە حیزبییە چەند کەسێکی تریش لە ئەندامانی کۆمەڵە ئێعدام کران.

ڕۆژی ئازادبوونم هەمووی لەنێو ساڵۆنی زینداندا کۆ ببووینەوە و چاوەڕێی ئازادیمان دەکرد، کەسێک بە ناوی هووشەنگ کە باوکی تورک و دایکی کورد و خەڵکی بانە بوو، هاتە لامان و گوتی ٢٢ کەس وەرن ریز بن و تۆش لەگەڵ کەوە. گوتم ئەمن ناتوانم لە هیچ شانۆگەرییەکدا بەشدار بم. گوتی ئەوە لە بەرژەوەندەیی خۆتە، ئەگەر لە خەمی خۆتدا نیت بەزەییت بە بنەماڵەکەتدا بێتەوە. دوایە ڕۆیشت و پاش چارەگە سەعاتێک گەڕاوە دیتمان کارتۆنێکی گەورەی پێیە. بانگی کردین و ٢٢ کەسمان چووینە پێشێ. ٢٢ کۆتری هێنابوو، گوتی دانەیەکیان دەست دەیە و لە کاتی ئازادکردندا کۆترەکە بەر بدە. کە کۆترەکەم وەرگرت لە ژێر کۆتەکەم شاردمەوە، لەو کاتەدا ڕەئیسی زیندان هاتە نێو ساڵۆنەکە و هاواری کرد ناسری بۆ هیچی پێ نییە، منیش کە کۆترەکەم نیشان دا وازی لێ هێنام.

دوای ٣٨ مانگ و ١٠ ڕۆژ بەندکرانم ڕۆژێکیان بەرپرسی بەندیخانەی سەقز بە ناوی مورتەزایی هاتە بەند و لە نێو چەند کەس لە تەوابەکاندا گوتبووی کۆمەڵێک کەس بڕیاری ئازادکردنیان دراوە کە یەکیان من بووم. بەمجۆرە من لە ٢٢ی

ڕێبەندانی ١٣٦٧ ئازاد کرام و گەڕامەوە سەر ژیانی ئاسایی و هەروەها سیاسیی خۆم. بەو حاڵەش لە دوای ئازادییم ٥ ساڵ ئیمزایان لێ وەرگرتم کە تا سێ ساڵ حەوتووی جارێک و دوو ساڵەکەی تر ١٥ ڕۆژ جارێک دەبوا بچووبام ئیمزا بکەم. ئەو ٥ ساڵە تا ئاشکرا بوونم لە ئاخری هاوینی ١٣٨٠دا لەژێر چاودێریدا بووم، ئاخری ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٠ شاری سەقزم بەجێ هێشت و هاتمە ڕیزی حیزبەوە.

کە هاتمە ڕیزی ئاشکرای حیزب ماوەیەک لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بووم و دوای ٨ مانگ درام بە کۆمیسیۆنی ئامووزش و لە بەشی وێنەگریدا کارم کرد. لەو ماوەیەدا ساڵێک بەرپرسی بەشی وەرزشی حیزب بووم و لە کاتی دانانی «کورد کاناڵ»یشەوە لە ستۆدیۆی هەواڵ و بەرنامە تایبەتییەکانی کورد کاناڵدا کار دەکەم و لە خزمەت حیزب و گەلەکەمدام.


پتر لە سێ ساڵ زیندان و بەندکرانم بەشێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکاریی منە و لە هەموو ئەم ماوەیەدا گشت هەوڵم ئەوە بووە نموونەی خەباتگێڕێکی دەرووست بم و ئەوە کۆت و بەند و میلەکانی زیندان نەبن منیان تێدا بەند کرابێتم، بەڵکوو دەبێ باوەڕی ئێمە بێ دەسەڵاتی داگیرکەری نیشتمان بەچۆکدا بێنێ.

لە ژمارەی ٧٦٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

# فەتاح ڕەسووڵی



### ئاوارەیی و ماڵ بەکۆڵی لەپێناو بیروباوەڕدا

فەتاح ڕەسووڵی کوڕی ڕەحیم خەڵکی پەسوێی پیرانشارم، لە ساڵی ١٣٤٤دا لەدایک بووم.

لە ساڵی ٥٨ەوە هەتا ٦٥ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووم. دوای دابڕانم لە پێشمەگایەتی کاری نهێنی و تەشکیلاتیم لە نێوخۆ دەست پێکرد. هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەستیان بە چالاکییەکانم کردبوو، هەر بۆیە زۆر زوو کەوتمە بەر ڕق و چاودێرییانەوە. هەر بەم بۆنەیەوە چەندین جار گیرام و ئەشکەنجەی زۆرم تەحەمول کرد.

جاری یەکەم، ساڵی ٦٦ بوو کە گرووهی زەربەتی نەغەدە بە کووچە و کۆڵانەکانی پەسوێدا بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵک دەگەڕان. لەگەڵ خەڵک لەبەر دووکانێک ڕاوەستابووین، ڕۆژێک پێشتر لەسەر تابلۆیەک نووسیبووم «دووکانی لاوان» و لەسەر درگای دووکانەکەمان دابوو. زانیان من نووسیومە، پێیان وتم تو ئێستاش وەدەزانی هەر لە دێموکراتدای؟ پێویستە هێندێک سەرت نەرم کەین پەلاماریان دام و بە لێدان و جنێو خستیانمە نێو ماشینێک بەرەو قەرارگای سپای پاسدارانی نەغەدەیان بردم؛ دوای چەندین ڕۆژ لە لێدانم ئازادیان کردم.

جاری دووهەم، هەر لەو ساڵەدا بۆ کڕینی کەلوپەلی ماڵ چوومە نەغەدە. بێئاگا لەوەی کە بەدوامەوەن، ویستم بچمە ماڵی خزمێکمان لە کۆڵانەکەدا لە دوو لاوە دەوریان دام و، تفەنگیان لەسەر سەر ڕاگرتم و گوتیان سواری ماشێن بە. هەتا ١١ی شەو هەر لێیان دام، دوایی بەریان دام لە ئازاری لەشم ناونیشانی ماڵی خزمەکەمانم لە بیر چووبۆوە و لە ناچاریدا

خۆم بە مزگەوتێکدا کرد و هەتا بەیانی لەوێ مامەوە.

جاری سێهەم، ساڵی ٦٨ پاش تەواوبوونی سەربازییەکەم کە لە تاران بووم، دیسان گوشارەکان لەسەرم توندتر بوونەوە. ئەم جار هەوڵیان دەدا لە ڕێگای کەسێکەوە پەروەندەم بۆ دروست کەن. لە ئیتلاعاتی سپای نەغەدەوە بانگ کرام و چووم، چاویان بەستم و وتیان تۆ وەک فەرماندە ساڵی ئەوەندە دەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگان چەند کەست لە هێزەکانی ئێمە بە دیل گرتوە و پاشان ئاورت لە داراییەکانی حکوومەت بەرداوە و خەساری چەند میلیۆن تمەنییت پێگەیاندووین و، لە لێکۆڵینەوەکانیشتدا ئەوەت شاردوەتەوە. من هەر نەچوومە ژێر باری ئەوە و گوتم کە بوختانە و من لە عەمەلیاتی وادا بەشداریم نەکردوە. دەمزانی کە زوو لێم تووڕە دەبن و لە ناکاو زللەیەکی وایان لێدام لای ڕوومەتی چەپم هەر گڕی لێهەڵدەستا.

وتیان شایەدمان هەیە ئەوەتا لەلات دانیشتوە کە چاویان کردمەوە بەڵێ کەسێک بە ناوی «خ. گ» کە خەڵکی ناوچەی نەغەدە بوو،و لەگەڵ ئێمە پێشمەرگە بوو و پێش گەڕانەوەی من هاتبۆوە، لەوێ دانیشتبوو. لێیان پرسی دەیناسییەوە؟ ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە باست دەکرد؟ وتی بەڵێ خۆیەتی. گوتم بەڵێ منیش ئەوە دەناسم بەڵام لەگەڵ ئێمە نەبووە، دوایی داوام کرد کە بۆ چەند ساتێک بەتەنیا بین ئەوان چوونە دەرەوە بە هەموو هێز و توانای خۆم زللەیەکم لێدا. کەسێکی زۆر ترسەنۆک بوو، بەسەریدا گوڕاندم و پێم گوت لەسەر من زانیاری دەدەی، بەڵام ئەگەر تۆش لەگەڵ نەبوویە چووزانی ئەو کارانە من کردوومە؟ کەوایە تۆش بە چارەنووسی من گرفتار ئەبی. پێیان بڵێ من هەڵەم کردوە و ئەوە هەو نییە ئەگینا ژیانت لێ تاڵ دەکەم؛ لە قسەکەی خۆی پاشگەز بووەوە دوای چەند ڕۆژ ئازاد کرام.

لە ساڵی ٦٩ و هەر لە شارەدێی پەسوێ کە پێگەی گوردانی ئیمام ڕەزای سپای پاسدارانی لێبوو، برایەکمیان دەسبەسەر کرد. دوای ئەوەی ئاگادار بوومەوە بەرەو شوێنەکە وەڕێکەوتم لەگەڵ گەیشتنم دەسبەسەر کرام و بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژان لەوێ هێشتیانمەوە. دوایی گوستیانمەوە بۆ زیندانی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی پیرانشار لەو ماوەیەدا هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونییان لەسەر تاقی کردمەوە.

چاودێری و فشارەکانی هێزە سەرکوتکرەکانی ڕێژیم زۆر بە چڕی بەردەوام بوون. کاتێک پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەکان خەریکی جووڵەی پێشمەرگانە بوون، بە نووسراوە لە وەزعیەتی ژیانی ئاڵۆزی خۆم ئاگادارم کردنەوە هاوڕێکانیشم هەر بە نووسراوە وڵامیان بۆ ناردمەوە کە ئەگەر گیانت لە مەترسیدایە بگەڕێوە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام پێش لەوە ئیتلاعاتی سپای نەغەدە هەواڵی ئەم پێوەندییەی پێگەیشتبوو و لە نێو شاری نەغەدە لەسەر شەقام پەلاماریان دام و

بردیانم. بۆ ماوەی ٢ مانگ لەژێر ئەشکەنجەدا بووم و بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێم ئازادیان کردم.

هەر لەم ساڵەدا سەرتاشخانەم لە شارەدێی گردکشانە دانا. ناوی دووکانەکەم نابوو «کاوە» ، بەڵام هەر بە بیانووی ئەوەی مەبەستێکی لەپشتە لە لایەن چەند کەسی ئیتلاعاتی سپا ڕژانە سەرم و قۆڵبەستیان کردم و بردیانم بۆ پیرانشار. گوشارەکان لەسەر من ئەوە بوون کە بۆچی واز لە هاوکاریی دێموکرات ناهێنی؟ بوویەتە چاوساغیان و دەیانشاریەوە و تەنانەت لە دووکان قژ و ڕیشیان بۆ چاک دەکەی، ئەی بۆ دووکانەکەت بە ناوی کاوەیە؟ ئەم جاریش ٧٥ ڕۆژ بە لێدان و ئەشکەنجە ڕایانگرتم.

لەبەر فشاری هێزەکانی پیرانشار و نەغەدە بۆ ماوەی ٣ساڵ چوومە شارەکانی هەمەدان و دواتر ورمێ و دوای ئەم ماوەیە گەڕامەوە بۆ زێدەکەی خۆم. بەڵام دوای ماوەیەک هێزە جیاجیاکانی پیرانشار هەر جارێ یەکیان بۆ ماوەیەکی ٧-٣ ڕۆژە دەیانگرتم و ئازاریان دەدام؛ هەتا وای لێهات حاجی هادی، فەرمانداری پیرانشاریش بۆخۆی بە تەلەفوون هەڕەشەی لێدەکردم.

ئیتلاعاتی سپای نەغەدە ئاگاداریان کردمەوە، دەبێ لە ماوەیەکی کورتدا بە بنەماڵەوە بە حوکمێکی زارەکی بۆ ماوەی ٣ ساڵان کوردستان بەجێ بهێڵم و بەبێ ئەوەی تەنانەت کەسوکاریشم ئاگادار بکەمەوە، بچمە ئەردەبیل. لە ساڵی ٧٤ەوە بۆ ٧٨ لەوێ بووم.

دوای گەڕانەوەم کارگەیەکی بلووکبڕییم دانا. نزیک بە ٥٠ کەس لەو کارگایەدا کاریان دەکرد و بژیوی بنەماڵەیان دابین دەکرد. بەڵام دیسانیش گوشار و هەڕەشەکانی هێزە ئەمنیەتییەکان زۆر توندتر لە جاران دەستی پێکردەوە و، هەر جارە یەکێک لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە تەلەفوون و خۆ نیشاندان دەیانخستمە ژیانێکی ترسناک و نائاساییەوە. هەر ئۆرگانێک بەجیا بانگیان دەکردم و بەڵێننامەیان پێ واژۆ دەکردم.

## دادگایی کردنی نێردراوی بەیتی ڕێبەری

وردە وردە ئاراستەی چالاکییەکانم گۆڕی و زیاتر ڕووم کردە چالاکیی مەدەنی و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک، بەڵام بە تەلەفوون ئاگاداریان دەکردمەوە کە هەر لەژێر چاودێریدام. هەر ئەو کاتە چەند جاران لە کۆیە بە نهێنی سەردانی سەرکردایەتیی حیزبم کرد.

لە ساڵی ١٣٨٣ تێکهەڵچوونێک لە نێوان بنەماڵەکەم و مەئموران ڕووی دا کە دەیانویست بچنە نێو حەوشەی ماڵەکەمان و زۆر بەتوندی پێشیان پێگرتن. گرتن و لێدانێکی باشیان وێکەوت و دەریانپەڕاندن. لە دادگا پەروەندەیەکیان بۆ کردنەوە، هاتن قۆڵبەستیان کردن و بەرەو دادگایان بردن، بەڵام پێش ئەوەی قازی حوکمیان بدا، بە پارە دۆسییەکەم داخست، نەمهێشت بچنە زیندان.

ڕۆژێک لە لایەن فەرماندار و فەرماندەی نیرووی ئینتزامییەوە ئەمن و هەموو ئەندامی بنەماڵەکەم بانگ کراین و گوتیان لە دەستتان وەزاڵە هاتووین و تکاتان لێدەکەین دەست لە کاری سیاسی هەڵبگرن، دەنا ئاکامێکی باش بە خۆتانەوە نابینن.

ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ٨٨ دەمەویست بەرەو کارگەی بلووکان بڕۆم، کوتوپڕ دوو ماشێن ئەم سەرەوسەری کۆڵانەکەیان گرت. ٩ کەسی چەکدار دەوری منیان دا گوتیان ماڵی فەتاح ڕەسووڵیمان دەوێ. گوتم ئەمە ماڵەکەی و خۆشم ئەو کەسەم، ئێوە کێن؟ وتیان لە ئیتلاعاتی ورمێ و پیرانشارین و هاتووین بۆ دەسبەسەرکردنی ئێوە، هەندێک پرسیارە لێت دەکرێن و دوایی دێنەوە. گوتم دەی فەرموون، گوتیان نا بەڵام ماڵەوەش دەپشکنین. موبایلەکەم لە گیرفاندا کوژاندەوە و دەگەڵیان چوومە ژووری، زوو موبایلەکەم فڕێ هەڵدا بۆ خێزانم. لێم تێگەیشت و بێترس و بێ ئەوەی بزانن شاردییەوە.

دەستیان بە گەڕان کرد هیچیان دەست نەکەوت، پێشتر هەموو ئەو شتانەی کە خۆم دەمزانی دەبنە کێشە ڕامگواستبوون. پاشان گوتیان موبایلەکەتمان دەیە گوتم ئەمڕۆ بەیانی لە دەستم کەوتە خوارێ و ناردوومەتە مەهاباد بۆم چاک کەنەوە. گوتیان درۆ دەکەی تا یەک ساعەت لەمە پێش قسەت پێدەکرد وتم بەڵێ وایە پێش هاتنی ئێوە وای لێهات.

قۆڵبەستیان کردم بەرەو ئیتلاعاتی پیرانشار. لە پێشدا لێدانێکی باشیان لێدام هەرچی گوتیان وەرم نەگرت، گوتم هیچ پێوەندییەکم بە حیزبی دێموکراتەوە نییە، حەوت تۆمەتیان وەپاڵ دابووم:

١- دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب،

٢- هەوڵدان لەدژی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم،

٣- بڵاوکردنەوەی تراکت و ئاگرکردنەوە لە بۆنە حیزبییەکاندا

٤- بەزاندنی سنوور

٥- ناردنی لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە و دێموکرات

٦- دانی زانیاری و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆدا

٧- پێوەندیی تەلەفوونیی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب. دوای ٣ ڕۆژ و شەوان ئەشکەنجە و هەڕەشە هیچیان دەست نەکەوت.

دوایە درامە دادگا. لەوێ سڵاوم لە قازی کرد، بەڵام وڵامی نەدامەوە. بە تووڕەیی گوتی دانیشە. گوتی "چەند کەست کوشتوە؟". پێکەنیم؟گوتی بۆچی پێدەکەنی؟ گوتم سڵاوم کرد وڵامت نەداوەمەوە، ئێستاش دەبێ دەستم بکرێتەوە و مەئمورەکانیش بچنە دەرەوە. گوتی: "وادیارە لە قانونیش دەزانی، ئەدی بۆچی کارەکانت هەمووی نایاساییە؟" دەستیان کردمەوە و مەئمورەکان چوونە دەرەوە. گوتی وڵامی پرسیاری یەکەمم بدەوە، گوتم ئەمن پیاوکوژ نیم. گوتی مەگەر پێشمەرگەی دێموکرات نەبووی؟ گوتم ئەمە ٣٠ ساڵ پێش بووە. گوتی پەروەندەی ئەوەش گەڕاوەتەوە سەر ئەم پەروەندەیەت. گوتم بەڵێ ئەوکات لەگەڵ بوومە بەڵام ئەوەی ئیدارە ئیتلاعاتی دەیکا تەنیا تۆمەت و بوختانێکە و هیچی دی. زۆر بە تورەیی گوتی وەرن بیبەن.

بەڕێیان کردم بۆ ئیتلاعاتی ورمێ. لەبەر درەنگ گەیشتنمان ناردیانم بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ و ماوەی چەند حەوتویەک لەوێ مامەوە.

لە ژوورێکی تاکەکەسیدا بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژان ڕایانگرتم. دوایی کەسێکیان هێنایە لام تەمەنی نیزیک بە ٣٠ ساڵ دەبوو، بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی قسەی دەکرد. ڕۆژی یەک-دوو جار دەیانبردم بۆ بازجوویی. چوار ڕۆژان ئەو کەسە لەلام بوو، ژوورەکەمان تاکەکەسی بوو و توالێت و حەمامیش کە دیوارەکەی نیو میتر بوو هەر لەنێو ژوورەکەدا بوو. دەبوو بە نۆرە یەکمان لەسەر دیواری توالێتەکە دانیشین و یەکیشمان بخەوێ. بەڵام کاتێک نۆرەی خەوتنی من دەهات تا خەوم لێدەکەوت، دەیقیژاند. تا چوار شەو و ڕۆژان بەردەوام بوو. بێخەوی بڕستی لێ بڕیبووم. ئاخری لێم دا و هاواری لێ بەرز بۆوە و هاتن بە فریای کەوتن و بردیانە دەرێ، زانیم فێر کرابوو. بۆ ڕۆژی دواتر بردیانم بۆ بازجوویی لەسەر ئەو کەسە و لێدانێکی زۆریان لێدام، دوای دوو ڕۆژان دیسان بازجووییەکانم دەستیان پێکردەوە، وڵامی منیش هەر ئەوە بوو کە لە پێشدا گوتبووم.

دوایی ٤٠ ڕۆژان بە دەست و چاوی بەستراوەوە بردیانم بۆ جێیەکی دیکە، دەنگی بازجووەکەم نەدەناسی. گوتی تۆ برای منی ئێمە هەر دووکمان هاونیشتمانیی یەکترین، من بازجوو نیم ئەو پرسیارانەم هیچ پێوەندییەکی بە پەروەندەکەتەوە نییە. من لە لایەن بەیتی ڕێبەرەوە هاتووم. شانسی پەروەندەی تۆم دەست کەوتوە، بەبێ ترس وڵامی پرسیارەکانی من بدەوە دیسانیش دڵنیات دەکەمەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دۆسییەکەت نابێ، وڵامی پرسیارەکانت لەگەڵ خۆم دەبەمەوە تاران.

باسێکی زۆر دوور و درێژمان کرد و له ڕاستیدا من ئەوم بازجوویی کرد و، وڵامێکی پێنەبوو بۆ پرسیارەکانم.

بۆ بەیانی بردیانم بۆ دادگای ئینقلابی ورمێ که گەیشتمه وێ براکەم و خزمەکانم لەوێ بوون. وتیان ئەوە پارێزەری تۆیه سڵاوم لێ کرد نەیوێرا وڵام بداتەوە. وتم ئەو کەسه ناوی چییه و خەڵکی کام شارە؟ گوتیان ناوی ئەوەیه و خەڵکی پیرانشارە. گوتم کوڕی فلان کەسە؟ گوتیان بەڵێ. به پارێزەرەکەم گوت کاکه تۆ پارێزەری من نابی خواحافیزت بێ. هەرچەند براکەم تووڕە بوو، گوتم خۆم له خۆم دیفاع دەکەم.

به تەنیا چوومه دادگا. قازی گوتی بیبەنه زیندانی نەغەده و دوای چەند ڕۆژ ئازاد دەبی. کەچی چەندین مانگی دیکه له زیندانی نەغەده مامەوە. پاش ئازادبوونم له ساڵی ٩٠ یشدا دیسان کەوتمەوە زیندان و دوای چەند مانگان ئازاد کرام.

گوشارەکان لەسەرم هەر بەردەوام بوون و هەتا له ساڵی ٩٥، به تەلەفوون بانگیان کردم و منیش وتم له تەورێز لەلای دوکتورم، بێمەوە پێوەندییتان پێوە دەگرم. زانیم ئەم جارە بگیرێم ڕزگار بوونم ئەستەمه و هەر بۆیه ڕۆژهەڵاتم بەجێ هێشت و هاتمه کۆیه و پێوەندییم گرت به حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. بەمجۆرە تێکەڵ به ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبەکەم بوومەوە.

**له ژمارەی ٧٧٠ و ٧٧١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچ و ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠**

---

## سەلاح خزرپوور





**ڕووسوور لە سەنگەری باوەڕدا**

ئەمن سەلاح خزرپوور ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە گوندی قەڵاتەڕەش لە ناوچەی پیرانانی پیرانشار لەدایک بووم. تێکەڵ بوونی باوکم بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی و جموجۆڵی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەمان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی زۆر زوو هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی لە دەروونمدا چەکەرە بکا. ماوەیەک بە شێوەی خۆڕسک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانم کاری تەبلیغییمان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد، هەتا ئەوەی بەهاری ساڵی ١٣٧٢ بە یەکجاری هاتمە دەرێ و بوومە پێشمەرگە.

دوای تەواوبوونی دەورەی سەرەتایی ماوەیەک لە فێرگە و دواتر لە مەڵبەندی سپیسەنگ ئەرکی مامۆستایەتیی گەورەساڵانم بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر شان بوو و دواتریش وەک بێسیمچیی ڕاکاڵ و سەرپەل، جێگری دەستەی کۆماندۆ و بەشداری لە تیمی تەشکیلاتییدا بەرپرسایەتییم وەرگرتوە.

خەرمانانی ساڵی ١٣٧٨ لەگەڵ سێ هاوڕێی پێشمەرگە وەک تیمی سیاسی و تەشکیلاتی بەرەو ناوچەی پیرانشار کەوتینە ڕێ. لەو مەئموورییەتەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری پێسپێردراو بووین، هەتا ئەوەی دەستی خەیانەت جارێکی دیکە زەبری لە بزووتنەوەی کورد وەشاند. بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەر لە گوندی «قەڵات»ـی مەنگوڕان مابووینەوە. بە پێی ئەرک دەبوا کەسێکی خەڵکی ئەو گوندەمان دیتبا، بەڵام هەر بە هۆی خەیانەتی ئەو کەسە ئاشکرا بووین و دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هێزێکی زۆری سپای پاسداران دەوری گوندەکە و شوێنی مانەوەی ئێمەیان دا. جگە لە

بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگری ڕێگەی دیکەمان نەبوو.

شەڕ دەستی پێکرد. ئەو ماڵەی کە ئێمە تێیدا مابووینەوە لە ماوەیەکی کەمدا بەسەرماندا خاپوور کرا و ئاگری تێبەردرا. لە گەرمەی شەڕەکەدا چووینە ماڵێکی دی، بەڵام جاشەکان درتر لە هێزەکانی دیکەی سپا و بۆ دەسخۆشیی زیاتر دەستیان لە گیان و ماڵی خەڵکیش نەدەپاراست. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سێ - چوار ماڵی دەوروبەری ئێمەیان ئاگر تێبەردا و بەردەوام داوای تەسلیم بوونیان لێمان دەکرد؛ بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدەدا.

لەو شەڕە نابەرامبەرەدا دوای چوار سەعات خۆڕاگری بەداخەوە دوو لە هاوڕێکانم بە ناوەکانی «عەبدوڵڵا تەبەرزە» و «مراد ڕەحیمزادە» شەهید بوون.

لە گەرمەی شەڕەکەدا ئەو کاتەی هەر چوار کەسمان سەلامەت بوون، بڕیار درا بە بەربەرەکانێی سەخت گەمارۆکە بشکێنین، بەڵام گەمارۆکە زۆر تەنگ بوو. کە شەهید مراد بە گوللەی جاشەکان پێکرا. خۆم لێ نیزیک کردەوە. هەوڵی دەدا کە نارنجۆکەکانی بە جاشەکاندا بدا، کۆتا قسەی ئەوە بوو کە بمکوژە با بەو حاڵە نەکەومە دەستی دوژمن. زۆری نەبرد کە بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەر یەک دانا. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئەمن و «کاک ئیدریس هۆرموزی»یش بریندار ببووین، بەڵام برینەکانی شەهید عەبدوڵڵا زۆر قورس بوون. برینەکانیم بەست، پاش ماوەیەک نارنجۆکێکیان پێدا داین، شەهید عەبدوڵڵا ویستی نارنجۆکەکەیان پێدا دادەتەوە، بەڵام بەداخەوە نارنجۆکەکە لە دەستیدا تەقیەوە و شپرزی کرد، بەڵام بەو حاڵەش هەتا کۆتایی شەڕەکە زیندوو بوو.

دوای چوار سەعات بە برینداری کەوتینە دەستی دوژمن. هەر لەوێ شەهید عەبدوڵڵا بە دەستی جاشی خۆفرۆش حوسێن شوانکارە، بەبەرچاوی ئێمە و بەبرینداری ئێعدام کرا. هەر لەو جێگەیەڕا ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆحیی ئێمەش دەستی پێکرد.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە بریندار بووین و پێویستمان بە چاودێریی پزشکی هەبوو، بەڵام تەنیا چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە ڕایان گرتین، ئەگەرچی بەوحاڵەش بە بەردەوامی لەژێر بازجووییدا بووین. دوای سێ ڕۆژ بە برینداری بردیانین بۆ زیندانی ئیتلاعات و ئازار و ئەشکەنجەدانی لەگێڕانەوە نەهاتوو بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا لە ئیتلاعاتی شارەکانی ورمێ و پیرانشار لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا بووین. دوای سێ مانگ خۆڕاگری لە بەرامبەر هەموو ئەو ئەشکەنجە و ئازارانە گواسترایینەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ.

دوایه پرۆسەی دادگاییکردنمان دەستی پێکرد. سروشتی بوو ئێمه که له مەیدانی شەڕیشدا گیرابووین، مافی بەرگری له خۆمان یان گرتنی پارێزەرمان نەبوو. دادگا خۆی پارێزەرێکی تەسخیریی بۆ دەستنیشان کردبووین که هەموو کاری ئەوه بوو داوای لێبوردنمان بۆ بکا. ئەوه بوو که له چەند کۆبوونەوەی کورتدا که ئەگەر هەمووی خڕ کەیەوه نیو سەعاتی نەکێشا، بڕیارمان لەسەر درا و سزای بیست ساڵ زیندان و دوورخستنەوه بۆ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج مان بەسەردا سەپا.

دەمبەدەمەی من و قازیی پەروەندەکەم بۆ گێڕانەوه دەبێ.

قازی یەکەم جار گوتی: «حوکمی ئێعدامم پێداوی». له وڵامدا گوتم چاوەڕوانییەکی لەوه زیاترم له ئێوه نەبوو. قازی گوتی: «نا ئێعدام بۆ تۆ کەمە، پێی گەوره دەبی. بەڵام حوکمێکم پێداوی که بتشکێنێ. تۆ دەبێ به موعتادی له زینداندا بمری».

ئەو قسەیەی قازی کاریگەریی زۆری لەسەر من دانا. هەر لەو کاتەشدا بڕیارم دا که دەبێ له بەرامبەر هەموو ئەو پیلانانەی دوژمندا خۆڕاگر بم.

پێش ئەوەی بدرێمه زیندانی ناوەندیی ورمێ (دەریا) که بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لەوێ مامەوه، پێموابوو که زیندان تەنیا ژوورێکی تەنگ و تاریکه. بەڵام زیندانی دەریا له بەر چاوم وەک شارێک وابوو، زیندانێک پڕ له زیندانی. تۆ لەو شوێنه پشتئەستوور به بیروباوەڕی سیاسیی خۆت کەسێتییەکی دیکەی. ڕەوایی ئەم بیروباوەڕه، بیرکردنەوه له پرێستیژی حیزبەکەت، قورسایی کەسێتیی خۆت و ئەو چاوەڕوانییە بەرحەقەی لێت دەکرێ، وادەکا زیندان بۆ تۆ سەنگەرێکی دیکەی خەبات بێ و تۆ بتەوێ لەو مەیدانەشدا ڕووسوور بێیه دەرێ.

هەشبوون کەسانێکی نەفسنزم که پشتیان کردبووه باوەڕەکانیان و کەوتبوونه داوی ڕێژیم و له پێناو چەند ئیمتیازێکی زۆر سووک و چرووکدا سیخوڕییان بەسەر بەندییەکاندا دەکرد و تووشی زەبوونی و کاری قێزەون هاتبوون.

باوەڕ به گەیشتن چەکی دەستی زیندانیی سیاسی

زیندان شوێنێکی داخراوه و زیندانی بۆ هەموو شتێک سنووردارە، بەڵام زیندانیی سیاسی هیچ هەل ودەرفەتێک لەکیس خۆی نادا و زیندانیش دەکاته سەنگەری خۆڕاگری و خۆپێگەیاندن. ئەمنیش پشتبەستوو به جێگه و پێگەی حیزبەکەم و

بیروباوەڕی پیرۆزم کە لەسەری گیرابووم، هەوڵم دا هەموو کاتەکانم بە خوێندنەوە و وەرزش پڕ بکەمەوە.

دوای شەش مانگ مانەوە لە زیندانی ورمێ پێوەندیمان لەگەڵ حیزب دروست بۆوە و نامەیەکی کاک کەمال کەریمی لە ڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلاتی نهێنی بە دەستمان گەیشت. نامەیەکی کورت بەڵام بە نێوەرۆک کە تێیدا هاتبوو ئەو ڕووداوە ناخۆشانە کۆتایی ژیان نییە، بەڵکوو دەکرێ سەرەتایەک بێ بۆ ژیانەوە و دەستپێکردنەوەیەکی دی. هەر ئەو نامەیە وەڕەی زۆری داینێ و وایکردکە زۆر زوو خۆمان لەگەڵ وەزعی زیندان بگونجێنین و ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین.

پێم باشە لێرەدا باسی دوو دیاردە بکەم کە بە ئاگاداریی وردی بەرپرسانی زیندان و ئیتلاعات دەستی جێبەجێ دەبوون. یەکەم بڵاوکردنەوەی مادەی هوشبەر و دووهەم بە جاسوسکردنی کەسەکان لەسەر هاوبەندییەکانیان. لە کەس شاراوە نییە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا مادەی هوشبەر قووڵە دەکا و بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان بۆتە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات و هەموو بەرپرسانی زیندان لەو گەندەڵییە گلاون. زۆر کەس هەبوون بە ساغی و لەبەر کێشەیەکی بچووک هاتوونەتە زیندان و بە مۆعتادی چونەتە دەر. ئەو پیلانانە بۆ بەندییە سیاسییەکان بەربڵاوتر بوو، و هەوڵی زۆریان دەدا کە زیندانییە سیاسییەکان موعتاد بکەن هەتا لەو ڕێگەیەوە ئیرادەیان تێک بشکێنن و بەسەریاندا زاڵ ببن؛ بەڵام ئەمە هەوڵێکی نەزۆک بوو و براوەی ئەم کێبرکێیە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا هەر زیندانییانی سیاسی بوون.

هەروەها بەرپرسانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە دەیانویست ئاگایان لە هەموو هەست و نەستی زیندانییانی سیاسی بێت، بۆ ئەو مەبەستە کاریان لە سەر هێندێک کەسی نەفەس نزم دەکرد و پێیانوابوو دەتوانن لەو ڕێگایەوە کۆنتڕۆلی بەندییە سیاسییەکان بکەن و کێشە و ناکۆکییان لە نێواندا دروست بکەن کەو لەو هەوڵەشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبوو.

ئەمن لەو ماوەیە شاهیدی ئێعدامی چەند کەس لە هاوڕێیانم بووم. شەهیدان خالید شوقی، هەمزە قادری، ئەنوەر جەوانمەردی کە بەڕاستی نموونە و ئولگووی خۆڕاگری بوون. ئەوان بە پێکەنینەوە بەرەو پێلی پەتی سێدارە هەنگاویان نا بۆوەی نەکا دووژمن هەست بە سەرکەوتنی خۆی بکا. شەهید خالید شوقی پێش ئێعدامکرانی دڵخۆشیی ئێمەی دەداوە و وەرەی پێدەداین. ئەو بە پێکەنینەوە دەیگوت کوڕینە نەچن بۆم ناراحەت بن، خۆ ئەگەر حەفتا جار ئێعدامم بکەن ناتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە (ئاماژەی بەو حەفتا عەمەلیاتە بوو کە فەرماندەیی کردبوون و لەسەریان نووسیبوو). یان شەهید ئەنوەر جەوانمەردی کە بە هەڵاویشتنی نۆقڵ و شیرینی ماڵئاوایی لە هاو بەندییەکانی کرد و گوتی لەو ڕێگایەی گرتوومەتە بەر پەشیمان نیم و تاهەتایە بە ڕێگایەکی پیرۆزی دەزانم.

باسی کاک محەممەد شاروێرانی وەک نموونەیەکی دیکەی ئەم خۆڕاگرییەش دەکەم کە بە خۆشییەوە ئێستا لە ژیاندایە. کاک محەممەد بەبرینداری دەگیرێ و بەهۆی پێڕانەگەیشتن و پشتگوێخستنی برینەکانی بە داخەوە لاقی دەبڕنەوە. جارێکیان دوای ئەو هەموو جارانەی کەوتبووە بەر تیغی جەراحی لە زیندانی مهابادڕا بە مەبەستی چارەسەر هێنابوویانە زیندانی ورمێ. ئەو ڕۆژەی لاقیان نەشتەرگەری کرد زۆر سارد بوو. هەر دوای عەمەلکردنی بە وەزعێکی زور نالەبار و بەبێ حاڵی فرێیان دابووە پشت قفڵ. بەهەر شێوەیەک بوو هێنامانەوە بەند. کاک محەممەد ئازارێکی زوری هەبوو، و نەک چارەسەر نەکرابوو، بەڵکوو وەزعی لاقی خەراپتر ببوو. هاوار و ناڵەی کاک محەممەد ئەو بەندەی داگرتبوو و بە ناچاری بردیان بۆ بێهداریی زیندان و من بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە خزمەتیدا بووم. نازانم چییان بەسەر هێنابوو کە خواردن و خەوتن و پشودانی کاک محەممەد ببوو بە هاوار و ناڵە و کەسیش جوابی نەدەدایەوە. ناکرێ و ناتوانرێ ئەم ڕۆژانە و ئەم دیمەنانە بێنییە سەر کاغەز و ئەم هەموو ئازار و مەینەتییە بە وشە بنووسیتەوە.

دوای سێ ساڵ و نیو لە زیندانی ورمێڕا بۆ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج دوورخراینەوە و بۆ ماوەی چەندین مانگ لە کاک ئیدریسی هاورێم جیا کراینەوە. بارودۆخی ئەو زیندانە زۆر سەخت بوو. بە کیلۆ مادەی هۆشبەر دەهاتە زیندان و ئێمەش تێکەڵاو بە زیندانیی موعتاد و تەزریقی کرابووین، بەڵام دەبوا بەرگەمان گرتبا و بەچۆکدا نەهاتباین. وەبیر قسەکانی بازجوو و قازیی پەروەندەکەم کەوتبوومەوە کە دەیانگوت دەتشکێنین، بۆیە بریارم دابوو هیچ شتێک نەتوانێ زەفەرم پێ بەرێ و بەمجۆرە توانیمان ئەم قۆناغە سەختەش بە ڕووسووری ببڕین.

ئاخرین یادەوەریم لەو زیندانە ئەوە بوو کە ئێمە لەمێژ بوو لە هەوڵی وەرگرتنی مەرەخەسیدا بووین و بنەماڵەکانمان بەرەوام بە دوای ڕێگایەکەوە بوون کە بۆ ڕۆژێکیش بێ لە زیندان بێینەدەر کە بەخوشییەوە تێیدا سەرکەوتن و توانییان بۆ ماوەیەک مەرەخەسیمان بۆ وەرگرن.

دوای هاتنەوەم بۆ ماڵێ بۆ ماوەی دە ڕۆژێک لەگەڵ بنەماڵەکەم بووم و دوای هەماهەنگی لەگەڵ حیزب بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی. بەمجۆرە ڕۆژی ١٤ی ڕێبەندان گەیشتینەوە بنکەکان حیزب و دەستمان بە کاری حیزنی کردەوە و هیوادارم بتوانین تا وەدیهاتنی ئاواتی شەهیدەکانمان لەم ڕێگا پیرۆزەدا بەردەوام بین.

لە ژمارەی ٧٧٢ و ٧٧٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریل و ٤ی مای ٢٠٢٠

## دارا بەگزادە



**شانازیی ئەندامەتی لە حیزبەکەی قاسملوودا**

دارا بەگزادەم، لەدایکبووی ساڵی ١٣٥١ لە ئالانی سەردەشت.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ کە هاوکات بوو لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لە لایەن سیخوڕێکی ئیتلاعات ئاشکرا بووین و بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە سەردەشت یەک بە یەکمان دەسبەسەر کراین. بردمانیان بۆ «خانەی معلم» کە ئەو کات گرتووخانەی ئیتلاعات بوو. پاش دوو مانگ ئەشکەنجە و لێپرسینەوە بە هۆی مەلا ئەحمەدی (گاگەش) بە کەفالەت ئازاد کرام.

جاری دووەم و هەر بە تۆمەتی پێشوو لە خاکەلێوەی ٧٢ دەسبەسەر کرامەوە. ئەم جار بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی دەریای ورمێ بووم. هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان بە مەبەستی ئێعتراف وەرگرتن لەسەرم تاقی کردەوە، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی بەو مەبەستەیان بگەن. لە دوای ئەوە لە دادگای ورمێ حوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا، بەڵام پارێزەرەکەم بە ڵێنی دا کە حوکمەکە دەشکێنێ.

لە زینداندا هەرچەندە کە ڕۆژەکان بە ناخۆشترین شێوە و بە دەرەنگی تێپەڕ دەبوو، ملاقات و چاوپێکەوتنەکانمان تەنیا بە شێوەی تەلەفوونی بوو، هەواخۆرییمان کەم بوو، بەڵام ئێمەش بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو دۆخە دەبوو بە شتگەلێکەوە خۆمان سەرقاڵ بکەین تا بتوانین باشتر بەرگە بگرین. لە زیندان باشگای وەرزشیی لێ بوو، زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەم

لەوێ تێپەڕ دەکرد؛ هەم سەرقاڵییەک بوو و هەمیش پاراستنی سلامەتیی خۆت لە شوێنێکی گشتی وەک زینداندا زۆر پێویستە. بێجگە لەوەش کتێب خوێندنەوە یەکێکی تر لەو کارانە بوو کە هەم مایەی ئارامشی فکری بوو هەمیش ئاستی زانیاریی کەسەکەی دەچووە سەرێ و ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر کەسایەتیی ئەو کەسە لە زینداندا هەبوو.

ئەو هاوڕێیانەی کە لە زیندان پێکەوە بووین نێوانمان زۆر خۆش بوو، بەڕاستی دەتوانم بڵێم لەو بێکەسییەدا بۆ یەکتر کەس و کار بووین و ئەگەر ئەم هاودڵییانە نەبووایە بێگومان تەحەممولی ئەو هەمووە گوشار و زەختە دەروونییە زۆر ئەستەم دەبوو. ئەو هاوڕێیانەی کە سیاسی بووین زۆر ئاگامان لە یەکتر بوو و، شەوانە قسەی خۆش و کۆبوونەوەی چەند کەسییمان دەبوو و هەتا کاتی کوژاندنەوەی برقەکان لە دەوری یەک گوێگری بیرەوەریی یەکتر دەبووین. یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە زۆر نێوانم لەگەڵی خۆش بوو و هەمیشە و هەتا هەتایە یادی لە دڵمدا زیندووە، کوڕێکی مەهابادی بوو بە ناوی سیاوەش دەباغی کە بەداخەوە دواتر و پاش چوونە دەرەوەی لە زیندان هەر لە شاری مەهاباد شەهید بوو.

یەکێکی تر لەو کەسایەتییانەی زیندان کە هەمیشە لە بیرمە کەسێک بوو بە ناوی ڕەحمان سینگشێر کە قەڵافەت و هەیبەتێکی ترسێنەری هەبوو و هەموو زیندانییەکان لێی دەترسان، بەڵام ئەوەی کە خۆشەویستی کردبوو لە نێو ئێمەدا ئەوە بوو کە دژ بە کاربەدەستانی زیندان بوو و بەرەوڕوویان دەبووەوە. جارێکی لەگەڵ ئەفسەر نیگابان کێشەیان بۆ دروست بوو و لەگەڵ یەکتر بە شەڕ هاتن و دوایش حەوت پاسەوانی دیکەش بە هانای ئەفسەر نیگابانەوە هاتن، بەڵام ڕەحمان سینگ شێر هەر هەموویانی بەزاند و لێدانێکی چاکی لێدان. هەرچەند لە کۆتاییدا بە ١٢ کەس گرتیان و بەستیانەوە بەڵام بوێرییەکەی لە بەرچاوی خەڵک بەرجەستە بوو.

لەو ماوەیەدا سێ جار دادگایی کرام. ئێوارەیەک لە بڵێندگۆی زیندانەوە ناوم خوێندراوە کە بچمە لای ئەفسەر نیگابان؛ دڵەڕاوکێیەکی زۆرم بوو و دەترسام و هەر لە دڵی خۆمدا دەمکوت بڵێی چی ڕووی دابێ؟! ئەفسەر نیگابان پێی وتم دەبێ بتبەین بۆ دادگا، کاتەکەی درەنگ بوو. کە چووین دادگا تەقریبەن داخرابوو بەڵام ئەو دادوەرەی ئێمە کارمان پێی بوو لەوێ بوو. کاخەز و قەڵەمێکی پێدام و کوتی ئیمزای بکە، کوتم هەتا نەیخوێنمەوە ئیمزای ناکەم. کە خوێندمەوە حوکمەکەم لە ئێعدامەوە بۆ دوو ساڵ و شەش مانگ شکابوو. بڕوام نەدەکرد. خێرا ئیمزام کرد، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو پەشیمان ببنەوە، بۆیە مەجالم نەدا و بە ئیمزاکراوی پێم دانەوە.

کە چوومەوە زیندان هەموو هاوڕێیانم لەوێ چاوەڕوان بوون و بە سەرسووڕمان و بە دڵەڕاوکێوە پرسیاریان دەکرد کە بەم ئێوارەیە چییان پێ گوتووی؟ ئەمنیش زەردەیەکم هاتێ و کوتم پارێزەرەکەم حوکمەکەی بۆ شکاندم؛ هەموو سەریان سووڕ

مابوو و بڕوایان بەو شتە پێ ئەستەم بوو. هەرچەند ئێمە بنەماڵەیەکی هەژار بووین بەڵام بڕە پووڵێکی زۆرمان بەو پارێزەرە دا و، هەموو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی بە پارەیەکی زۆرتیش بێ ڕزگار بم لەو حوکمە.


پاش ئازادییەکەم کە چوومەوە سەردەشت، زۆر کەسی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و پرسی نەتەوایەتی دەهاتنە سەردانم و دڵگەرمیان دەکردم بە بیر و باوەڕەکانمان. لە دوای چەند مانگێک کە هەر ترسی دیسانەوە گیرانم لێ نیشتبوو، ڕۆژێکی لە لایەن حەفازەت ئیتلاعاتەوە هەڕەشەی توندم لێ کرا و منیش بەبێ ئەوەی سەردانی ئەوان بکەم، ڕاستەوخۆ ڕووم لە باشووری کوردستان کرد و هەتا ئێستاش لێرە ماومەتەوە و وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەت نیشتمانەکەم دام.

لە ژمارەی ٧٧٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## ئەحەدڕەزا بابایی



### لەژێر پەتی ئێعدامەوە بۆ پێشمەرگایەتی

ناوم ئەحەدڕەزا بابایی‌یە، کوڕی باباعەلی لە ڕێکەوتی ١٠ - ٣ - ١٣٤٩ لە گوندی کانی‌کەو سەر بە شاری هەرسین لە پارێزگای کرماشان لەدایک بووم.

لە ڕێکەوتی ٢١ - ١ - ١٣٦٧ لە لایەن کومیتەی ئینقلابی شارستانی کەرەجەوە بە هۆی پێبوونی دەمانچە دەسبەسەر کرام و، ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە کرام. دوای دەسبەسەرکرانم ناوەندە ئەمنیەتییەکان هەندێکیان مادەی هۆشبەر خستبوە ماڵەکەم و ئەوەش هاتە سەر تاوانی پێبوونی دەمانچەکە؛ ئەوەی لە پەروەندەی مندا هاتبوو شتێک بوو کە بۆخۆشم ئاگاداری نەبووم.

بەم شێوەیە ٦ مانگ لە زیندانی ئەوین لەژێر لێپرسینەوە و ئەشکەنجە بە مەبەستی دانپێدانانندا بووم، جەختی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ دەمانچەکەدا بوو. پاشان دۆسییەکەم نێردرایە دادگای ئینقلابی کەرەج، لەوێ حوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا و ڕاگوێزرام بۆ بەندیخانەی ڕەجایی شار لە کەرەج.

لەم ماوەیەدا بۆ خۆ دەربازکردن لە حوکمی ئێعدام خۆم لە شێتی دا، لە دوای پشکنین لە لایەن دوکتوری زیندان بە ناوی "محەممەد حوسێن قاسمی" کە فەرماندەی سپای کەرەجیش بوو، وەک کەسێک کە تووشی نەخۆشیی سەختی دەروونییە ناوم تۆمار کرا. سەرەڕای ئەوەش لە دوای دوو ساڵ لە ڕێکەوتی ٢٩ - ١ - ٦٩ بۆ جێبەجێکرانی حوکمەکەم ڕەوانەی زیندانی

قەزەلحەسار كرام. لە تاكەكەسییەكانی زیندان ٣٠ كەس چاوەڕوانی ئێعدام بوون كە لەو نێوەدا ٢٧یان كورد بوون.

لەو ساڵانەدا كە من چاوەڕوانی جێبەجێ كردنی حوكمەكەم لە زیندانی ڕەجایی شار بووم. بۆ خۆم شایەدم لە ژماری ٤٨٥٠ زیندانی تەنیا من و دوو كەسی تر بە ناوەكانی عەلی گوودەرزی و ئەحمەد شەهنەوازی لە مەرگ ڕزگار بووین. زیندانییەكانیان دەبردە ساڵۆنی ئامفیتێئاتر و لەوێ بە پێدانی شیركاكائۆ هەموویان دەرماندراو دەكردن و دواتر لەژێر ناوی نەخۆشیی بەكۆمەڵ بەردی بێدەنگییان لەسەر دادەنا. بەشی دڵتەزێنی ڕووداوەكە ئەوە بوو كە تەرمی كوژراوەكانیان بە زیندانییەكانی دیكە دەگواستەوە و ئەمەش گەورەترین ئەشكەنجە بوو بۆ ئەو كەسانە.

لەو سەر و بەندەدا زیندانییەكان لە بار و دۆخێكی زۆر خراپ و ئەستەمدا بەسەریان دەبرد، پیوەندیی نێوانیان بە توندی كۆنترۆڵ دەكرا و تێ دەكۆشان ئەم پێوەندییانە بگەیەننە ئاستێكی زۆر كەم. زۆربەی زیندانییەكان لە ژووری تاكەكەسییدا بوون، لەوێ توالێتیشی لێ بوو، هەر بۆیە مەگەر لە كاتی حەمام كردن و جار جارە هەواخۆری توانیبایان یەكتر ببینن. ئەمەش بەو هۆیە بوو كە هەر كەسێك بە تەنیا خەمەكانی خۆی لە كۆڵ بنێ و هەواڵ و زانیارییەكان نەگوازرێتەوە. بەم حاڵەش هەر نەیاندەتوانی پێش بە دزەی هەواڵ و زانیارییەكان بگرن، من بۆ خۆم شایەدی ئەوە بووم كە زۆرینەی كچ و ژنە زیندانییەكان دەستدرێژیی سێكسییان دەكرایە سەر.

بە هۆی ڕاپۆرتی پزیشكی و بە یارمەتیی "حاجی مەحموود شیرازی"، سەرۆكی زیندان، حوكمەكەم هەڵپەسێردرا. لە دوای ئەوە بە تكاكاریی "حەسەن سلێمانی" سەرۆكپشكێنەری بەیتی ڕێبەریی ڕێژیم، لە دوای یازدە ساڵ، ئێعدامەكەم بە زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا. لەم ماوەیەدا بۆ چەند جار ڕەوانەی نەخۆشخانە كرام و هێنرامەوە بۆ زیندان، فشار و ئەشكەنجەكان ئەوەندە زۆر بوو، هەوڵی خۆكوشتنم دا و لە لایەن كادری پزیشكیی زیندانەوە مەعدەم شۆردراوە و لە مەرگ ڕزگار بووم. لەم كاتەدا بە حوكمی پزیشكان و نامەی سووری، سەرۆكی گشتیی زیندانەكان نێردرامەوە بۆ لای بنەماڵەكەم.

ساڵی ٩١، بووم بە ئەندامی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات و لە ٢٣ - ٣ - ٩٢ لە لایەن ئیتلاعاتی ئیلامەوە دەسبەسەر و ڕادەستی ئیتلاعاتی كرماشان كرام. ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ من بریتی بوون لە بۆمبنانەوە، ئەندامگیری بۆ حدكا و، هاندانی پێڕەوانی ئایینی یارسان لە كرماشان، سەحنە و هەمەدان. بە هۆی ئەو بەڵگانەی لەسەرم هەبوون (وەك پێوەندیم لەگەڵ بنكەكانی حیزب لە باشووری كوردستان) ئەندامەتیی من لە حیزبدا حاشای لێنەدەكرا، بەڵام ئەوانی دیكە هەموو بوختان بوو پێیان كردبووم.

بەبێ دادگایی کرانێکی فەرمی، پاش ٤٠ ڕۆژ ئەشکەنجە و لێدان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی زیندانی دیزڵاوای کرماشان و مەحکووم بە ئێعدام کرام. زۆربەی ئەشکەنجە دانەکانم بە مەبەستی دانپێدانان لەسەر "مووسا باباخانی" و زانیاری وەرگرتن لە چالاکییەکانی ئەو بوو. ڕەوشەکانیان بۆ ئەشکەنجەدانی من بریتی بوون لە ئینفرادی - کە جارێک بۆ سێ مانگ لەوێ هێشتیانمەوە-، بایکۆت کردنم لە لایەن زیندانییەکانی دیکەوە و، لێدانی بە کۆمەڵ کە بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ کەوتمە کۆماوە.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ زیندانییەکی سیاسیی سەقزی بە ناوی سمکۆ خورشیدی کە بە تۆمەتی کوشتنی ٥ کەس لە مۆرەکانی ئیتلاعات گیرابوو، بڕیار وابوو لەسێدارە بدرێین. سمکۆ لە ئاکامدا لە ساڵی ٩٣ ئێعدام کرا، بەڵام من بە هۆی نێوبژیوانی و تکای ڕێبەرانی یارسان وەک "ئاغا سەید نەسرەدین" و "سەید نیزام"، حوکمەکەم بۆ دە ساڵ داشکا.

لە ئاکامدا دوای ٦ ساڵ بە مەرج بەخشرام و دەبوو بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەموو مانگێک سەردانی ئیتلاعات بکەم و هەر کات ویستیانم خۆمیان پێ بناسێنم. بێجگە لەوەش داوای هاوکارییان لێدەکردم کە من هیچ کات نەچوومە ژێر باری ئەو داوایەیان.

لە دوای ئازادبوونم پێوەندیم بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "سمایل شەرەفی" و "مووسا باباخانی"یەوە گرت و، هەتا ماوەیەک لە تاران خۆم شاردەوە. جارێکیش لە هەرسین گیرام کە بە هۆی خزم و دۆستانەوە توانیم دەرباز بم لە دەستیان. پاشان چوومە تاران و بە هاوکاریی ئەو دوو کەسە ئێرانم بەجێ هێشت و لە ١٩ی بەفرانباری ٩٨دا خۆم گەیاندە قەڵای دێموکرات لە کۆیەی باشووری کوردستان.

لە ژمارەی ٧٧٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## کامیل ئوستادئەحمەدی



### شکاندنی شکۆی خاوەن‌شکۆ!

١

ئەمن کامیل ئوستادئەحمەدی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە شارەدێی سەرچناری ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و نیشتمانپەروەردا لەدایک بووم.

منداڵیی من لە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا تێپەڕی. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە برا گەورەکەم هاتبووە ڕیزەکانی حیزب و لە "سازمانی جەوانانی حیزب" دا سازمان درابوو کە پاشان بوو بە پێشمەرگە و بەداخەوە ساڵی ١٣٦٢ لەگەڵ شەش هاوسەنگەری دیکەی لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە دەشتی شاروێران شەهید بوو. باوکیشم بەهۆی کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە چەند جار گیراوە و تامی زەبر و ئەشکەنجەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کردوە؛ هەموو ئەوانە هەر لە منداڵییەوە ئیلهامی پێم دەدا. ئەوە بوو کە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بوومە ئەندامی حیزب و ئەرکی کاری تەشکیلاتی لە ناوچەی خۆمانم گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٣٧٥ بەهۆی چەند ڕووداوێک ئاشکرا بووم و پێش ئەوەی بگیرێم بە بنەماڵەوە خۆمان گەیاندە ڕیزەکانی ئاشکرای حیزب. لە تێکۆشانی حیزبیدا پلەی تەشکیلاتیم تا قۆناغی کادری دەرجە سێ بڕیوە و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی و نیزامیم لە ئەستۆ بووە.

ساڵی ١٣٨٢ وەک تیمی کومیتەی شارستانی مەهاباد بە مەئموریەتێکی سیاسی و تەشکیلاتی چووینەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری کە بە داخەوە دوای ماوەیەک بەهۆی خەیانەتی بەناو ئەندامێک و پیلانی لەپێشداداڕێژراوی ئیتلاعاتی ورمێ و مەهاباد دەداو کەوتین. پیلانەکە هێندە ورد داڕێژرابوو کە دەرفەتی هیچ کاردانەوەیەکی پێنەداین.

بردیانینە زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد و پاش هەشت ڕۆژ ئەشکەنجەی توند و لە تاقەتبەدەری فیزیکی و ڕوحی بەڕێی ئیتلاعاتی ورمێیان کردین و بۆ ماوەی چوار مانگ لە زیندانی ئینفرادی بەند و بەبەردەوامی ئەشکەنجە کراین.

لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا چاویان نەدەبەستین و بازجووەکان بەڕاحەتی دەهاتن و دەچوون، بەوەڕا دیار بوو کە حوکمی ئێعدامامان دەدرێتێ. لێکۆڵینەوەکان لە چەند شوێن و دەزگای سیاسی و ئەمنیەتییەوە دەکرێن. ئەوانەی بەشی ئیتلاعاتی سیاسی بە زمانێکی نەرم لەگەڵت دەدوان و تێیان هەڵیان دەپێچای، کەمتر بێڕێزیت پێدەکرا، بەڵام مێشکیان دەشڵەقاندی و تووشی کێشەی دەروونییان دەکردی. بەڵام لای بەشی ئیتلاعاتی نیزامیی سپای پاسداران ئەشکەنجەی سەختی فیزیکی و دەروونی و بێڕێزی و سووکایەتی وەک ئاوی خواردنەوە وایە. هەموو ئامرازێکی ئەشکەنجەت لەسەر تاقی دەکەنەوە و دوایە پەروەندەیەکت بۆ دروست دەکەن و بەڕێی دادگات دەکەن.

بەمجۆرە ئەمن و هاوڕێیانم، کاک حەسەن جەزایرچی و کاک مەجید سەدەفی بەڕێی دادگای شۆڕشی مهاباد کراین و لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا حومی ئێعدامامان بەسەردا سەپێندرا. ڕاستە ژیان شیرینە و هەموو مرۆڤێک گیانخۆشەویستە، بەتایبەت ئێمە کە هەرسێکمان ژن و منداڵمان هەبوو؛ بەڵام کە قسە دێتە سەر بیر و باوەڕ و چەند ژیان و چۆن ژیان، ئیدی ئەو کات ئەو باسانە بە لایەکی دیکەدا دەکەوێ. ئەو کات مردن لەڕێی گەل و باوەڕدا دەبێتە نەمری و شانازی.

دوای ئەوەی حوکم دراین، دایانین بە زیندانی ناوەندیی مەهاباد. لەوێ زیندانییەکان کە ناویان بیستبووین و ناسییانین، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین. پێشتر زۆرم لە بارودۆخی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بیستبوو، بەڵام بینین لەکوێ و بیستن لەکوێ؟ ئەوەی لە زیندانی مەهاباددا بەرچاوم کەوت دڵهەژێن بوو. مادەی هۆشبەر قوولەی دەکرد، بەئاشکرا و وەک خیزوخۆڵ لە زینداندا بڵاو دەبۆوە. لەو زبڵدانەدا (زیندانی مەهاباد) هەوڵم دا ئەوەندەی لە دەستم دێ خزمەت بەو تازەلاوانە بکەم کە لەسەر تاوانێکی چووکە دەگیران بۆوەی گیرۆدەی مادە هۆشبەر و لادانی دیکە نەبن.

ئێمە لەو دۆزەخەدا و سەرەڕای هەموو نەهامەتی و دژوارییەکان ئەوەی ئێمەی لەسەر پێ ڕاگرتبوو، باوەڕبەخۆبوون بوو، کردنی زیندان بە مەیدانێکی دیکەی تێکشاندنی کۆماری ئیسلامی و ئیرادەی نگریسی بوو. بۆیە لەگەڵ ئەوەی پەروەندەکەمان

لە سۆنگەی هەستیاریی لەڕادەبەدەر بەڕێی بەشی "ئیجرای ئەحکام" و، هەموو دەموساتێک ئەگەری ئێعدامکرانمان هەبوو، لە شکاندنی دەرکی زیندان و شکاندنەوەی هەیبەتی کۆماری ئیسلامیش غافڵ نەبووین. بەمجۆرە لە یەکەم ڕۆژەکانی زیندانەوە هەموو بیرمان ئەوە بوو کە چۆن ئەوەی بە خەونیش نابیندرێ، ئێمە وەدیی بێنین.

لە یەکەم ڕۆژەکانی بەندکرانمان لە زیندانی مەهاباد لەگەڵ سەربازێک ئاشنا بووین بە ناوی "لوقمان ڕەمەزانی". کاک لوقمان نیگابانی بەر دەرگای سلول بوو. هەر لە یەکەم دیدار و کورتە قسەیەکدا هیوای ژیان و ڕزگاریی پێمان بەخشی و بناغەی کارێکی گەورەمان دانا کە ناکرێ هەموو وردەکارییەکانی لێرەدا باس بکرێ. "کارۆ ڕەسووڵی" یەکێکی دیکە لەو لاوە خوێنگەرمانە بوو کە ئەویش سەرباز بوو لە بەندیخانەدا. کاک کارۆ کە تاقانە منداڵی بنەماڵەکەی بوو، بەڵام بۆ ئەو کارە گەورەیە سڵی لە هیچ ئەگەر و ئەممایەک و پێشهاتێک نەکرد.

ئەم کارە گەورەیە شکاندنی شکۆی کۆماری ئیسلامی بوو، بڕینی قفڵی زیندان و بەندی دڵی دوژمن بوو، ئەم کارە گەورەیە دەتوانین بڵێم عەمەلیاتی شەوی ٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی و شکاندنی دەرکی بەندیخانەی ناوەندیی ڕێژیم لە شاری مەهاباد بوو.

٢

لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا، باسی دەسبەسەرکرانەکەمانم کرد. گیران و بڕیاری ئێعدام بە واتای کۆتایی هاتن بە ژیانی شۆڕشگێڕانەمان نەبوو، بڕیارمان دا قفڵی زیندان بشکێنین و داخێکی وەها گەورە بە دوژمن هەڵێنین کە ئەو برینەی بەئاسانی بۆ سارێژ نەبێ.

کاک لوقمان و کاک کارۆ - کوڕە تاقانەی بنەماڵەکەی- بە هەماهەنگی و داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی دروست، توانیان شەوی ٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بە کردنەوەی ٢٥ قفڵ سەرەڕای هەموو بارە ئەمنیەتییەکەی زیندان، دەربازیان کردین. بە زووترین کات لە زیندان و شار وەدەر کەوتین، ئەوەش بەرپرسانی سیاسیی ئیتلاعات و هاشمزادە بەرپرسی دادگای شۆڕشی مەهابادی تووشی سەرسووڕمان کرد و؛ هەر ئەو شەوە کە دەزانن لە تاران و ورمێڕا دەگەنە زیندانی مەهاباد و فرمێسکی نائومێدی و شەرمەزاری هەڵدەڕێژن.

بەرپرسانی ئیتلاعاتی و نیزامیی شار و پارێزگا زۆر شێلگیر بوون و هەتا ڕادەیەک دڵنیا کە دەمانگرنەوە، ئێمەش

پلێنگئاسا هەر ئەو شەوە سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زۆر بەبێ پێڵاو و هەر بە سەرپایی زیندانەوە خۆمان گەیاندە بناری شاخەکانی مەهاباد.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێک بکەم، دوای دەربازبوون لە زیندان تا گەیشتینەوە بنکە و بارەگاکانی حیزب بۆ ماوەیەی نیزیک پەنجا شەو و ڕۆژ لە ناوچەکانی کوردستان ماینەوە و، لەو ماوەیەدا خەڵکی ناوچەکانی مەهاباد و بە تایبەتی خەڵکی ناوچەکانی شنۆی پێشمەرگەپەروەر سەرەڕای هەموو فشارێکی سپای پاسداران و ئیتلاعات و سووڕانەوەی بەردەوامی هێلیکۆپتێر و کەشی ئەمنیەتی، بەو پەڕی فیداکارییەوە بە هانامانەوە هاتن. لە سەرمای تاقەتپڕووکێنی ئەو ساڵە و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا تەنیا وەرەی گەڕانەوە بۆ باوەشی هاوسەنگەرانمان و درێژەدان بە خەبات بوو، کە ڕێگا پڕ کەند و لەندەکان و پەڕینەوە لە ئاوی بەخوڕی چۆمانی پێ دەبڕین.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا تەنیا دوو شەو لە ماڵاندا ماینەوە و ڕاخەرمان هەبوو دەنا تەواوی ماوەکەی دیکە لە نێو بەفر و سەهۆڵدا دەماینەوە و، ئەوەندەمان خورما و قەند لە برسییەتییدا خوارد بوو شەکراومان بە زاریدا دەهاتە خوار. بێجگە لەوەی حەمام و خۆشوشتن هەر نەبوو، ئەسپێشمان هەڵێنا بوو.

خۆشترین کاتەکان ئەوە بوو هاوڕێیان کاتی خەوتن سەریان وەسەر ڕانی من دەکرد و، زۆر جاریش بۆ بەرز کردنەوەی وەرەی هاوڕێیان دەمگوت: "مردوو مردوو خۆرەکان لە پێناوی گەل و نیشتماندا، شانازییە وەرن کوڕینە ڕانم لێ کەنەوە و بیبرژێنن و بیخۆن." دەبوو بە پێکەنین و شادی و هەموو تاڵ و سوێرییەکانمان لە بیر خۆمان دەبردەوە.

دیارە هاوکاری و پشتیوانیی خەڵک بە ئێمە و حیزبی خۆشەویستی خۆیان شتێکی نوێ نییە و بە درێژایی مێژووی ئەم خەباتە ڕیشەی داکوتاوە و، خەڵکی کوردستان هەمیشە یار و یاوەر و هاوکاری پێشمەرگە و حیزب بوون و بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانی دەزانن؛ بەڵام جێگای خۆیەتی لەم کورتە نووسینەدا پڕ بە دڵ سپاسیان بکەم و هیوادارم ڕۆژێک دابێ حیزبی دێموکرات ئەو کەس و بنەماڵانە خەڵات بکا و ڕێزیان لێ بگرێ. هەر ئەوەش وا دەکا کە ئێمەش هەتا سەر و سەرکەوتن لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بین و بە هەموو توانامانەوە لە خزمەت گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب و نەتەوەکەماندا بین.

دوای گەیشتنەوەمان بۆ نێو بنکە و بارەگاکانی حیزب، لە مەراسمێکی پڕ شکۆدا بەخێر هاتنەوەیان کردین وەک شەهیدی زیندوو لە ئامێزیان گرتین، بە جۆریک کە فرمێسکی شادی لە چاوی هەموو بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە وەک بارانە دەهاتنە

خوار، وتەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەک سکرتێری گشتیی ئەو کات و، پەخشانی بلاوێنی مامۆستا بێبەش و شێعری شەهید سوهەیلا قادری و؛ شادی و خۆشی و هەڵپەڕینی بێوێنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەمیشە بە زیندوویی لە بیرماندا دەمێننەوە.

دوای ئەوەی کە هاتمە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاودێریی دوکتور و شارەزایانی دەروونناسییدا بووم، ئاسەواری ئەشکەنجە جەستەیی و ڕۆحییەکان بۆ هەمیشە لە فکر و دەروونی زیندانییدا دەمێنێتەوە؛ هەرچەند ئێستاش خەوێکی ئاڵۆزم هەیە بەڵام ئیمان و باوەڕ بە خەبات و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەم ورەم دەداتێ و، ساڵانە بۆ ماوەی چەند مانگ لە بنکەکانی حیزب دەمێنمەوە و؛ دیداری هاوسەنگەران و پێشمەرگە ئێسکسووکەکانی حیزبەکەم هێدییم دەکاتەوە و زۆر لە پەژارەکانم دەڕەوێنێ.

بە هیوای وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەکەمان و ئاواتەخوازم لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەستدا بە دیداری خۆشەویستانمان و بنەماڵەکانمان شاد بینەوە.

لە ژمارەی ٧٧٦ و ٧٧٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی و ٥ی جوولای ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

# جەماڵ کەنکاش



## دڵێکی سەوداسەر و عەشقێکی چیایی

"جەماڵ کەنکاش"م ساڵی ١٣٥٠ لە بۆکان لەدایک بووم. لەبەر ئەوەی زوو تێکەڵ بە کاری حیزبی بووم، هەتا چواری سەرەتاییم خوێند؛ کە دواتر لە زیندان درێژەم بە خوێندن دا.

تەمەنی منداڵییم وەک زۆربەی منداڵانی تری کوردستان لەو سەردەمەدا، هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانە بنەڕەتییە سیاسییەکان و شەڕی داسەپاو بەسەر نەتەوە و نیشتمانەکەماندا. منیش وەکوو زۆر یەک لە هۆگرانی ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتم هەڵبژارد.

یەکەم جار کە چوومە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە ساڵی ٦٢ بوو و، لەبەر کەمیی تەمەنم ناردیانم بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان و نەیانهێشت لە هێزی پێشمەرگەدا ببمە ئەندام.

ئەو کات کە لە یەکیەتیی لاواندا بووم، تووشی خاڵۆزایەکم بووم بە ناوی "شەهید ڕەحیم سۆفی" کە پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بوو. دەیانویست لە گوندی "نۆبار"ەوە بچن عەمەلیاتێک لە نێو شاری بۆکاندا بکەن و، لەوێدا بوو کە منیش بە ئاواتی لەمێژینەی خۆم گەیشتم و وەک پێشمەرگە لەگەڵیان کەوتم. ساڵی ١٣٦٤ و لە کاتێکدا بۆ ڕاپەڕاندنی مەئموورییەتێکی حیزبی چووبوومە نێو دێی سەهۆڵانەوە، بەداخەوە بە چەکەوە گیرام.

پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە گرتنگەیەک لە شاری مەهاباد ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام، لەوێڕا بەڕێی بۆکانیان کردم. لەوێش بۆ ماوەیەکی زۆر ڕایانگرتم و خرامە ژێر گوشارەوە. لەوێ شایەدی زۆر جینایەت و ئێعدام و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە بەرامبەر بە لاوان و ژن و پیاوانێک بووم، کە وەک من سەوداسەری ئازادیی گەلەکەیان بوون.

ماوەیەک لە زیندانی بۆکان بووم، پاشان بۆ حوکمەکەم بردیانم بۆ گرتنگەیەک لە مەهاباد کە پێیان دەگوت "خانە معلم" و لەبەردەستی ئیتلاعاتدا بوو؛ لەوێوە بردیانمە دادسەرای مەهاباد. لەوێ حوکمی دە ساڵیان زیندان بۆ بڕیمەوە و لەگەڵ چەند کەسی حیزبیی دیکە ناردیانین بۆ زیندانی "دەریا" لە ورمێ.

ماوەی پتر لە سێ ساڵ لە ٦٥ەوە بۆ ٦٧ لەو زیندانە مامەوە. لەم ماوەیەدا شاهیدی کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی بووم، شاهیدی ئەشکەنجەی بنەماڵەیی و ڕۆحی و جەستەیی زۆر یەک لەو زیندانییانە بووم.

لە دوای کۆمەڵکوژییەکە زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧، بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی ڕای گشتی لێبوردنێکی گشتی درا و، لە چەند قۆناغی جیادا کەسانێک ئازاد کران، کە دیارە دوای ماوەیەک زۆر لەوان دیسانەکەش گیرانەوە و تەنانەت بەشێکیان ئێعدامیش کران. یەک لەو کەسانە من بووم کە ماوەیەک ئازاد کرام و دواتر جارێکی دیکەش دەسبەسەر کرامەوە.

هەرچەندە وەک باسم کرد ڕۆژانی تاڵ و ڕەشم لە زیندانەکاندا بەسەر برد و شاهیدی ئەشکەنجەی خۆم و هاوڕێیانم و تەنانەت ئێعدامیان بووم، بەڵام هیچ کام لەمانە نەیانتوانی شلوێم بکەن و لە دوای کەمتر لە یەک مانگ لە بەربوونەکەم؛ بڕیارم دا دیسان بچمەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێموکرات. بە حوکمی ئەوەی پێشتر پێشمەرگە بووم، دوو کەسیش متمانەیان پێ کردم و لەگەڵم کەوتن.

بەداخەوە بە هۆی جاشێکەوە، نهێنییمان درکا و لەو کاتەی لە "قەڵەڕەشە"ی سەردەشت چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد قاچاخچی بمانپەڕێنێتەوە، دوو مەئمووری ئیتلاعات هاتن و گرتیانین. ماوەیەکی زۆر لە ئیتلاعاتی سەردەشت ڕایانگرتم و لە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی ئیتلاعاتی بۆکان کرامەوە.

لێرەش ئەشکەنجە و ئازار و ئێعدامەکان بەردەوام بوون، ئەو کەسانەی کە پێشتر بەخشرا بوون، گیرابوونەوە و بەبێ ئەوەی هیچ چالاکییەکی سیاسییان هەبێ دیسان حوکمی درێژخایەنیان بەسەردا سەپابوو و تەنانەت ئێعدامیش دەکران. پاش ٢٣ مانگ مانەوە بردیانمەوە بۆ زیندانی مەهاباد. دواتر لەوێ بەبێ ئەوەی پارێزەرێکم هەبێ، کەسێکی بەناو قازی دەستی کرد

به هەڕەشە لێکردنم و لەوێ پێی گوتم حوکمەکەت بەبێ ئەملا و ئەولا ئێعدامە.

دواتر لە دادسەرای میاندوواو حوکمی ئێعدامامان بەسەردا سەپا و لەو ٢٩ کەسە ٩ کەسمان ئێعدام کران. قازی "مورتەزەوی" بە یەک شەو هەموومانی دادگایی کرد و حوکمی داین، من بەپێی دوو مادە ئەگەر هەڵە نەکەم کە (یەکیان ١٩٨ بوو، یەکیشیان ٢٠٢) بە دوو جار ئێعدام مەحکووم کرام و بەرێ کرامەوە زیندانی ورمێ.

ساڵی ٧٢ بۆ درێژەی زیندانییەکەم ناردیانمەوە بۆ زیندانی بۆکان، ئەو دەم یاسایەکیان دەرکرد ئەو شارانەی کە زیندانییان زۆر بوو بازداشتگایەک دروست بکەن، ئەمنیان بردە بازداشتگایەکی زۆر تەنگەبەر و ناخۆش بەڵام ئەوەی هەبوو کە لە بنەماڵەکەم نزیک بووم، ئاسوودەتر دەهاتنە دیتنم و سەختیی ڕێگا و ئازار و ئەشکەنجەکان بۆ ئەوان کەمتر بوو.

بەم شێوەیە بە هەموو تاڵی و ناخۆشییک هەتا ساڵی ١٣٧٨ لە زیندانی بۆکاندا بووم، پاشان بە هۆی هەلێکی کە بۆم ڕەخسا توانیم لە زیندانی بۆکان ڕا بکەم. دوای ڕۆژێک لە سنووری بانەوە خۆم گەیاندەوە باشووری کوردستان و لە شاری کۆیە شەرەفی ئەندامەتیی حیزبم دیسان پێ بەخشراوە. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییم دیسان لەبەر کردەوە و لە قۆناغێکی دیکەدا و بەشێوازێکی دیکە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شەهیدانی ڕێبەر و هەموو ئەو هاوڕێیانە بووم کە لە نیزیکەوە، یان لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران، هەروەها ئەو کەسانەی بە ناحەق و بە دزییەوە لە سێدارە دراون یان تیرباران کراون و تێچووی ئازادیی ئەم گەلەیان داوە.

لە ژمارەی ٧٧٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جووڵای ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## محەمەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە محەمەد شارویّرانی



**ژیانی پێشمەرگایەتی جێگای شاناری منە**

من محەمەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە محەمەد شارویّرانی کوڕی مەولود، ساڵی ۱۳٤۳ی هەتاوی لە ئاوایی خورخورە لە ناوچەی شارویّرانی سەر بە شاری مهاباد لە دایک بووم.

لە ساڵی ۱۳٦۲ەوە بە رەسمی بوومە ئەندامی حیزب و هاوکاری نهێنی کۆمیتە ناوچەی شارویّران،یەکەم چالاکی حیزبی من درووستکردنی هێڵی پەیوەندی بوو لە نێوان کۆمیتە ناوچەی شارویّران و پایەگایەکی رژیم لە ئاوایی خورخورە بە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، بە خۆشێوە من توانیم بە رووسوری لە یەکەم چالاکی خۆم بێمە دەر و سەربازێکم بە ناوی نورەدین رەزایی ئامادە کرد تا چاوی بە کادرەکانی حیزب کاک حەسەن کاکیلی و سەید برایم کەریمی، شەهیدان یوسف شەریفی، حەسەن مەحمودی و یوسف پیرزاد بکەوێ، دوای چەند جار چاوپێکەوتنی من و نورەدین دەگەڵ کادرەکان، ئاخر جار توانیمان لە شوێنێک بە ناوی گەرووس لە نزیک ئاوایی خورخورە ملاقاتێک ساز بکەین و قسەیان دەگەڵ ببڕینەوە و هەموو ئامادەکارێکانمان تەواو بکەین، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمی هەندێک لە کادرەکانی ئەوکاتی کۆمیتە ناوچە لە دوای هێرشی رژیم بۆ شوێنی مانەوەیان لە "شامی داشخانە" لە رێکەوتی ۲ی رێبەندانی ۱۳٦۲دا بوو بە هۆی ئاشکرا بوونمان و هەموو ریسەکەمان لێ بوویەوە بە خوری، پاش ئەوەی کادرەکان توانیبوویان لە پەلامارەکەی رژیم خۆیان دەرباز بکەن، بەداخەوە هەموو نامەکانی نێوان من و نورەدین کەوتبوویە بەر دەستی رژیم و ئێوارەی هەمان رۆژ من و نورەدین هاوڕێ دەگەڵ چەند سەربازی دیکە و دوو کەسی مەدەنی دیکە دەست بەسەر کراین و بۆ یەکەم جار کەوتمە بەندیخانە.

له ماوەی تەمەنمدا چەند جارێک دەست بەسەر کراوم، یەکەم دەستبەسەر کردنم چەند مانگێکی خایاند و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر من و دوو کەسەکەی دیکە بە زەمانەت ئازاد بووین، بەڵام نورەدین گواستراپەوە بۆ بەندیخانەی شیراز و هەتا ئێستاش نەمانزانی چارەنووسی چی لێهات.

دوای ئەم دەست بەسەر کرانەم، بێنەوبەردەی ئیتلاعاتی رژیم کۆتایی نەدەهات و هەرجار بە بەهانەیەک و بۆ چەند رۆژێک دەگیرام و لێکۆڵینەوەیان لێ دەکردم، ئازار و ئەشکەنجەیان دەدام، ئاخرجاری دەسبەسەرکردنم پێش هاتنم بۆ پێشمەرگایەتی، لە ساڵی ١٣٦٧دا بوو کە بۆ ماوەی دوو حەوتوو لە شوێنێک کە دادگای ئینقلابی ئەوکاتی مهاباد بوو دەست بەسەر کرام و پاشان بە هاوکاری سەربازێک توانیم خۆ دەرباز بکەم و دوای دە رۆژ مانەوە لە مەنتەقەی پیرانشار هەر لە بەهاری ١٣٦٧دا خۆم گەیاندە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب لە بناری قەندیل لە شوێنێک بە ناوی "گۆڕتیسوێ" و بە رەسمی و لەژێر فەرماندەیی کاک عومەر باڵەکی کە فەرماندەی ئەوکاتی هێزی پێشەوا بوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم پۆشی، دوای چەند رۆژێک شەهید عەبدوڵڵا شەریفی وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی لە بنکەی دەفتەری سیاسییەوە گەڕایەوە، هاوکات بۆ بە خێرهێنان و ئاگادار بوون لە رەوشی ناوچەکە هاتە لام کە بۆ من جێگای فەخر و شانازی بوو، بەڵام بە داخەوە پێش هاتنی من بۆ ریزەکانی حیزب جیابوونەوەیەک رووی دابوو و زۆربەی ئەو کادرانەی من کارم دەگەڵ کردبوون بە لای هاوڕێیانی حدکا_رێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا کەوتبوون و من هیچ پێشینەیەکی حیزبیم بۆ لە تەشکیلاتی ئەوکاتدا تۆمار نەکرابوو کە زۆر دڵگرانی کردم.

ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش، تاڵترین بیرەوەرێکانی من شەهید بوونی رێبەرانی بزوتنەوەکەمان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانمە، دیارە بە ژان بوونی شەهید کرانی رێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.شەرفکەندی بۆ هەر هەمووومان بە ژانترین بیرەوەری هاوبەشە، بەڵام ئەوەی وەکوو بیروەری تاڵ و راستەخۆ لە جەریانیدا بووبم، بۆ من رووداوی شەهید بوونی کۆمەڵە هاوڕێیەکی گیانیگیانی پێشمەرگایەتیم بوو لە مەعموورییەتێکی ناوچەدا.

شەڕی خرێنی خەرگەداشان لە نیزیک "سێ چۆمانی" پیرانشار لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٧٣دا رووی دا، ئێمە تیمی کۆمیتەی شارستانی مهاباد کە پێکهاتبوو لە شەش کادری ناوچەکە لەگەڵ دوو تیمی کۆمیتەی پیرانشار کە سەرجەم ١٨کەس بووین بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ قووڵایی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبوو سنووری باشووری کوردستان لە رێگای ناوچەکانی پیرانشارەوە ببڕین، ئەمر کرا کە بە هیچ شێوازێک لە هیچ جێگایەک لانەدەین هەر ئێوارەی رۆژی ٢٦ی جۆزەردان بپەڕینەوە بەری رۆژهەڵات، بەڵام بە داخەوە تیمی دوویەم لە شوێنێک بە ناوی بازاڕ لایان دابوو و ئەم شەوە سەرەڕای ئەوەی ئێمە تیمی یەکەم لە هیچ جێگایەک لامان نەدا، بەڵام نەدەکرا ئەوان بە جێ بێڵین و دەبوو چاوەڕێیان بین، پاش

یەکگرتنەوەمان، کاتژمێر ٨ی بەیانی ٢٧ی جۆزەردان سنووری دەستکردمان بڕی و پەڕینەوە بەری رۆژهەلاتی کوردستان، ئەوەی لە یەکەم دیداری دووبارەی خاکی رۆژهەلاتی کوردستاندا، هەموو یەک لە یەک خۆشحاڵتر بووین گومانی تێدا نییە، بەڵام شەهید مەحمود ئیسماعیلی لە کاتی ئاودیووبوونمان لە میلە مەرزێکانی سنووردا باوەشی بە خاکی پیرۆزی رۆژهەلاتدا کرد و تێر خاک و خۆڵەکەی ماچ کرد، ئەم چەند چرکە شاکارە دیمەنێک بوو لە خۆشەویستی نیشتمان کە قەت لە بیرم ناچێ.

ئەو شوێنەی ئێمە سنوورمان لێ بڕی ئەوکات ناوچەیەکی ئارام بوو کە هیچ پایەگای لێ نەبوو، بۆیە زۆر بە ئاسایی دوودوو و سێسێ بەسەر رێگایەکی درووستکراوی سەردەمی شەڕی ئێران و ئێراقدا بێ ترس دەڕۆیشتین، شەهید حوسێن فەتحولاهی کە زۆر لێم نزیک بوو و چەند ساڵێکیش بوو بۆ هەموو ئەرک و راسپاردەیەک بە یەکەوە بووین، لێم هاتە پێشێ و بە دەم پێکەنینەوە وێنەی کیژێکی رووسووری لە باغەڵی هێنایە دەر و وتی کاک محەمەد ماوەیەکی زۆرە دڵم چۆتە سەر ئەو کچە و دەمهەوێ ژیانی هاوبەشی دەگەڵ پێک بێنم، منیش کە بە بیستنی خۆشحاڵ بووم بەڵێنم پێدا کە لە پاش گەڕانەوەمان بە زووترین کات خۆمان لە ساز و پێک دەدەین بۆ خواستن و گواستنەوە بووکە خان قۆڵ هەڵدەماڵین، بە دەم ئەو قسانەوە من بە دووربینی دەمڕوانی کە لە نەکاو سەرنجم کەوتە سەر جووڵەی کەسێک لە بەرزایی شاخێکی بەرامبەرمان، زۆر بە بێقەراری شوێن گۆڕەکەی دەکرد و دەهات و دەچوو، بۆیە هەر زوو هاواری هاوڕێیانم کرد و وتم با بوەستین ئەمە ئاسایی نییە، بەڵام هەموویان بەرپرچیان دامەوە و وتیان ئێمە ئاگادارین کە ئەوە سێ پێشمەرگەی هێزی کێلەشینن کە لەم چیایە جێگیر کراون و پێشتر بە ئێمەیان راگەیاندووە.

کە بینینم وڵامم نادەنەوە دیسان خۆم دایە پەنا تەپکە گڵێک بەرامبەر شوێنی جووڵەکە، بۆ ئەوەی دڵنیا بم، دیسان بە وردی روانیم، ئەمجارە لە باتی یەک کەس، چەند کەسم بینی بە سەروچاوی بەستراوەوە، بە دەنگی بەرز هاواری پێشمەرگەکانم کرد کە کاکە ئەوە سەروچاویان بەستووە، بیکەیسی و چەکی دیکەیان پێیە،بەڵام دەگەڵ کۆتایی هاواری من، ئێمە کە رێک کەوتبووینە بەرامبەریان، ئەوان لە شاخ و ئێمەش لە داوێنی شاخەکە لە سەر جادە، کەوتینە ناو ئگربارانێک کە وەسف کردنی ئەستەمە، ئەوان کە لە بەرزایی ئێمە بوون و چەکی قورسیان پێ بوو بە دڵی خۆیان داگژانە سەرمان و ئێمەش کە کەوتبووینە بەر چەکیان روحمیان پێ نەکردین.

بە داخەوە ئەوەی زووتر گەویشتبوویە راست وان وەبەر هاتبوو، هەموو شەڕەکە نیزیک ٢٠ خولەکی خایاند، ئێمە کە بواری دەستکردنەوەیەکی وامان نەبوو، هەموو داوەڵ داوەڵمان تێ کەوتبوو و یەکی بە لایەکدا خۆمان دابوویە پەنا و پەسیوان، هاوکات جگە لە شەهیدەکان چەند کەسێکمان بریندار ببوون، دوای کاتژمێرێک هەموو کەوتینەوە سەر یەک، برینـدارەکانمان

ڕەوانەی دیوی باشوور کردەوە، هاوکات داوای هێزی پشتیوانیمان کرد، پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین و قەندیل کە هەر لە نزیک ئەم ناوچانە جێگیر بوون بە هانامانەوە هاتن، ئەوەی لە بیرم بێ کاک عومەر شاداب یەک لە پێشمەرگەکان بوو و هاوکات شایانی باسە کە چەند کەس لە خەڵکی باشووری کوردستانیش بۆ هاوکاریمان هاتن و زۆریش کاریگەر بوون، خۆمان سازمان دایەوە و بە زووترین کات هێرشی پێچەوانەمان کردەوە سەر بەکرێگیراوەکان، کە بە فەرماندەیی حاسڵە شێت و حوسێن باپیر ئەم جینایەتەیان خوڵقاندبوو، لە دوای هێرشکەی ئێمە خۆیان ڕانەگرت و شوێنەکەیان بە جێ هێشت و ڕایانکرد.

کاتژمێر ٣ی دانیوەڕۆ توانیمان هەموو ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەین و بچینەوە شوێنی ڕووداوەکە، بەداخەوە لەم شەڕەدا شەش کادری بەوەجی حیزب شەهید بوون، شەهید قادری حاجیحەوڵا فەرماندە لک لە هێزی قەندیل و دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان، شەهید حوسێن فەتحولاهی کادری حیزب کوڕی تاقانەی بنەماڵەکەیان، شەهید مراد دریازی کادری حیزب، شەهید سیامەند نیزامی کادری حیزب، شەهید ئەحمەد بابەکە کادری حیزب، شەهید مەحمود ئیسماعیلی کادری حیزب، ڕژیم توانیبووی تەرمی هاوڕێیانمان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ مەتەر بگوازێتەوە، بەڵام بە خۆشێوە توانیمان تەرمەکانیان ڕزگار بکەین و هەر نەبێ نەهێلین گۆڕغەریب بکرێن، چوومە سەر تەرمی شەهید قادری حاجیحەوڵا دیار بوو دوای بریندار بوونی لاقی بە پشتێندەکەی بەستووە و تا ئاخر گوللەی شەڕی کردبوو، تەنیا تەرمێک کە نەیانگواستبوویەوە تەرمی شەهید حوسێن بوو، ناوبراو هەندێک بەڵگەی حیزبی پێ بوون، کاتێک چوومە سەر تەرمەکەی، هەموو بەڵگەکان لە دەوربەری خۆی بە وردکراوی بڵاو ببوویە و دیار بوو توانیبووی بەر لە شەهید بوونی لە ناویان بەرێ، هاوکات ڕوون بوو کە هاتوونە سەری و فیشەکی کۆتاییان پێوە ناوە، ئەو دیمەنەی ئێستاش و دوای ئەم هەموو ساڵە لەبەر چاوم ون نابێ، دیمەنی شەهید حوسێنە بە وێنەی کچێکی رووسوورە کە لە بن سەری داندراوە، سەرەڕای بێ وێژدانی و خۆفرۆشی خۆیان، جاشەکان وێنەی ئەو کچەی کە قەرار بوو لە گەڕانەوەماندا بچینە خوازبێنی و ژیانی هاوبەشی دەگەڵ پێک بێنێ، لە بن سەریان دانابوو و نەیانبردبوو، کێ دەزانێ ڕەنگە ویژدانی نووستوویان بۆ چەند ساتێکش بێ، راپەڕیبێ.

ئەو ڕۆژە یەکێک لە تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو کە چەند کەس لە ئازیزترین کەسەکانم کە وەک برا بوون بۆم، لەبەر چاوم خەڵتانی خوێن کران و بە بێ مرادی سەریان نایەوە و دیمەنی ناخهەژێنی تەرمەکانیان ئێستاش لەبەر چاو و لە خەیاڵمدا دێن و دەچن و ئەوەی ئەم برینە بە سۆتر دەکا کەمتەرخەمی و بێ مشووری خۆمان لە هۆکاری ڕوودانی ئەم کارەساتەیە کە من نچوومە نێو وردەکارێکانییەوە.

سەرئەنجام پاش ماوەی نزیک حەوت ساڵ پێشمەرگایەتی لە بارودۆخ و بەرپرسیارەتی جیا جیادا،لە جەریانی بەڕێوەبردنی

ئەرکی پێئەسپێردراوی حیزبی لە گوندی قەرەخانی ناوچەی شارویران لە رێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٥ لە پاش تێکهەڵچوونێکی کورتدا کاتژمێر ١١ونیوی بەیانی بە بریینداری لە لایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی مهاباد دەست بەسەر کرام.

لە چۆنیەتی دەسبەسەر کرانمدا پێم باشە ئاماژە بە هەندێک بەش لە چەندوچۆنی رووداوەکە بکەم، رۆژێک بەر لە رووداوکە ئێمە وەکوو تیمی کۆمیتەی ناوچەی شامات و شارویران کە بریتی بووین لە هاوڕێیان سۆفی پێغەمبەرنژاد، ئەسعەد شاماتی و هیلال محەممەدی لە نیزیک ئاوایی قەرەداغ خۆمان حەشار دابوو، لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە شارستانی مهابادەوە کە ئەوکاتە کاک عومەر باڵەکی وەکوو ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بەرپرسیارەتی بەڕیوەبردنی ئەم ئەرکەشی لە سەر شان بوو پەیوەندییمان پێوە گیراو بۆ ئەرکی دیاری کراو راسپێردراین، کە بریتی بوو لە ئامادەکاری بۆ سەردانی کاک عومەر باڵەکی و بە سەر کردنەوەی شانە و هەستە حیزبییەکان لە ناوچەکانی شامات و شارویران.

دوای وەرگرتنی سەرنجی هاوڕێیان لە مەڕ هاتن و سەردانی کاک عەمەر بۆ ناوچەکە، پاش ئەوەی بۆم روون بوویەوە کە کاک عومەر لە هێز دابڕاوە و داگەڕاوەتە قوولایی ناوچە، من وەکوو کەسێک کە باشترین ناسیاویم لە ناوچەکە و خەڵکی دەوەرەکە هەبوو بە دڵخواز ئەرکی بە دواداچوونی ناوبراوم وەخۆ گرت و سەرەڕای پڕمەترسی بوونی مەعمووریەتەکە بە باشم زانی هاوڕییانی دیکە هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و من بە تەنیا بە رۆژی رووناک مەودای نێوان گوندەکانی قەرەخان هەتا بایەندەرێ بە پێیان و بە ماشێن ببڕم، زۆرجاران ئەم تاکتیکەم بە سەرکەوتوویی تاقی کردبوویەوە.

سەر لە بەیانی رۆژی ١٥ی پووشپەڕ کاتژمێر ١١و نیو بەیانی رەخت و تفەنگەکەی خۆم لێ کردەوە و لە باتی ئەو دەمانچەیەک و بێسیمێکم دەگەڵ خۆم هێنا، دەبوو بەر لە هەموو شتێک چۆمێک کە پاشماوەی ئاوی سەدی وسووکەندی پێدا دێ و ناوچەی شارویران دەکا بە دوو بەش و ئاوەکەی دەڕژێتە شامی شارویران، ببڕم و لە بەری گوێکتەپەوە بچمە بەری قەرەخان و لەوێوەش بچمە ناو گوندی قەرەخان، پاش پەڕینەوەم و هاتنە رووخی دێی قەرەخان بە درێژایی چۆمەکەدا بەرەو گوند بوومەوە، هاوکات کەسێک بە مەودایەکی سەد مەتری کە لە بەرامبەر شوێنی پەڕینەوەکەی من سەبزیخانەیان هەبوو لەسەر جادەی ئەسلی گوندەوە شەنە لە سەر شان بە پاراستنی ئەم مەودا سەد مەترێوە هاتەوە ناو گوند و تەقریبەن بە یەکەوە چووینە ناو ئاوایی، لە ماوەیەکی کورتی چەند خولەکیدا ناوبراو پێ و شوێنی من دەدا بە هێزێکی گەڕۆکی رژیم کە شیمانەی بوونی پێشمەرگەیان لەم دەوەرە کردبوو.

هەر لە حەوشەی ئەم ماڵە دوای چەند دەقەیەک ئەم تیمە گەڕۆکەی رژیم کووتایە سەرم و بە هۆی گیرکردنی دەمانچەکەم

و دەرنەکردنی گولله لە دوای دووجار غافلگیر کردنیان بە بریندارى کەوتمە دەستیان، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ ئەوەی شوێنی هاوڕێیانم و کاک عومەر ئاشکرا بکەم، نەک هەر بە ئاکام نەگەویشتن بگرە سەریشم لێ شێواندن و بە سەربەرزی لەم ئەزموونەش هاتمە دەر و سەرەڕای قوورسی برینەکەم و نەبوونی ئاسۆیەکی روونـاک بـۆ ژیانم خۆم بە بەختەوەر دەزانی کە نەبوومە هۆی خەساری خەڵک و خاکەکەم، چیرۆک و وردەکاری هەموو ئەم بەسەرهاتە لەم کورتە نووسینەدا ناگوونجێ و هیودارم لە داهاتوودا بوار هەبێ هەمووی ئەم بەسەرهاتە بە وردی بگێڕمەوە.

دوای دەستبەسەر کرانم گواسترامەوە بۆ پادگانی ئەلمێهدی لە نزیک دەریای ورمێ و بۆ ماوەی ٤٠ رۆژان لەوێ راگیرام، لەم ماوەیەدا نەک هەر تەداوی نەکرام بگرە لە شوێنێکی زۆر ناتەندرووست و پیس وپۆخڵ بە نەشیاوترین شێوە راگیرام و تەنیا خوێنی دەڵەمەبووی ناو لاقم ببوویە هۆکارێک بۆ راوەستانی خوێن رێژی لەشم و بەرگری دەکرد لە مەرگم.

پاش ئەم ماوەیە هێنایانمەوە بۆ ئیتلاعاتی مهاباد، رژێم لە دوای دەستبەسەر کردنی من خەڵکێکی زۆری دەستبەسەر کردبوو تا بتوانێ زانیاری زۆرتر وەدەست بێنێ و فەزایەکی ئەمنی پڕ لە خەوف درووست بکا، بەڵام دوای هێنانەوەی من بۆ مهاباد و دەست پێ کردنەوەی بازجوویەکانیان، هیچیان دەست نەکەوت، بە ناچار یەک یەک و دوودوو هەموو ئەو کەسانەیان ئازاد کرد کە بە منەوە داویان بۆ دانابوونەوە، ئەوەش بابەتێکی دیکەی ژیانی پێشمەرگایەتی منە کە هەمیشە بۆم جێگای فەخر و شانازییە کە کەس بە هۆی منەوە لە تەشکیلاتی حیزبیش دەستبەسەر نەکراوە.

ماوەی مانگێک لە هێنانەوەم بۆ مهاباد تێپەڕی بوو کە بریدانم بۆ نەخۆشخانە تا برینەکەم دەرمان بکەن، سەرجەم ماوەی دوومانگ و نیو لەم بارودۆخەدا هێشتیانمەوە، پاش ئەم ماوەیەش دەرمان کردن بوو بە پلاتین وە گێچ تێ گرتنی لاقم، ماوەی سێ مانگ بەم شێوەیەش مایەوە و پاشان لاقم رەش بوو و بە ناچار لە ماوەی حەوتوویەکدا دوو جار بڕدرایەوە، هەر لەم ماوەیەدا کە گێچیان بۆ دە لاق گرتبووم، بردیانم بۆ دادگا و لە ماوەی ١٠ خولەکدا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندم.

ئەوەی زۆر بە ژان و ناخۆش بوو، هاتنی چەند بنەماڵەی خەڵکی شارۆیران بوو کە کوڕەکانیان بە هۆکاری جیا جیا لە دەست دابوو و حیزبیان بە خەتابار دەزانی، لە دوای گیرانی من ئەمەیان بە دەرفەت زانی و سکاڵاکانیان روو بە من راست کردەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەیان بەر لە هاتنی من بۆ پێشمەرگایەتی کووژرابوون، لەوێ بێ حورمەتی زۆریان بە خۆم و بە رێبەرانی حیزب کرد و بە داخەوە من کە لەسەر برانکارد بووم و بێ دەسەڵات، زۆرم پێ ناخۆش بوو و ئەم رۆژەش بوو بە بیرەوەرێکی تاڵی دیکەی ژیانم کە هەر بەشێک لەم خەڵکەی لە پێناویدا قوربانی دەدەی و خۆت بۆ

بەختەوەری ئەو بە کووشت دەدەی، لێت دەبێ بە دووژمن و لە دووژمن خەراپتر مامەڵەت دەگەڵ دەکا.

دوای ماوەیەکی کورت لە لایەن دادگای ئینقلابی مهابادەوە حوکمی لە سێدارەدانم بەسەردا سەپا و بۆ ماوەی ٩ساڵ لە زیندانەکانی مهاباد و ورمێ و تاران مامەوە، بەڵام زیاتر لە هەمووان ماوەیەکی زۆر لە مهاباد راگیرام، لەم ماوەیەدا شاهیدی زۆر رووداوی خۆش و ناخۆش بووم، بۆ وێنە چەندین جار تا لێواری لە سێدارەدانیان بردووم و پێیان راگەیاندووم کە بەیانی حوکمەکەت جێبەجێ دەکرێ و هەرجار بە هۆکارێک بەڕێوە نەچووە، لەوە ناخۆشتر شاهید بوونم لە لە سێدارەدانی ١١کەس لە ئاسیاران و هاوڕێیانی خۆم بووە کە لە نیزیکەوە لە زیندانیش و لە دەورانی پێشمەرگایەتیشدا بە یەکەوە بووین، لەوانە ناخۆشترینیان رووداوی لە سێدارەدانی کادری بەوەجی حیزبەکەمان شەهید کاک کەریم تووژەڵییە کە بە وردی لە ژمارەیەکی رۆژنامەی کوردستان و چەند جاریش لە رادیۆ و کوردکانال باسم لەم تراژیدیایە کردووە زۆریش لەسەرم شوێندانەر بووە.

زیندان بە هەموو ناخۆشی و چەرمەسەری و نارەحەتێکانی، شتی باش و ناوازەشی تێدایە، لەوانە ناسین و بوون دەگەڵ کەسانی بژاردە و ئاست بەرزی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری، کەسانی لە خۆ بردوو و ئازادیخواز و بە ورە، کە بوونم لە ناویاندا بۆ من هەم پڕ بیرەوەری هەم مایەی شانازییە، دیارە ناوهێنان بە هۆی بوونیان لە ناوخۆی رۆژهەڵات بە پێویست نازانم، بەڵام ئەوەی گرینگە لە یاد و بیرەوەرێکانمدا زیندوون و قەت لە بیرم ناچن.

بێ گومان کۆماری ئیسلامی ئێران لە هیچ کردەوەیەکی دزێو بەرامبەر دوژمنانی خۆی و ئازادیخوازان سڵ ناکاتەوە و لە ماوەی زیندانی بوونی منیشدا هەرچەند بە هۆی کەمئەندامی و ناجێگیربوونی بواری تەندرووستیم، زۆر بە شێوازی فیزیکی نەخراومەتە ژێر گوشار و لێکۆڵینەوە بەڵام رەنگە زۆر جار ئاواتی ئەم شێوە ئەشکەنجەم خواستبێ، چوون بەراستی کۆماری ئیسلامی لە بواری شکەنجە و زەختی دەروونیش چ کەم و کوڕی نەک نییە بگرە زۆر باڵا دەست و لێ براوە، وەکوو نموونە دەکرێ ئاماژە بە فشارە یەک لە دووی یەکەکانیان بکەم بۆ راکێشانی بنەماڵەکەم بۆ کار و باری دزێوی سیخوڕی و خیانەت، بە دەیان جار ویستوویانە کە من یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەم وەکوو سیخوڕ بنێرمە ناو ریزەکانی حیزب و لە هیچ هەڕەشە و گوڕەشەیەکیش نەپرینگاونەوە، بەڵام بە خۆشیێوە لەمەشیاندا هەر ناکام و ناسەرکەوتوو بوون.

وەک وتم ژیانی زیندان تەژی شتی ناوازەیە، یەکێک لەو نموونانە کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم بوونی کەسانی بە ورە و خاوەن هێزو پتانسیەلی شۆخی و جەفەنگە، رەنگە زۆر جار بە هۆی سیاسیشەوە نەگیرابن، بەڵام بوونیان لە زیندان بەڕاستی هۆیەکە بۆ ئاسانتر تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەت، کاک "جەعفەر خانە" یەکێک لەم نمونانە بوو کە بێ زیاد و

کەم، ئاوەدانی بەشێکی زۆر، لە زیندانی، لەسەر خۆی کردبوو بە ماڵ، هەمووومان چاومان لە ئاکار و کردەوەی ئەو بوو، بۆ ئەوەی قاقا و بزە لە ناو زینداندا داچێنێ. رۆژێکی کابرایەکی خەڵکی مهابادیان هێنایە زیندان، کابرا قاچاغچی بوو و دیاربوو هەر لەسەر قاچاغ گیراوە، وەک دەیانکوت، هاوکات کە خۆی قاچاغچێتی کردووە، خەڵکیشی بە گرت داوە و دەمی لە ئاخوڕی رژێمیشدا بووە. کاک جەعفەر بۆ کاری ناچاری بردرابوویە بەشێکی دیکەی زیندان و لەوێ نەبوو، هەندێک لە قاچاغچیێکانی ناوچەی سەردەشت کە لە کابرای گیراو بە رقدا چووبوون و بە بەکرێ گیراویان دەزانی، پێیان وابوو سیخوڕی لەسەر کردوون، هەر بۆیە لە حەوشەی زیندان بە هەمووان داگژابوونە گیانی و بە دڵی خۆیان کابرایان خوری شۆر کردبوو. کابرا هاتەوە قاوش و کاک جەعفەریش دوای ماوەیەک هاتەوە، دانیشتبووین کابرا نەقلی دەکرد کە چۆن بێکەس کوژیان کردووە و چ لیدانێکیان لێداوە، جا ئەوە کاک جەعفەریش گوێی بۆ بەرداوەتەوە و جار جار روو لە کابرا و جار جار روو لە من دەڵا: چاو لەو سەگبابانە کە، بۆخۆیان لە ناوچەی خۆیان سەد جاشیان هەیە، ئێمە تەنیا ئەو جاشەمان هەیە، پێمان رەوا نابینن، تێر تێریان لێ داوە، منیش دە باڵە خۆمدا دەکولیم و بزەم دەهاتێ و کابراش کە تێگەویشت کوتی تەماشا کەن من هاتووم لە کن کێ دەردە دڵ دەکەم.

چەند ساڵێک پاش گیرانم، بە هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێک کەس، لەوانە هاوسەری ئەمەگناسم مریەم پاراسا، کۆمەڵێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی کوردی مەجلکیسی شۆڕای ئیسلامی ئەو کات، بە تایبەت بەڕێز موهەندیس ئەدەب، کاک رەحمانی بیهمەنیش و کاک حاسڵ داسە(نوێنەری ئەوکاتی پیرانشار)، بە هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵێک لە دۆستان و دڵسۆزانی دیکە کە رەنگە وتنی ناویان ئێستا گونجاو نەبێ، پرۆسەیەکی دوور و درێژی چەند ساڵە خرایە گەڕ بۆ ئەوەی هەر نەبێ حوکمی لە سێدارە دانم بشکێنن و ببێ بە زیندانیی هەتاهەتایی، بە خۆشیوە، هەرچەند زۆر درەنگ و دوای چەند ساڵ، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی بێ وچانی ئەم بەڕێزانە بە تایبەتی هەڵات هەڵات و کۆڵ نەدانی مریەم کە بەراستی بە کارەکەوە هیلاک بوو، تواندرا حوکمەکە بکەن بە زیندانی هەتاهەتایی، هەر ئەوە بواری بۆ رەخساندم تا بتوانم بیر لە لایەنی دیکە جگە لە شکانی حوکمەکەشم بکەمەوە، بۆیە هەر زوو دوای شکانی حوکمەکە داوای وەرگرتنی مرەخەسی و هاتنە دەرەوەی کاتیم کرد، بۆ وێنە لە ماوەیەکی زەمەنی چەند مانگەدا،مافم ببێ بۆ چەند رۆژێک بێمە دەرەوەی زیندان،بەڵام ئەوەی بەربەستی دێنایە پێش دانانی بارمتەیەکی ماڵی زۆر بوو کە لە توانا و بڕستی تاکەکەسی مندا نەک نەبوو بەڵکوو ژیانی سەربەرزانەی پێشمەرگایەتی، بواری کۆکردنەوەی هیچ سامانێکی بۆ من نەڕەخساندبوو تا بتوانم بارمتەکە جێبەجێ بکەم، هەر ئەوەش وایکرد روو لە هەندێک لە هاوڕێیان و دڵسۆزانی خۆم و حیزب بکەم و لە رێگای ئەوانەوە بتوانین ئەو رێژە بارمتەیە جێبەجێ بکەین.

بە خۆشێوە توانیمان بارمتەی دیاریکراو جێبەجێ بکەین و من بۆ ماوەی کاتی لە زیندان بێمە دەرەوە، لەوەشدا ناکرێ

ئاماژە بە رۆڵی دەستپێشخەرانەی کاک "حەسەن مەللاک" نەکەم کە زۆر لە خۆ بردوویانە بەشی زۆری بارمتەکەی وە ئەوستۆ گرت، جاری یەکەم بۆ ماوەی ٥ رۆژ هاتمە دەرەوەو جارێکی دیکەش هەوای ئازادیم بۆ ماوەی کاتیش بووبێ خزاندە سییەکانمەوە.

ئەم سەرکەوتنەی ئێمە بەسەر دەزگا ئەمنێکانی رژیمدا، لە شان و پیلی ئەوان خۆش نەهاتبوو، بۆیە هەر زوو هەوڵەکانیان بۆ زیندوو کردنەوەی حوکمی لە سێدارەدانم خستەوە گەڕ، ئەمجارەیان سکاڵایەکی دیکەیان لێ بەرز کردبوومەوە و دەیانویست تاوانی کوشتنی پاسدارێک لە شەڕێکی ئاوایی خانەگێدا بە سەرمدا بسەپێنن، هەر بۆیە بۆم روون بوویەوە کە ناکرێ زۆر دڵم بەم بارودۆخە خۆش بکەم کە هەر ئانوساتێک دەتوانێ مەترسی لە سێدارەدانم بۆ زیندوو بێتەوە، ماوەیەک بوو راوراوێژی خۆم دەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی جێگای متمانەم دەست پێ کردبوو، جاری دووهەمی هاتنە دەرەوەی کاتیم تەنیا رۆژو دانێک بوو، ئەمجارەیان ماوەکە زۆر کورت بوو بۆیە پێمان گونجاو نەبوو تا پلانی دەرباز بوونم بە ئاکام بگەیەنین، بەو پێیە دیسان چوومەوە زیندان و ماوەیەک راوەستام، بەڵام لەم لاشەوە هەوڵەکانی ئەوان بە بێ پسانەوە بەردەوام بوو و بنەماڵەی کووژراوەکە تینیان هێنابوو کە دەبێ حوکمەکەی بگرێتەوە.

ئەمجارەیان رۆژی مەبەستمان بوو، نەورۆز بوو و بەهاری ساڵی ١٣٨٤، دەبوو ماوەیەکی درێژتر بۆ هاتنە دەرەوەی کاتی داوا بکەم، بە هەر شێوازێک بوو، دیسان ماوەی ٥ رۆژی دیکەیان بۆ نووسیم و هاتمە دەرەوە، ئەمجارەیان بە بێ دوودڵی و بە هەماهەنگی پێشووتر دەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی و بە هاوکاری کاک حوسێن گوڵاوی یەکسەر رێگای سنوورمان وێڕای مریەمی هاوسەرم و ساکاری کوڕم گرتە بەر، بە خۆشێوە ئەم هەماهەنگی و یارمەتیدانەی هاوڕێیانم بوو بە هۆی ئازادی یەکجاریم و پەڕینەوەم بۆ باشووری کوردستان، ئەمەش فەخرێک بوو بۆ هەر هەمووومان کە سەرەڕای دڕندەیی رژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی، بەڵام تەبایی و یەکگرتوویی ئێمە و دۆستان و دڵسۆزانمان، توانی بەسەر ئەم دێوەزمەیەدا زاڵمان بکا و بە ئازادی من نەیانتوانی ئەوەی مەبەستیان بوو بیکەن.

هیچ شتێک لە ئازاد بوون لە بەندی دووژمن بە جێژتر و خۆشتر نییە، بە تایبەت کاتێک دەبینی ئەم قوربانیدان و لە خۆبردوویەی کردووتە، بەرهەمی هەبووەو بۆتە هۆی خۆشەویستیت لە ناو خەڵک و بەرهەم هێنانی دۆستانێک کە لە هەموو بوارێکدا پشتیوان و پشتگیرتن، هاتنەوەم بۆ باشوور وێڕای ئەوەی تەنگ و چەڵەمەی زۆری بوو، بەڵام کاتێک خەندە و شادی هاوڕێیانم لە جێژنی هاتنەوە ریزی شۆڕشدا بینی، بست بست باڵام دەکرد.

ئەوەی ئەم چەند ساڵە ژیانە سەختە، چەندە کاریگەری دەروونی هەبووە، حاشای لێ ناکرێ، بەڵام گەورەترین خەساری،

کەم ئەندام بوونم بوو، کە بواری هەڵسوڕانی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەم نیشتمانە لێ ئەستاندبوومەوە، هاوکات پێویستی بەردەوامم بە چارەسەری پزیشکی هەبوو، بۆیە دوای ٩ساڵ ژیان لە ناو کەمپەکانی حیزب بە ناچار ڕێگای هەندەرانم هەڵبژارد و ئێستا لە وڵاتی دانمارک نیشتەجێم.

ئەم وردە ئاوڕدانەوە لە ژیانم، نیشان دەدا کە ژیانم چەندە بە چەرمەسەری ڕاهاتووە و چەندە بە نەهامەتی ئاشنایە، بەڵام ئەوەی ئێستاش و لە ڕابردووشدا و لە ناخۆشترین و ئەستەمترین ڕۆژەکانی ژیانم لە سەرپێی ڕاگرتووم و چۆکی پێ دانەداوم، ترووسکەی هیوا و بڕوا بە داهاتووی گەش بووە، ئەم هیوا و بڕوایەش هەر جارەی لە شتێکدا بۆم وێنا بووە، ئەگەر سەردەمانێک تەنیا حیزبەکەم و هاوڕێ پێشمەرگەکانم بوون، ئێستا خەڵک، دۆستان، هاوڕێیان، بنەماڵەکەم و بەتایبەت کچ و کوڕی ژیر و لەبەر دڵانم ساکار و سکاڵاشی لێ زیاد بووە، هیچ ئیغراقم نەکردووە، گەر بڵێم لە یەک چرکەی ژیانی تەژی لە تەنگ و چەڵەمەی خۆم پەشیمان نیم و تا سەر بە هەر شێوازێک بۆم بلوێ، ڕێگا و ڕێبازی کوردایەتی هاوڕێیان و ڕێبەرانی شەهیدم ون ناکەم.

ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## محەمەدی خزری



**هەموو هاوڕێیان ئاگایان لە یەکتر بوو.**

محەمەدی خزری م ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ئاوایی ئەنبار سەر بە شاری بۆکان چاوم بە دنیا هەڵێناوە.دەورەی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیم لە شاری بۆکان تەواوکردوە.

هاوکات لە گەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم. هاوینی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی دوو دەستە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ کار و چالاکی پێ ئەسپێردراو هاتبوونە ناوچە ی موکریان، ئێمەش وەک ئەندامی نەهێنی بۆ بە ئەنجام گەیاندن و ڕێکخستنی یەرکەکانیان و دابین کردنی هاتووچو وئیمکانات هاوکاری و یارمەتیمان پیدەدان.

ناچمە ناو وردەکارێکانەوە،دەکری بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەرکەکانی کە پێیانسپێردرابوو بە باشی و ڕێکوو پێکی جێبەجێکرد.دەستەیەک لە پێشمەرگەکان گەڕانەوە بۆ بنکە سەرەکێکانیان و بە ڕادیۆ پەیام یان نارد کە بە سلامەت گەیشتوونەتەوە. دەستەکەی دووهەم مابوونەوە بۆ کارێک لە ناوچەی سەردەشت و پیرانشار.دوای بە سەرانجام گەیاندنی سەرکەوتوانی ئەرکی پێسپێردراو .هێزەکانی ڕژیم هەستیان بە بوونی پێشمەرگەکردبوو و لە ئامادەباشی تەواو دا بوون. ڕۆژی هەینی ٣١ی گەلاوێژ کات ژمێر ٤ی ئێوارێ من لە گەڵ هاوڕێیەکم بە هۆی خیانەتی خۆفرۆشێک لە لایەن هێزە ئەمنیتێکانی ڕژیمەوە کە پێکهاتبوون لە ئێتلاعاتی ورمێ، بۆکان، پیرانشار و سەردەشت لە بۆکان گیراین. لە کاتی گیرانماندا بێرێزی و لێدانی زۆر هەبوو.کاتێک کە من وەهۆش هاتمەوە کات ژمێر ٢ی بەرەبەیان بوو کە دەست و لاقم لە تەختێک بەسترا بوون کە لە سەری ڕاکشابووم. ئەوڕۆژە کە شەنبە بوو بەیانی زوو ئەو هێزە ئێمەیان برد بۆ دادگای ئنقلاب

له مه‌هاباد. هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ بردیانین بۆ ورمێ له‌ ژووره‌تاکه‌ که‌سێکانی ئیتلاعات که‌وتینه‌ به‌ر لێکۆڵینه‌وه‌.سه‌ره‌تای چۆنمان بۆ ئه‌وێ ڕووت،ڕووتیانکردینه‌وه‌،هیچ جلک و لباسی ژێریشمان له‌ به‌ر دا نه‌بوو.ته‌نیا یه‌ک کراس و ژێر پاتۆڵی ڕه‌نگ به‌ڵه‌کی زیندانی که‌ زۆر چڵکن و پیس بوون و پارچه‌یه‌کی تایبه‌ت بۆ چاو به‌ستن که‌دوو په‌تی پێوه‌ بوو که‌ له‌ پشت سه‌رده‌دبه‌ست کاتێک ده‌یانبردم بۆ لێی پرسینه‌وه‌ واته‌ بازجویی له‌ ده‌رگایان ده‌دا،ده‌یکوت چشم بندترا ببند من له‌ ماوه‌ی لێی پرسینه‌وه‌دا هیچ کات نه‌م توانی ڕووخساری ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ پرسیاریان لێ ده‌کردم ببینم زۆر جار نه‌فه‌رێک، چه‌ند جاران دوو یا سێ که‌س که‌پرسیاریان لێ ده‌کردم. هه‌ر بۆ خۆیان جوابی پرسیاره‌کانیان ده‌نووسی ،زۆر جار له‌ گه‌ڵ هه‌ڕه‌شه‌، جنێو هه‌ندێک جاریش به‌ زمانی دیکه‌. تا ١٧ی سه‌رماوه‌ز نزیک به‌ چوار مانگ له‌ ئتلاعاتی ورمێ له‌ژێر ئه‌شکه‌نجه‌ و بێخه‌به‌ری ته‌واو دا بووم.زۆر جار داوای ته‌له‌یفونم ده‌کرد که‌ بنه‌ماڵه‌ ئاگادارین لێرەم. جوابیان نه‌ده‌داوه‌.ده‌یاکوت تۆ له‌ گه‌ڵ بازجویان همکاری نمکنی. هیچ که‌س نیده‌زانی له‌کویم. زۆر جار به‌ بنه‌ماڵه‌مانیان کوتبوو له‌ تارانه‌،له‌ ته‌ورێزه‌ له‌ مه‌هاباده‌، یا هه‌ر له‌ بۆکانه‌ جار به‌ جارێک دوکتور ده‌هات به‌ چاوی به‌ستراو ده‌یان بردم بۆ لای ده‌یپرسی چیته‌؟ شه‌ربه‌تێک یان حه‌بێکی بۆ ده‌نوسی.

له‌ ئاخری بازجویی دابووین ئه‌وجار سلوله‌کان دوو که‌س یا سێ که‌س پێکه‌وه‌ ده‌بوون.ئه‌وان که‌ ڕووخساریان ده‌دیتم پێیان ده‌کوتم بۆ ناچی بۆ دوکتور بۆ چاره‌ سه‌ر دوای نزیک به‌ سێ مانگ ئێستا برین سه‌روچاوم چاکنببونه‌وه‌.ڕۆژێک ڕئیسی شعبه‌ یه‌ک دادگای ئنقلاب ورمێ،هاته‌ ناو ئیتلاعات له‌وێ به‌ شاهید بازجوکان بۆ ماوه‌ی نیو کاتژمێر دادگای کردم. چه‌ند ڕۆژ دوای ئێمه‌یان دا به‌ به‌ندیخانه‌ی مه‌هاباد بۆ ماوه‌ی ٤٥ ڕۆژ له‌وێ بووین، دوایی ئتلاعاتی بۆکان هاتن ئێمه‌یان برد بۆ زیندانی ورمێ به‌ندیخانه‌ی ئه‌وکات ١٨به‌ندی هه‌بوو،به‌ندی ١٢ی زیندانی ورمێ تایبه‌ت بوو به‌ به‌ندێ سیاسێکان نزیک به‌ ٧٠ که‌سی له‌ خۆ ده‌گرت هاوڕێیانی دێموکڕات، کۆمه‌ڵه‌، پ ک ک چه‌ند که‌سی کەم ته‌مه‌نی پیرانشار و شنۆ به‌ نێوی ئاگری سوور که‌ پ ک ک ته‌حویلی کۆماری ئیسلامی دابوونه‌وه‌.

به‌ به‌راورد له‌ گه‌ڵ به‌ندیخانه‌ به‌ گشتی ئه‌و به‌نده‌ پاک و خاوێن بوو. وه‌زعی زیندان هه‌تابڵێی ناله‌بار بوو.

ماده‌هۆشبه‌ره‌کان به‌ئاسانی و هه‌رزانی و فراوانی ده‌ست ده‌که‌وت، چونکه‌ ڕئیس زیندان، معاون، مه‌لا عه‌قیده‌تی پاسه‌بان، نگه‌هبان و سه‌رباز هه‌ر هه‌موویان کڕین و فرۆشتنی ماده‌ هۆشبه‌ره‌کانیان ده‌کرد. بێ لێی پرسینه‌وه‌ و بێ ترس له‌ گرتن و سزادان. زۆر جار به‌ستێک هێرۆئین له‌ به‌سته‌یه‌ک جگه‌ره‌ هه‌رزانتر بوو. به‌ڵام به‌ندی ١٢وه‌زعی باشتر بوو، هه‌موو هاوڕێیان ئاگایان له‌ یه‌کتر بوو، به‌ غه‌م و ناره‌حه‌تی یه‌که‌وه‌ هه‌بوون. هه‌رکه‌س له‌وێ شه‌و ڕۆژخۆی به‌کارئێکه‌وه‌ خه‌ریک ده‌کرد. به‌شێک له‌ هاوڕێیان به‌ چنینی کیف و قایشی پشت به‌ زه‌نگیانه‌، ته‌سبێح دورست کردن به‌ ده‌نکه‌ خۆرما،کار له‌ خه‌یاتی،

**خەتاتی، نەققاشی، خوندنەوە و نووسین و وەرزش زۆر بە سەربەرزانە لە بەندیخانەدا ڕاوەستابوون و سەریان بۆ دژمن شۆڕ نەدەکرد. زۆربەی زۆری زیندانیانی بەنداکانی دیکە سەردانی بەندی ١٢یان دەکرد و لە ئامۆژگاری ئەمان بەهرەیان وەردەگرت. زۆر بەڕێزەو ە لەگەڵ زیندانیانی سیاسێ هەڵسووکەوتیان دەکرد.**

**بیرەوەری خۆش کاتێک بوو کە دەمان بیست حوکمی یەکێک لە دۆستان شکاوە. ئەو ڕۆژانەی کە هاوڕێیانێک حوکمی ئعدامیان بوو، حوکمەکەیان جێبەجێ دەکرا بۆ ئێمە ڕۆژێکی ناخۆش و پڕ لەئازار دەبوو. نزیک ١١ مانگ بوو لەزیندان بووم پێیان ڕاگەیاندم دەتوانی پارێزەر بگری ئەوەش تەنیا بۆ ڕواڵەتی پەروندەک و فشاری ماڵی بۆ سەر بنەماڵەی زندانی. ساڵی ١٣٨٤کە بەڕواڵەت، ڕفۆرم خۆزەکان لە دەسەڵات دابوون کۆمەڵێک ئاسانکاری کرا. ئێمە جەماعەتێک لە هاوڕێیان لەوکاتەدا بە دانانی بارمتە هاتینەوە بۆ مەرەخەسی منێش یەک لەوان بووم پێنج ڕۆژم مەرەخەسی وەرگرت و نەگەڕامەوە بۆ بەندیخانە. دووبارە هاتمەوە نێو ڕیزی شۆڕش. لە ساڵی ٢٠١٥وە لە دەرەوی وڵات دوور لە نیشتمان و ئازیزان ژیان بە سەر دەبەم.**

**ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**خەزەڵوەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی**